# دیوان

**سەرنووسەر**
**سمکۆ عەبدولکەریم**

گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گشتییە
ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات

**خاوەن ئیمتیاز**
**مەسعودی مەلا هەمزە**

**سەرپەرشتیاری گشتی**
**بێکەس حەمە قادر**

**بەڕێوەبەری نووسین**
**محەمەد گۆران**

ژمارە (١٨) تشرینی دووەمی ٢٠٢٢ زاینی - سەرماوەزی ٢٧٢٢ کوردی


## ترس لە نووسین، ترس لە نووسەر

ڕەخنەی کوردی لە پاشەگەردانی دایە، ئەمەش گۆمەکەی مەنگ کردووە، بە بەراورد بە ساڵانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، کەمترین مشتومڕی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی لە ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەبینرێن.

ڕەنگە هۆکار زۆربن و هەریەک لە ئێمە مانانیش ڕاوبۆچوونی خۆی هەبێت، بەڵام من دەمەوێت لەم سەرەقەڵەمەدا ئاماژە بۆ دیاردەییەک بکەم کە دەمێکە لەنێو نووسەراندا هەستی پێدەکەم، ئەویش ترسە لە نووسین، بە دیوەکەی دیکەشدا ترسە لە نووسەر.

ڕاستە زۆربەی ئەوانەی لەسەریان دەنووسرێت، یان ڕەخنەیان لێدەگیرێت قینچکە تەنگن و کاتێک لەسەریان دەنووسرێت دونیایان لێ وێکدێتەوە و بەرگەی بچووکترین ڕەخنە ناگرن، بەڵام ئەمەش بەوشێوەیە نابێت، کە لە بەرانبەر چاپ و بڵاوبوونەوەی ئەو هەموو کتێبە جۆراوجۆرەی ڕۆژانە دەکەونە کتێبخانەی کوردی، باش خراپ، کەس نووقەیەکی لێوە نەیەت، لە کاتێکدا هەندێک کتێب چاپ دەکرێن، نەک شایانی ئەوە نین بخوێنرێنەوە، بەڵکو دەبێت ڕێ لە بڵاوکردنەوەشیان بگیرێت، مەبەستم ڕوانگە فیکرییەکەی نییە، بەڵکو مەبەستم کرچ و کاڵی و خراپییەکەیەتی، بە تایبەتی لە ڕووی زمانەوانییەکەیەوە، کە هێندە وێرانن، جگە لە زیان گەیاندن بە زمان و شێواندنی میزاجی خوێنەر، هۆکارێکیشە بۆ پیسکردنی ژینگە، کە هەندێک لەو کتێبانە، نەک بەهای کاغەز و حیبرەکەیان نییە، بەڵکو بەهای ئەو نایلۆنەشیان نییە، کە تێی وەپێچراوە.

کەوابێت هۆکار چییە ڕۆژانە ئەو هەموو کتێبانە بەبێ دەنگی دەکەونە بازاڕ و نووسەرێک، یان ڕەخنەگرێک ئاوڕێکی بەخێریان لێناداتەوە، لە کاتێکدا ئامادەن لەسەر مێزی چاپخانەکان کتێبەکەت بۆ سەراوگێڕ بکەن، بەڵام ئامادە نییە، ساتێکی کەمی دانیشتنی چاپخانەکە بۆ کتێبەکە تەرخان بکات و گوتارێکی جددی لەسەر بنووسێت.

ئایە ئەمە بێهیوابوون و بروانەمانە بە هەموو شتێک؟ یان ترسە لە نووسین و نایەوێت ڕاوبۆچوونەکانی بخاتە سەرکاغەز؟ یان ترسە لە نووسەری بەرانبەر و نایەوێت ئەو دەرگای شەڕە لەخۆی بکاتەوە؟ یان نایەوێت دڵی برەنجێنێت؟

لەم ڕۆژانە یەکێک باسی لێکچوونی ڕۆمانی (داگیرکردنی تاریکی) بەختیار عەلی کرد، لەگەڵ ڕۆمانی (کوێریی) ژۆزی ساراماگۆ، گوتی دەستم دایە قەڵەم و چەند لاپەڕەیەکیشم لەسەر نووسی، بەڵام وازم لێهێنا.

ئەم قسەیەی ئەم هاوڕێیە ئەم چەند دێرەی پێ نووسیم، کە بۆچی کەسانێک هەن لە ئاستی بەختیار عەلی-دا هێندە بێ ئیرادەن و ناوێرن خۆی لێبدەن، ئایا نووسەر لە ڕەخنە، یان ڕەخنە لە نووسەر گەورەترە؟

سەرنووسەر


هەولێر - شەقامی ١٠٠ مەتری نزیک کۆلێژی دەرمانسازی
govaridiwan@gmail.com
(گۆڤاری دیوان) لەتیلیگرام
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
دیزاین: ئاسۆ حەسەن ئەحمەد (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)
چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر (٠٧٥٠٤٤٩٥٦٥٤ - ٠٧٧٠٤٤٩٥٦٥٤)



هەموو ئەو وتار و بابەتانەی لە گۆڤاری دیوان بڵاودەکرێنەوە، ڕاوبۆچوونی نووسەرەکانیانە

## لەم ژمارەیەدا


*** دۆسیە: (ئیدریس شەیداهۆ)**
١. هۆ شەیدا .. شەیداهۆ / سمکۆ عەبدولکەریم ........ ٤
٢. برا و خوشک، باسی شەیداهۆی برایان دەکەن / ئامادەکردنی قەهار شێخانی ........ ٥
٣. شەیداهۆ لە دیدی هاوڕێکانییەوە ........ ٨
٤ .شەیداهۆ لەبیر ناکرێت / ئازاد هەینی ........ ١٢
٥. بەیادی شەیداهۆ .. نامەیەک لە کورانی هەولێرەوە بۆ سەهۆڵەکەی سلێمانی/ ئاری ئاغۆک ........ ١٤
٦. کێ، شەیداهۆی لەبیرە؟/ زیاد کەریم ........ ١٦
٧. ئیدریس شەیداهۆ: زۆرجار چوویمە دەرەوەی شار، تەنیا بۆ ئەوەی نیو سەعات بگریم/ قەهار شێخانی ........ ١٨
٨. شەیدا .. هۆ/ عەبدولڕەحمان مەعرووف ........ ٢٧
٩. نامەیەک بەر لە ٣٦ ساڵ / سەعدوڵڵا نووری ........ ٢٩
١٠. بۆ شەیداهۆ/ سەلاح عوسمان ........ ٣١
١١. ئەودەمەی قەڵا پێکەنی / ئیدریس شەیداهۆ ........ ٣٢

*** مێژوو:**
١. پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی و ئایینی لە تورکیا / د. ئەحمەد حەمەدئەمین ........ ٤٠

*** ئەدەب:**
١. دۆسیە تایبەتەکەی گۆڤاری (دیوان) و (دڵدار)ی شاعیر / عەبدوڵڵا زەنگەنە ........ ٥٢
٢. کەس لەماڵەوە نەبوو پێشوازیی لێ بکات / ئازاد ئەرگوشی ........ ٦٦
٣. میراتی مام حاجی / عەلی مستەفا ........ ٧٤
٤. کـەسێک وێـنە دەگرێت / سروشت نەوزاد ........ ٧٥

*** ڕۆشنبیریی گشتیی:**
١. چۆن نیچە بخوێنینەوە؟/ ن/ دکتۆر فەیزیە زەیفولا - و/ عەبدوڵڵا ئەحمەد (سەرمەد) بەشی٢ ........ ٧٨
٢. بیرەوەرییەکانی هەمفێر لەنێوان ڕاستی و هەڵبەستراودا / ئازاد عەلی مەولود ........ ٨٦
٣. ترسان لە مردن (بەشی یەکەم) ڤ / د. زەکەریا ئیبراهیم - و: سەرتیپ ئاغا واحد بەگ ........ ٩٠

*** دیدار:**
١. دیداری دەرسیم زەند / دیمانە: محەمەد گۆران ........ ٩٨

*** هونەر:**
١. زەریاش قەڵای پێ قووت نادرێت ڤ تاریق کارێزی ........ ١٠٨
٢. سروودی ئەی ڕەقیب لە تای تەرازوودا/ ئەسعەد قەرەداخی - سوێد (بەشی ٢) ........ ١١٣

*** خوێندنەوەی کتێب:**
١. پیرەمێرد لە دەستنووسی چل چیرۆکدا، یان چل چیرۆک لەبارەی پیرەمێردەوە / دڵشاد کاوانی ........ ١١٨

*** لەبری بیرەوەری:**
١. شەو لەکێوان (بەشی١٢) / د. ئەرسەلان بایز ........ ١٢٤

*** وێستگەی دیوان:**
١. (١) پرسیار (عەباس محەمەد) ........ ١٣٠
٢. گۆشەی دیوان.. بۆ یەکەم جار چۆن ئاو گەیێنرایە هەولێر؟ ........ ١٣١
٣. یەکەم بابەت (مومتاز حەیدەری) ........ ١٣٤
٤. نازناوی دارتاش / ئازاد دارتاش ........ ١٣٥
٥. لە دەفتەری نەمریدا (باکووریی) ........ ١٣٦
٦.دیمانەیەکی بڵاو نەکراوەی هونەرمەند باکووریی / ستار محەمەدئەمین ........ ١٣٧
٧. مێژووی بەشی زمانی کوردی ئەو قوتابیانەی (خوێندنی باڵا)یان تەواو کردووە د. شوان سلیمان یابە ........ ١٤٠
٨. ساڵۆنی لاپەڕە (٩) ........ ١٤٣


*** لاپەڕە ١٤٤:**
١-شەلال بۆیاخچی هەولێری و یەحیا جاف/ نازم دڵبەند ........ ١٤٤

# دۆسیە

# ئیدریس شەیداهۆ

## ١٩٦٧/٧/١ - ٢٠١٢/١/٧

که هاتمەوە هەستم بە غەریبیی دەکرد، تەنانەت نزیکەی دوو سەعات بە شەقامی باتەدا سووڕامەوە کەسێکم نەدی بیناسمەوە



# هۆ شەیدا .. شەیداهۆ

ساڵی ١٩٩٣ بوو، تازە هاتبوومە نێو کاری ڕۆژنامەگەری، بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک ڕێم کەوتە نەخۆشخانەی لە دایکبوون و منداڵان، ئێستەش بیرمە ڕاپۆرتەکەم بەو ناوونیشانە بوو (ڕێژەی منداڵان لە نێوان لە دایکبوون و مردندا) کەسێک داینیشاندم و وەسفی ئیدریسی بۆ کردم، بەو مانایەی ئەویش ئەهلی قەڵەم و ڕۆژنامەگەرییە، ئەوە بۆ من ئەو سەرەتایە بوو ئێستە لێرە لەم کورتە نووسینەدا بە بیری خۆمی دەهێنمەوە و بە یادی ئەوێ ڕۆژێ ئەم چەند دێرە دەنووسم، چونکە ئەوە بۆ من یەکەم بینینی شەیداهۆ بوو، ئەو کارمەندی ئەوێ بوو، لە خستنەبەردەستی ئامار بۆ ئەو ڕاپۆرتە زۆر هاوکاری کردم.

من کە تا ئەوکاتە شەیداهۆم نەناسی بوو، ئەوە یەکەم ساتەوەختی بەرگوێ کەوتنی ناوەکەی بوو، کەسێکی بەخولق و لوتف. هێمن و دڵسۆز، ئەگەرچی دواتریش گوێبیستی ئەو هاوڕێیانەی بووم، کە دەیانناسی و لێیەوە نزیک بوون.

لێرە و لەوێ وەکو شاعیر و تەنزنووسێکی لێهاتوو باسیان دەکرد و بەشان و باڵیان هەڵدەگوت، من ئەگەرچی هێشتە نەببوومە هاوڕێیەکی نزیکی، بەڵام هاوڕێیەکی نزیکی شیعر و نووسینە تەنزئامێزەکانی بووم.

ئەو لەوێ و من لێرەوە ئاشنای سادەیی ژیان و میهرەبانییەکەی بووم، دەمبیست کە ئەو چۆن ملی ژیانی گرتووە و بە خورتی دەیهەوێت چۆکی پێدادات و ژیانیش خۆی بەدەستەوە نادات، ژیانێک کە خۆی نەبێت کەس نازانێت بۆ ئەو چی ئازارێک بووە.

شێرزاد حەسەن جوان لە ڕووخساری ڕاماوە و وردبووەتەوە، بۆیە بەو ماسکەی شوبهاندووە کە بە دیوێکیدا پێدەکەنێت و بەدیوەکەی دیکەیدا دەگرێت، واتە تراژیدیا و کۆمیدیا لە یەک ناخی هاردڕاو بە مەینەتییەکانی ڕۆژگاردا.


کە ئەو دیدارەم خوێندەوە، کە لەم دۆسیەیەدا بڵاوبووەتەوە، شتێک زۆر سەرنجی ڕاکێشام، ئەو کە هێندە لە لێخوڕینی بە خێرای ئۆتۆمبێل ترساوە، چۆن هێندە بە خێرایی ڕێگەی مەرگی گرتووەتەبەر و تۆزقاڵێک باکی پێی نەبووە، توبڵێی پێی وابووبێت چۆکی بە مەرگ داداوە و ئیدی مەرگ ناتوانێت زەفەری پێببات، یان پێی وابووە ئەوان (گیانێکن لە دوو جەستەدا) بۆیە ئەمەش نهێنییەکی دیکەی نێو سەدان نهێنی حەسرەتەکانی شەیداهۆیە، کە لەگەڵ خۆیدا بردییە ژێر گڵ.

لەو دیدارەدا شەیداهۆ خۆی لەوەش بواردووە باس لە نازناوەکەی بکات، حەزی نەکردووە ئەو لاپەڕەیەی ڕۆژگار هەڵداتەوە، بۆیە دیار نییە ئەو نازناوی شەیداهۆیە لە چییەوە هاتوو، لە برا گەورەکەی، عەلی عوسمان-یشم پرسی، گوتی: جارێکیان لێم پرسی، بە خەندەیەکەوە وەڵامی دامەوە و گوتی: وازی لێبێنە، بۆیە منیش وازم لێهێنا، لەترسی ئەوەی نەبادا ئەو باسە هەڵدانەوەی قاتماغەی برینێکی سارێژ نەبووبێت.

بۆیە منیش وازی لێدێنم هیچی لەبارەوە ناڵێم.

ناشکرێت لە ئامادەکردنی ئەو دۆسیەیەدا سوپاسی قەهار شێخانی نەکەم، کە ڕۆڵی سەرەکی هەبووە، لە ئامادەکردنی حازراییەکانی ئەم دۆسیەیەدا، من لە هەوەڵین ژمارەکانی گۆڤاری دیوان-دا شەیداهۆم خستبووە لیستی ئەوانەی، کە پێم وابووە شایانی ئەوەن ئاوڕیان لێبدرێتەوە، بۆیە دواجار ئاوڕمان لێیدایەوە.

**سمکۆ عەبدولکەریم**



# برا و خوشک، باسی شەیداهۆی برایان دەکەن

**عوسمان عەلی: زۆرجار پێم دەگوت بۆ ئەو قسانە نانووسییەوە، بە بێدەنگی تەماشای دەکردم و پێدەکەنی**

ئیدریسی برام حەوتەمین منداڵی خێزانەکەمان بوو، لەساڵی ١٩٦٨ لەگەڕەکی سەیداوە لەدایک بووە، ئەوکات لەگەڵ ماڵی مامێکم بەیەکەوە لەیەک خانوو دەژیاین، پاشان ماڵمان هاتە گەڕەکی کوران.

ئیدریس پەروەردەی دەستی خۆمە، هەر لەمنداڵییەوە منداڵێکی بزێو بوو، لەنێو خوشک و براکانمدا لەکەس نەدەچوو، جگە لەخۆی، منداڵێکی شەرمن بوو، زۆر هەوڵم لەگەڵی دەدا، ئەو شەرمەی بشکێنم، بەڵام تا کۆچی دواییشی کرد بەتەواوی شەرمەکەی هەر نەشکا، بە منداڵیش لەنێو برادەرەکانیدا کەسێکی خۆشەویست بوو، لەنێو منداڵانی گەڕەکیش، لە منداڵانی دی جیاوازتر بوو، ئێمە لەماڵەوە کتێبخانەیەکمان هەبوو، کە دایکم زۆر فەزلی بەسەرمانەوە هەیە. ئەوکات کاری دەستی دەکرد، پارەی کۆکردەوە و کتێبخانەکەی بۆ کڕین، دایکم لە بنەماڵەیەکی مەلازادە بوو، لەماڵی باپیرم بەردەوام کتێب هەبوو، ڕاستە دایکم خوێندەواری نەبوو بەڵام زۆربەی شیعرەکانی وەفایی و شێخ ڕەزا و شاعیرانی دی لەبەربوو، زۆرجار شیعری ئەو شاعیرانەی بۆ دەگوتین.


ئیدریس لەتەمەنی ١٢ ساڵییەوە دەستی بەخوێندنەوە کرد و لە تەمەنی ١٥ ساڵیش بەتەواوی کەوتە نێو دونیای خوێندنەوە، زۆر حەزی لە خوێندنەوەی شیعر بوو، هەر دێرە شیعرێک سەرنجی ڕاکێشابا هێڵێکی بەژێردا دەهێنا، زۆر حەزیشی لە دەنگی هونەرمەند مەزهەری خالقی و عەلی مەردان و محەمەدی ماملێ بوو، من کتێبەکانم بۆ دەستنیشان دەکرد، تا بیانخوێنێتەوە، بەڵام ئەو هەوڵی دەدا زیاتر بخوێنێتەوە، زۆرجار پرسیاری دەکرد دەیگوت مامۆستا عەلی تۆلستۆی کێیە؟ دیستۆفسکی کێیە؟ من وەڵامم نەدەداوە دەمگوت ئیدریس هێشتە زووە، ئەوانە بناسی، یان بیانخوێنیتەوە، دواتر هەستمکرد، بەدزی لەدەرەوەی ماڵ ئەو کتێبانە دەخوێنێتەوە. تەنیا بۆ ئەوەی من هەستی


قەهار شێخانی لەگەڵ عەلی و ڕێزانی برا و خوشکی شەیداهۆ



پێنەکەم.

ڕۆژێکیان ئیدریس بابەتێکی تەنزی لەسەر ڕووداوێکی سیاسی ئەوکات نووسی بوو، پێی پیشاندام و گوتی: مامۆستا، توخوا ئەو بابەتە خراپە چییە لە ڕۆژنامە بڵاویان کردیتەوە، تەماشایەکی بکە بزانە چۆنە؟ منیش بابەتەکەم خوێندەوە و گوتم هیچ عەیبی نییە، بەڵام لە هەندێک شوێن پێویستی بەدەستکارییە، منیش دەستکاریم کرد، دواتر لەدڵی خۆمدا گوتم ئەگەر ئەو بابەتە لە ڕۆژنامە بڵاوکرابێتەوە ئیدریس بۆ


نام ........
موضوع ....(١)....
تاریخ ...١٤/١١/٩٦

(......)

بە ئایدیۆی سیاسەتی

سۆزکبوونی کۆستبارانی

کاروانسەرای هەڵەی مێژووی

گەلێ

تەمەنی لاوێتیم هەڵوەری

ئای... ئاوونی پڕ نەگبەتی

بەختێ ڕەشی

لە دایک بووی

سەدەمێکی چەند قەتیسەری

١٤/١١/٩٦

سلێمانی

دەقێکی شیعری بە دەستوخەتی خۆی

نووسیتیەوە، ئینجا زانیم، کە خۆی بابەتەکەی نووسیە، پێمگووت ئەتوو ئەو بابەتەت نووسییە؟ بەشەرمەوە گوتی: بەڵێ.

ئیدریس لەخوێندنی قوتابخانەش زیرەک بوو، دەرچووی پەیمانگەی پزیشکی موسڵ بوو، پاش تەواوکردنی پەیمانگە، وەکو کارمەندی پزیشکیی لە نەخۆشخانەی منداڵبوون دامەزرا.

ئیدریس لەکاتی گەنجیەتیدا هەستم دەکرد دڵی بەکچێکەوەیە، ڕۆژێک کوڕێکی خزممان لـــەدەرەوەی وڵات هـاتبـووەوە، هـاتـە ماڵـمان پرسیاری ئیدریسی کرد، گوتمان لەدەوامە گوتی بابچین سەرێکی لێ بدەین، کە چووین پرسیارمان کرد ئیدریس لەکوێیە؟ کارمەندێک گوتی: دانیشن ئێستە دێتەوە کچە مامەکەشی هاتیە لێرە چاوەڕێی دەکات سەیری کچەکەم کرد نەمناسی، خزمەکەم گوتی: کوا ئێمە کچە مامی ئەوها جوانمان هەیە، ئەوکات زانیم، دیاربوو ئەو کچە بوو، کە ئیدریس پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵیدا هەبوو.

ئیدریس شاعیرێکی هەست ناسک بوو نووسەرێکی بوێر و گۆشەنووسێکی لێهاتوو بوو، ماوەیەک گۆشەیەکی هەبوو لە ڕۆژنامـەی کوردستانی نوێ، لە یەکێک لەگۆشەکان ئیدریس بابەتێکی نوسی بوو، بەناوی (بیبەری سەوز) مام جەلال گۆشەکەی خوێندبووەوە، زۆری بەدڵ بووە، بە سەرنووسەری کوردستانی نوێی گوتبوو، ئەو کوڕە هەرشتێکی نووسی، بێ سانسۆر بۆی بڵاو بکەنەوە.

ئیدریس بەمنداڵیش تەنانەت لەگەڵ خوشک و براکانیشمدا بـەردەوام نوکتەی دروست دەکرد، لەسەر هەموو شتێک بەشێوەی کۆمیدی قسەی هـەبـوو، زۆرجـار پێم دەگـوت بۆ ئـەو قسانە نانووسییەوە بەبێدەنگی تەماشای دەکـردم و پێدەکەنی.


ئیدریس هەمیشە کەسێکی بە هەڵویست و هەقبێژ بوو، یەکێک بـوو لەئەندامانی گرووپی ٤٩ کە ساڵی ١٩٩٣ لە ٤٩ ئەدیب و نووسەر و شاعیر و هونەرمەند پێکهاتبوو لەدژی شەری نەگریسی ناوخۆ هەڵوێستیان وەرگرت، گوتیان ئەگەر ئەو شەڕە نەوەستێنن لەبەردەم پارێزگەی هەولێر خۆمان دەسووتێنین.

**ڕێزان عەلی: زۆرجار بەشەو تەلەفۆنی دەکرد و دەیگوت: ڕێزان بڕۆ کۆڵانێ، لەجیاتی من و بە چاوی من تەماشای جۆگەلەی ئاوی کۆڵانێ بکە، با گوێم لە خوڕەی جۆگەلەکە بیت، چونکە زۆر غەریبی بۆنی چڵکاوەکەی کۆڵانێ دەکەم**

ئیدریسی برام کەسێکی قسەخۆش بوو، هەمیشە دەم بەپێکەنین بوو، گوێی بەهیچ گیروگرفتێک نەدەدا، کەسێکی دڵساف و لێبوردە بوو، لەڕووی قسەخۆشی و گاڵتەکردنەوە (لاچینی) کوڕی، ئێستە هەمان هەڵسوکەوتی ئیدریسی برامی هەیە.

ئیدریس زۆر قسە و بەسەرهاتی خۆشی هەبوو، لەبیرمە کاتی خۆی لەگەڵ سەلاحی برام، پێکەوە لەقوتابخانە بوون، جا سەلاحی برام کەسێکی زۆر هێمن و لەسەرخۆ بوو، ئیدریسیش پێچەوانەی ئەو بوو، ڕۆژێک مامۆستا لێی پرسینە، وەرە پێم بلێن ئێوە چۆن برای یەکدین، تۆ ئەوەندە بزێو و پر جوولەی، سەلاحیش هێندە هێمن و لەسەرخۆ، ئیدریسیش یەکسەر گوتبووی: مامۆستا دەزانی لۆ ئەوهاینە، چونکە ئەو بەشەو لەدایک بووە و منیش بەڕۆژ.

جارێکیان ئیدریس چووبووە بازار، پانتۆڵێکی ڕەنگ بێجی و کراسێکی ڕەنگ قاوەیی کڕی بوو، کە هاتەوە گوتم ئیدریس چیت کڕیوە؟ گوتی:



تەحین و دۆشاوم کڕیە، ئەگەر بچووباینایە هەر شوێنێک دەمگۆ ئیدریس چ لەبەردەکەی دەیگۆ تەحین و دۆشاوەکە.

ئیدریس زۆر حەزی لەخواردنە کوردەوارییەکان بوو، بەتایبەتیش شفتە، زۆر ڕقیشی لە ساوار بەتەماتە دەبووەوە، بۆیە کە زۆرجار لەدەوام دەهاتەوە هەر لەدەرگای حەوشە دەیگۆ ڕێزان چمان هەیە، ئەمنیش یەکسەر دەمگۆ ساوار بەتەماتە پێدەکەنی، چونکە دەیزانی بەسوحبەت وادەڵێم، لەڕووی ڕەنگیشەوە زۆر حەزی لەڕەنگی مۆر بوو، بە بارودۆخی ناسەقامگیری کوردستان و بە نادادی کۆمەڵایەتی زۆر دڵتەنگ و بێتاقەت دەبوو، ئەوکاتانەش دڵخۆش دەبوو، کاتێک بیتوانیبا دڵی بەرانبەرەکەی خۆش بکات.

لەگەڵ ئیدریس وەکو خوشک و برا و وەکو برادەرێکیش نێوانمان زۆر خۆش بوو، زۆر شتی لای من باس دەکرد، زۆربەی ئەرشیف و دەستنووس و ئەو بابەتانەی لەگۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاوی کردبوونەوە. من بۆم پاراستبوون، بەڵام بەداخەوە بەهۆی بارودۆخی سیاسی زۆربەیان فەوتان، ئەو لەڕێی نووسینەکانییەوە زۆر داکۆکی لەمافەکانی ژنان دەکرد، چەند جارێکیش لەلایەن ڕێکخراوەکانی ژنان خەڵات کرابوو.

ئیدریس لەساڵی ١٩٩٦ چووە شاری سلێمانی لەڕێی هاوڕێیەکی خۆیەوە، کە بێژەر بوو کچێکی ناسی، بە ناوی جوان عەلی، دواتر لەگەڵ ئەو کچە هاوسەرگیریی کرد بەرهەمی ئەو هاوسەرگیریەشیان سێ منداڵ بوو، بەناوەکانی لاچین، لارا، لیا.

ئەو چەند ساڵەی لە سلێمانی ژیا، زۆر غەریبی هەولێری دەکرد، زۆریشی پێخۆشبوو بێتەوە و لە هەولێر بژی، بەڵام بۆی نەدەگونجا، هەرچەندە جارجارە بەسەردان دەهاتەوە و چەند ڕۆژێک لە هەولێر دەمایەوە، زۆرجار بەشەو تەلەفۆنی دەکرد و دەیگوت: ڕێزان بڕۆ کۆڵانێ، لەجیاتی من و بە چاوی من تەماشای جۆگەلەی ئاوی کۆڵانێ بکە، با گوێم لە خوڕەی جۆگەلەکە بێت، چونکە زۆر غەریبی بۆنی چڵکاوەکەی کۆڵانێ دەکەم.


*** قەهار شێخانی ئامادەی کردووە**



# شەیداهۆ لە دیدی هاوڕێکانییەوە

## ستران عەبدوڵڵا:

## ئیدریس شەیداهۆ قسەیەکی کرد زۆر سەرنجی ڕاکێشام



ئیدریس شەیداهۆ کاتی خۆی لە ڕۆژنامەی ئاسۆ، هەفتانە شتێکی دەنووسی، جارێکیان وتارێکی هێنا زۆر توند بوو، وەکو پیشەی بەردەوامی سەرنووسەرەکان، گوتم کاکە ئەمە زۆر توندە، باردودۆخەکە نالەبارە و حاڵی کوردستان ناخۆشە و وەرزێکە ئەم ئەزموونە خوێنی ئەو هەموو شەهیدە ڕژاوە و ئیدی هەندێک پاساوم هێنایەوە، من لەبیرمە ئیدریس شەیداهۆ قسەیەکی کرد زۆر سەرنجی ڕاکێشام گوتی: (لەبەر ئەو خوێنە زۆرەی کە ڕژاوە و لەبەر ئەو تێکۆشانەی خەڵک بۆ ئازادیی کوردستان کردوویانە، وەکو ڕێزێک بۆ ئەو هەموو خوێنەی کە ڕژاوە، دەبێت حیبر زۆر بڕێژم و دەبێت زۆر توندبم، بۆ ئەوەی بەقەدەر ئەو تێکۆشانە بێت کە کورد کردوویەتی).

ئەم قسەیەم بیرناچێتەوە کە ئیدریس شەیداهۆ بەڕێگەی تەنزی خۆی گوتویەتی: لەبەر ئەو خوێنە دەبێت حیبر زۆر بڕێژی.

**“ (لەبەر ئەو خوێنە دەبێت حیبر زۆر بڕێژی „**

## قادر عەزیز:

## شەیداهۆ دەیگوت لەبەر ئەوەی حزبی نیم، من ناکەنە سەنووسەر



من نامەوێت قسە لەدوای مردووان بکەم، بەڵام دڵنیابن خۆشەویستی هەمووومان بوو، پیاوێکی کۆمەڵایەتی ڕۆح سوک.

تێکەڵاوی من لەگەڵ بنەماڵەی ئیدریس شەیداهۆ بۆ شەستەکان دەگەڕێتەوە، ئەوکاتە ئەو ٣ یان ٤ ساڵان بوو، لە گەڕەکی سەیداوا، گەڕەکی هەژارەکان، کە تازە دروست ببوو جیران بووین، برا گەورەکەی مامۆستا عەلی بەیەکەوە بووین لە تاکە خوێندنگەی نموونەیی لە هەولێر. زۆر جار ئێمە لە مەکتەب دەهاتنیەوە لە ماڵی ئەوان سەعیمان دەکرد، حەوشەیەکی گەورەیان هەبوو، دایکێکی زۆر میهرەبانی هەبوو، هەمیشە نەخۆش بوو، بەڵام هەمیشە خۆی بەقوربان دەکردین و میوانداریی دەکردین. ئەو بنەماڵەیە خۆیان زۆر کورد پەروەر بوون. بەتایبەتی دوو ئامۆزای لەگەڵ ئێمە پێشمەرگە بوون، ساڵانێکی زۆر لە شاخ کاک غازی و کاک هەڵمەت لەگەڵماندا بوون.


دوای ڕاپەڕین ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی)مان لە هەولێر دەردەکرد، شەیداهۆ هاتە لای ئێمە و دەستبەکار بوو، لە ٣١ی ئاب شەیداهۆ بەتەنیا بەبێ بنەماڵە لەگەڵ ئێمە هەڵوێستی وەرگرت.

لە هەولێر دەرچووین، ئەوکاتە لە قاسمە ڕەشیش هەر لەگەڵ ئێمە بوو، دوای ئەوە کە گەڕاینەوە دیسان (ئاڵای ئازادی) لە سلێمانی دەردەچوو، ئەو دەستبەکاربۆوە. جگە لەوەی شاعیرێکی هەست ناسک بوو، نووسەر و گۆشە نووسیش بوو، توانایەکی باشی هەبوو، کەسێکی هەمیشە بە هەڵوێست بوو، ئەو ماوەیەی ئەوەندەی لەگەڵ ئێمە ژیاوە، لەگەڵ بنەماڵەکەی خۆی نەژیاوە، بەتایبەتی ئەو چەند ساڵەی کۆتایی، بەمنی دەگوت: وەکو ئەلەندم بۆت، بەڕاستیش وابوو، بە تەواوی تێکەڵ بووین، سوعبەت و گاڵتە و هەموو شتێکمان هەبوو.

شەیداهۆ زۆرجار گلەیی ئەوەی هەبوو، دەیگوت لەبەر ئەوەی حزبی نیم، من ناکەنە سەنووسەر، هەموو جارێک دەمگوت: شەیداهۆ بەسەری تۆ بەزۆر حزبیانت ناگۆڕینەوە، بەڵام ئەو ئیلتیزامەی ئێمە لەسەر حزبیی دەیسەپێنین. ناتوانین بەسەر تۆدا بیسەپێنین. تۆ شاعیر و نووسەرێکی حزبی نیت.

یەکێک لە گلەییەکانی کە بە نامە بۆی ناردووم لەسەر سەرنووسەرەکانە. دوو ساڵ بوو سەرنووسەرێکی نوێمان دانابوو، وابزانم عەدنان عوسمان بوو، نێوانیان زۆر تەواو نەبوو، لەنامەکەدا دەڵێت: کاک قادر، دوو ساڵ بەرگەی (غازی حەسەن)م گرت، دوو ساڵ لەگەڵ کەلە ڕەقییەکەی (گۆران جەلال) لێم خوڕی، دوو ساڵ خۆم بە ڕیباتە نارنجییەکەی (شازاد ئەنوەر)ەوە شۆڕکردەوە، خوا فرسەتم بدات (١٠) ساڵیشە لەگەڵ (نەهرۆ هەینی) دەژیم، هەروام دەزانی حزب لە (مەحموود عوسمان) گەورەترە کە مەبەستی (مەحموود سوڵتان) بوو.


ئەوکاتە مەلا ئاریان هێشتا نەهاتبوو، لەوانەیە پێناسەیەکی باشی بۆ ئەویش بکردایە، بەداخەوە خۆی یارمەتی خۆی نەدا زۆر ئاگای لە تەندروستی خۆی نەبوو، زوو بەجێی هێشتین، بەڵام ئەوەی جێی خۆشحاڵییە بۆ ئێمە مامۆستا جوانە هاوسەری شەیداهۆ بەڕاستی شوێنی دایک و باوکی بۆ منداڵەکان گرتووەتەوە، ئەوە



بۆ ئێمە گرنگە. منداڵەکانی گەورە کردووە ئەرکی هەموومانی سووککردووە، زۆر سوپاسی دەکەین.

## شێرزاد حەسەن:

## ئیدریس کە پێدەکەنی هەستت دەکرد لە ناوەوە قوڵپێک دەدا



شتێکی تایبەتم نییە، بەڵام ئەوەی کە لە یادی من مابێت، چ لە هەولێر و چ لە سلێمانی، زۆر ڕاگوزەریی بەر یەکتریی دەکەوتین، من یەکێکم لەو کەسانەی بەردەوام شتی پیر و لاو دەخوێنمەوە، بۆیە بڕوا دەکەم من لە سەرەتاوە ئاگام لە زۆربەی کارەکانی ئەوبوو، هیچ کاتێکیش لە ژیانمدا کەم و سووک سەیری بەرهەمی هیچ کەسێکم نەکردووە، ئیدریس یەکێک لەو لاوانە بوو کە زۆر هانم دەدا، دەیگوت بۆ هانم دەدەیت، گوتم شەیداهۆ حەز دەکەم هەموو هەولێر وەکو تۆ ئیش بکات، لەبەر ئەوەی بۆ من زۆر گرنگە کەسێک بە کوردی دەنووسێت، هەمیشە دەیگوت لەکوێوە دەست پێبکەم؟

ئەوەی سەرنجی منی ڕادەکێشا ئەوەبوو، کە زێدە ماندوبوو، یەکێک بوو لە کوڕە هەرە ماندووەکان، من وام بیردەکردەوە کە دەبێت چ شتێکی تایبەتی لە ژیانیدا هەبێت.

ئەو یارمەتی خۆی نەدا، من ئەوەندەی ئاگام لە ئەدەبیاتی دونیا هەبێت، چ بە جگەرە چ بە کحول بە هەزاران کەس تیاچوونە، لەبەر ئەوەی نەیانتوانیوە بەبێ جگەرە و کحول بژین. ئەوەی ئەو کارە دەکات لە دونیای پێشکەوتوو، هەرگیزاو هەرگیز



خراپ سەیر ناکرێت، بەڵکوو لەباوەش دەگیرێن.

هەرچەندە بڕوام وایە لە مرۆڤدا جۆرێک لە خۆکوژی هەیە، جا ئەو هۆکارە خودگەرایی بێت، یان گشتگیر، بەڕاستی شەیداهۆ یەکێک بوو لەو پیاوە تووڕانەی کە من قەت لەبیرم ناچێتەوە، ئەو زۆر ناڕازی بوو، لە هەموو شتێک، واتە پیاوێکی ڕافزی بوو، بە ڕاستی من خەڵکی ڕافزیم زۆر خۆشدەوێت.

ئەوەی لەبیرم ماوە زۆر جار فرمێسکیم بینیوە (ئازاد سوبحی)ش یەکێکە لەو پیاوە گەورانەی ئێمە بوو، من هەستم کرد ئازاد و شەیداهۆ لەو خەمە قووڵە زۆر لە یەک دەچوون. بڕوا دەکەم ژمارەیەکی زۆری وەکو ئەوان هەن، کە بەڕاستی دەڵێن: ژیان کوشتمی، مەرگ تۆ لە کوێی.

من کە لە فینلەندا بووم، ئەو هەستەم هەبوو دەمگوت: من لە مردن ڕامکرد بەس ژیان خەریکە لێرە دەمکوژێت. بۆیە زۆر جاران ژیان هێندە ناشیرین و کوشندە و مەرگ ئامێزە، ئینسان باوەش بە مەرگدا دەکات، ئەگینا کەس نییە مەرگدۆست بێت، بچووکترین زیندەوەر ژیان دۆستە، حەزی لە ژیانە، دەیەوێت بژی.

ئیدریس کە پێدەکەنی هەستت دەکرد لە ناوەوە قوڵپێک دەدا، من چارلی چاپلنم بیردێتەوە، کە ڕستەیەکی هەیە دەڵێت: لە پشت هەر خەندەیەکەوە، فرمێسکێکی شاراوە خۆی حەشارداوە، سێ چوار ئەکتەری ژن و پیاویش هەن، لە فیلمی کۆڕبەندی شاعیرە مردووەکان، کۆمیدی دونیا بوون، بەڵام خۆیان کوشت، زۆر سەیرە هەموو دونیایان خستە خەندە، بەڵام خۆیان بە کحول مردن.

سەدان کەس بەو شێوەیە مردن، ئەو کەسانەی تەنز دەنووسن یان قۆشمەچین، هەمیشە وێرانە ماڵن، ئەمە هێزێکی زۆر سەیرە، کۆمیدیا قورسترە لە تراژیدیا، ئەوکەسانەی دەتوانن کۆمیدیا بنووسن زۆر تراژیدین، چونکە تراژیدیا ڕۆحی ژیانە، ئاسانە تراژیدیایانە بدوێی و بنووسیت، بەڵام هەرگیز ئاسان نییە لەناو ئەو هەموو مەرگەساتە، کۆمیدیایانە بنووسیت و ئەوەی لە ناخت دایە دەری ببڕیت، بۆیە ئەوە پێی دەگوترێت تەنزی ڕەش.

ئیدریس ئەو شتەی بیر هێنامەوە، هەمیشە سەیری دەموچاویم دەکرد وەکو ئەو دەمامکەی لە یۆنان هەیە، نیوەی دەگری و نیوەکەی دی پێدەکەنێت.

من شەیداهۆ ـ م لەبیر ناچێتەوە چونکە بە ڕاستی یەکێک بوو لەو کەسانەی لەیاد ناکرێت.

## تەڵعەت تاهیر:

## بۆ مێژوو دەبێت بگوترێت شەیداهۆ دوو هەنگاو لە پێش ئێمە بوو



من و ئیدریس شەیداهۆ منداڵی یەک گەڕەک و یەک کۆڵان بووین، ، ئەو هەندێک لەمن گەورەتر بوو، بەڵام هەر پێکەوە دەمانخوێندەوە، ئەوکات ئەم نەوەیە کەوتبووینە ژێر کاریگەری داهێنانی شێرزاد حەسەن، ئەو زۆر هاوکارمان بوو، پارەی دەداینێ سەموونی بۆ دەکڕین، کتێبی پێدەداین، جار هەبووە تا بەرە بەیانی لە جادەی مەخمور من و مامۆستا شێرزاد و ئیدریس پیاسەمان کردووە.

لە ڕاستیدا ئیدریس لە ڕووی شیعریشەوە هەنگاوێک لە پێش ئێمەوە بوو، هێنانی تەنز و ئەو گاڵتە ئامێزییە بۆ نێو ئەدەب ئەوکاتە شتێکی ئاسان نەبوو، ئەوکاتە باوی ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕیی و کەشکۆڵ و جدیات بوو، هیچ دژیەکیەک لە کەسایەتی ئیدریسدا نەبوو، ئەو ڕێک خۆی بوو، بەبێ بەکارهێنانی، یان تەوزیفکردنی فێڵەکانی زمان و بیرکردنەوە لە تێکستەکانیدا.

بیرمە کتێبی (اللامنتمی)ی کۆلن ولسن-مان دەخوێندەوە، ئەو بەشێکی دەخوێندەوە، من بەشێکی، عەرەبییەکەی باش بوو، باسی ئەو دیدگایەی دەکرد، جیاوازیی نێوان کرم و باڵندە، کرم کە لەسەر زەوی دەخشێت و سانتی مەترێک

بەردەمی خۆی دەبینێت، وا دەزانێت هەموو گەردوونە، زۆر جیاوازە لەو باڵندەیەی، کە بەرز دەبێتەوە گاڵتەی بەو ملیارەها سانتی مەترە دێت.

هەمیشە بیرمان لەوە دەکردەوە، ئینسانێکی کرمی نەبین بەو مانایەی شارچێتی نەکەین، خشۆک نەبین، چۆن خەمی نیشتمانی بکەینە سەرووی خەمی حزب و ئینتمای ئایدۆلۆجی، ئەمە دیدگای ئیدریس شەیداهۆ بوو.


بۆ مێژوو دەبێت بگوترێت شەیداهۆ دوو هەنگاو لە پێش ئێمە بوو، بیرمە زۆر سەرسام بوو بە حوسێن مەردانی شاعیری عێراقی، کە بەداخەوە هەمان چارەنووسی ئەویشی هەبوو، هەمیشە دیوانەکانی حوسێن مەردانی لەلابوو، چەند شیعرێکیشیم کرد بە کوردی.

من یادگاریم لەگەڵ ئیدریس زۆرە، ئەو پیاوێکی بەدەست و پل بوو، بیرمە مەحموود زامدار کەللەیەکی لە ئیدریس دا، مەحموود کەللەی دەوەشاند، بەتایبەتی کە مەقامی گۆتبایە و بتگوتبا نەشازە، من و ئیدریس فێرببووین هەر مەقامێکی گۆتبایە دەمانگوت حیجازە.

## عیسا حوسێن:
## ئیدریس شەیداهۆ کوڕی هەر چوار پارچەی کوردستان بوو



هەرچەندە لەگەڵ ئیدریس شەیداهۆ لەگەڕەکیش ماڵمان زۆر لە یەکتر دوور نەبوو، ئێمە ماڵمان لەبەرانبەر کارگەی ڕستن و چنین بوو لەهەولێر، بەڵام ئەوکات لەنزیکەوە نەمدەناسی، کەچی



لەدوای (٣١ی ئاب) لەشاری سلێمانی لەنزیکەوە ناسیم، لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکان لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە ئاشنای ناوی ئیدریس شەیداهۆ ببووم، بیرمە یەکەمجار شیعرێکی ئەوم لە ڕۆژنامەی (وڵات) خوێندەوە، دوایش بەردەوام خوێنەری نووسینەکانی بووم.


ئەوەی من سەرنجم دابێت، ئیدریس شەیداهۆ وەکو نووسەر و شاعیر زۆر بابەتی دەنووسی لەپاڵ کاری ڕۆژنامەنووسییەکەی، بەڵام لەشیعر و گۆشە نووسیندا بەڕاستی داهێنانی دەکرد، شیعرە نەتەوەیی و دڵدارییەکانی خوێنەری تایبەتی خۆی هەبوو، وەکو پیاوێکی نەتەوەیی، خاوەن هەڵوێست، بیری ناسیۆنالیزمی و خەباتی چوار پارچەیی، لەشیعرەکانیدا ڕەنگی دابۆوە ئیدریس شەیداهۆ کوڕی هەر چوار پارچەی کوردستان بوو.

ئیدریس شەیداهۆ زۆر بە ڕاستگۆیی ژیا، بەپێچەوانەی زۆر نووسەر و شاعیری دی، کە زۆرجار ئەوەی دەینووسن دوورە لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیان، ئەو نووسین و شیعرەکانی و ژیانی ڕۆژانەی هاوتەریب بوو، ڕاستگۆ لەگەڵ دەوروبەر و ڕاستگۆ لەگەڵ نیشتمان و ڕاستگۆ لەگەل بیروباوەڕی و ڕاستگۆ لەگەڵ کۆمەڵگە و ڕاستگۆ لەگەڵ ژیانی خۆی.

نووسەرێکی بێفیز، نەفس بەرز، لەگەڵ ئەوەی لەسلێمانی کرێنشین و ئاوارە بوو، بەڵام هەرگیز ئاکاری ڕێگەی پێ نەدەدا داوای بچووکترین شت بکات، جگە لەو هاوکاری و مووچەیەی لەپاڵ کاری ڕۆژنامەنووسی وەری دەگرت، دەنا ئیدریس شەیداهۆ ڕێزی لای هەمووان هەبوو.

ئەوەی ماوەتەوە بیڵێم، حەقە ئەکادیمیا و زانکۆکان لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر شیعرەکانی بکەن و لەهەموو لایەکەوە بکرێنە پرۆژەی نامەی ماستەر و دکتۆرا، کە لەوەش زیاتر هەڵدەگرێت. لەکۆتاییدا هیوادارم وەزارەتی ڕۆشنبیری خەمێک لەشیعرەکانی بخوا و هەموویان کۆبکاتەوە و لەدیوانێکدا بەچاپیان بگەیەنێت، پەیکەرێکی شایستەی چ لەبەردەم قەڵای هەولێر، یان لەسەهۆڵەکەی سلێمانی بۆ دابنرێت، چونکە شەیداهۆ چەند کوڕی هەولێر بوو، هێندەش کوڕی سلێمانی بوو، لەسلێمانیش بەیانیان و ئێواران و شەوان دەبووایە سەردانی سەهۆڵەکە بکات.

# شەیداهۆ لەبیر ناکرێت



یادگاری ترش وتاڵ و ئاوارەییمان لەگەڵ یەک هەیە، ئەو کوڕێکی گەنم ڕەنگی خۆین شیرین بوو، ڕاستگۆ و بە هەڵوێست بوو، ساڵ ساڵی ١٩٩٦بوو، لە نەخۆشخانەی لەدایکبوون کاری دەکرد، ڕۆژانە لەخزمەتی هاوولاتیاندا بوو.

هەرلەوێ عیشقی کچێکی سپیکەڵەی چاوەمەستی باڵا بەرز بوو، بەخەیاڵی ئەو مەست دەبوو، هەمیشە هەستی بەژانی خەڵک دەکرد، زەردەیی گەڵاکانی پایز و تەنیایی و ڕەشەبای شەوانی بێ ئەستێرە هاوەڵیی بوون.



**ئازاد هەینی**

حەزی لە حزبایەتی نەبوو، بەڵام نیشتمانەکەی خۆشدەویست، لەپێناو هەڵوێست و عیشق و شارەکەی، عیسمەتی دایکی جێهێشت، گەیشتە ئەوپەڕی سنوور، لەوێ لە قاسمە ڕەش خۆی دۆزیەوە، هەرلەوێش نووقمی زەریای عیشق بوو بۆ حەبیبەکەی، لەیادی نەدەچوو، ئەوە بوو بە شیعر خۆی ئاسوودە دەکرد، تا وایلێهات شیعر و ژان بوونە دوو هاوەڵی، لەوپەڕی نائومێدی ئەو ئومێدی دروست دەکرد، لەسەر سنوورەوە هاواری عیشقەکەی دەکرد، کە ئاگاداری خۆی بێت ئامۆژگاری دەکرد وپێی دەگوت:

**سەفەرێکم لە بەردایە**
**تا دێمەوە**
**دەرگا لە هیچ فاڵچیەک**
**نەکەیتەوە**
**نەبادا لە خشتەت بەن**
**نەوەک دڵمان لە یەک بکەن**
**تا لەو کاروانە دێمەوە**
**نزیک پیرێژنان نەکەوی**
**نەوەک نووشتەت لێ بکەن**
**لە تەنیایی وغەریبیما**
**هەر تۆی پەنام**
**کچێ ئاخیر بابان وێران**
**چۆن نەترسم**
**من ولاتیان بە نووشتە**
**لەدەست دەرهێنام........**

ئیدۆی هاوڕێم، زۆر حەزی لێبوو بەم ناوە بانگی بکەن، گەنجێکی بێ وەفا نەبوو، هەمیشە دڵدارەکەی لەیادبوو، لەگەرمەی گەردەلوولی تۆڵەدا پەیامێکی بۆ حەبیبەکەی نارد ،تا بگاتە دەستی بەڵام مەخابن سەد موخابن، ئەم پێشمەرگەیە لە ڕێگا شەهید دەبێت و ئەویش ئەو شیعرەی بۆ دەنووسێت:

**لەناو دۆڵێ**
**لە سەنگەری یاخی بوون**
**شیعرێکم نارد، بۆ چاوی تۆ**
**بە پێشمەرگەی لەشکرێکی هێرش بەردا**
**لەگەڵ یەکەم تەقەی شەڕی**
**گەردەلوولی تۆڵەدا**
**ئەم پێشمەرگە پۆستەچیەم لێ شەهیدبوو**
**دەڵێن ئەوسا**
**لە دۆڵێکدا**
**شیعرەکەیان لەگەڵ ئەودا**
**بەخاک سپێردرا....**

ڕۆژ هات و ڕۆژ چوو، سلێمانی ئازادکرا، ئەویش شادبوو بە شارەکەی پیرەمێرد و بێکەسدا، لەبیرم ناچێت شەوانە لەژوورێکی تەنگ و تاریک لەگەڵ هەر یەک لە (حەسەن یاسین و هاوار مستەفا خان و کەریمۆک ونەهرۆ هەینی) بە لەرزە لەرزی سەرما و بێ سۆبا و بێ بەتانی لەم تاریکیە دەخەوتن، ئا لەم کاتەدا شەیداهۆ شەیدای قەڵای هەولێر بوو، حەسرەتی دەکێشا بۆ مەمەندە

**ڕووی لە شاخی بەرزی لەزمەر دەکرد بەڵکو ئەمە خوایە قەڵای لێ دەرکەوێت و تێر بینینی ببێت و ئارام ببێتەوە**

شێت کە چ موحیبەتی هەبوو، جومعە شێتش چۆنچۆنی خەتیبەکانی ئەو شارەیان هێناوەتە جۆش، بەخەش دەبێت تەسبیحە درێژەکەی چۆن بەکاربهێنێت، تا یەکەیەکە خائینەکان ئاودیوی دۆزەخیان بکات، هەیاسە شێتیشی قەت لەیاد نەدەکرد، کە دەیگوت بێ شکە ئەو عەفوومان دەکـات، لـە خـەیاڵی دەرنـەدەچـوو، کـە منارەی چۆلی تورەیە و بەشەق تێهەڵدەدرێت، کەسیش ناتوانێت نووقە بکات، خەمی کوران و سەیداوەی بوو، رۆژانە لەتاو خەمەکان لە سەهۆڵەکە خۆی مـەسـت دەکــرد، کـەچـی سـەهـۆڵـەکـەش فێنکی دڵەکەی نـەدەکـردەوە، ناچار ڕووی لە شاخی بەرزی ئەزمەڕ دەکرد بەڵکو ئەمە خوایە قەڵای لێ دەرکەوێت و تێر بینینی ببێت و ئارام ببێتەوە، بەڵام بێ سوود بوو، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دڵی زیاتر بۆ حەبیبەکەی لێدەدا، جارجاریش منیش باسی عیشقم بۆ دەکرد، ئەویش لە وەڵامدا پێی دەگوتم:

***ئەگەر هێشتا ئاشنا نەبووی بەفرمێسکی غەریبی من***

**ها گلێنەی چاوەکانم دەربێنە!**

**ئەگەر هێشتا نەبووی بەچۆڕاوگەی دڵی لەت لەتی من**

**ها دڵە زامدارەکەم دەربێنە!**

**ئەگەر زمانیشم بۆ دڵخۆشی و ئومێدی تۆ وشە نەکات بە زەنگیانە**

**تخوا ئەویش زووکە و دەربێنە!**

تا وایلێهات مەستتر دەبـوو، لە عیشقەکەی بێ ئومێد بـوو، هەر لەویش ژیانی هاوسەرگیریی پێکهێنا، عیشقەکەی لەیادکرد! بـەڵام شارەکەی لـەیاد نـەکرد، عیسمەتی دایکی و سـەیـداوە و کورانی هەر لەخەیاڵبوو، بۆیەش هەردەم مەست بـوو، مەستێکی جوان بـوو، دەردەســەری زۆر کێشا، هەمیشە هەولێری لەیاد بوو، پاش چواردە ساڵ دەیەوێت بێتەوە شارەکەی باب و باپیری، کەچی لە بازگەیەکی نزیک لەشار، منداڵێکی موو لێنەهاتوو، لێی دەپرسێ تۆ کێی؟

ئەویش لە خەفەتان دەڵێت:

**سێ سەعات**

**بەر لە لێدانەکەی عەبدولکەریم قاسم**

**من لەبەر دەرگەی حەمامەکەی قەڵا هاتمە دونیا**

**بمناسەوە**

**غەریبێکی هەڵاتووم**

**بمناسەوە**




**لەحەمامی ئیسکانەوە**

**بەزۆر غوسلیان پێ دەرکردم**

**بمناسەوە**

ئیدۆ، هـەم شاعیر، هـەم ڕۆژنـامـەنووس، هیچ هـەروەسـتـەی نـەدەکرد، بۆ هەموو ڕووداوێـک هەڵۆیستی هەبوو، تا دواجار بە ناموراد‌ی خۆی گـەیـانـدە مەعمەل قیرەکەی هەولێر و لەتەک شەهیدە چاونەترسەکەی سـەیـداوە (تەحسینە شەل) نێژراو و دوا ماڵاوایی لێکردین، بۆیە منیش دووبارە و دەبارە گوتوومە ئارام بنوو، بێ خەم بە، ئەوەتە کوڕ و کچەکەت ئاسوودە و سەربەرزن بەتۆ، منیش هەرچی دەستنووس و شیعرەکانتم لابوو، تەسلیم بە کوڕە ئاقڵ و ژیرەکەتم کرد ،تا ببێتە مێژوو بۆ ئەوان، دواجار دەڵێم ئێوە پاک و بێگەرد بوون، بێشک لەبەهەشتن، ئێمەشتان لە دۆزەخێکی سەردەمیانە جێهێشتوە!


نام پۆستە | موضوع ۱۱ | تاریخ ۸۹/۸/۱۰

پۆستە

لەناو دۆڵێ
لەسەنگەری یاخی بوونا
شیعرێکیم نارد، بۆچاوی تۆ
بە پێشمەرگەی لەشکرێکی هێرش بەردا
لەگەڵ یەکەم تەقەی شەڕی
گەردەلوولی تۆڵەدا
ئەو پێشمەرگە پۆستەچییەم لێ شەهید بوو
دەڵێن ئەوسا
لە دۆڵێکدا،
شیعرەکەیان لەگەڵ ئەودا، بەخاک سپارد
۱۲/۱۹

دەقی شیعرێکی شەیداهۆ بە دەستوخەتی خۆی



## بەیادی شەیداهۆ

# نامەیەک لە کورانی هەولێرەوە بۆ سەهۆڵەکەی سلێمانی



**ئاری ئاغۆک**

> **(چەند گێل بووین بۆ ئاوی سازگاری کانی سوپاسێکی خوامان نەکرد**
>
> **ئێستا بە ئاوی مۆدێرنە غوسلیشمان دەرناچێ!)**
>
> ئیدریس شەیداهۆ

**شەیدا هۆ کێ بوو؟**

گەنجێکی ڕۆشنبیر و خاوەن ئایدیایەکی فراوان، قەڵەمێکی پاک و گوڵاوڕێژ، تەنز نووسێکی حەقبێژ و حەقنوس، شاعیرێکی پڕ لە هەست و خاوەن مانا و مەدلولی جیاواز.

نەوجەوان بووم ئەوم ناسی، لەتەمەنی هەرزەکاری ئاشنای نووسین و شیعرەکانی بووم، کە شیعرو کتێب و قەڵەمم ناسی ئینجا بەتەواوی ئیدریس شەیداهۆم خوێندەوە، تەمەنمان جیاوازبوو، بەڵام کە زانی عیشقی نووسین و کتێب و هاوڕێی بەرنامەی ڕادیۆکانم، وەکو دۆست و دراوسێیەکی بەئەمەکی گەڕەکی کوران بووینە برادەر، شیعرە لیرکییەکانی ئەو لووتکەی جوانی و داهێنان بوون، کاتێک لەهەناوی گۆرانی (بەعەشقی تۆ سووتاوم، هەڵخەڵەتام لەدڵداری) و چەندانی دی سەرنجی گوێگری ئەوسای بۆخۆی ڕاکێشا و ببوونە گۆرانی زێڕینی سەردەم، جگە لەقەسیدە شیعرییە جیاواز و تایبەتمەندییەکانی هەموو ئەوانە لەدڵ و عەقڵی مرۆڤێک لەدایک دەبوون، کە کڕ و بێ دەنگ، مەغریبان لەشەقامی کوران پیاسەی دەکرد، بە کتێب و جگەرەی دەستی لە دوورەوە دەمانناسییەوە!

**هەموو مرۆڤێک لەناخی خۆیدا شاعیرە**

لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەی پەیامی ئاشتی، کە لە مانگی ئەیلولی ٢٠٠٢ بەندە لەگەڵی سازدابوو دەربارەی شیعر و شاعیر و شیعر نووسین شەیداهۆ دەڵێت: هەموو مرۆڤێک لەناخی خۆیدا شاعیرە، تەماشاکە هیتلەر بەو دیکتاتۆریەی خۆی شیعری نووسیوە، سەرکردە سیاسییەکانیش شیعریان هەیە، شێخ و موریدەکان شاعیر بووینە، کەواتە عەشق ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت، مەرج نییە عیشق تەنیا ژن بێت!

ئیدریس شەیداهۆ، خاوەن شاکار و بەرهەمی ئەدەبی جوانە، کە تا ئەبەد بەنەمری دەمێننەوە، بەڵام بەداخەوە لە دونیای ئەدەبیاتی کوردی هەقی خۆی پێنەدراوە، بەڵام لای ئێمە هەمیشە بەشاکاری نەمر پێناسە دەکرێت، ئەوەتا لە شاکاری (ئەو دەمەی قەڵا پێ دەکەنێت) کۆمەڵە پەنجەرەیەکی نوستالیژی پیشانی خوێنەر دەدات و پێمان دەڵێت پەنجەرەیەکی ڕەش هەمیشە لە زاکیرەی ئەو سەردەمە ماوە و دەمێنێت، ئەویش کارە ناشیرینەکانی بەعسە، پەنجەرەیەکی دی پیاوە جوان و عاقڵەکانی هەولێرن، کە بەداخەوە ئێمە بەشێت ناومان دەبردن، یەکێک لەوانە مەمەندە شێتە.

ئیدریس شەیداهۆی شاعیر لە پەنجەرە شیعرێکی نەمردا دەڵێت:

***مەمەندەکەم، ئێستاش چاو سورکردنەوەی تۆم***
***بەرامبەر بەپیاوانی بەعس لە بیرە.***
***ئێستاش لارکردنەوەی عارەبانەی تۆم لەبەرچاوە!***
***کە هەر لەخۆیەوە ڕقی لەبەعس بوو!***

هەر بە نەفەسی شیعریی و یادگاری شێتە نازدارەکانی هەولێر، شەیداهۆ لە چەندین دەقە شیعردا بوون و ڕووخساری ئەوانی تێکەڵ بە واقیعیەتی خۆی کردووە، لە یادگە و هەست و وشە و بینینەکانیدا تێکهەڵکێشی خۆی و بەشێک لە پیاوە عاقڵە ڕەمزییەکانی هەولێری لەگەڵ خەم و بیرکردنەوەی خۆی کردووەتە یەک تابلۆی نەمر، وەکو لە هەناسە شیعرێکدا دەڵێت:

***من فریای بەردەکانی (هەیاس) یش نەکەوتم***
***چەند بەدبەختێکی نامۆ بووم لەو هەولێرە***
***فریای بەردەکانی شێتەکانیش نەکەوتم***
***کەچی سەد بەرد و شەقی بەعسم بەرکەوت!***

لە پۆستەرە شیعرێکدا (شەیداهۆ) باس لە بێ دەنگی کەسی بەرانبەر و پڕ لە وشەی ناخی خۆی دەکات، کە وەکو هاودژێک پێناسەیەک بۆ ئەو حاڵەتە دەکات و وای لێ دێت ئەو حاڵەتە دەبێتە دیاردەیەک و پاشان مێژوو ڕاستییەکان پێچەوانە دەکاتەوە، ئەو پێچەوانەیە دەبێتە وێنە شیعرێکی نەمر، نەک

لە شیعر و یادگاری بەڵکوو لە چەندین لایەنی کۆمەڵایەتی ژیان بەدی دەکرێت، بۆیە بەئەسەفێکی زۆرەوە لەپۆستە شیعرێکدا ئەو ڕاستییەی دەربڕیوە و دەڵێت:

***من هەمیشە زۆر دەڵێم***
***تۆش بەردەوام بێ دەنگ بە***
***سبەی مێژوو من بە جوانترین لاڵ و***
***تۆش بە فشەکەرترین کەس دەناسێنێ!***

### تەنز نووسێکی جوان و کارا و ئامانجدار


ئیدریس شەیدا هۆ تەنزنووسێکی بوێر و حەقبێژ بوو، نەترس بوو، لە ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی و چەندین ڕۆژنامەی دی گۆشەی هەبوو، کە لە کونی دەرزیەوە فەوزا فراوان و لابەلاکانی دونیای دەدیت و زۆر بەووردی و بەئەمانەت و ڕاستگۆییەوە ئامانجەکەی دەپێکا، ئەو بەنەرمی دەینووسی، بەڵام بەردێکی ڕەق بوو بۆ پیاوە غەدارەکانی وڵات، مۆمێکی ڕۆشن بوو بۆ میللەت و هەژاران، بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و خەمە خودیەکانی تاکی لە ستونێکی تەنزئامێزدا دەردەبڕی و هەر خوێنەرە و وەکو ئاوێنەیەک خۆی تێدا دەبینیەوە، جا کەسانێک بەڕووسپیەتی، کەسانێکیش بەڕووڕەشی لەو ئاوێنەیەدا خۆیان دەدۆزیەوە!

دەربارەی تەنز و نووسینەکانی، هەر لەدیمانەی پەیامی ئاشتیدا لە شەیداهۆم پرسی: گۆشەی (هارین) گۆشەیەکی تەنز ئامێز و مەبەستداربوو، زۆرت نووسی، کەچی تا ئاخیر نەفەس بەردەوام نەبووی بۆ؟ لەوەڵامدا گوتی: من لەدواگۆشەی (هاڕین)دا گوتم (هیچمان تاکە زەنگیانەیەکمان بۆ ئاییندەی منداڵێک پێ نییە، ئومێدێکمان بۆ سپیکردنەوەی ڕووخساری ڕەشی مێژووی خۆمان لانییە، هەستم کرد دەرەقەتی ئەو هەموو فاول و خڕوقاتانە نایەم بۆ چی بەردەوام بم؟ خۆ هەر خەڵکە لێقەوماوەکە دەمخوێننەوە و ئەوانیش هێندەی دی بەو نووسینانەم پەرێشان دەبن)

### نامەیەکی پڕ لەیادگاری


ئیدریس شەیداهۆ، کوڕی کوران و هەولێر بوو، نیوەی تەمەنی لەهەولێر بەسەربرد، بەداخەوە بەهۆی بارودۆخی سیاسی نیوەکەی دی تەمەنی لە شاری سلێمانی بەسەربرد، وەکو ئاماژەم پێکرد، کە لە هەولێر بوو لەبەر جیاوازی تەمەن پێرانەگەیشتم دۆستایەتی و دیدار و برادەرایەتیمان وا پتەو و قووڵ و بەردەوام بێت، بەڵام هەمیشە لەکاتی سەردان و هەواڵپرسین لەبیری یەکدی دابووین، کاتێک گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەوانیم لەگەڵی سازدا، پرسیارەکانم بۆ ڕەوانەکرد، بەهاوپێچ دەقی شیعرێکم بۆ ڕەوانەکرد کە لە ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان بۆ ئەوم نووسیی بوو، هەروەها نامەیەکی یادگاریشم بۆ ڕەوانەکرد، کە باسم لە دیداری یەک و گەڕانەوەی بۆ کوران و کڕینی جگەرە بەقل لە دوکانەکەی بابم بۆ کرد، کە دوکان و ماڵی شەیداهۆ بەرانبەر دوکانی ئێمە بوو لە بازاری کوران، هەروەها چەند یادەوەریەکی دیکەم باس کردووە.

دوای چەند ڕۆژێک وەڵامی نامەکەی دامەوە، کە تائێستەش وەکو ئەرشیف پاراستومە، لەم یادە و لەم دۆسیە تایبەتییەی گۆڤاری دیواندا بڵاوی دەکەمەوە


دەقی نامەکە بەدەستخەتی شەیداهۆ

**برای بەڕێز و شیرینم کاک ئاری**
سڵاو و ڕێز و حورمەتی دووریم قبوڵ بکە
زۆر سوپاس بۆ شیعرە ناسکەکەت و دەستخۆش بۆ نامە ڕەنگینەکەت، دیارە ژیان پڕە لە قەدەری خۆش و ناخۆش، مرۆڤیش پەیوەستە بە ساتە کریستاڵیەکان و زەمەنە پڕ نەگبەتیەکان، لەدونیاش دا هەروابوە و هەرواش هاتووە، بەهیوام لە دەرفەتێکی نزیکدا دیسان بێمەوە و جگەرەت لابکرم، ڕەنگە جۆری جگەرەکە گۆڕابێ، بەڵام ڕێز و خۆشەویستیەکە هەر نەگۆڕاوە، سڵاوم بۆ هەموو هاوڕێیانی بەوەفا

**ئیدریس شەیداهۆ**
**٢٩-٤-٢٠٠٢**





# کێ، شەیداهۆی لەبیرە؟

زیاد کەریم

یەکێک لەشێوازە نوێیەکانی نووسین، لە دوای ڕاپەڕین. داهێنانی گۆشە بوو (ئیدریس شەیداهۆ)ش یەکێک بوو لەو گۆشەنووسانەی ئەوکاتی دونیای ڕۆژنامەگەری.

ڕۆژنامەنووسێکی دووبارە و سواو نەبوو، ئەو بە شێوازێکی نوێی تەنزئامیز هاتە نێو کاری ڕۆژنامەگەری.

ئیدریس شەیداهۆ تەنزنووسێکی کارا و کارامەبوو، لەڕۆژنامەی ئازادی و چەندین ڕۆژنامەی دی گۆشەی دەنووسی، تاڵی و سوێری ڕۆژگار و ژیانی تایبەتی خۆی لەچوارچێوەی گۆشەیەکی تەنزدا دەخستەڕوو، کێ هەیە لە ئاشنای تەنز بێت و (عەزیز نەسین)ی ناسیبێت و تەنزەکانی ئیدرس شەیداهۆی نەخوێندبێتەوە.

شەیداهۆ هەموو دیاردە چەوت و چەوێل و کرێتەکانی نێو دونیای سیاسی و کۆمەڵایەتی لەڕێگەی گۆشە تەنزەکانییەوە شەن و کەو دەکرد. بەوشە و نووسین گۆشە ناشرینەکانی دەخستەڕوو، ئەو لە نێو دونیای ڕۆژنامەنووسیدا، سەنگەرێکی بۆخۆی دروست کردبوو، کە تیایدا بەرگری لەجوانییەکان دەکرد.

شەیداهۆ بە وێنەی وەرینی گەڵایەکی درەخت، بە وێنەی کەوتنی پەڕەموچی باڵندەیەک، ڕۆیشت و ماڵئاوایی لێکردین، ئێستە ئەوانەی یادی ئیدریس شەیداهۆ دەکەنەوە، لەپەنجەکانی یەک دەست تێپەڕ ناکەن، تەنانەت ئەو ڕۆژنامانەش، کە کاری تێداکردوون وەک تێپەڕە یادێک لای لێ دەکەنەوە، بەقەد جوانی و قورسایی نووسینەکانی یادی ناکەنەوە، کەس یادی ناکات نە شار نە وڵات نە هاوڕێکانی.

ئیدریس بەبێ دەنگی ڕۆیی، بەڵام نەدەبوایە لەدوای ئیدریس هاوڕێکانی بێدەنگ بن، وەلێ چ دەکەی ئێمە لەوڵاتێکدا دەژین، ئێمە لەزەمەنێکدا دەژین، کە دەنگی گڕ و ناخۆش و شەڕانگێزی بێژەرە دەنگ زلەکانی سەرشاشەی تیڤییەکان و شەڕی بەوەکالەتی ناو پەیج و سایتی سێبەری حزبەکان و گەندەڵی و نادادپەروەری، کە هەموو کایەکانی ژیانی ئێمەی داپۆشیوە، لەوڵاتێکدا، کە نان بۆ قەساب و گۆشت بۆ نانەوایە، لەوڵاتێکدا، کە هەموو شتێک لەسەر بنەمای نەجار بنوو بێ خەم و خەیاڵ خودا یەکە و دەرکە هەزار، لەوڵاتێکدا، کە تیایدا جوانی ڕۆژانە بەرد باران دەکرێت و ڕموزنی ناشیرینی لە کوچە و کۆڵانەکان خۆی نیشانی هەموومان دەدات و بوکەشوشەی منداڵە بچوکەکانمان دەدزێت، قەڵەمی جدی نووسەر و ڕۆشنبیرانمان دەرفێنرێ و دەبێتە مەرگەوەڕ و دەچێتە نێوان خۆشەویستی مەم و زینەکانی وڵات، لەوڵاتێکدا، کە شەوانە هەزاران گەورە کچ و کچی تازە پێگەیشتوو، بەناکامی و بەچاوی پڕ لەفرمێسکەوە سەردەنێنەوە، لەوڵاتێکدا کە براکان ئامادەن لەسەر بچووکترین شتدا بەگژ یەکدا بچن، لەئاستی دوژمنەکانیان بە وێنەی کۆیلەیەکی مردوو تۆق دێنەسەرچۆک، ئاساییە یادی ئیدریس شەیداهۆ نەکرێتەوە، ماڵاوا شەیداهۆ، هەرنەبێت من لەبیرت ناکەم وەفاداردەبم بەرانبەرت، ئەوڕۆژانە وەبیر خۆم دێنمەوە کە لەگەڵ سەرکەوت ڕەسووڵ و تەلعەت تاهیر و چەندان هاوڕێی دی لەسەر شۆستەی شەقامەکانی کوران دادەنیشتین و لە ئەدەب و شیعر دەدواین، ئەو شەوانەی شار بۆنی خوێنی لێدەهات، دەستی براکان سوور سور دەچوونەوە، تۆ بەناخێکی سپی شیعری نەفرەتت بۆ براکوژی دەخوێندەوە.

**شەیداهۆ، ئێستەش کە باران دەبارێت، گۆرانی دیسان بارانەم بیردێتەوە، گەڵێ جاریش هەربەیادی تۆ بۆ هاوڕێکانم چڕیوە**

شەیداهۆ، هاوڕێکانت لەئامادەیی ئازادی گەواهی ئەوەت بۆ دەدەن، کە وەکو کورە هەژارێک چۆن ئەو چەند ساڵەی خوێندنت بردووەتە سەر، هەژار لەسەختی ژیان و نەبوونی، وەلێ دەوڵەمەند لەمەعریفە و ئینسان دۆستی، دونیا بینی، تەنانەت مامۆستاکانیشت، بەخۆتەوە سەرسام کردبوو.

شەیداهۆ بەدبەخترین مرۆڤ بوو کە ڕۆژگاری چەپەڵ هاڕیبووی، وەلێ ئەو خۆی بەنووسین و شیعر کۆکردبۆوە. ڕۆژگار غەدرێکی زۆری لەشەیداهۆ کرد، هەرزوو ئەو قەڵەمە جوانەی لێ سەندینەوە.


شەیداهۆ، دوای تۆ، باوکە جەرگ سووتاوەکەشت کۆچی دوایی کرد، ئەو باوکەی بەناچاری چەندین ساڵ لێی دووربووی، حاجی عوسمان بندیان.


شەیداهۆ، ئێستەش کە باران دەبارێت، گۆرانی دیسان بارانەم بیردێتەوە، گەلێ جاریش هەربەیادی تۆ بۆ هاوڕێکانم چڕیوە، ئای شەیداهۆ، دیسان بارانە بەمەستی لە ئەدای تۆ چەند بەتام بوو، بە عەرەقی فەلەوە، ئەوکاتەی دوورە مەفتەن بوو هەرجارێک لەسلێمانی بهاتبایتەوە، ئاگادارت دەکردمەوە و دەتگوت: لەهەولێرم، دەمگوت بابچینە کوران، دەتگوت: ئای کوران، لەو گەڕەکە دەیانجار بەردی هەیاسە شێتم پێکەتیە، بەڵام هێندەی بەردی بێهەڵوێستان ئازاری نەبووە.

بەبیرمە ئەوکاتەی تاریکی شەڕی ناوخۆ، چوارکەناری ژیانی ئێمەی داپۆشیبوو، ڕمۆزنی ناشیرینی ئەو شەڕە دەرگاکانی هەموومانی لەڕێسمە برد و ئاوی لەماڵی هەمووبان وەرکرد، لەوکاتەوە تۆ شان بەشانی گۆشەنووسەکانی ئەو وڵاتە (فەرید ئەسەسەرد و ئیسماعیل بەرزنجی و شێرکۆ عەبدوڵڵا و زیرەک کەمال) لەڕێگەی گۆشەی ڕۆژنامەنووسییەوە بەگژ ناشیرینەکان دادەچویەوە،

گۆشەکانت بەڵگەی زیندوویتی تۆن، کە ناکرێت، ئەگەر لە وڵاتێک وەفا هەبێت، تۆ لەبیر بکرێیت.

ئیدریس شەیداهۆ، شاعیر و ڕۆژنامەنوس و گۆشەنووسی سیاسی و تەنز ئامێز وا بۆ ١١ ساڵ دەچێت بەجێی هێشتووین، بەڵام لەدوای خۆی ژمارەیەک بەرهەمی جوان و شیعری دانسقە و نووسینی تەنزی بۆ بەجێی هێشتووین، کە زیندوویتی شەیداهۆ دەسەلمێنن.







## ئیدریس شەیداهۆ:

# زۆرجار چوویمە دەرەوەی شار، تەنیا بۆ ئەوەی نیو سەعات بگریم

دیمانە: قەهار شێخانی

ئیدریس شەیداهۆ شاعیرێکی هەست ناسک و نووسەرێکی بەسەلیقە و ڕۆژنامەنوسێکی بوێر بوو، کاتێک چاوی بە ژیان هەلێنا، سەردەمی پاکی و سادەیی مرۆڤەکان بوو، بەمنداڵی لە گەڕەکی سەیداوە چاوشارکێی لەگەڵ خەمەکانی ژیان دەکرد، دواتر بەئیرادەی پتەوەوە توانی خۆی لەگەڵ سەختییەکانی ژیانی گەڕەکی کوران بگونجێنێت.




شەیداهۆ بە دەنگی خالقی مەست دەبوو، یەخسیری شیعرەکانی مەحوی و پەشێو بوو، لەگەنجیەتیدا عاشق بوو، عاشقێکی پاک و ڕاستگۆ، ڕاستگۆ لەگەڵ عیشق، ڕاستگۆ لەگەڵ ژیـان، ڕاستگۆ لەگەڵ نووسین، ڕاستگۆ لەگەڵ نیشتمان.

ئیدریس کاتێک دەچـــووەوە ژێـر سێبەری یادەوەرییەکان هەرچەندە دەنگی خۆش نەبوو، بەڵام گۆرانییە غەمگینەکانی ژیانی زۆر جوان دەگوتەوە، کاتێک دەستیشی لەگەڵ کتێب تێکەڵ کرد، بووە دۆستی هەمیشەیی شیعر، کەسێکی خۆش مەشرەب و ئـاوەدان بـوو، کاتێک قسەی بۆ دەکردی حەزت نەدەکرد قسەکانی تەواوبێت، بەقەد دە کتێب قسەی پێ بۆ گوتن بوو، لەسەر هەموو ڕووداوێک قسەیەکی تەنز ئامێزی هەبوو، هیچ کاتێک خەندە لەسەر لێوی لانەدەچوو، بەپێچەوانەی ناخی، کە هەردەم ببووە خەڵوەتگەی خەمی بەژن زراڤ، ئەو خەمی دەخوارد و پێکەنینی دەبەخشییەوە.

ئیدریس کاتێک لەنەخۆشخانەی منداڵبوونیش بـوو، هەر منداڵێک لەدایک بوایە چیرۆکێکی بۆ دەگێرایەوە و پێی دەگوت بەخێربێی بۆ مەملەکەتی دەردەسەرییەکان، هیوادارم ژیان بۆ تۆ باش بێت وەکو من نەبی، کە لەهیچ سەردەمێکدا مشتێک ئاسوودەیی پێ نەبوو بۆم.

شـەیـداهـۆ زۆربــەی ڕۆژ لـەغـابـاتـی کـوران سـڵاوی لـە دار سـنـەوبـەرەکـان دەکـرد، لـەبـاخـچـەی (گـلـکـەنـد)یـش بیرەوەرییەکی جێدەهێشت، کاتێک لە (مەچکۆ)ش دادەنیشت چایەکی تاڵی بەشیرینی یادەوەرییەکان دەخواردەوە، بەدەم هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی قەڵا سەری سوڕدەما، چۆن سەنحاریب لەسەردەمی بێ سەوادیدا توانیوویەتی ئاو لەبەستۆڕەوە بگەیەنێتە قەڵای هەولێر.



ئەو هەموو بەیانییەک سڵاوێکی غەریبانەشی لەمنارەی چۆلی دەکرد و کەزی درێژی مێژووی بۆ دەهۆنییەوە. کاتێک دەچووە بازاریش لە کۆڵانە تەنگەبەرەکانی قەیسەری چاوی لە جومعە دەگێڕا، بۆ ئەوەی بزانێت نانی خواردیە، یان نا، بانگی بەخۆکەی دەکرد، لێی دەپرسی ئەمڕۆ چەند ناپیاوت ڕەوانەی دۆزەخ کردیە، چاوێکیشی لەسەر مەمەد بوو تابزانێت ئەمڕۆ تا ئێوارە چەند بەرد دەگرێتە چەهرەی ژیان، لەشێخەلاش بەدوای شەهابدا دەگەڕا، تا بەیەکەوە پیس و پۆخڵی مرۆڤەکان کۆ بکەنەوە.

قەدەر وایکرد ئەو ئیدریسەی لەگەڵ هەولێر وەکو دووانە وابوون بەناچاری هەولێری جێهێشت و چووە مەملەکەتی بابانییەکان لەوێ هیچ کات دڵی دانەدەوراوە، چونکە بەبێ بۆنی سەیداوە و کوران و تەعجیل و خانەقا و تەیراوە و مەچکۆ هەڵی نەدەکرد.

ئیدریس لەسلێمانی سەبووری بەو ئۆتۆمبیلانەش دەهات کە ژمارەکەیان هەولێر بوو، هەر هەولێریەکی بدیبایە چوار ماچی لێ دەکرد دەیگوت دوو ماچ بۆخۆت و دوو ماچیش بۆ ئەوەی لە هەولێرەوە هاتووی، ئەو بەیادی مەچکۆ لە شەعب دادەنیشت و بەیادی باتەش لەسەهۆڵەکە پیاسەی دەکرد، تا وای لێهات ئەو غەریبیەی ئیدریس حەوت ساڵی خایاند، کاتێک هاتەوەش لە هەولێریش هەر غەریب بوو چونکە کەسی نەدەناسیەوە.

شەیداهۆ تامردیش، هەر دۆستی شیعر و کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار بوو، لەگۆشە نووسیندا کەسێکی کارامە و بەجورئەت بوو، دەستی لەهیچ نەدەپاراست، بەڕەشی دەگوت ڕەش و بەسپیشی دەگوت سپی، موجامەلەی کەسی نەدەکرد، ئەو سەرڕاستییەی ئەو لەنووسیندا، زۆرجار دەبووە کێشە بۆی، بەڵام باکی بەهیچ شتێک نەبوو، جگە لەو شتەی خۆی بڕوای پێ هەبوو، ببوورن هەرچەند باسی ئیدریس بکەم تەواو نابێ، ئیدریس سومبولی هەقبێژی و بوێری و سەر ڕاستی بوو، لەم دیمانەیەدا ئیدریس شەیداهۆ دەدوێنین و بەکوچەی یادەوەرەیەکانیدا شۆر دەبینەوە.

**"ئیسماعیل بەرزنجی شاعیر و نوسەر، کە بە کۆڵانەکەماندا دەهات، جارجارە زللەیەکی لێ دەدام ئەویش بۆ خۆشەویستی بوو"**

**– لە سەرەتاوە بابزانین، ئیدریس شەیداهۆ لەکوێ لەدایک بووە و منداڵی چۆن بەرێکردووە؟**

+ لەساڵی ١٩٦٨ لەگەڕەکی سەیداوە لەکۆڵانی تانکی لەدایک بوومە و دواتر زۆربەی ژیانم لەگەڕەکی کوران بەسەر بردووە، وەکو هەموو منداڵێکی هەژاریش، بێبەش نەبوومە لەو هەموو ئێش و ئازار و خەم و دەردەسەریانەی، کە ڕۆژگار تووشی کردووین، وەکو منداڵێک، وەکو هەموو هەرزەکارێک، ژیانم لەناو قوڕ و قوڕاوی گەڕەکی کوران سەیداوە بەسەر بردووە.

**– تۆ لەگەڕەکی سەیداوە، لەکۆڵانی تانکییەکە لەدایک بووی، کە ئێستەش هەر لە شوێنی خۆی ماوە، کاتێک ئەو تانکیە دەبینی چیت بەبیر دێتەوە؟**

+ من چواردە ساڵە لە شاری هەولێر دوورم، لەهەر سەردانێکمدا بۆ شاری هەولێر، بەپێیان بێت، یان بە ئۆتۆمبیل سەردانێکی ئەو کۆڵانەی هەردەکەم، بیرەوەری منداڵی ڕۆژانی کەلایانێ و ڕۆژانی چاوشارکێ لەگەڵ کچان و کوڕانی ئەوسا، لەزاکیرەمدا هەر دێت و دەچێت، وەکو شتێکی زۆر ناسک و شیرین، سەردەمی یەکسانیخوازیم بەبیر دێتەوە، ئەوساکە ئێمە لەگەڵ کچانی گەڕەکیش مۆری مۆریانێ و ساپ ساپانێشمان دەکرد.

**– دواتر لەگەڕەکی سەیداوە، بارتانکرد بۆ گەڕەکی کوران، گەڕەکی شاعیران و نووسەران و ئەدیبان، کوران چیت بەبیر دێنێتەوە، هەست بەچی دەکەی لەو گەڕەکە؟**

+ هەست دەکەم، کوران پایتەختی هونەرە، بۆ من بەراستی پایتەختێکی ناسکە، یەکەمین قوتابخانە بوو، کە لەوێوە دەرچووم لەوێندەرێوە خۆم ناسی، لەوێندەرێوە یەکەم شیعرم نووسی، لەوێندەرێوە یەکەم نووسینم نووسی، کەچی هەتا ئێستەش نەمتوانی کوران بکەم بەشیعر.

**– لە زۆر لەوکەسانەی لە گەڕەکی کوران لەدایک بوونە و لەوێ گەورە بوونە و پێراگەیشتوون، بیستوومە دەڵێن ئەو گەڕەکە وەکو تایتانیکە، هەرچی خۆشی و ناخۆشی هەیە تێیدایە، بەڵام ناخۆشیەکانیشی هەر خۆشن؟**

+ بزەبت وایە، بەهەقیقەت ژیان لە کوران خۆش



نەبووە، لەبەرئەوەی گەڕەکێکی زۆر شەعبی بوو، هەرچەندە ئێمە خۆشمان شەعبین، لەبەرئەوەی بچووکترین پێداویستییەکانی ژیان لەوێ نەبوون، بەڵام ئەوکاتە وەکو هەرزەکارێک هەستمان بەکۆمەڵێک کەم و کورتی دەکرد، کە لەژیانماندا هەبوو، بەڵام کوران ئەوساتانە جوانە، کە لێی دووری، من شەوەهای شەو لەدووری ئەو کورانە گریاوم، وەک گوتم، کوران لەلای من زۆر گەورەیە پێم نابێتە شیعر مەبەستم ئەوەیە، بەڵام کە لەنێویشی ژیاوم بە ڕاستی ژیانێکی خۆشم تێدا نەدیوە، هەمووی هەر عەزاب و دەردەسەری بووە، ئێستەش هەر هەمان بەزمە ئەمڕۆ نیوەڕۆ سووتام لەبەر ئەوەی کارەبا نەبوو.

**– باست لە گەڕەکی سەیداوە و گەڕەکی کوران کرد، ئەو منداڵانەی کاتی خۆی لەو گەڕەکانە بوون کێ بوون، چی ئەوانەی ئێستە لە ژیاندا ماون، یان نەماون؟**

+ بەداخەوە نازانم منداڵیەتی کەمیانم لەبیرماوە، بەڵام ئەوەندە دەزانم، کە ئیسماعیل بەرزنجی شاعیر و نووسەر، کە بەکۆڵانەکەماندا دەهات جارجارە زللەیەکی لێ دەدام ئەویش بۆ خۆشەویستی بوو.

**– با واز لەمنداڵی بێنین، چونکە منداڵی تەواو نابێت، با باسی گەنجیەتی بکەین تۆ گەنجیەتیت چۆن ڕابوارد، لەگەڵ چوکلێتە نامەدا چۆن بووی؟**



شەیداهۆ، فەتاح زاخۆیی، ؟

*** هەر لەخۆمەوە هەست دەکەم بەشەریەت نوقستانییەکی تێدایە، بۆیە ئەو نوقستانییە لەشێتەکاندا دەبینمەوە**

+ بێگومان پێم وانییە، گەنج هەبێت، عاشق نەبووبێت، هەموو کورد عاشقە هەموو خەڵک عاشقە، جا هەرکەسە و چۆن تەعبیری لەو عیشقە کردیە ئەوە شتێکی دیکەیە، منیش بێ بەری نیمە لەوە، دەیان چوکلێتە نامەم فڕێ داوەتە شوێنان و ئێمەش دڵداریمان کردووە.

**– نامەکان وەڵامیان هەبووە؟**

+ بەخوای ڕەفزیشی تێدابووە، ڕەفزەکە زۆرتر بووە.

**– ئەی چۆن ئاوێتەی دونیای شیعر بووی بێگومان عیشقێک هەبووە لەپشت نووسینی ئەو هەموو شیعرە؟**

+ من بەبیرم دێت لەپۆلی یەک و دووی سەرەتایی بووم، من باپیرم ناوی یەعقووبە، مامۆستایەکیشمان هەبوو ناوی یەعقووب بوو، دەنگم زۆر خۆش نەبوو، بەڵام حەزم لەگۆرانی گوتن بوو، هەموو جارێک لە ڕیز هەڵیدەستاندم، دەیگۆت گۆرانیم بۆ بڵێ، ناوە ناوەش شیعر، دایکیشم چونکە لەبنەماڵەیەک بوون باوک و براکانی شاعیر و عەلامەی گەورە بوون، بۆیە دایکم فێری شیعری کردم و وردە وردە هانی دام شیعر بنووسم و شیعر بخوێنمەوە، ئیدی ناوە ناوە شیعرم نووسی و دەمدڕاند، وام لێهات عیشقی شیعر بووم و کەتمە ناو نووسین و نووسینکاری.

**– گوتت یەکەم شیعرم لە گەڕەکی کوران نووسی، ئەو شیعرە کامە بوو؟**

+ من پێم خۆشە مرۆڤ بەواقیعی قسە بکات، یەکەم شیعرم دزی، بەڵام ئێستە لەبیرم نەمایە

نازانم کامەیە.

**- لەکێت دزی؟**

+ ئیدی لەکابرایەکم دزی.

**- ئەی لەدوای ئەو دزییە، چۆن هەوڵت دا زیاتر پەرە بەخۆت بدەی؟**

+ یەکەم شیعرم، وابزانم لەساڵی ١٩٨٨ بوو، فیراریش بووم، لەگۆڤاری بەیان بەناوی (نوێژی عەشق) بڵاوکردەوە، بەڵام دواتر، بەهەمان شێوە برادەرێکیش ئەو شیعرەی لەمن دزی.

**- ئەویش لەتۆی دزییەوە؟ خۆی هەروایە شتی دزیاری هەر دەدزرێتەوە؟**

+ بەپێکەنینەوە، کەواتە تۆ دزت هێناوەتە نێو بەرنامەکەت

**- بەڵام دزێکی جوان؟**

+ دزیەکی جوان، بەڵام پێم وایە ئەوە واقیعە هەموو مرۆڤێک دەبێت ددانی پێدابنێت، گەورەترین ڕۆماننووسی جیهان، کە چیرۆکی نووسیوە، سەرەتا بە لاسایی کردنەوە دەستی پێکردووە، بەڕای من لاساییکردنەوەش جۆرێکە لەدزی، دزی بەمانا ناشیرینەکەی نا، مەسەلەن ئەگەر من دێڕێک شیعرم لەشاعیرێک دزی بێت، من سەرسامم بەوی ویستیتم جوانییەکی لێ بدزم، نەک دزی بەمانای ماددی، وەکو مەسەلە ماددیەکە، وەکو مەسەلە ئینسانی و ڕۆحیەتییەکە، مەبەستم ئەوەیە.

**- لەدوای بڵاوکردنەوەی شیعرەکانت لەگۆڤار و ڕۆژنامەکان، تاچەند ڕووبەڕووی ڕەخنە بوویتەوە، تاچەند خەڵک قسەیان لەسەر شیعرەکانت کرد، کێ بوون ئەوانەی، کە ڕەخنەیان لێ دەگرتی؟**

+ حەتمەن ئینسان بە ڕەخنە بچووک نابێتەوە گەورەتر دەبێت، ڕەخنەش گیراوە، بەڵێ زۆرجار ڕەخنەیان لەشیعرم گرتووە، ئەسڵەن هەر بەشیعریان دانەناوە، زۆر جاران ڕەخنەیان لەمۆسیقا گرتووە، بۆنموونە من لەکۆڕێکدا شیعرم خوێندووەتەوە، خەڵک ڕەخنەیان لە ئەدا گرتووە، ئەو ڕەخنانە هەموویان دواتر ڕێچکەیەکی باشتریان بۆ من دۆزیوەتەوە، چەند سالێک پێش ئێستە لە سلێمانی لە ڤێستیڤاڵێکدا شیعرێکم خوێندەوە چەند برادەرێک لە ئەداکەی ڕازی نەبوون، وا ڕێککەوت هەفتەی دواتر هەمان شیعرم لەکۆڕێکی دی خوێندەوە، بەڵام بە ئەدایەکی جوانترم خوێندەوە، هەمان ئەو برادەرانە ئەوجارە دەستخۆشییان لێکردم، زۆرجار ڕەخنە هەیە ڕووخێنەر نییە بونیادنەرە.

**- تۆ تا ئەم چرکەساتەش کاریگەری کام شاعیرت لەسەرە زیاتر شیعری کامە شاعیر دەخوێنیتەوە؟**


+ لەدوای مەحوی، خۆم بەدەروێشی عەبدوڵڵا پەشێو دەزانم، بە ڕاستی ئەو شێوازە نووسینەی عەبدوڵڵا پەشێو لەلای من زۆر کاریگەری هەیە، چونکە شیعر ئەوەیە خەڵک تێی بگات، ڕاستە زۆرجار تۆ شیعر بۆخۆت دەنووسی، بەڵام بەرانبەرەکەت خۆی لەناو دەبینێتەوە، بۆ نموونە شیعر نامەیەکی دڵداری نییە هاکەزایی بێ. ڕاستە حاڵەتێکی خودییە، بەڵام تۆ شیعرێک دەنووسی عاشقێکیش هەمان هەستی هەیە، بەڵام تۆ دەتوانی دەربیبڕی ئەو ناتوانێت دەریببڕێت، کەواتە شیعر دەبێت زمانێکی گشتی بێت، هەموو کەس تێی بگات، من شیعرم بۆ چییە، شیعرێک لاستیکی بێت و کەس تێی نەگات، تەنیا دوو کەس تێی بگات، ئەوە تێگەیشتنی منە.

**- تاچەند لەخۆت ڕازی، بەتایبەتی لە نووسینی شیعر؟**

+ بەڕای من گرنگ نییە تاچەند ڕازی بم، گرنگ ئەوەیە شتێک هەیە جارجارە دەبێت بگوترێت و بنووسرێت، شیعر تەنیا نووسینەوەش نییە، شیعر تۆماری مۆسیقایەکە، کە لەزاکیرە دێت و دەچێت، زمانی ڕۆحە، یەکەمجار بەبێ دەنگی لەدایک دەبێت، هەندێکجاریش قرچەقرچی سووتانێکە، هەمووکەس بەرگەی ناگرێت، بۆیە شاعیر ناچارە شانازی بەزۆربەی شیعرەکانی خۆیەوە بکات بەبێ جیاوازی.

**- تاچەند توانیوتە خەمەکانی خۆت لەشیعرەکانتدا بنووسیتەوە، یاخود ئێش و ئازاری خۆت و دەوروبەرت لەشیعرەکانتدا ڕەنگ بداتەوە؟**

+ شیعر خۆی لەخۆیدا تۆماری خەمە، کەواتە نووسینەوەی خەمە، پێم وانییە، تا ئێستە شیعرێک هەبێت بۆ خۆشی و چەپڵەڕێزان نووسرابێت، هەرگیز باوەڕناکەم تەنانەت ئەو شیعرانەی بۆ گۆرانیشم نووسیون، کە بەشێوەی دەهۆڵی



**“ دایکم فێری شیعری کردم و وردە وردە هانی دام شیعر بنووسم و شیعر بخوێنمەوە ”**



> “ گەورەترین ڕۆمانووسی جیهان، کە چیرۆکی نووسیوە، سەرەتا بە لاسایی کردنەوە دەستی پێکردووە، بەڕای من لاسایی کردنەوەش جۆرێکە لەدزی ”

گوتراون، ئەم دەهۆڵ کوتانەش، جۆرێکە لەدەربڕینی خەم و ئازار، جۆرێکە لەگریان، بەڵام بەشێوەی تەپڵ لێدان دەری دەبڕی، ئەوە کێشەی من نییە، ئەوە کێشەی گۆرانیبێژ خۆیەتی.

**– وەکو دەڵێن میللەتی کورد هەمووی شاعیرە، ئەگەر شاعیریش نەبن، حەزیان لە شیعرە و حەز دەکەن شیعر بخوێننەوە، یان دۆستی شیعرن، تۆ ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە ؟**

+ پێم وایە نەک کورد هەموو مرۆڤێک شاعیرە، عاشقەکان، کە شاعیر نەبوون هەموو شاعیری لاڵ بوون، هەندێکیان نەیانتوانی دەری ببڕن چونکە شیعر تەلێکی باریکە لەنێوان ڕۆح و هەستەوە یاری دەکات، بڕوا دەکەی هیتلەر بەو جەبەڕووتیەی خۆیەوە، جوانترین شیعری نووسیوە، دەزانم ئەوە نابەرانبەریکی گەورەیە، ئیمامی خومەینی جوانترین شیعری لەسەر شەراب هەیە، کەواتە هیچ نەماوە زۆربەی مرۆڤەکان شاعیرن، دیکۆمێنتێک هەیە، گوایە کاتی خۆی (سەدام حوسێن)یش شیعری نووسیوە، هەموو مرۆڤێک شاعیرە بەڵام کێ دەتوانێت جوانتر دەریببڕێ و دەتوانێت لەگەڵ فەنتازیەکە یاری بکات، ئەوەیان شتێکی دیکەیە.

**– واهەست دەکرێت، ئیدریس ئەوکاتانەی شیعر دەنووسێت زیاتر قووڵ دەبێتەوە نێو واقیع، کەمتر ئیش لەسەر خەیاڵ دەکات ئەمەیان بۆ؟**

+ من دەزانم شیعر تێکەڵێکە لەنێوان واقیع و خەیاڵ، بەڵام من هەست دەکەم واقیعی بم، من کە کچێکی جوان دەبینم حەز دەکەم پێی بڵێم جوانە، حەزناکەم لەزاکیرەم بڵێم فلان شوێنی جوانە، بەئاشکرا جوانییەکەی دیاری دەکەم، کە دەبینم نیشتمان دەسووتێت، ناتوانم لەپشتی نیشتمانەوە شتێک بڵێم، دەبێت بەئاشکرا بلێم نیشتمان دەسووتێت.

**– بەشێوەکی گشتی چۆن دەڕوانیتە ئەدەبی کوردی، بەڕای تۆ شیعری کوردیی لەچ ئاستێک دایە؟**

+ بەڕای من لەئاستێکی زۆر باش دایە، بۆ نموونە هەندێک شاکارمان هەن، ئەگەر وەریانگێرینە سەر زمانەکانی دونیا تەقریبەن هیچیان لەشاکارەکانی دونیا کەمتر نییە، ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی، نووسینەکانی حەمەموکری، شیعرەکانی عەبدوڵلا پەشێو، شێرکۆ بێکەس، قوبادی جەلی زادە، لەتیف هەڵمەت، من پێم وایە ئەمانە هیچیان لەشاکارە جیهانییەکان کەمتر نین، ئەگەر بێت و لێکۆڵینەوەیەکی ورد و ئەدەبیانەیان بۆ بکرێ.

**– ئەی چۆن دەڕوانیتە ئەدەبی لاوان؟**

+ بەگشتی لاوازە، لاوازیەکەش خەتای لاوەکان نییە بەڕای من قوتابخانەیەکیان نییە، ئامۆژگاریێکیان نییە، مامۆستایەکیان نییە، ڕاوێژکارێکیان نییە، ئاماژەیان پێ بدا و شتێکیان فێربکات.

**– من شەیدام بیستیە بەڵام شەیداهۆ، ئەوەیان بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

+ ئەوە یەکێکە لەو پرسیارانەی کە زۆر پێی ئیعراج دەبم.

**– بۆ؟ من پێم وایە کاتی خۆی پێیان گوتوی هۆ شەیدا، هۆ شەیدا؟**

+ (بەپێکەنینەوە) ئیدی عەلاکولین لەسەری مەڕۆ.

**– ئیدریس لەنێو پانتایی شیعر و ئەدەبدا کۆمەڵێک دۆستی ئەزیزی هەیە، هەندێکیان دەڵێن ئیدریس کوڕێکی باشە؟**

+ (بەپێکەنیەوە) ماڵیان ئاوابێت.

**– تۆ کەسێکی دیاری لەنێو دونیای ئەدەب و شیعر نووسیندا، ئەوەی ئەهلی بوارەکە بێت، دەزانێت ئیدریس شەیداهۆ کێیە، تۆ جگە لە شاعیریی، لەبواری ڕۆژنامەنووسیشدا جێی پەنجەت دیارە و لەگۆڤار و ڕۆژنامەکاندا گۆشەت هەبووە، چۆن توانیوتە لەنێوان شیعر نووسین و نووسینی بابەت بۆ گۆشە، کاتەکانت دابەش بکەی، چونکە بە ڕاستی نووسینی گۆشە قورسە؟**


+ بەهەقیقەت پێت بڵێم شیعر مەسەلەیەکی خودییە، بەڵام مەسەلەی ڕۆژنامەنووسی زیاتر پیشەییە، من کاتی خۆی لەئەنجامی بێ کارییەوە، تووشی کاری ڕۆژنامەنووسی بووم، پێم وایە کەسی شاعیر و ئەدیب، بەوهەستە ناسکەوە بچێتە نێو هەر بوارێک، نێو هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەک، حەز دەکات زۆر ڕاستگۆیانە قسە بکات، لە سەرەتای نەوەتەکان چەند وتارێکم نووسی، هەستم کرد پێیان باش بوو، هەستم دەکرد هەن نازانن بنووسن، بۆیە هەستم کرد لەو بوارە، من دەتوانم بنووسم، کەواتە من هەم وەکو پیشە، هەم وەکو ئەرکێکی سەرشانم

## لەسلێمانی شێتەک هەیە، زۆر لەمن ئاقڵترە، جاری واهەیە بەسەعات لەگەڵی دادەنیشم

ئەوەم خستە ئەستۆی خۆم بۆ ئەوەی زمانی ئەو خەڵکە جارێکی دیکە بگەیەنمە دەسەڵات، بۆ ئەوەی هەر مەینەتییەک و خۆشییەکیش هەبێت بتوانم دەریببڕم، ناشکرێت ئەم هەموو شتە لە ڕێگەی شیعرەوە بێت، بەدڵنیاییەوە پەیامەکە، لەڕێی ڕۆژنامەگەریەوە باشتر دەگات، زیاتر لەدوو هەزار نووسینی ڕۆژنامەگەریم هەیە، پێنج کتێبی چاپکراویشم هەیە، هەموو ئەوانەم تەنیا بۆ ئەوە بوو بۆ کاری ڕۆژانە و پێداویستییەکانی ڕۆژانە، شتێک لەسەر جادە ڕوو دەدات، واقیعێک هەیە ناشرینە پێویستە بنووسرێت و بگووترێت، پێویستە دەسەڵات ببینێت ئیدی کاری ڕۆژنامەگەریشم هەرئەوە بوو.

**– وەکو دەزانین کاری ڕۆژنامەگەری پیشەیەکی پڕ لە کێشە و سەر ئێشە و ناخۆشییە، تۆ وەکو ڕۆژنامەنووسێک، تاچەند تووشی ئەو کێشانە بوویتەوە؟**

+ بەڵێ یەک دووجار تووشی کێشە بوومە، باجیشم داوە و تەنانەت هەندێکجار هەڕەشەشم لەسەر بووە، یەک دووجار داواشم لەسەر تۆمارکراوە، ئەوانەش هەیە. تۆ کارێک بکەی سوود و قازانجیشی دەبێت، بێگومان ئەزیەتیشی دەبێت، بەتایبەت مەسەلەی ڕۆژنامەگەری زۆر هەستیار و کاریگەرە، بۆ نموونە کاتی خۆی من شتێکم لەسەر فرۆکەخانەی سلێمانی نووسی، هیچ مەبەستێکم نەبوو گوتم: باشە لۆ لە هەولێر نیو سەعات جارێک تەیارە دەفڕی، بەڵام لێرە شەش مانگە تەیارە نافڕێت، لە دادگا داوایان لەسەر تۆمار کردم، گوتیان تۆ سووکایەتیت بەفرۆکەخانەی کردیە، لەکاتێکدا ئەوە سووکایەتی نەبوو، نابێت بزانم بۆ لەشارەکەم ڕۆژێک تەیارە دێت و پانزە ڕۆژ نایێت؟




**– کاتی خۆی لەگۆڤاری پشووی کوردستان چاوپێکەوتنێکت لەگەڵ هونەرمەند بەرزان عەبدولوەهاب کردبوو، پێم وایە ڕەخنەی لەو چاوپێکەوتنە هەبوو، ڕەخنەکەی لەچی بوو؟**

+ ڕەخنەکەی ئازاد خانەقینی لە شێوازەکەی بوو، پێی ناشرین بوو، بە ڕاستی من ناتوانم موجامەلەی کەس بکەم، من زۆر بەسەراحەت پێم گوتبوو، ئێوە دووبرا بوون، کەچی لەگەڵ یەک ناکۆک بوون. من ئەو ناکۆکییەم خستبووە سەر گۆڤارەکە و نووسیبووم: براکەت بۆچی ڕقی لێتە؟ ئەو جورئەتی ئەوەی نەکرد باسی هەڵسوکەوتە ناشرینەکانی خۆی بکات، ڕەخنەکەی لەوەبوو، دوایش وەڵامی دایەوە و هەر لە گۆڤاری پشوو، بۆی بڵاوکرایەوە، زۆر ئاسایی بوو.

**– با بێینەوە سەر باسوخواسی شیعر لەنێوان شیعر و فەلسەفەدا تۆ چ بەدی دەکەی، تاچەند فەلسەفەت خستووەتە نێو شیعرەکانی خۆت؟**

+ هەرچەندە من سەرچاوەیەکی زۆریشم لەسەر فەلسەفە خوێندووەتەوە، بەڵام بەڕاستی شارەزاییەکی ئەوتۆم لەبارەی فەلسەفەوە نییە، ئەو جیاوازییەی من تێی بگەم ئەوەیە شیعر گەمەکردنە لەنێو تاڵە دەزووەکانی ڕۆح و ئەو هەستە ناسکانەی، کە بەزمانی ئاسایی ناگوترێن، بەڵام فەلسەفە زمانێکە بۆ هەڵخەڵەتاندن، زمانێکە بۆ ئەوەی بەزۆر پێت بسەلمێنێت شتێک هەیە، لەوە زیاتر سەرم لەفەلسەفەی دەرناچێت.



شەیداهێ، قەهار شێخانی



**– لەنێوان شیعر و کاری ڕۆژنامەوانیدا لە کامەیاندا زۆر ئاسوودەی، کامەیانت زیاتر پێ خۆشە؟**

+ هەر یەکەیان لەزەتی خۆی هەیە، هەر یەکێکیشیان شێواز و کاتی خۆی هەیە، زۆرجاران نووسینێک لە شیعرێک پێویستترە، زۆر جارانیش شیعر جێ بەهەموو نووسینێک لەق دەکات.

**– با بێینە سەر شیعری گۆرانی زۆر هونەرمەندی گۆرانیبێژ شیعری تۆیان کردووەتە گۆرانی، یەکێک لەوانە هونەرمەند ئیبراهیم ئیسماعیل لەساڵی ١٩٩٣ شیعرێکی تۆی کردووەتە گۆرانی بەناوی (عەشقێکی سووتاو) ئەم گۆرانییە دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو چیرۆکی پشت ئەو عەشقە سووتاوە چییە؟**

+ شەوێک لەنەخۆشخانەی منداڵبوون ئێشکگر بووم، کاتێک کاک ئیبراهیم ئیسماعیل هات، خێزانەکەی کاتی منداڵبوونی بوو. دەرفەت بوو باسی ئەوەم بۆ کرد، گوتم: وەرە واز لەو شێوازەی گۆرانی بێنە و تۆزێک وەرە نێو دونیای گۆرانی باش و جوان ئەویش گوتی: من تازە خێزاندارم نابێت، بەڵام دەبێت بەخەیاڵی کۆن، هەر ئەو شەوە ئەو شیعرەم نووسی، ئەویش بەئاوازێک گوتی، وابزانم گۆرانییەکەش خراپ نەبوو.

**– هەر لە نەخۆشخانەی منداڵبوون تۆ زۆرجار گۆرانیت گوتیە، هاوڕێکانت گوتوویانە چیتر گۆرانی مەڵێ دەنگت ناخۆشە؟**

+ بەڵێ، زۆرجار حەزم دەکرد گۆرانی بڵێم.

**– کێ بوون ئەوانەی دەیانگو دەنگت ناخۆشە؟**

+ (بەپێکەنینەوە) ئیدی ئەو برادەرانەی خۆمان بوون. نازانم دەی ناوی خەڵکم پێ مەینە.

**– تۆ پێت وایە هەموو شیعرێک دەکرێت بەگۆرانی، یان دەبێت شیعری گۆرانی بە فۆرم و ستایلی تایبەت بنووسرێت؟**

+ هەندێک دەڵێن دەبێت تایبەت بێت، بەڕای من، تایبەتییەکە دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی مۆسیقاژەن و گۆرانیبێژەکان، تا ئێستە چوار گۆرانیبێژمان نییە بتوانێت شیعرێکی ئازاد بکاتە گۆرانی، تەنیا دەبێت وەزن و قافییەی هەبێت، کاتی خۆی یەک دوو گۆرانیبێژ تەجاوزی ئەویان کرد، بۆ نموونە گۆرانی (پەشیمانی) زیاد ئەسعەد.

**– جگە لە هونەرمەند ئیبراهیم ئیسماعیل چ هونەرمەندێکی دی شیعری تۆیان کردووەتە گۆرانی؟**

+ هونەرمەند زیاد ئەسعەد، قادر ئەسعەد، پێشەوا حوسێن، هاوژین ئەسعەد، شیعری منیان کردووەتە گۆرانی، پێنج گۆرانی لەسەر نەورۆز شیعری منە و سێ گۆرانیش لەسەر سەری ساڵ هەر شیعری منن، کاتی خۆی لەدوڕیانەکەی ئێسکان، بەسروودێکی من، پەردە لەسەر پەیکەرەکەی گادگرۆس لادرا، ئەوکاتە من شیعری سروودەکەم نووسی، کۆمەڵە شیعرێکیشم کەوتە لای برادەرێک چووە هەندەران، بەداخەوە ئەو شیعرانەی دایە کۆمەڵێک هونەرمەند بەبێ ئەوەی ئاماژە بەناوی من بکرێت، یەکێک لەگۆرانییە هەرە خۆشەکانی هێڤی شیعری منە.

**– منیش بەنیاز بووم ئەو پرسیارەت لێ بکەم کاتێک شیعرێکت دەکرێتە گۆرانی تۆش ئاگات لێی نییە هەست بەچی دەکەی؟**

من زۆر حاقد نیم، پێم وانییە زۆر تووڕە بم، بەڵام هەست دەکەم غەدرێکم لێ کراوە ئێستە هێڤی لە ئەورووپا شیعرێکی منی کردووەتە گۆرانی تۆ گۆرانیبێژی شیعری شاعیرێک دەکەیتە گۆرانی، لانیکەم بزانە شیعرەکە هی کێیە. هەندێک جار لەخۆیانەوە دەنووسن ئاواز و هۆنراوەی فۆلکلۆر، فۆلکلۆر باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی خۆی لەبابەتەکە بدزێتەوە.

فۆلکلۆری چی؟ هەندێک جار وشەیەک لە شیعرەکەدا هەیە تازەیە، ئەمە کەی فۆلکلۆرە؟ یەکێک لەوانە زۆر زۆر ڕێزم بۆی هەیە، زیاد ئەسعەد ئەو شیعرەی منی کردووەتە گۆرانی، ئاماژەی بەناوی من نەکردیە.

**– لەکام لەو گۆرانیانە ڕازیت، کە شیعرەکە هی تۆیە و کراوەتە گۆرانی، هەستت کردووە، کە هەقی شیعرەکەی داوە؟**

+ لەهەموو ئەو شیعرانەم، کە کراونەتە گۆرانی، لە گۆرانییەکی قادر ئەسعەد ڕازیم، هەروەها لە گۆرانییەکی هونەرمەند هاوتا ئەسعەد ڕازیم، لەکاتی خۆیدا سەدایەکی زۆری هەبوو.

**– لەمەودوا بەنیازنیت لەپرۆژەیەکی هونەریدا**

> **"فەلسەفە زمانێکە بۆ هەڵخەڵەتاندن، زمانێکە بۆ ئەوەی بەزۆر پێت بسەلمێنێت شتێک هەیە، لەوە زیاتر سەرم لەفەلسەفەی دەرناچێت"**

## لەهەموو ئەو شیعرانەم، کە کراونەتە گۆرانی، لە گۆرانییەکی قادر ئەسعەد ڕازیم

**لەگەڵ هونەرمەندانی دی ئیش لەسەر شیعرەکانت بکرێت و بکرێنە گۆرانی؟**

+ من ستایلی خۆم ناگۆڕم، ئەوانیش حەز دەکەن شیعرەکە زۆر سادەبێت، ئەو سادەییە لە شیعری گۆرانیدا حیکمەتی تێدانیە، ئێستە وەکو مەسەلەی گۆرانییەکەی هەیفا وەهبی لێ دێت، ئەگەر ئەو گۆرانییەی هەیفا وەهبی تەرجەمەی کوردی بکەی یەک منداڵی سەر جادەش ئەوجۆرە وشانە و قسانە ناکات، بەڵام کەچی ئەو هەموو سەمایەی بۆ دەکرێت.

ئێستە گۆرانی ئێمە بەرەو دابڕان و بێ مانایی زۆر گەورە دەڕوات.


یەک: بۆ گۆرانییەک وەکو نمایشکاری جل و بەرگ، ژنێک دەبێت لە تەنیشتی دانیشێت.

دووەمیش: گەڕانەوە بۆ ئاوازی تورکی و عەرەبی، بەداخەوە کاریگەری زۆر خراپی هەیە، ئێمە کاتی خۆی، تا لەدەست ئاوازی فارسی ڕزگارمان بوو زۆری پێچوو، ئێستە ئاوازی تورکیش بوویتە بار بەسەر گۆرانی کوردییەوە، بەتایبەتی لە هەولێر.

**– بەو پێیەی تۆ لەشاری سلێمانی دەژیت، بێگومان سلێمانیش پایتەختی ڕۆشنبیرییە و هونەرمەندی زۆر باش و بە ئەزموونی لێیە، هەوڵت نەداوە پرۆژەی هونەریت لەگەڵیاندا هەبێت؟**

+ پەیوەندیم لەگەڵ زۆربەی هونەرمەندانی شاری سلێمانی هەیە، بەنیازم لەگەڵ هونەرمەندان حەمەڕەئووف کەرکوکی و بەرزان وەهاب و ئیسماعیل سابووری کار بکەم. لەگەڵ ئیسماعیل سابووری بەیەکەوە دانیشتووین و لەسەر شیعرێک ڕێککەوتووین بەنیازە لە ئەوروپاش کلیپی بۆ بکات.

**– ڕێک مانگێک بەر لە ئەمڕۆ لەهۆڵی هۆتێل**



**چوارچرا لەشاری هەولێر لە کۆڕێکدا شیعرێکت خوێندەوە، لەسەر هەولێر بوو، منیش لەوێبووم، ئامادەبووانی کۆڕەکە ئەگەر بەئاشکراش نەگریابن، لەناخەوە گریان تۆ چۆن توانیت ئەو هەموو خەڵکە بگرییێنی سیحری ئەم شیعرە لەچیدابوو؟**

+ سیحری ئەم شیعرە لەوەدابوو، درۆم نەکردووە، چۆن؟ من دوانزە ساڵە لەو شارە دوورم، مەگەر بەمیوانی بێمەوە، کە شاری دایکمە، گۆڕی کەسوکارمی لێیە، جگە لەوەش من تێیدا لەدایک بوومە و بیرەوەری منداڵیمی لێیە، خۆشی و ناخۆشی و تاڵ و شیرینم تێدا چەشتوە، دوای ئەوەش گەورەترین ناخۆشی و کارەسات ئەوەبوو من حەوت ساڵ نەمتوانی بێمەوە، ئەوەش تۆپەڵی مەینەتی دی بوو، دوای ئەوەش، کە هاتمەوە، هەستم بەغەریبی دەکرد، تەنانەت نزیکەی دوو سەعات بە شەقامی باتەدا سووڕامەوە، کەسێکم نەدی بیناسمەوە، ئەوە زۆر ناخۆش بوو، وەکو کۆمەڵێک چەرمەسەری لەزاکیرەمدا کۆبووەوە، ئەوە وایکرد، ئەوە بنووسمەوە و هەموو ئەو بیرەوەرییە ناخۆشانەم لە شیعرێکی درێژدا تۆمارم بکەم، ئەوانەی لە کۆڕەکەش دانیشتبوون، دیارە ئەوانیش بەشێکیان لەو غوربەتەیان دیتبوو، هەندێکیشیان، ئەگەر نەشیاندیبێت، هەستیان بەو ئازار و خەمە کردووە، بۆیە وابزانم زۆربەی زۆریان گریان، تەنانەت خۆشم گریام.

**– ئەوەندەی من هەستم پێ کردبێت، تۆ نەک هەر لەو کۆڕە، لەزۆربەی کۆڕەکانت خەڵک دەگرییێنی، ئەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، تۆ لەشیعردا واقیع دەنووسیتەوە و خەڵکەکەش خۆیان لەناو واقیعی شیعرەکەتدا دەبیننەوە؟**

+ بە تەبیعەت پیاوێکی زۆر کۆمیدیم، باوەر ناکەم ئەگەر پێشبڕکێی نوکتە بکرێت، کەس لێم بباتەوە، بەڵام وەکو واقیع، من واهەست دەکەم ئەو ژیانەی ئێمە زۆربەی کات پێویستی بەگریانە، من مرۆڤێکی هەست ناسکم هەست دەکەم فرمێسکم زیادە، لەماڵەوە لەخۆمەوە حەز دەکەم بگریم، باوەر دەکەی زۆرجار لەسلێمانی چوویمە دەرەوەی شار، تەنیا بۆ ئەوەی نیو سەعات بگریم.

**– تۆ و سەرکەوت ڕەسوڵ، هەردووکتان دەرویش بوون لەلای عەبدولڕحمان بێلاف، کامەتان**

“ **بە تەبیعەت پیاوێکی زۆر کۆمیدیم، باوەر ناکەم ئەگەر پێشبڕکێی نوکتە بکرێت، کەس لێم بباتەوە** ”



**دەرویشە باشەکە و کامەتان دەرویشە خراپەکە بوون؟**

+ فعلەن ئێمە دەروێشی ئەو بووین، بێلاف زۆر ڕێنمایی دەکردین لەسەر مەسەلەی شیعر، بەڵام ئەو حوکمە لەدەست مندا نییە ئەو حوکمە دەبێت بێلاف بیدات.


**– با ئەوەش بپرسم، بزانین لەژیانی ڕۆژانەتدا بەچی زۆر تووڕە دەبیت؟**

+ بە هۆڕنی سەیارە.

**– ئەی لەچی زۆر دەترسی؟**

+ لە هێڵی خێرا (خەت سەریح)

**– دەڵێن جارێک لەسلێمانییەوە هاتوویت بۆ هەولێر، هەشتا هەزار دینارت دایتە شوفێرەکەی، گوتیتت نابی لەهەشتا زیاتر بڕۆی؟**


شەیداهۆ

+ ئەوەیان هیچ، ئەتوو لەوەی گەڕێ، ڕۆژێک لەهەولێرەوە بەحەوت سەعات چوومەوە سلێمانی، بەخۆم سەیارەم لێدەخوڕی هەر لەسەر خۆڕێ دەڕۆیشتم هەتا سلێمانی.

**– دەڵێن تۆ برادەرایەتیت لەگەڵ ئەوکەسانە هەبووە، کە نەخۆشی دەروونییان هەیە، یان پێیان دەڵێن شێت، ئەو دۆستایەتیەی تۆ لەگەڵ ئەواندا چۆنە، بەتایبەت مەمەدە شێت و جومعە و شەهاب و ئەوانی دی؟**

+ (بەپێکەنینەوە) ئێ بەخۆشم شێتم، هەندێکجار هەر لەخۆمەوە هەست دەکەم بەشەریەت نوقستانییەکی تێدایە، بۆیە ئەو نوقستانییە لەشێتەکاندا دەبینمەوە، بە ڕاستی بەبێ موجامەلە ژیانی شێتەکان، ژیانێکی زۆر سەیرە، ژیانێکی زۆر خۆشە، لەسلێمانی شێتەک هەیە، زۆر لەمن ئاقڵترە، جاری واهەیە بەسەعات لەگەڵی دادەنیشم.

**– لەکۆتاییدا جارێکی دی زۆر بەخێربێی خۆشحاڵ بووین، پرۆژەی داهاتووت چییە، چ لەبواری شیعر و چ لەبواری نوسیندا؟**

+ دیوانێکم هەیە قەرارە لە لوبنان بۆم چاپ بکەن، کتێبێکیشم هەیە تایبەت بە بواری ئافرەتان بەناوی (شتێک بۆ ژن) نزیکەی حەفتا و دوو نووسینە، هیوادارم تاخۆم ماوم ئەو دوو کتێبەکەش چاپ بکرێن و خەڵک بیبینن.

**– ئەی سوپاسمان ناکەی ئەوە سەعاتێکە قسە دەکەین؟**

+ (بەپێکەنینەوە) کوڕە گەلەک مەمنوون خوا عەفوت کا.

*** ئەم دیمانەیە لەڕێکەوتی ٢٠٠٨/٨/٢٤ لەبەرنامەی (دەنگێک) لەڕادیۆی دەنگی هەولێر لەلایەن ئامادەکار و پێشکەشکاری بەرنامە قەهار شێخانی لەگەڵ شاعیر و نووسەر ئیدریس شەیداهۆ ئەنجام دراوە.**


*** بەرەبەیانی ڕۆژی ٧ی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠١٢، نوسەری تەنزئامێز و شاعیری گەلی کورد (ئیدریس شەیداهۆ) لە شاری سلێمانی و بە هۆی تووشبوونی بە جەڵتەی دڵ کۆچی دوایی کرد.**

# شەیدا .. هۆ

ئیدریس شەیداهۆی دەم بەخەندە و شاعیر، ڕەفیق و هـاوەڵ و دۆستی زۆربـوون، جا چ لـەوانـەی منداڵی و گەڕەک و خوێندن و خولیا و دنیابینی و بواری خوێندنەوە و نووسین و پیشەکەی، کە پەیمانگەی پزیشکی لە موسڵ تەواوکرد و دواتریش لە نەخۆشخانەی: (لەدایکبوونی منداڵان) لە هەولێر، چەندان ساڵ لە خزمەت بەردەوام بوو، تا دواجار (نەفرەت لە شەڕ!) بارگەوبنەی جوانەمەرگی لە سلێمانی لە عەرزی خست، هەر لەوێش لێمان زویر بوو و ڕۆیشت و نەگەڕایەوە. ئیدی جگە لە پیشەکەی _تا ڕۆیشتە سلێمانی_ لە زۆربەی وێستگەکانی دیکەی تەمەنی بەیەکەوە بووین، لە شەشی سەرەتاییەوە تا سێ ساڵی ناوەندی لە (١٤)ی تەمووز و سێ ساڵی ئامادەییمان لە ئازادی لە یەک پۆل و هۆبە بووین _ هەڵبەتە لەم حەوت ساڵەی خوێندندا سەڵاحی براشی کە ساڵێک لەو گەورەتر بوو هاوپۆڵ و هاوهەنگاومان بوو_ لە گەڕەکی کورانیش ماڵەکانمان لەیەکەوە زۆر نزیک بوو، منداڵی و هەرزەیی و لاوێتیمان وێکڕا ئاودیوبوون، بەڵام بەداخەوە ئەو پەلەی بوو هێشتە وێستگەی گەنجی دەستی لەو بەرنەدابوو ئەو دەستی لە بەهاری جوانی و گەنجی بەردا. ئیستەش کە بیری لێدەکەمەوە، یان دەچمە ئەو شوێن و کۆڵان و ڕێگاوبانانەی یادگارییەکانی ئەوم بیردەخەنەوە، چەند دڵۆپێک فرمێسکی گەرمم پێ دادەبارێنن و لەبەرخۆم دەپرسم: ئەرێ برا پەلەی چیت بوو؟

هەرزەیی و گەنجێتیمان وەدەور و دەرسەکانی قوتابخانە و پیاسە و گەشت و سەیرانمان لە غاباتی کوران بوو، دواتریش لێک خواستنەوەی کتێب و موتالاکردن و دەق و بابەت بۆ یەک خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی نووسینە بەراییەکانمان.

لەو شەوانە، باس و خواسی شیعر و نووسین و ئەدەبیات و تیکردنەوە بۆ سیاسەتیش، کە زۆر جار تا نیوەشەو یان بەیانی چ دووقۆڵی، یان چەند قۆڵی، کۆبوونەوەی هاوتەمەن و هاوبیر و هاوخەم و هاو هاوەکانی دیکەی گەڕەکی کوران بەیەکەوە بووین، تا ئیستەش چەندان لەو بابەت و شیعر و نووسینانە لە کتێبخانەی هەر یەکێکمان دەبینرێنەوە، یان بۆ یەکمان ناردووە، یان بەیەکمان نیشانداوە، یاخود هەر بوار و شتێکی دیکە ماون، تەنانەت ئەو دەمانەی قوتابی ئامادەیی بووین، بۆ بژێوی ژیانمان،



لە سێ مانگی هاویندا بەیەکەوە کرێکاری و کاری کاشی و چیمەنتۆشمان کردووە.

بەدەرفەتی دەزانم لێرە دەست و خەت و نووسینێکی شێوە پێکەنیناوی و خەندەئامێزی بخەمەڕوو، کە ئەوە سیفەتی هەمیشەیی ئەو بوو لە هەموو هەڵسوکەوت و مەجلیس و قەڵەم گرتنە دەستێکیدا، بەولایەدا دەیشکاندەوە و مەبەستی بوو لەو ڕێچکە و ئاراستەیەوە و بەم شێوەیە پەیامەکەی باشتر و کاریگەرتر بگات.


سالی (١٩٨٨) داوام لە شەیداهۆ کرد، کە جەنابت خەتەکەت لە من خۆشترە، لە دەفتەرێکدا ئەو چەند سەد وشە و لاپەڕەیەم بۆ بنووسیتەوە سوپاست دەکەم. ئەویش بەدەم داواکەمەوە هات و دوای تەواوکردنی کارەکەش، لەکۆتاییدا هێندێک شتی بۆ نووسیوم. بەر لە هەر شتێک و بۆ خۆشی (عەین و حائی) ناوەکەمی هەڵگێڕاوەتەوە و نووسیویە: (حبدالرعمان). دوای ئەوە (وشەکان بە پێی ژمارەیان _ کما یلی) بە تێکەڵی عەرەبی و کوردی نووسیوە، لە هەر دوو دەستنووسەکەش بڕوانن، خەندە و خۆشی گەیاندن و گاڵتەوگەپ دەبینن.

شەیداهۆ، بە هێمنی و سەرپێیانە بێ زۆر لەخۆکردن، بەڵام قـووڵ دەینـووسـی، ئـەو تـەنزی دەینـووسـی لە قووڵایی کۆمەڵگەکەی مەلەی دەکرد و سەری بە ژوورە تاریکەکانی ناخی مرۆڤەکان و دەوروبەرەکەیدا دەکرد، بێ ئۆقرە و نائارام لە خەمی تاکی کوردیدا بوو، ئەو حیبر و مەرەکەبی گەرەک نەبوو، وزەی قەڵەم و تەنز و ڕەخنەکانی خەم بوون خەم، بۆیە هەرگیز نەدەوەستا و ستۆپی نەبوو، ئەو وەکو چاپلن (هەرچی کردم بۆ ئەوە بوو خەڵک تێ بگات، بەڵام خەڵک هەر پێکەنی)

**عەبدولڕەحمان مەعرووف**



**عەبدولڕەحمان مەعرووف، شەیداهۆ، شەهید سەربەست**



**تەنز**

چی دەبینی و دەبیست، چی سەر و دڵیان دەگرت، چ بۆنێکی درن و بۆگەنی و ناخۆش بەری کەپوویان دەگرت، ئەو تێهەڵدەچوو، بەشێوەی تەنز و گاڵتەجاڕی و نوکتەوە لە ڕووپەڕی گۆڤار و ڕۆژنامە و لێرە و لەوێ دەینووسی و دەیخستە بەر دیدە و گوێی خوێنەر و گوێگران، یەکێک لەو گۆشانەشی (لێ لێ و لۆلۆ)کەی ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی بوو. لە زۆر کەسیشم بیستووە لەو گۆشەیەوە دەستی بە خوێندنەوەی ڕۆژنامەکە دەکرد، کە لەدوا لاپەڕە و تەنانەت گۆشەیەکی چکۆلەشدا بوو.

**یەکدوو سەرهات لە زاری خۆی:**

_ دەیگێڕایەوە: ئەو دەمەی لە پەیمانگەی موسڵ خوێندکار بووم، لە تۆمار کارێکم هەبوو، فەرمانبەرەکە، کچێک بوو، لێی پرسیم: ناوت چییە؟ منیش بێ دامان و دوودڵی گوتم: (ادريس عثمان يعقوب حفظه الله ورعاه) گوتی: کچەکە چاوەکانی ئەبڵەق بوون، زۆریش پێکەنی (چونکە ئەو نزا و ڕستەیە لە سەردەمی ڕژێمی بەعس لە عێراق تەنیا بۆ سەدام حوسێن بەکاردەهات). دواتر کچەکە گوتی: ئەوە چ دەڵێی؟ ئەمنیش گوتم: ئێ چم گوتییە، دەڵێم: باپیرم (خوا بپارێزی و ئاگاداری بێ) گوتی: کچەکە هەتا کارەکەی بۆ تەواوکردم هەر پێدەکەنی.

_ جارێکیان دوای کۆچە ملیۆنیەکەی (١٩٩١) ئەوکاتەی کە لە نەخۆشخانەی (لەدایکبوون) دەوامم دەکرد، ژنێک هات منداڵێکی نەخۆشی پێ بوو. گوتی منیش لەسەر کورسی دانیشتبووم. لێم پرسی: (ناوی چییە؟)، ژنەکەش گوتی: (هەرێ هات) منیش لەسەر کورسییەکە ڕاست بوومەوە و غارمدا. ژنەکە هاواری کرد: (ها کاکە کێوە؟) منیش گوتم: (ئێ خوشکم نارێی هەرێ هات) گوتی: برام بە خوا لەرێی ئێران و (هەرێ هات)ەکە لەدایکبووە، لۆیێ ئەمەش ناومان لێنا: (هەرێ هات). کاکە وەرە دانیشە.

هەرێ هات: هەڵێ هات، ڕاکە .. هات، ئەوە دروشمێک بوو، لە بەهاری (١٩٩١) دوای گەڕانەوەی ڕژێم و بەعس، خەڵکی کوردستان لە ترسی زوڵم و زۆری و تۆپ و تەیارەی دوژمن، بەکاریان دەهێنا.

_ جارێکیان لە پەیمانگەی لە موسڵێ برادەران نوکتەمان دەگوت، موسڵاوییەکان گوتیان: (کاکە ئێمە نایێنە ناو ئەو شەڕەی. نە کورد و عەرەب و نەموسڵاوی و بەغایی و ... ئێدی منیش گوتم کاکە من هەر قسەیەکی گچکۆکە لەسەر موسڵاوییان دەکەم، نوکتە نییە. گوتیان: فەرموو. منیش گوتم: ئەوڕۆ بە کۆڵانەکی داهاتم دیتم ماڵێک «کلینس»یان هەڵخستبوو وشک بیتەوە. یەکێکیان گوتی: جا خۆ نوکتەکەت بگوتبا باشتر بوو، ئەتوو جوێنی خۆت بە موسڵاوییان دا)


**نازناوی شەیداهۆ:**

زۆربەی کات نازناوی نووسەر و شاعیر و ڕەشەخەڵک و ئاساییش، حیکایەت و چیرۆکێکی لەپشتەوەیە، بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا: (جگەرخوێن، بێکەس، بێخەو، سووتاو، پەشێو، زامدار، پەرۆش، پەرێشان، خەمگین، خەمناک، شەیدا، ...) زۆربەشیان باری خەم و نائومێدی و سووتان و ڕەشبینین. هەڵبەتە نازناوەکەی شەیداهۆش بەمجۆرەیە: وەکو گەنجێک و قەڵەمێکی تازە شیعرێک دەنووسێت و بەشەرمەوە نیشانی ڕەوانشاد مەحموود زامداری دەدات و دەیەوێ ڕای ئەو بزانێت، ناوی خۆشی وەک: (ئێدریس شەیدا) نووسیبوو. ئەویش لەدوای ڕایەکەی و لە کۆتایی نووسیبووی (شەیدا.. هۆ) واتە وەک گەنجێک هۆی شەیداییەکەت چییە؟ ئێدی ئێدریسی جوانەمەرگیش دوای ئەمە وشەکە بەم شێوەیە (شەیداهۆ) دەکاتە نازناو و پاشکۆی ناوەکەی، ئەگینا لە فەرهەنگی کوردی و وشەدانی کوردیدا وشەیەکمان نییە لەم بابەت و مانایە.

ئەوەندەی من ئەو شاعیرە دڵناسک و سۆزدار و خەمخۆرەم دەناسی، دەڵێم: (ئەو کوڕە غوربەت کوشتی!) ڕستەیەکی سادەیە و حەزیش دەکەم بەدواداچوونی زیاتر بۆ ئەم بۆچوونەم بکرێت. شەیداهۆ زۆر پەیوەست بوو بە زێد و نیشتمانەکەی، بەڵێ سلێمانیش نیشتمانە و شارێکی کوردستان بوو، بەڵام ئەو خۆرهەڵاتیانە دەژیا، وەکو حەمزاتۆف گوندەکەی خۆشدەویست، حەزی بە هەولێر و زێدی خۆی بوو.



**سیروان، شەیداهۆ، خەلیل ئیبراهیم، حەبیب خدر، شەهید شاکر، عەبدولڕەحمان مەعرووفشاکر، عەبدولڕەحمان مەعرووف**



# نامەیەک بەر لە ٣٦ ساڵ

بیرەوەرییەکانی گەڕەکی کوران و ئامادەیی ئازادی کوڕان ئەو ساتە لەبیرنەکراوانەن، کە تێیدا کۆمەڵێک هاوڕێ خەمی نیشتمان کۆی کردبووینەوە، لەپاڵ خوێندنی قوتابخانە ڕۆژانە سەرقاڵی خوێندنەوەی کتێب و نووسینی شیعر و کورتە چیرۆک و پەخشان بووین، جوانیی و پاکیی لە ڕووخساری کوڕە هەژارەکانی گەڕەکی کوران بەدیدەکرا و بەدڵی پڕ لەهیواوە بۆ داهاتووی خۆیان و گەل و نیشتمانەکەیان زەحمەتییان دەکێشا. ئیدریس شەیداهۆی شاعیر، ڕۆژنامەوان، تەنزنووس و نووسەر یەکێ لەو کوڕە قسەخۆش و بەهرەمەندانە بوو، کە هیچکات مرۆڤ لێی بێزار نەدەبوو، لە دڵەوە یەکدیمان خۆشدەویست و شیعر و نووسینەکانمان بۆ یەکدی دەخوێندەوە، بۆیەوەی ئەگەر کەم و کورتییەکیشی هەبووایە ڕاستمان دەکردەوە، پیاسەکردنی ئێوارانی شەقامی باتە و تێپەڕین بەلای ئەو ئینزبات و موعتەمیدانەی ئەمنی ئەوکات جەوێکی تایبەتی هەبوو، بڕوابوون بە هەستی نەتەوەییمان زیاتر دەبوو، هاوڕێیەتیم لەگەڵ شەیداهۆی جوانەمەرگدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی خوێندنی ئامادەیی (١٩٨٤_ ١٩٨٦)، کە بە یەکەوە قوتابی بووین لە ئامادەیی ئازادی کوڕان و خەڵکی گەڕەکی کورانیش بووین. لەدوای ڕاپەڕینیش هاوڕێیەتیمان بەردەوام بوو، زۆربەی جار شەوانە لەگەڵ هەریەک لە بەڕێزان عەبدولڕەحمان مەعرووف، عەبدولڕەحمان بێلاف، تەڵعەت تاهیر، سەرکەوت ڕەسووڵ و جەوهەر شێخانی بەیەکەوە دادەنیشتین و باسی ئەدەبیات و شیعر و گوزەرانی ژیانی ئەوکاتمان دەکرد.




سەعدوللا نووری



بەناوی خودای میهرەبان



شەیداهۆ لە ڕێگای نووسینە تەنز ئامێزەکانییەوە ڕەخنەی لە هەلومەرج و کارە دزێو و ناشیرینەکانی ئەو سەردەم دەگرت، مرۆڤێکی بەسەلیقە لە نووسین و بەتوانا لە دەربڕین بوو، بە داخەوە شەڕی ناوخۆ و نالەباری ئەو وەختە ئەو کۆمەڵە قەڵەمە جوانووسانەی لەیەکدی دوورخستەوە و ماوەیەکی زۆر لەیەکدی بێ خەبەربووین. شەیداهۆ ساڵێک بەر لە من پۆلی شەشی تەواو کرد و لە پەیمانگەی پزیشکی موسڵ وەرگیرا، من ئەو ساڵە لە پۆلی شەش مامەوە و ساڵی دواتر لەکۆلیژی ئادابی زانکۆی موستەنسریە لەبەغدا وەرگیرام. لەم چەند ڕۆژەی ڕابــــــــردوودا مامۆستا عەبدولڕەحمان مەعرووف وێنەی نامەیەکی لە ماسنجەر بۆ ناردم کە کاتی خۆی بۆ شەیداهۆی هاوڕێم نووسیبوو، دیارە نامەکەش لەلایەن کاک سەڵاح عوسمانی برای شەیداهۆوە بۆ مامۆستا عەبدولڕەحمان مەعرووف ناردرابوو، کاتێ کە نامەکەم چاو لێکرد و خوێندمەوە منی بردەوە بۆ زیاتر لە (٣٦) ساڵ بەر لەئێستا، کە بۆ کاکە ئیدریس شەیداهۆی هەمیشە لەیادم نووسی بوو، ناوەڕۆکی نامەکە و پاراستنی لەلایەن شەیداهۆی جوانەمەرگەوە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە چەندە هاوڕێ و ئازیزی یەکدی بووین، چەندە ڕێز و خۆشەویستیمان بۆ یەکدی هەبووە، ڕۆحت شاد و خودا لێت خۆشبێت.



کاکە ئیدریس ئەوا ئەم هۆنراوە پێشکەش دەکەم هیوادارم بەدڵت بێت

هەروەها ئەم هۆنراوەیە پێشکەشە بەهەموو ئەوانەی کە خاوەن هەست و هەستی پیرۆزن !

ئەم دەزانی (١) !

تاکو ئێستا ئەم دەزانی
زامی دووری خاک و وڵات
هێندە قووڵ و بێ پەسۆیە !
ئەم دەزانی ...
شوێنی بوون و لێ خولقاویم
جێهێشتنی هێندە گرانە و،
غەمێکە والە دڵ کۆیە !
ئەم دەزانی و ئەم دەزانی !
ئەم دەزانی ...
دوورکەوتنەوەم
عیشقی شارو،
بست بە بستی شەقامەکان
سۆزی بێرە و،
بارە باری،
کار و بەرخی دەشتی سوتاوم
هێندە _ هێندە زیتر دەکا
ئەم دەزانی ...
بیرەوەری و یادگاریم
لەگەڵ یارو،
هاوڕێ کیانیم
وەکو وەڵی بۆ شەم ... یا خود
وەکو دایکێ بۆ کۆرپەکەی
منی شەیدا شێتتر دەکا !
ئەم دەزانی و ئەم دەزانی

S.BANDA

لە کۆتایی ئەم چەند دێڕە نووسینەدا دەڵێم :

دە دەرکەوە

***لەونبوونی تۆدا شیعرم***
***وشەکانی فێری جەنە و***
***دێڕەکانی گرینۆکن!***
***وەبیرت دێ؟***
***سەردەمانێک***
***هێندە ڕووتبووین لەغوربەتا***
***شەقام ماچی سێبووری خۆی***
***ئەدا بەکەلاوەی بێنازیمان***
***ئەوەندە پاساری دڵمان***
***خۆی دابووە بەر سواندۆکەی خەم و***
***جوانیمانی لەخەم هەڵکێشا***
***تا ئاشنای سفرەی خوانی***
***یەکەیەکەی شێتەکانی ئەم شارە بووین!***

**تێبینی:**

**ئەم کۆپلە شیعرە بەشێکە لەشیعرێکم بەناوی (دەڤـەری تـرس) کە لەچلەی ماتەمینی کاکە شەیداهۆ خوێندوومەتەوە .**

# بۆ شەیداهۆ

برا جوانەکەم، هەندێک جار نقومی نێو خەیاڵ دەبم و دەزووڵەی ئەندێشەم بەرەو لای هەواری تۆ پەلکێشم دەکـات، بۆ ئـەوەی گوێم لـە وتە شیرینەکانت بێت، بـەڵام هـەر چـەندی دەکـەم پەپوولەی خەیاڵم باڵ ناگرێت، چونکە دەزانێت بـەتۆ گـەیشتن لـەم ژیانـە پـڕ لـە وەیشـوومـە مەحاڵە. زۆرجار بیر لە تۆ دەکەمەوە، تۆ وەکو تەمی سەر چیاو کێوە بەرزەکان دێیە بەرچاوم، هەندێک جاریش وەکو زەنوێری بناران و زناری ناو هەڵەمووتەکان، بەتۆ گەیشتن زۆر ئەستەمە، تەنیا مەگەر قەدەری خوا ڕێگای تۆم پێ پیشان بدات، هەندێک جار دەڵێم تۆ بوویتە سەرابی سەر ڕێگە دوورەکان، نا نا، سەراب نیت، تۆ هەنگوینی بەڵام کام هەنگوین، هەنگوینی نێو قەدی ڕەوەزە شاخێکی گەلەک سەخت و دژوار، هەرچەند هەوڵ دەدەم تێدەکۆشم هەر ناتگەمێ.

برا شیرینەکەم، هاوڕێیانت واکۆڕی شیعر و نوکتە تەنز ئامێزەکانت دەکەن بە ملوانکەیەک و گڵکۆی لاوێتیی پێ جوانتر دەکەن، لە قەدی دار زەیتوون و قەلەمتۆزەکانی دەئاڵێنن.

تۆش ئاخۆ لە بناری چ کێوێکی بەرزەخدا شیعر بۆ هەستی تاساوی گەلەکەت دەهۆنیتەوە. تۆ بەو تەمەنە کورتە پەپوولەییەت کۆمارێکت لە وشەی جوان ئاخنیە دەروونی یەکە بە یەکەمان.

لە خـەڵوەتی شـەوانـەی درێـژی زسـتـان وەکو شوانێکی شەوبەکێو لە دەوری هزر و خـەیاڵی جوانت خولت دەخـوارد، بێ داکـەسـان هـەرچی لە هەگبەی پینەداری خەیاڵت داهەبوو دەتخستە سەر کاغەز و ڕوومەتی سپیی کاغەزت پێ جوان دەکرد، بۆ ئەوەی هەواڵی قەلا و شێتەکانی شار بە گوێچکەی خۆشەویستانت ئاشنا بکەیت.

ئیدریس شەیداهۆ بە تەنز و نوکتە خۆشەکانی نـاوی دەرکـردبـوو، منیش وەکـو بـرای ئـەو کە ساڵێک لەو گەورەتر بووم، هەموو قۆناغەکانی خوێندنمان پێکەوە بـەڕێ کـرد. بۆیە یادگاری زۆرمان پێکەوە هەبوو، بۆ نموونە کە لە موسڵ دەمانخوێند من لە زانکۆ و ئەویش لە پەیمانگە، ئێواران پیاسەی بەر دەرگای زانکۆی موسڵ زۆر خۆش بوو ئەوانیش بە هەنگاوی شلیان لەگەڵ چەند برادەرێکی شۆڕیان دەکردەوە لای زانکۆ، ئیدریس زۆر شـەرمی لـە مـن دەکـرد، خۆشی سروشتی شەرمنی تێدا هەبوو. من دەمزانی کە جگارە دەکێشێت، بەڵام ئەو خۆی وای دەزانی من پێی نازانم، بە هاوڕێیانی گوتبوو ئەگەر ئێوە بەر لە من (سەلاح)ی برامتان بینی پێم بڵێن، با ئەو نەمبینێ کە جگارە دەکێشم.

ئەو ڕۆژە لەبەردەم دوکانێکی پەڕاوگە وەستا بووم، لە دوورەوە بینیم دووکەڵی جگارە لەسەر سەری ئیدریس پەرش و بڵاو دەبۆوە، خۆم لێی نەبان کرد، کاتێک گەیشتنە لام، لێم پرسی ئەم دووکەڵە چ بوو لەسەر سـەرت، بەینێک وەستا و بیری کردوە و گوتی: ئەم دووکەڵە ئێمەشی وەرس کردبوو، ئەم پیاوە سمێڵ زلە دەبینی لەبەر دەممان تێپەڕی؟

منیش گوتم ئەم کەڵەگەتە؟

گوتی ئا ئا ئەوە.


گوتم: ئێی؟

گوتی هەمووی هی ئەو بوو.

هاوڕێیەکانی لە قاقای پێکەنینیان داو منیش بە زەردەخەنەیەک بابەتەکەم تێپەڕاند.

– جارێک مامێکم بە سـەردان هاتبووە ماڵمان، ئیدریس زانیبووی کە هـاتـووە، بـەڵام درەنـگ هات بەخێرهاتنی بکات، مامیشم گوتی: ئەوە لۆ وا درەنگ هاتی لۆ بەخێرهاتنم؟ ئیدریس گوتی: لۆبیا. یەک پێ مامم بۆی هەڵساو ڕاوی نا هەتا بەر دەرگا بەدوای کەوت و نەیگرت. لە پاشان هاتەوە تۆقەی لەگەڵ مامم کرد و دەستی ماچ کرد. مامیشم گوتی: ئەتۆ قەت ئەو سوخەتانەت لێ نابڕێت.

– جارێک مامۆستا (جەمیل) خودا لێی خۆش بێت بۆ پۆل دەهـات، شیعری شاعیرێکی عەرەبی بە ئەرک پێ دابووین، شیعرەکە هی (جمیل بثینە)ی شاعیری عەرەب بوو. ئیدریس لە پێش مامۆستا جەمیل هاتە ژوورەوە گوتی (جمیل بثینە) هات ئاگاداربن، مامۆستا جەمیل-یش گوێی لێبوو لا گوێیەکی ئیدریسی گرت و گوتی: کێ هات؟ ئیدریس-یش کردیە پێکەنین گوتی: مامۆستا بۆیە وام گوت هەتا قوتابیان بەبیریان بێتەوە شیعری (جمیل بثینە) ئەرکە لەسەرمان. ئیدی بووە پێکەنین.





**سەلاح عوسمان**



# ئەودەمەی قەڵا پێکەنی

ئیدریس شەیداهۆ

مەمەند ەشێت
مەمبەرەوە سەر ڕێگاکانی موحیبەت
با جارێکی تر وەک مەولەوی شێت و
وەک تایەر تۆفیق پڕ نەبم لە تەنیایی
جارێکی تر مەمخەرەوە ناو حەیرانەکانی ڕەسووڵ و
کۆلانە بێدەنگەکانی تەیراوە
حەزرەتی مەمەند لە کوێی تابێم
من بەبۆنی تۆم گرتووە
لە کوێی تابێم
من لە حەژمەتی تۆ مانم لە هەولێر گرتوە
لە کوێی تۆ
من بە هەناسەی تۆ سەرمەستم
من بە هەوای نەسیمی ئازادییەکەی تۆ مەستم
ئەو ڕۆژەی بەردێکت تێگرتم
من سورەتی فاتیحایەکم بۆ هەڵدای
ئەو شەوەی لە دایکەت تۆراندم
من بەبۆنی تۆ حەیران بووم!
بۆ وام لێدەکەی مەمەند
بۆ وام لێدەکەی جومعە
تۆ لەلای من، هەموو پێنجشەمانیش هەر جومعە بووی
تۆ گەورەترین خەتیبی هەینی بووی
تۆ جوانترین پارێزگاری هەولێر بووی

* * *

مەمەندەکەم
من چی لەکۆلانی باتەو دوکانە تازەکان بکەم،
کە دەمەو عەسرێک چایەکی سەرشێتانە لەگەڵ تۆدا
نەخۆمەوە
چی لەو عەسرە پڕ شەرمە بکەم
لەگەڵ بانگدا
تۆ بە دەستنوێژ و لەهەمووومان پاکیزەتر
و نوێژاوی تر
بەلیکی شۆڕەوە پێش نوێژیی نەکەی؟
چی لەو بەربانگە بگەم
کەبەدەستە چڵکنە ڕەشەکەی تۆ
بە لەتێک پاقلاوەی شیلاوی تێکەڵ بەلیکت
ڕۆژوو نەشکێنم!
چۆن بچمە حزووری میحرابی پیرۆز
گەر کلاوەکەی تۆم لەسەر نەبا مەمەند
چی لە گەراجی پڕ باق و بریقی نێو بازاڕەکانی
عەولەمەی هەولێر بکەم
کە جێ پێی تایەی عەرەبانەکەی تۆی تیا نەبێ!
جومعە ئەم بەردە لابەرە
من حیوارێکی تورەم لەگەڵ هەناسەکانی تۆدا هەیە
تۆ هێمن بەوە و ئەو جوانییەی خۆتم بەرێ
تا منیش کوردستانێکی کەلاوە و دەرزەنێک عاشق و
تۆپەڵێک خوێندکاری سەرلێشێواوت بدەمێ
ئەم بەردە لابەرە
من فریای بەردەکانی (هەیاس)یش نەکەوتم
چەند بەدبەختێکی نامۆبووم لەو هەولێرە
فریای بەردێکی شێتەکانیش نەکەوتم
کەچی سەد بەرد و شەقی بەعسم بەرکەوت
مەمەند گیان
هەیاس گەنجینەیەک بوو
بۆ شەهوەتی چەند ئافرەتێکی ئەو ماڵە دەوڵەمەندانەی

که ژنیان تەنیا لەناندینی پشت سفرەکانی خوانەوە دەدی!
هەیاس تاقە چەکێک بوو
کە بە ژنی دەگوت
دەبا لەپشت پەردەکانەوە بێنە دەر و
سەر ڕاستانە تام لەشەهوەت و جوانیەکانی ژیانێک بکەن
کە یەک جار بۆ سێبەری پیاو دەژین.
هەیاس، مارکسێکی هەولێری بوو
تەنیا چەند ژنێک دەیانخوێندەوە
بەڵام حەیف بێ وەفابوون
مێژووی ئەو پیاوەیان نەنووسیوە.
جومعە:
مەفتەنی تۆ هەولێر نەبوو
بۆیە بەجارێ سەرگەردان بووی
تۆ بەر لە مەرگی مادەی ١٤٠ی ڕەحمەتیش
لەئەحسای کەرکوکدا
مرۆڤێکی ئاسایی بووی
بچۆ لە (هەیاس) بپرسە
لەکۆلانە بێنازەکانی بەغدا
کە بەعس لەشەوێکدا فڕاندییان و کەس نەیدییەوە
لەوێ یەخەی شوانکارەیەکی گرت و پێی دەڵێت:
بەڵێن بێ
بەرد لەیەک کەس ناگرم
سواری هیچ کچە بەگزادەیەکی تر نابم
بەس بمگەیەننەوە هەولێر
چونکە هەولێر مەفتەنە مەفتەن
جومعە گیان
بیرمە پایزی ساڵی نەوەت و شەش بوو
لەو هەولێرە ونبووی
لەموسڵ (جگەرەیەکی سۆمەرت) هەڵدەکێشاو پێت گوتم:
لەداخی براکوژی کوردستانم جێ هێشت
زەحمەتە بتوانم میوانت بم
زەحمەتە بتوانم حەیرانت بم!
من چی لەئێسک و پروسکی قەڵایەک بکەم
کە تۆی لێ تۆرابێ و
بەسەد شاعیری درۆزنی وەک منیش ئاشت نەبیەوە
بیرتە ڕۆژێکیان لەشەقامی باتەوە بەردێکت تێگرتم
منیش تا خوا کردی ماچێکم بۆ هەڵدای!

جومعە، من شێت و تۆش جوانترین مرۆڤ
بیرمە بەیانییەک حەزم لە کێشکەی کولاوبوو
ڕوبعێکی دراوم پێ بوو
کە تۆم بینی
لەترسان یەک نانی وشکم کڕی
بەڵام تامی ئەو نانە
تامی ئەو بەیانییە ترسناکە
تامی دیدەنی تۆ
بەسەد داوەتی بەرپرسانیش ناگۆڕمەوە!

* * *

ئەرێ بەراست جومعە تۆ جاش بووی
یان گەورەتر
چونکە بەعس نەیدەتوانی پیاوی عاقڵ کۆنترۆڵ بکا
بەڵام نەیزانی تۆ عاقڵترین مرۆڤ بوویت و
ئەی ئەوە نەبوو ئینزیباتەکانیش نەیاندەگرتی!
کێ زوڵمی لێکردی؟
خەڵکی هەولێر، یان خۆت
پێت وابوو لەم هەولێرە لەتۆ ناشیرینترین نییە!؟
ئەدی ئەوە نییە
ساڵەهای ساڵە
ئەم هەولێرە بەتەزکیەی ناچاری قەڵاتەوە
بەتووڕەیی منارەوە
ئیستیرادی ناشیرینترین مرۆڤ دەکات
ئەی نابینی
من و تۆ و مەمەندیان کرد بەغەریب و
لەقوتبی بەستەڵەکەوە، تا کەنارە گەرمەکان
هەر مرۆڤە و لەو هەولێرە لێی دادەکوتا

* * *

ئەم بەیانییە قەڵا پێکەنی
منارە فتوای دەدا
خەڵکی شار دڵخۆش بوون
چونکە، شاعیرێکی شێت و شێتێکی عاقڵ
باسی بەعسیان دەکرد!

* * *

جومعە گیان
برینت بەناوی (مەمەندە شێت) دەکولێنمەوە
ئێوە ئەوساش هەر لەگەڵ یەک نارێک بوون

تۆ دەتگوت، ئەم شەقامە پانە
ئەو پێی وابوو، شوێنی عەرەبانەکەی نابێتەوە
ئەو دەیگوت: ئەمشەو فیلمی (شوعلە)یە
تۆ دەتگوت: سینەمای (حەمرا) کارەبای نابێ
تۆ دەتگوت: بدوێن
ئەو دەیگوت: بێدەنگ بن، مانگ گیراوە
عاقیبەت:
لەهەڵبژاردنێکدا
ئێوە فیفتی فیتی
بوون بە دوو شێتی گەورەی شار
شارتان دابەش کردوو
لەشەقامی باتەوە، تا کۆتایی هی تۆ بوو
لەوسەرەوە مەمەند حاکم بوو
ئاخر هەقمە ڕەخنەیەکی سیاسیانەتان لێ بگرم
کە چۆن، ساڵەهای ساڵە
ئێمەشتان بەو پەتای فیفتی فیفتییە کوشت
ئەی دوو سەرکردە مەزنە شێتەکەی باغی هەولێر!

* * *

من دەمەو عەسر و ئێوەش پێش مەغریب
من نیوەشەو و ئێوە سوبحودەم
کەی دیدارێک بکەین
دەزانم ئێستاش بڕواتان بەو ئاشتییە نییە
چونکە دارایی هەر دوو داراییە!
مەمەند گیان
ئەم نیشتمانە بێ شێت قەت هەڵناکەوێت
کێ دەڵێ بەر لە هاتنی قیامەت
ڕۆحی عیسا نایەتە ناو جەستەت و
حوکمی ئاخیرەت ناکەی؟
دەڵێی ڕۆحی محەمەدی مەهدیی
لەنێو لەشی
شێتێکی شارێکی موسڵمان و کوردنشینی
بەدبەختی وەک هەولێر دەرناکەوێ؟
دە وەرنەوە، ئاشتبنەوە،
دەمێکە بەزەنگیانەی ئاشتی سیاسەت سواڵ دەکەین و
ناکوژرێین
دەمێکە بەئەنفلەوەنزای باڵندەی سیاسەت و
پەتای ناتەبایی کۆلێرا
لەسەر قەنەفەکانی نەخۆشخانە کەوتووین
ئێوە دکتۆر و میلەتێکی نەخۆش
ئێوە دەرمان و قورگێکی پڕ چاوەڕێ
ئێوە شادەماری کوردایەتی و
ئێمەی کۆنە جاش و بەرپرسی ئەمڕۆ
دە وەرنەوە توخوا
با چیدی حوکمی دادگای کۆنە بەعس و
کۆنە هین و کۆنە موشیرەکانی وڵات
گیانمان نەکەن بە بازاڕی عوکازی بێ خێروبێر
تا چیتر لاشەمان نەکەن بە تێرمیناڵی عەولەمە و
خوێنمان نەکەن
بەنەوتی ژێر بۆریە نهێنییەکانی کۆڵانە تەسکەکانی ناتۆ و
ڕۆحمان نەکەن
بەبەر شەیتانەکانی ئاخیری زەمان!
جومعە
تۆ هەر جومعە بە و
منیش هەر پێش مەغریبی پێنجشەممەت دەبم!
بشمکوژی هەر چاوەرێم!
چونکە من هەولێرم لێ ون بووە
هەولێریش بێ ئێوە قەت نابێت

* * *

مەمەندەکەم:
ئێستاش چاوسوورکردنەکانی تۆم
بەرامبەر پیاوانی بەعس لە بیرە
ئێستاش لاکردنەوەی عەرەبانەکەی تۆم لەبەرچاوە
کە هەر لەخۆیەوە ڕقی لەبەعس بوو
ئێستاش ئاخەکانی نێو هەناسە قووڵەکانی مەمەندم
لەمەڕ ناشیرینی ڕۆژگار لەبەرچاوە
ئێستەش قێز و ڕقی ئەستوریم
لە ڕۆژانی چۆلی جەژنەکان لەبەرچاوە
مەمەند گیان
لەبەر خاتری هەیاس
لەبەردەم سینەماکاندا بووی
نەدەچوویتە ژووری
چونکە خۆتان
(جۆن تراڤۆلتا)ی فیلمێکی گەورەبوون
مناڵیم پڕ ترس و برسێتی

هەرزەیم بارگاوی بە شەرم
نەمدەزانی چەکی شیعر چۆن پەیداکەم
قەهری مێژووی خوێناوی خەم و
خامۆشبوونی ئاتەش بهۆنمەوە
نەمدەزانی قەڵەم چۆن بگرم و
بەلیکی مەمەندە شێت
مەلیکی کوفر و گوناە بشۆمەوە!
ئێستاش نازانم
بۆ بەو بەردەی تۆم گرتووە جومعە
چونکە ئەم بەردە
وەهمی لەژیان فراند و
زیندەگی دا بە (گاشە)
چونکە ئەم بەردە
پارچەیەکە لە (حجر الاسود)و
هەموان دواتر نزای لەسەر دادەنێین
سوجدە بۆ مەقامی دەبەین و
داوای پاکبوونەوەی لێ دەکەین
ئەو بەردە بنێ بەپشتی ملما
تا لە نووری ئیلاهی خەوەکانی تۆ بەئاگابم
ئەو بەردە بنێ بەسینەما
تا بەعەشقی ڕاستەقینەی
ئەودیو ژیانی ڕۆحەوە ئاشنا بم
با چیتر عەشقی سەراب
جەستەم نەکات بەقەرەبرووت
لاشەم نەکات بەگۆزەی شەراب و
لێوم نەکات بەخەرمانی درۆ
تۆش مەمەند گیان
ئەم لیکە بنێ بەپشتی ملما
چونکە هەرچی مەرهەمی تورکی و ئیرانی و
ئیکسپایەری دونیا هەیە
بەقەد ئەو لیکەی تۆ گەرمیم پێ نابەخشن
ئێ بۆ لێم تێناگەی مەمەند!

* * *

هەیاس
بەرلەوەی بچیتە ناو ماڵێکی پڕ زێڕ و گەوهەر و یاقووتەوە
بەر لەوەی بچیتە ناو شەهوەتەکانی ژنیکی بەگزادەوە
یەک جنێو، یەک جنێوی پڕ میهرم پێ بدە
یەک جنێو و بەس!

* * *

نامەوێ لەو فەزای مەخلوقە هیچ بدوێم
کە بە گومان ئاوس بووە
دوانەی خەم و قەهر چاوەڕێیە
نامەوێ لەو مەحشەری بێ مەعناییەدا بدوێم
کە باخچە و گوڵیان کرد بەگژ یەکدا
نامەوێ لەو هەرای مۆدێرنە تێبگەم
کە مزگەوت و قورئان
حەدیس و بەرماڵیان لێک ترازاند
چی نەماوە چاوەڕوانی عیسا بکەم
لەسەر ئەو باڵەخانە سپیەدا
چی نەماوە بۆ هاتنی غەیبێ
ئێشک بگرم لەم قات و قڕی بازاڕەدا
هەیاس
هێندەی دەبینم، وادەزانم هەر دێیتەوە
کا دەڵێ ڕۆحی عیسا نایەتە لەشت و
ئەمجارەش پەیامی ئاشتی لەجێی بەرد
بەپشتی ملی ئەم میللەتە دانادەی
دەزووکە دەی!
وازەین نەکەی ژیانت دۆڕاند بەشێتی
وازەین نەکەی هەموو جوانیەکانی کەونت
بوون بە بەرد و لیکی مەمەند
وازەین نەکەی مەحروم لەعەشق و
بێبەش لەسەفا و ناموراد لە گەشت
تۆ موستەنسریەی عیشق و کانگای سەفا و
هەوای گەشت بووی
بەڵام تەنیا چەند شاعیرێک و
چەند ڕۆژنامەنووسێک و دوکاندارێک و ڕێبوارێک و
جێگری شارەوانی هەولێر پێیانزانی
پێیانزانی و
سکالای تۆیان بردە بەردەم باری تەعالا
بۆیە وازەین دەکەم
ڕۆحی عیسا بێتە ناو جەستەت، هەیاسی گوڵ
حەیف هەیاسەکەم
ئەوکاتەی ئەسکەندەر لەگەڵ دارا
لە دەشتی قەراج یەکانگیر بوو

تۆ هێشتا پسوولەی یەکەم زیندەگیت
لە ڕەحمی دایکت پێ نەدرابوو
خۆزگە ئەوسا لەوێ دەبووی
چونکە ئەسکەندەر پەیامێکی گەیاند
ئەم شارەی لەسووتان پاراست
گوتبووی
لێرە پێغەمبەرێک لەدایک دەبێت
دوعا بۆمن و مەرگی دارا ڕادەدێرێ
حورمەتی شاری نەشکاند و
هۆلاکۆش هەر لەباتاسەوە
ڕێزی لەبەرد گرت و
زانی بەردی ئەم ولاتە هێندە پیرۆزە
سبەی شێتێکی پێغەمبەر هەڵیدەگرێ و
هەر لەخۆیەوە دەیهاوێت
دەیهاوێ و دەیهاوێ تا سەری کەچەڵی
دوو بەعسی عەرەب و
چواردە بەعسی کورد بهاڕێت!
* * *
جومعە
ئەو ڕۆژەی چەند شەللاتیەک سەرخۆشیان کردی
گوتت بەعس دەڕوات
بەڵام فیکری وەحدەی عەرەبی
بن قەراتێ داگیر دەکات
بیرمە گوتت
نەوتی کەرکوک تا نەفخی سوور لێدەدا
تا تێپەڕینی محەمەدی مەهدی و
هاتنی دەجال
هەرجاری سوتانی ئێوەی پێیە
بیرمە گوتت ئێوە نەتانزانی
حورمەتی نازی بابەگوڕگوڕ ڕابگرن
بۆیە بۆتان بوو بەتەناف
بیرمە گوتت لەبابلەوە تا کیسرا
لەشمێرەوە تا یۆرانیۆم
تا بۆنی سێو
هەمووی دەبن بەکەرەستەی ماددەی کیمیا
لەتەنیشت منارەی چۆلی!
بەڵام سەد حەیف تۆ جاڕی براکوژیت دا

لەگەڵ مەمەند و
ئەم سیاسیانەشتان فێری کورد کوژی کرد
بەڵام تۆ نەتزانی
هەولێر هەمیشە شاری عیشق و وەفایە
وەفا بۆ ئازیزان، نەک ئازیز دزان!
تۆ (ئەمستردامۆسی) شەقامی باتە بووی
پێشبینی هاتن و گەڕانەوەی هۆلاکۆت کرد
ئەسکەندەرت شەرمەزار کرد
عاقیبەت
خۆت لەناو زەلکاوی براکوژیدا قوتارکرد!
* * *
ئێستا تۆم دۆزییەوە و گوێم لێبگرە
لەسەنگافوورەوە نەهاتووم
لەئێوارە پەمەییەکانی
کونی دەرزیشەوە ڕێم نەکەوتووەتە ئێرە
دەمێک ساڵە لەتلییە ترێی دوو چاوی ڕەشەوە
لەباڵای هەڵوژاوی (منارە)وە دەڕوانم!
ساڵانێکە
لەدووری دوورەوە
زیندە خەون و ڕاستە خەونم
پیاسەیەکی بن دیواری قەڵاکەی تۆیە
جومعە
ئاگرێک لەناخمدایە و بەئاوی (بەستورە) ی قەڵا نەبێ
ناکوژێمەوە
لێم بتۆرێی، یان نەتۆرێی
من هەر بەهەناسەی تۆ دەژێمەوە
ئەم ئێوارەیە، تورەت دەکەم
دەتگریێنم
چونکە من دەمێک ساڵە لەدووری تۆ دەگریم
تۆ هێشتا پێت نەزانی
من کوڕەکەی تۆم
بەڵام چەند ساڵێک لێتەوە دوور بووم
ئەوە شێرزاد حەسەن، ئەوە مەحموود زامدار
لێیان بپرسە
ئەوە جەلال بەرزنجی
زەنگێکی بۆ لێبدە
ئەوە شێخ ئیسماعیل بەرزنجی

(دوور لەشێخ زانا)
ئەوە ماڵەکەی کەریم دەشتی، ئەوە بورهان یەعقووبی موهەندیس
ئەمە عەریزە نووسەکانی بەر مەحکەمە
هەموویان چاک دەمناسن!
* * *
سێ سەعات
بەر لە لێدانەکەی عەبدولکەریم قاسم
من لەبەر دەرگەی حەمامەکەی قەڵا هاتمە دونیا
بمناسەوە
غەریبێکی هەڵاتووم
بمناسەوە
لەحەمامی ئیسکانەوە
بەزۆر غوسلیان پێ دەرکردم
بمناسەوە
سێ جزمەی قورئانیان
بە شەق پێ لەبەر کردم
سەد ئامیر کەرت و
ئامیر فەوج و ئامیر بەتالۆنیان پێ ناساندم
بەر شەقی هەموویان کەوتم
ئەی هاوار بمناسەوە
بۆچی منی کوڕی تۆ ببم بەئاوارە و
شاشەی (تیڤی) هەراسانت بکەن؟
لێم ببوورە
ئەو دەمەی تۆ ئارەقەی شەرمەزاری چەند زۆڵە کوڕێکت دەڕشت
من خەریکی ژماردنی ڕۆڵەکانی ئەنفال بووم
ئەودەمەی تۆ بەدەست ژانی ژنێکەوە دەتلایتەوە
من خەریکی ژماردنی سەیارە دزراوەکان بووم!
ئەوە هاتمەوە
دەبمناسەوە
من لەشەقامی ئەنفالەوە، لەنێو برینەکانی هەڵەبجەدا
بەشوێن تاڵەموویەکی ڕیشە بۆگەنەکەی
عەلی کیمیاییدا دەگەڕام
بمناسەوە
من چەند ساڵێکە لەسلێمانی
کرێچی ماڵی (ڕەئوف زوهدی)م و
ڕۆژانەش سەرێک لەچاپخانەکەی (کاکەی فەللاح) دەدەم و دەمەو ئێوارانیش
بەبەردەم پەیکەرەکەی (عوسمان چێوار)دا
بەتینوێتی، بەشەکەتی، بەدوو چلوورەی قاوەوە بەگۆرانی
(ئێمە گیانێکین لەدوو جەستەدا)ی ئیبراهیمی خەیات و
بە(ئەم شەو شەوی بەراتە)ی عوسمان عەلی یەوە دەگەڕێمەوە ماڵەوە
جومعە گیان
ئێوارەیەکیان خەونم بینی
لەنزیک گردەکەی (قالیچ ئاغا)
بەدەم جگەرەکێشانەوە دەڕۆیشتم
لەپڕ گوێم لەدەنگی چەند گوللەیەک بوو
وا بزانم گوللە نەبوون
زەنگەکە بوون
کە ئاوڕم دایەوە
حیمایە گەوادەکانی (برایم زەنگەنە) بوون!
هەموو ئەو شتانەم لەبیرە
ئەی مەگەر من کوڕی تۆ نیم!
* * *
ئا بیرم کەوتەوە
کە قەت بیرم ناچێتەوە
هەشت هەزار میوانم هات
هەشت هەزار کەسی داماو
هەموویان میوانم بوون
هاتبوون سەیری خشتەکانی تۆ بکەن
بەڵام من درەنگ درەنگ پێم زانی
لەنزیک سەیتەرەکەی قوشتەپەوە
هەشت هەزار بارزانی
بوون بە قوربانی!
* * *
من کوڕێکی زۆر مەعرووفم
من کورە بچووکەکەی عەبدولخالیق مەعرووفم!
* * *
ئێوارەیەک لەبەردەم چایخانەی مەچکۆ
(فەرهاد پیربال)م دی پەشۆکا بوو
گوتی: ئا وەرە کوڕی کەرێ

*ئا ئێستا منداڵێکی گوڵەبەڕۆژە فرۆشیان برد*
*بردیان*
*تا گەوادێک بە شەهادە و ئیمانەوە، سەری بڕی*

* * *

جومعە

*هاتووم لەوحەکانی ئاربائیلۆ ببینمەوە*
*هاتووم لەنێو درزی دیوارەکانی قەڵادا*
*مێژوویەکی کۆن بدۆزمەوە*
*هاتووم*
*بەر لەوەی سەر بەمەقامی بەرێزت دابکەم*
*لەشێخەڵڵا*
*ئێسقانی (کێشکەی کولاو)*
*لەنێو کەلێنی دانەکانم بدۆزمەوە*
*ئێوارەیە و سبەینەتان دەبینم*
*شەوە و دەمەو عەسرتان دەبینم*
*مەغریبە و لۆبیا فرۆشەکانتان دەبینم!*

* * *

*هاتمەوە*
*بۆ جامە ماستاوی سارد*
*بۆ لەتە تووری*
*کەوەرێکی موسڵاوییان خستە بەردەمم*
*هاتمەوە*
*گوێم لەدەنگی (مشکۆ) بێت*
*(بلەی تاتڵی ساز) کەڕی کردم*
*هاتمەوە*
*گوێم لەدەنگی (حەسەن حەیران) بێت*
*(کازم ساهیر) کاسی کردم*

* * *

*هەقمە بتۆرێم، هەقمە بڕەنجێم*
*هاتمەوە ڕیپاتێک بکڕم*
*لەڕەنگی ڕیپاتەکەی (هادی چاوشلی)و*
*لە فولکەی چەپ جگەرەیەک داگیرسێنم*
*هاتمەوە بەجلێکی پاکو تەمیزەوە*
*بچمە حزووری (ڕەشاد موفتی)*
*هاتمەوە سەرێک لەکۆلانەکەی ماڵی خدری پاشا بدەم و*
*سەیری ژمارەی ئۆتومبێلەکەیان بکەم!*
*هاتمەوە، لەکۆلانە بێدەنگەکان*
*وەک سەردەمی منداڵیی*
*پرتەقاڵێک بدزم!*
*بۆ وا شێتم دەکەی هەیاسەکەم!*
*گادگرۆسیش*
*لەدورپیانەکەی ئیسکان*
*چاوم لێ دادەگرێ و لەسلاوێکم دەترسێت*
*ئەویش چاک دەزانێت*
*من کوڕی پووری جەمیل ڕەنجبەر و*
*خاڵۆزای یوسف دەرگەڵەیی و*
*دراوسێ کۆنەکەی سەرداری سەعید سۆفیم*
*ئەویش وادەزانێ هێشتا بەچکەم*
*ئەو نازانێ*
*من کوڕی کوڕی سەعدی گچکەم*

* * *

*کە بەر شەقی زەمانەی بەعس کەوتم*
*دەستێکم کەوتە کۆڵانێک و قاچێکم کەوتە سێتاقان*
*دەستە سڕبووەکەی تریشم کەوتە بەردەم هۆڵی زەرد!*
*گورچیلەم فڕێدرایە بەر حوشتر و*
*سینەم پارچە پارچە کرا*
*بۆ گەڕەکە پەردە پەمەییەکانی شۆڕش و*
*دڵەکەشم هەر بەرێکەوت*
*لەنێو تانکی ئاوەکەیحەوشەی ماڵی*
*(عەزیز گەردی)دا کەوت!*
*ئێستا زانیت من کێم و لەکوێوە هاتووم*
*هاتووم*
*تانکی ئاوەکەی (سەیداوە) بتەقێنمەوە*
*هاتووم*
*یان دەرم کەیت*
*یانیش وەک شۆستە هەڵکەندراوەکان*
*مانگ نا مانگێ*
*هەر بەگاڵتە پینەم کەیتەوە!*
*سوپاس بۆ ئێوە*
*شا گەورە شێتە عاقڵەکانی شارەکەم!*

**ئەم شیعرە لە سلێمانی نووسراوە و لە ٢٠٠٨/٧/٢٢ لە هەولێر خوێنرایەوە**

# مێژوو

- ***پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی و ئایینی لە تورکیا***

ژیلوان عەبدوڵڵا هەڵەدنی



# پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی و ئایینی لە تورکیا

ژیلوان عەبدوڵڵا هەڵەدنی

**پێشەکی**

لەدوای کودەتای تورکە لاوەکان لەساڵی (١٩٠٨) لەنێو دەوڵەتی عوسمانیدا، سەردەمێکی نوێ هاتە ئاراوە، کە ئەویش خۆی لە باڵا دەستی تورکە لاوەکان و سەرانی یەکێتی و پێشکەوتندا دەبینییەوە، ئەمەو جگە لەو گۆڕانکارییە سیاسیی و سەربازییانەی هاتنە ئاراوە کە خۆی لە دابڕینی سەربەخۆیی هەندێک ناوچەدا دەبینییەوە، وەکوو قبرس و یۆنان و چەند ناوچەیەکی مەغریبی عەرەبی، هەروەها لەڕووی سەربازیشەوە سوپای عوسمانیی لە لایەن کۆمەڵێک ئەفەسەری پلە باڵای ئەڵمانییەوە مەشق و ڕاهێنانیان پێ دەکرا، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی، دواتر ببنە هاوپەیمان و لە پاڵ ئەڵمانەکاندا دژی بەری هاوپەیمانان بچنە جەنگەوە، بە ئامانجی ڕزگارکردنی دەوڵەتەکەیان لە دەسەڵاتی بیانی و گێڕانەوەی قوبرس و توونس و لیبیا و میسر و فراوانکردنی سنووری دەسەڵاتی خۆیان بۆ ناوچە تورکزمانەکان و زیندووکردنەوەی هەژموونی سوڵتانی عوسمانیی لە ناوچە ئیسلامییەکان، کە لە پاڵ ئەڵمانەکاندا بەشداریی ئەم جەنگەیان کرد، ئەمەیش بە هۆی ئەوەی ئەڵمانەکان پێش جەنگ لە ٢ی ئابی ١٩١٢دا لەگەڵ سەرکردەکانی ئیتیحادوتەرەقی بەنهێنی پەیمانێکی سیاسیی جەنگیان بەستبوو، کە هەندێک لە سەرانی تورک ئاگایان لێ نەبوو، هەروەها سوپای تورک لە ژێر دەستی ئەو ٤٢ ئەفسەرە ئەڵمانییەدا بوو، کە بە سەرکردایەتیی (لیمان فۆن ساندەرس) خەریکی مەشقپێکردن و ڕێکخستنەوەی بوون.

لە٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩١٤ ژێرئاوییەکی ئەڵمانی کە موڵکی تورکیا بوو لە دەریای ڕەشدا پەلاماری ئۆستوڵی ڕووسیای دا، دوابەدوای ئەمەش لە ڕۆژی ٢ی تشرینی دووەمی ١٩١٤ ڕووسیا جەنگی لە دژی تورکیا ڕاگەیاند، بە دوای ڕووسیادا فەرەنسا و بەریتانیاش لە ڕۆژی پێنجەمی هەمان مانگدا جەنگیان لە دژی تورکیا ڕاگەیاند، بەم شێوەیە دەوڵەتی عوسمانیی بە تەواوی لە جەنگەوە گلا.

ئاکامی جەنگەکەش بە تێکشکانی عوسمانییەکان و سەرکەوتنی هاوپەیمانان کۆتایی هات و خاکی عوسمانیی پارچەپارچە کرا، بەڵام ئەوەی لێرەدا ئێمە دەمانەوێت ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە، کە تێکشکان و داگیرکردنی دەوڵەتی عوسمانیی لە لایەن هاوپەیمانانەوە، بوە مایەی بوژانەوەی هەستی نەتەوایەتی تورکی و هەوڵدان بۆ ڕزگاربوونی وڵاتەکەیان لە چنگی بیانی و دابەشنەکردنی، ئەمەش خۆی لە جەنگی ڕزگاری تورکیا بەسەرکردایەتی (مستەفا کەمال)دا بینیەوە و لە نێوان ساڵانی (١٩١٩-

١٩٢٣) توانی لەسەر داروپەردووی خیلافەتی عوسمانیی دەوڵەتی تورکیای نوێ دابمەزرێنێت، کە دەوڵەتێکی کۆماری، سیکۆلاری جیاواز بوو لە دەوڵەتی عوسمانیی، و هەموو ئەو پێکهاتە نەتەوایەتییە جیاوازانەی نێو تورکیاش کە لە شەڕی سەربەخۆییدا ڕۆڵیان هەبوو، خستنیە نێو چوارچێوەی کەمالیزم و دەوڵەتە نوێیەکەیەوە.

ئەوەی لەم کورتە توێژینەوەیەدا ئاماژەی پێ دەکەین بریتییە لە لایەنی کۆمەڵایەتی و ئایینی تورکیای نوێ و کاریگەری ئەو پێکهاتەیە لەسەر دەوڵەتەکە، کە لە سێ تەوەر پێکهاتوە:

تەوەرەی یەکەم، باسکردنە لە چۆنێتی دروستبوونی تورکیای نوێ و ئەو کار و کردەوانەی مستەفا کەمال لە سەرەتای گرتنەدەستی دەسەڵاتدا وەکوو سەرۆک کۆماری نوێی تورکیا ئەنجامی دان و کاریگەری کۆمەڵایەتیی و ئایینیان هەبوو.

تەوەرەی دووەم، تایبەتە بە پێکهاتەی نەتەوەی تورکیا و ڕەنگدانەوەی لە دەستوور و سیاسەتی تورکیا و ئەو بڕگە دەستووریانەی بوونە ڕێگر لەبەردەم بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی (کورد و لاز) و کەمە نەتەوەکانی دی.

تەوەرەی سێیەمیش، باس لە ئایین و پێگەی ئایین و تەریقەتەکان لە دوای دامەزراندنی تورکیای نوێیەوە دەکات، لەگەڵ ئەو هۆکارانەی، کە بوونە هۆی دووبارە گەڕانەوەی ڕۆڵی ئایین لەسەر شانۆی سیاسی.

### تەوەرەی یەکەم

### کورتە مێژووییەکی دروست بوونی کۆماری تورکیای نوێ

دوای ئەوەی لە ئایاری ١٩٢٣ حکومەتی عوسمانیی بۆ پاراستنی ئاشتی و دەوڵەت، مستەفا کەمالی وەکو سەرۆکی گشتیی سوپای سێیەم لە ئەرزڕۆم و سیواس بۆ ئەنادۆڵ نارد، مستەفا کەمال ئەنادۆڵی کردە مەڵبەندی چالاکییەکانی، لەوێ ڕایگەیاند، کە ناتوانین تێکشکانی تورکیا قبووڵ بکەین، هێرشی کردە سەر هاوپەیمانەکان و حکوومەتی سوڵتان لە ئیستانبووڵ، لە شەوی (٢١_١٩١٩/٦/٢٢)دا جفرەیەکی بە ئاماسیە و ناوچەکانی دەوروبەریدا بڵاوکردەوە:

١. حکوومەتی ئیستانبووڵ توانای ئەو بەرپرسیارێتییەی نییە، کە لە ئەستۆییدایە، بۆیە نیشتمان و نەتەوە لە مەترسیدان.

٢. بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە دەبێت ڕێکخستنێکی نەتەوەیی دابمەزرێت.

٣. هەر ناوچەیەک دەبێت سێ نوێنەر ڕەوانەی سیواس بکەن.

لە هەمانکاتدا لە دژ داگیرکەری یۆنانی، کە ئەزمیری داگیرکردبوو، داوای خۆپیشاندانێکی گشتیی کرد، ئەوەبوو بانگەشەی بەستنی کۆنگرەیەکی نیشتمانیی نوێی لە ئەرزەڕۆم کرد لە (١٩١٩/٧/٢٣) دا کۆنگرەکە بەسترا و تێیدا کۆمەڵێک بڕیار دران وەک:

١. نیشتمانیی تورکیا، یەکەیەکی پارچەنەکراو پێک دەهێنێت.

٢. بەرگریکردن و دژایەتیکردنی هەموو داگیرکارییەک.

٣. ئەگەر حکوومەتی ئیستانبووڵ نەیتوانی ئاسایش بپارێزێت، ئەوا لە ئەنادۆل حکوومەتێکی کاتی پێکدەهێنرێت.

٥. کارکردنی خێرا بۆ کۆکردنەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و چاودێرکردنی کاری حکوومەت.

لە ئەیلوولی هەمان ساڵدا لە سیواس کۆنگرەیەکی دیکە بەسترا، لە ١٩ی ئازاری ١٩٢٠ مستەفا کەمال ڕایگەیاند: نەتەوەی تورک پەرلەمانێکی تایبەتی بەناوی (ئەنجوومەنی نیشتمانیی گەورە) پێکهیناوە.

لە دانیشتنە سەرەتاییەکانیدا لە ئەنقەرە ئەم ئەنجوومەنە مستەفا کەمالی وەکو سەرۆک هەڵبژارد، لە ٣٠ نیسان ١٩٢٠ بە فەرمی دامەزراندنی ئەنجوومەنی گەورەی بە دەوڵەتە گەورەکان ڕاگەیاند و لە ٢ی ئایار ئەنجوومەنی وەزیرانی پێکهێنا و لە ئەنجامی ئەم کارانەی (مستەفا کەمال)یشدا، شیخ ئەل ئیسلام فتوای دەرچوونی مستەفا کەمالی لە شەریعەت دەرکرد، بەڵام موفتی ئەنقەرە وەڵامی ئەو فتوایەی دایەوە

**“ گرووپە گەورەکانی تورک نەوەی ئاوارە گەڕاوەکانی قرم و بەڵقانن، ئەوانەی دیش، کە زۆریان لەم دواییانەدا بوون بە تورک بریتین لەوانەی، لە بولگاریاوە لەبەر مەترسی شاڵاوی بەزۆر توانەوە ڕایانکردوە ”**

و ڕایگەیاند کە ئەو فتوایە لەسایەی دەسەڵاتی داگیرکەردا دراوە و شەرعی نییە.

لە ساڵی ١٩٢١ کەمالییەکان لەگەڵ سۆڤییەت و لە ٢١تشرینی یەکەمی هەمان ساڵیش لەگەڵ فەرەنساشدا ڕێککەوتن، بەمەش فەرەنسا جگە لە بەجێهێشتنی چەکەکانی لە ماردین و دیاربەکریشی تەسلیم کردن. دواتر لە ٢٣ تەمووزی ١٩٢٣ پەیمانی لۆزان مۆرکرا، بەپێی ئەوپەیمانە بەریتانیا دانی بەدەسەڵاتی کەمالییەکان دانا.

هێزەکانی تورکیا لە (٢٩ تشرینی یەکەمی ١٩٢٣) چوونە ئیستانبووڵەوە و ئەنجوومەن بڕیاریدا، ئەنقەرە پایتەختی دەوڵەتە، نەک ئیستانبووڵ، بەمەش یادەوەری تورکەکانی لەگەڵ ڕابردوەکەیان پچڕاند.

لە (٢٩تشرینی یەکەم ١٩٢٣) ئەنجوومەنی گەورەی نیشتمانیی دانیشتنێکی بەست و بڕیاری دامەرزاندنی کۆماری ڕاگەیاند، لە کاتژمێر هەشتونیوی هەمان شەودا مستەفا کەمالی بە یەکەم سەرۆک هەڵبژارد و لە ڕۆژی دوایش ئەنجوومەنی وەزیران پێکهێنرا و (عیسمەت ئینونو) بوە سەرۆک وەزیران.

لە (٣ئازاری ١٩٢٤) یشدا ئەنجوومەنی گەورەی نیشتمانیی کۆبووەوە و بڕیاری ڕەتکردنەوەی خیلافەتی دا، خلیفە (عەبدولمەجید ئەفەندی) کوڕی سوڵتان (عەبدولعەزیز)یش ڕەوانەی شاری نیس کرا لە فەرەنسا.

لە (٢٠ نیسان)ی هەمان ساڵدا دەستووری نوێ دەرچوو، کە لە (١٠٥)مادده پێکهاتبوو، زۆرینەی ماددەکانی لە دەستووره لیبراڵە گەورەکانی سەدەی نۆزدە دەچوو، لەو دەستوورەدا جەخت لەسەر ئەوە کرابووەوە، کە دەسەڵاتی باڵا بۆ گەلە و لە پەرلەماندا بەرجەستە دەبێت، ئەنجوومەنی نیشتمانیی ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی یاسادانان بەدی دێنێت، و دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش لە ڕێگەی سەرۆک کۆمار و ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەبێت، هەروەها ئەو دەستووره دەسەڵاتێکی فراوانی بە سەرۆک کۆمار دابوو، ئەو سەرۆکی دەوڵەت و سەرکردەی گشتیی هێزە چەکدارەکان بوو، سەرۆک وەزیرانیشی دیاری دەکرد.

## تەوەری دووەم

## پێکهاتەی نەتەوەی تورکیا و ڕەنگدانەوەی لە دەستوور و سیاسەتی تورکیادا

ڕژێمی تورکیا لە سەلماندنی ناسنامەی نەتەوەیی هاووڵاتییانیدا لە ڕژێمی فەرەنسا دەچێت و سیستەمی هاونیشتمانێتی تورکیا لەبەر سیستەمی هاونیشتمانێتی فەرەنسا گیراوەتەوەبەر، ئەم نموونەیە، یان ئەم سیستەمە لەڕووی قانوونییەوە دان بەوەدا دەنێت، کە لەنێو دانیشتووانی ڕەسەنی وڵاتدا کەمینە هەیە، جا چ کەمینەی ئەتنی بێت یاخود ئایینی، سەرەنجام هاونیشتمانێتی لەسەر پێوانەی نەژاد، یاخود ئایین دیاری ناکرێت، بەڵکوو پشت بە تاکە کەس دەبەستێت، لەم ڕوانگەیەوە تاکەکەس ئەندامێکی کۆمەڵە، نەک لەسەر ئەو بناغەیەی، کە سەر بە چ گرووپێکی ئەتنیکی یاخود ئایینیە، پرەنسیپی کەمالیستەکانیش پێ لەسەر جووتبوونی (نەتەوایەتی) و (هاویشتمانێتی) دادەگرێت.

تورکیا وڵاتێکی گەورەیە و چەندین گرووپی ئەتنیکی و کەمینەی تێدا دەژی، کوردەکان ژمارەیان یەکجار زۆرە، بەڵام بەبێ هیچ هۆیەکیش تاکە گرووپی ئێتنیکی موسوڵمانن، کە لە تێکەڵاوبوونی کۆمەڵگەی نوێی تورکیا لەبەرچاو ونکراون، بە ئاشکرا لە تورکیا گرووپەکانی دی وەکوو (تورکمان) و (پۆرۆکس) هەن، لە کەنای دەریای ڕەشدا (لاز) هەن، هەروەها نیمچە گرووپی دێرینی پەیوەست بە (جۆرجی)یەکان هەن، بەتایبەت هەمان ئەو خەڵکانە هەن، کە لە ئاجاری جۆرجیان و لە ساڵانی بیستەکاندا کۆماری ئۆتۆنۆمی خۆیانیان پێدراوە، چونکە زۆرینەیان موسوڵمان بوون، هەروەها چەند هەزار جۆرجییەکی بە ئیسلام بوو لە نیوەوەی باکووری خۆرهەڵات دان، کە زۆربەیان هێشتە بە دیالێکتیکێک قسە دەکەن نزیکە لە زمانی ستانداردی جۆرجیا.

چەند ملیۆن کەسێک لە تورکیا لە زۆر بەشی وڵاتدا دەژین، کە نەوەکانی قەوقازییەکانی باکوور و ئەنجازن و لە لافاوە گەورەکەی (کۆچدا) دوای داگیرکردنی قەوقاز لە لایەن ڕووسیاوە لە کۆتایی ساڵانی پەنجاکان و ساڵانی

> **“چەند ملیۆن کەسێک لە تورکیا لە زۆر بەشی وڵاتدا دەژین، کە نەوەکانی قەوقازییەکانی باکوور و ئەنجازن و لە لافاوە گەورەکەی (کۆچدا) دوای داگیرکردنی قەوقاز لە لایەن ڕووسیاوە وەکوو ئاوارە بۆ تورکیا هاتوون”**

شەستەکانی سەدەی نۆزدەدا وەکوو ئاوارە بۆ تورکیا هاتوون، ئەمانەش بەشێوەیەکی دەوری بە پەناهەندەی دی نەیاری ڕووسیای قەیسەری و نەیاری شۆڕشی سۆڤییەت گەورەتر بوون، گەورەترین ڕەگەزیش لەنێو ئەم کۆچکردوە قەوقازیانەدا بریتیبوون لە (سێرکاسییەکان) هەموو ئەمانەش ئارەزووی ئەوەیان هەبوو پێکەوە لە تورکیا وەکوو گرووپێکی (سێرکیسلەر) کۆببنەوە.

کرانەوە بەرەو قەوقازی باکوور کە ئێستە لە حاڵەتی بە ئاگاهاتنەوەدایە لە هەرەسی سۆڤییەتی و هەروەها گێڕانەوەی پەیوەندی لەنێوان تورکە بە ڕەگەز قەوقازییەکان و هاوڕەگەزەکانیان لە قەوقاز، دەشێت دڵنیاکردنەوەی بوونی ناسنامە جیاوازەکان بێت لە تورکیادا، کە ئەو ناسنامە جیاوازانەش بریتین لە چیچانی و کەبەردانس و کەراچیسۆ نۆگایس و ئافارس و هی دیش.

گرووپە گەورەکانی تورک نەوەی ئاوارە گەڕاوەکانی قرم و بەڵقانن، ئەوانەی دیش، کە زۆریان لەم دواییانەدا بوون بە تورک بریتین لەوانەی، لە بولگاریاوە لەبەر مەترسی شاڵاوی بەزۆر توانەوە ڕایانکردوە، ئەویش لە ساڵانی هەشتاکاندا، لە سەردەمی عوسمانییەکانیشدا ژمارەیەکی زۆر لە ئەلبانی و بۆسنییەکان کۆچیان کرد بۆ ئەو شوێنەی ئەمڕۆ پێ دەگوتریت باکووری خۆراوای تورکیا، ئەویش لە ئەنجامی گەڕان بەدوای هەلی لە بارتری ئابووریدا، تورکیای نوێ دوو تا سێ ملیۆن لە نەوەکانی ئەوانی تێدایە، تەنانەت هەموو ئەو گرووپانەی کە دەشێ دەستنیشان بکرێن ناگرێتەوە، بۆ ئاستێکی زۆر دوور لە ڕووکەشیش ئەوە دانیشتوانی تورکیا بێزار ناکات، گۆڕانکاری دانیشتوان لە نێوان یۆنان و تورکیادا لە ساڵانی بیستەکاندا سەدان هەزار گریکی زمانی موسوڵمانی لە یۆنانەوە هێنایە کریت، کە زۆربەیان لە هەرێمی ئێجە نیشتەجێبوون، بەڵام هەندێکیان دووبارە نیشتەجێکرانەوە، لە نێو ئیسلامدا لە تورکیا کەمایەتییە ئایینییەکان هەن، بەتایبەتی شیعە و عەلەوییەکان.

**تەوەرەی سێیەم**

**ئایین لە تورکیا**

کۆماری تورکیا کاتێک لەسەردەستی مستەفا کەمال ئەتاتورک لە (١٩٢٣/١٠/٢٩) دامەزرا، بە تەواوی خۆی لە میراتی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامیی عوسمانییەکان دابڕی و کۆمارێکی دامەزراند بە پێچەوانەی دەوڵەتی عوسمانییەوە، ئایین هیچ ڕۆڵێکی پێ نەدرا، لە ژیانی سیاسی و دەوڵەتداریدا، واتە ئایین بە تەواوی لە دەوڵەت و کاروباری حوکمڕانی دوور خرایەوە، سیستەمێکی سێکیولاری ئیلحادی هاوردەکراوی کرد بە کاڵایەک و کردیە بەری دەوڵەتە نوێکەی (کۆماری تورکیا).

بۆ ئەمەیش هەوڵی دا بە تەواوی ئەم سیستەمە بچەسپێنێت و تەواوی تورکیا لە مێژووی ڕابردووی خیلافەتی ئیسلامی دابماڵێت، بۆیە کەمال ئەتاتورک هەستا بە گرتنەبەری هەندێک ڕێوشوێنی وەکوو گۆڕینی پایتەخت لە ئەستانبووڵەوە بۆ ئەنقرە، وازهێنان لە نووسین بە پیتی عەرەبی و بەکارهێنانی پیتی لاتینی، گۆڕینی ساڵی کۆچی عەرەبی بۆ ساڵی زایینی، بانگدانی کرد بە تورکی.

لە جیاتی خۆرهەڵات و وڵاتە ئیسلامییەکان پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەمریکا و خۆراوا بەرەو پێش برد، تەنانەت جلوبەرگی خۆراوایی لەبریی مێزەر سەپاند، وردەوردە مزگەوت و حوجرە و تەکییەکانی داخست، پارتی گەلی کۆماری کە تاکە حزب بوو لە تورکیا و حکوومەتی لە دەست بوو(١٩٢٣-١٩٥٠) ئەرکی بە عەلمانیکردنی تەواوی سیستەمی وڵاتی جێبەجێ دەکرد، لە پەیڕە و پرۆگرامی ئەو حزبەدا (CHP) بەنەمانی عەلمانیەت باس کرا، چوار ڕەگەزی سەرەکی تێدا ڕوون کراوەتەوە. ئەم حزبە لە ساڵی (١٩٣١) بۆیەکەمجار لە کۆنگرەی خۆیدا پەردەی لە ڕووی ئایدۆلۆژیای کەمالیزم هەڵدایەوە، بەپێی شەش پرەنسیپی وەکو (نەتەوایەتی (میللەت) کۆماریخوازی (جمهوریەت) گەل پەرستی(شەعبیەت) عیلمانیەت، دەوڵەت و شۆڕشگێڕی (انقلابیە) ئادگارەکانی دیاریکرا، ئەم پرەنسیپە لەوکاتەوە چارەنووسی نەتەوەی

“

***گۆڕانکاری دانیشتوان لە نێوان یۆنان و تورکیادا لە ساڵانی بیستەکاندا سەدان هەزار گریکی موسوڵمانی لە یۆنانەوە هێنایە کریت.***

”

تورک دادەڕێژنەوە.

لە ساڵی (١٩٤٥) عەدنان مەندەریس و جەلال بایار و چەند ئەندامێکی دی لە گەلی کۆماری جیابوونەوە و پارتێکی نوێیان دامەزراند بەناوی پارتی دیموکرات (DP) بەپێی بەڵگەنامەکانی حزبەکە (پشتیوانیکردنی ئایدۆلۆژیای پارێزگاریی ئیسلامییە کە هەموو چینەکانی گەلی تورکیا لەخۆ بگرێت) ئەو حزبە تازەیە ساڵی (١٩٤٦) بەشداری کرد و توانی (٦١) کورسی بەدەست بهێنێت و پارتی گەلی کۆماریش (٣٩٧) کوردسی و سەربەخۆکانیش (٧) کورسی، ئەوەش بۆ پارتەکە کەم نەبوو، لە هەڵبژاردنەکانی (١٤ئایاری ١٩٥٠)دا توانی بە بەدەستهێنانی لە سەدا ٥٥،٢ی دەنگەکان بەدەست بهێنێت، کە دەیکردە (٤١٦) کورسی، گەلی کۆماریش دەنگەکانی دابەزی بۆ لەسەدا ٣٩،٦ کە دەیکردە (٦٩) کورسی، بۆیە پارتی دیموررکرات خۆی بە تەنیا توانیی حکوومەت پێکبهێنێت، ئەمەش سەرەتایەک بوو لە ژیانی پلۆرالیزمی حزبی لە تورکیا.

سەرکەوتنی پارتەکە دەروازەیەک بوو

**پارتی گەلی کۆماری بەهۆی فشارەکان و ئەو بارودۆخە سیاسییەی تورکیا لە سەروبەندی جەنگی دووەمی جیهانی تێکەوتبوو، هەندێک نەرمی لەهەمبەر ئایینی ئیسلام نوواند**

بەرووی سەهەڵدانەوەی ئیسلامیی میللیدا لە تورکیا، هەرچەندە پارتی گەلی کۆماری بەهۆی فشارەکان و ئەو بارودۆخە سیاسییەی تورکیا لە سەروبەندی جەنگی دووەمی جیهانی تێکەوتبوو، هەندێک نەرمی لەهەمبەر ئایینی ئیسلام نوواند، وەکو دەرچوونی یاسایەک لە (٤ی حوزەیرانی ١٩٤٩) بۆ دامەزراندنی کۆلێژی زانستە ئایینییەکان.لە حەوتەمین کۆنگرەی حزبەکەیاندا لە (١٧ی تشرینی دووەمی ١٩٤٧) بڕیاریان دا بەرێگەدان بە خویندنی وانەی ئایین



شێخ مەحموود ئەفەندی، شێخی تەریقەتی نەقشبەندی

له قوتابخانەکانی قۆناغی یەکەم، هەروەها لەنێو پارتی گەلی کۆماری خۆیدا لە هەڵبژاردنی (١٩٤٦) دا باڵێکی دینی بە سەرۆکایەتی (حەمدوللا تەکیلی ئۆغلۆ)دەرکەوتن.

لە سەردەمی حوکمڕانی پارتی دیموکراتدا ئایین بە جۆرێک لە جۆرەکان گەڕایەوە نێو ژیانی گشتیی کۆمەڵگە و سیاسەت و دواتریش هەڵبژاردن و حوکمڕانی، وەکو ڕێگەدان بە بانگدان بە عەرەبی و خوێندنی ئیسلامی لە قوتابخانەکاندا و دروستکردنی مزگەوت و ڕێگەدان بە ڕێبازە ئایینییەکان، تا چالاکییەکانی خۆیان لە سنوورێکی دیاریکراودا ئەنجام بدەن، هەروەها ئازادکردنی (سەعیدی نوورسی) و ڕێگەدان بە دەرکردنی گۆڤارێک لەلایەن خوێندکارەکانییەوە بە ناوی (الاتحاد) و ڕێگەدان بە بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی بەناوی (رسائل النور) لە ئەنجامدا، ئەو کرانەوەیەی حکوومەت بەڕووی دیندا، ڕێباز و بزاڤە ئیسلامییەکان وەخۆکەوتن و ئەوانیش بەپێی بارودۆخەکە کەوتنە بڵاوکردنەوە و بانگەشەکردن.

ڕێبازی مەولەوی و نەقشبەندی و کۆمەڵەی نوور و سلێمانەکان و تیجانییەکان بە تایبەتی ئەو دوو ڕێبازەی کۆتایی بە ئاشکرا دژایەتی خۆیان بۆ ئەتاتورکیزم دەربڕی و داوای پەیڕەوکردنی شەریعەتی ئیسلامییان دەکرد.

نەقشبەندییەکان بازنەی شوێنکەوتوانیان فراوانتر بوو نەک تەنیا لەو ناوچانەی خەڵکەکەی پارێزگارن، بەڵکوو لەناو توێژە خوێنەوارەکان و پزیشکان و مامۆستایانی زانکۆ، کە دواتر ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لە ڕێکخستنەکانی حزبە ئیسلامییەکاندا.

هەر بە گوێرەی ئاماری فەرمانگەی کاروباری ئایینی تورکی لە سەردەمی حزبی دیموکراتدا (١٩٥٠-١٩٦٠) پێنج هەزار مزگەوت دروستکراوە کە (٥٠) یان لە ناو ئەنقەرە بوە، پەمانگەی پێگەیاندنی پێشنوێژ و گوتار خوێنان لە حەوت پەیمانگەوە بوە بە (١٩) پەیمانگە.

دوای ئەنجامدانی کودەتای (٢٧ئایاری ١٩٦٠) و هەڵوەشانەوەی پارتی دیموکرات، پارتێکی نوێ بەناوی ( پارتی داد-DP) دامەزرا کە لە ڕاستییدا



ئەربەکان دامەزرێنەری یەکەم حزبی ئیسلامی لە تورکیا

میراتگری دیموکرات بوو، لە دەیەی شەستەکان بزووتنەوە ئسلامییە سیاسییەکان ئازادتر بوون، ژمارەی قوتابخانە ئایینییەکان و مامۆستایانی ئایینی و پەیمانگە ئایینییەکان و زۆربوونی مزگەوت و خولەکانی فێرکردنی قورئان لە هەڵکشاندا بوون.

بەشێک لە شوێنکەوتووانی نوور لە دوای یەکەمین کودەتاوە، لە دوای هەمووارکردنەوەی دەستوور لە (١٩٦١) سەرەڕای بوونی چەندین بەربەست و قەدەغە لەسەر چالاکییە ئایینییەکانیان گەشەیان کرد و بەرەو دامەزراندنی پارتی ئیسلامیی ڕۆیشتن. ئەمەش بەهۆی چەند هۆکارێکەوە:

١. سیستەمی کۆمەڵایەتیی ئەوکاتی تورکیا کە سیستەمێکی خێڵەکیی دواکەوتووی نەریتی بوو، ڕووبەری سێ یەکی دانیشتووانی تورکیای دەگرتەوە، ئەو ڕێژە زۆرەی خەڵک دینیان زیاتر وەکوو کلتوور وەرگرتبوو، هێشتە شارەکان گەورە نەبووبوون، کە تا ئەکاتە لەسەدا ٦٥ی دانیشتووانی تورکیایان پێک دەهێنا، چونکە زۆرترین ڕێژەی ئەندامان و شوێنکەوتووانی گرووپە ئیسلامییەکان لە ناوچەکانی دەرەوەی شارە گەورەکان بوو.

٢. پەیامەکانی نووریش کە دانراوی شێخ سەعیدی نوورسی بوون دوای هەڵگرتنی قەدەغەی بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانی و بڵاوکردنەوەی لە ڕێگای گۆڤار و بڵاوکراوە ئیسلامییەکان زۆر کاریگەری هەبوو.

**“ لە سەردەمی حوکمڕانی پارتی دیموکراتدا ئایین بە جۆرێک لە جۆرەکان گەڕایەوە نێو ژیانی گشتیی کۆمەڵگە و سیاسەت و دواتریش هەڵبژاردن و حوکمڕانی ”**

> **"بەشێک لە شوێنکەوتووانی نوور لە دوای یەکەمین کودەتاوە، لە دوای هەموار کردنەوەی دەستوور سەرەڕای بوونی چەندین بەربەست و قەدەغە لەسەر چالاکییە ئایینییەکانیان گەشەیان کرد و بەرەو دامەزراندنی پارتی ئیسلامیی ڕۆیشتن"**

٣. سیستەمی عەلمانی و ئەتاتورکیزم نەیانتوانیبوو بە باشی باڵ بەسەر کۆمەڵگەی تورکییدا بکێشن، چونکە دامەزراندنەوەی خیلافەتی ئیسلامی و دەوڵەتی ئایین لای زۆربەی خەڵکی تورکیا بەتایبەت ناوچە دووره دەستەکان و قەزا و ناحیە و گوندەکان کە لە دۆخێکی خراپدا گوزەرانیان دەکرد، هێشتە سۆزیان بۆ خەلیفە و حوکمی ئایین مابوو، ڕەگ و ڕیشەی وشکی نەکرد بوو.

٤. پەرچەکرداری کۆمەڵگەی تورکی بوو بەرانبەر عەلمانییەت.

لە (١١ی شوباتی ١٩٦١) پارتی عەدالەتدا بە سەرۆکایەتی سلێمان دیمیرێل کە پارتێکی عەلمانی ناوەندگیر بوو دامەزرا، گرووپێکی گەورە لە قوتابییەکانی نوورسی چوونە پاڵی و ویستیان لەو ڕێگەیەوە خزمەت بە ئایین بکەن. جۆری سیاسەتکردنیشی نزیک بوو لە سیاسەتەکانی مەندەریس، هەروەها بەوە ناسرابوو کە نوێژ دەکات، هەروەها ئەم پارتە لە پەیڕەو پرۆگرامی خۆیدا ئاماژەی بەوە دابوو کە دەوڵەتی سیکیۆلار داوا لە هاوڵاتییانی ناکات پەیوەندی خۆیان بە ئایینەوە بپچڕێنن، هەموو هاوڵاتییەکیش ئازادە لە عیبادەت کردندا، لە ساڵی (١٩٦٩) نەجمەدین ئەربەکان ویستی لەگەڵ پارتی داد بەشداری هەڵبژاردن بکات، بەڵام ئەو داوایەی ڕەتکرایەوە، بۆیە بە شێوەی سەربەخۆ لە سەر پارێزگای (قۆنیە) خۆی کاندید کرد و دەرچوو.

یەکەم حزبی ئیسلامی لە تورکیا، لە لایەن نەجمەدین ئەربەکانەوە و هەژدە کەسی دی دامەزرا لە (٢٤کانوونی دووەمی ١٩٧٠) ئەویش حزبی ( سیستەمی نیشتمانی) بوو، بە هاندانی شێخەکانی تەریقەتی نەقشبەندی و ڕێنوێنی شێخ محەمەد زاهید کتکو کە پێی وابوو دەبێت حزبێکی ئایینی خاوەن تێڕوانینی تایبەت بە ئیسلام دابمەزرێت.

بەڵام دوای کودەتای (١٢ئازاری ١٩٧٠) و دەستگرتن بەسەر جومگەکانی دەسەڵاتدا لە لایەن سوپاوە سەرجەم حزبە سیاسییەکان هەڵوەشێنرانەوە، حزبی سیستەمی نیشتمانییش لە (٢ی ئایار) بە تۆمەتی دژایەتیکردنی سیستەمی عەلمانی و پێشێلکردنی دەستوور، قەدەغەکرا، ئەمەیش کۆتایی بە چیرۆکی یەکەم حزبی ئیسلامی سیاسی لە تورکیا هێنا.

بەڵام دواتر پارتێکی دی بەناوی پارتی (ئاشتی نیتشمانیی-سەلامەی نیشتمانیی) لە (١٩٧٢/١٠/١١) دروست کرا، لەسەر هەمان بنەما و ئایدۆلۆژیای پارتی سیستەمی نیشمانی، لە (١٩٧٢/١٢/٢١) عارف ئەمرە توانیی ڕۆژنامەیەک وەکوو زمانحاڵی حزبەکەی دەربکات بەناوی ( ڕۆژنامەی گەل_میللی غەزەتە) کە ناوەڕۆکێکی ئایینی هەبوو. پارتی ئاشتی لە هەڵبژاردنی (١٤تشرینی یەکەمی ١٩٧٣) بەشداری کرد و توانی لەسەدا ١١.٨ دەنگەکان و (٤٨) کورسی پەرلەمانی بەدەست بهێنێت. دواتریش لەگەڵ پارتی گەلی کۆماری لە (١٩٧٤/١/٧) حکوومەتێکی هاوپەیمانی پێک هێنا، لەکۆی (٢٥) وەزارەتیش (٦) وەزارەتی پێدرا.

بەڵام لە هەڵبژاردنی (١٩٧٧)دا دەنگەکانی بۆ لەسەدا ٨ دابەزی و کورسییەکانیشی بۆ (٤٢) کورسی.

دواتریش لەمانگی یەکی (١٩٨٠) کەنعان ئیڤرین هۆشداری دایە حکوومەت، لە (٩/١٢) هەمان ساڵدا کودەتایەکی ئەنجامدا و کۆتایی بە سەردەمی باڵادەستی ئیسلامییەکان لەنێو سیستەمی تورکیادا هێنا، ئەمەش دوای شەش ڕۆژ لەو خۆپیشاندانەی لە شاری (قۆنیە) کە پارتی نیشتمانی پێی هەستا، کە تیایدا چەندین دروشمی دژی ئەتاتورک و سیستەمی عەلمانی تێدا گوترایەوە.

### دەستوری نوێ لەدوای کودەتادا:

ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی لە (٢٣)ی تشرینی یەکەمی (١٩٨١)دا لیژنەیەکی ڕاوێژکاری بەسەرۆکایەتی (سەعدی ئێرمیک) بەمەبەستی گەڕانەوەی دیموکراتیەت بۆ وڵات و بەشداری کردن لە داڕشتنی دەستوری نوێدا دانا، تا بتوانێت دەستورێکی نوێ لەبری دەستورەکەی ساڵی (١٩٦١) دابڕێژێتەوە، کە بەلای کودەتاچیەکانەوە مایەی کێشەو ئاژاوەکانی تورکیا بوو.

لە (١٧)ی ئابی (١٩٨٢)دا پرۆژەی دەستور خرایە بەردەست، کە لەم دەستورەدا دەسەڵات خرابووە، ژێر دەستی دەسەڵاتی جێبەجێکاری

و دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆمار و ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانیش زیاد کرا بوون و ئازادییەکانی ڕۆژنامەگەری و ئازادی یەکێتییە کرێکارییەکان کەم کرابوونەوە، بە نەهێشتنی مافی خۆپیشاندانی سیاسی، هەروەها ماف و ئازادییە تاکە کەسییەکانیش کەمکرابوونەوە، بەوەی کە ئەم دەستورە ئەگەر چی ئازادی ڕادەربڕین و ڕێکخستنی هێشتبووەوە، بەڵام بە کۆمەڵێک دەستەواژەی وەکو بەرژەوەندی نەتەوە و سیستەمی گشتیی و ئاسایشی نەتەوەیی و هەڕەشە بۆ سەر سیستەمی کۆماری بەرتەسکی کردبوون.

دوای ئەوە تا ڕادەیەک هێمنی گەڕایەوە و هاوڵاتیان گەڕانەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆیان.

لە (١٤)ی تشرینی یەکەمدا کەنعان ئەفرین بوو بە سەرۆکی کۆمار و حکومەتێکی نوێی بە سەرۆکایەتی بیولند ئولسۆ دامەزراند، ئەم حکومەتە دەستی کرد بە شەپۆلێکی دەسگیرکردن، کە لەسەرۆکی پارتەکانەوە دەستی پێکرد و لەماوەی حەوت حەفتەی دوای کودەتاکەدا نزیکەی یازدە هەزار و پێنجسەد کەس گیران و لەکۆتایی ساڵدا گەیشتە سی هەزار کەس و لەکۆتایی ساڵی (١٩٨١)یشدا گەیشتە سەدوبیست هەزار و شەش سەد کەس، ئەم شەپۆلەش بەڕێژەی (٩٠٪) بووە هۆکاری هێوربوونەوەی دۆخەکە، چونکە ئەنجامدەرانی توندوتیژییەکان زۆربەیان دەستگیرکران، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هەڵمەتە کەسانی دی سەر بەڕێکخراوە پیشەیی و پارتە سیاسیی و ڕێگا پێدراوەکانیشی گرتەوە، هاوکات چەندین مامۆستای زانکۆ و ڕۆژنامەنوس و یاسایی دەستگیرکران، کە تەنیا لەنێوان ساڵانی (١٩٨٢-١٩٨٣)دا سێسەد مامۆستای زانکۆ ڕووبەڕووی سزای جۆراوجۆر بوونەوە، ئەمە جگە لەوەی ئەم حکومەتە دەستی کرد بە داخستنی چەندین ڕۆژنامە، لەوانەش ڕۆژنامەی (جمهوریەت) کە لە ساڵی (١٩٢٤)ەوە لەلایەن ئەتاتورکەوە دامەزرا بوو، هەروەها لە (١٩٨١)دا بانگەشە سیاسییەکان قەدەغە کران و لەساڵی (١٩٨٢) شدا پارتە سیاسییەکان هەڵوەشێندرانەوە، دوای ئەوەی کە چالاکییەکانیان ڕاگیرابوو(٣) ئەمە جگە لەوەی کە لەسایەی ئەحکامی عورفیدا چەندین ئەندام و کەسایەتی سیاسی لە پارتە کرێکاری و کوردییەکان ڕووبەڕووی توندوتیژی و ئەشکەنجەدان بونەوە، کە لە دادگا سەربازیەکاندا حوکمی لەسێدارەدانیان بەسەر سێسەد کەسدا دەرکرد.

لەگەڵ ئەوەشدا لەو ڕیفراندۆمەدا کە لە مانگی تشرینی یەکەمی (١٩٨٢)دا کەنعان ئەفرین توانی بەڕێژەی (٩١,٤٪) ڕەزامەندی بۆ ئەم دەستورە بەدەستبهێنێت، تەنیا لە ناوچە کوردییەکاندا نەبێت ڕێژەیەکی کەم دەنگی بەڵێی بۆ درابوو، دوای ئەوەی دەستور جێگیر کرا، ئەفرین بوو بە سەرۆکی کۆمار و سەربازەکانی بەردەوام بوون لە بونیادنانی پەیکەری سیاسی و لەم ڕووەشەوە یاسایەکی نوێیان داڕشت کە بۆ ماوەی (١٠) ساڵ چالاکییە سیاسییەکانی ئەو کەسانەی قەدەغە کرد، کە پێش کودەتا ڕۆڵیان هەبوو، کەچی هەر ئەو یاسایە دەرفەتی دامەزراندنی پارتی سیاسی نوێی دا، بەڵام بەو مەرجەی دامەزرێنەرەکانی ڕەزامەندی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بەدەست بهێنن، هەروەها قەدەغەکرا کە فێرخواز و مامۆستا و فەرمانبەری مەدەنی ببن بە ئەندامی پارتی سیاسی و قەدەغەش کرا پارتەکان لقی لاوان و ئافرەتانی هەبێت یان پەیوەندییان لەگەڵ یەکێتییە پیشەییەکاندا هەبێت، یان لە لادێکاندا لق دامەزرێنن. پارتە سیاسییەکان و هەڵبژاردنی ١٩٨٣ لەدوای هێوربوونەوەی دۆخەکە دوای ئەوەی بڕیاری دامەزراندنی پارتە سیاسییەکان دەرچوو (١٥) پارتی سیاسی دامەزران، کە سوپا تەنیا (٣) لەو پارتانەی بەشایەنی پەسەندکردن زانی، چونکە بەشێکیان لەسەر پاشماوەی پارتەکانی پێشوو دامەزرابوون، ئەگەرچی گۆڕانکاری زۆریشیان لەپەیڕەو و پرۆگرامەکانیاندا کردبوو.

هەر چۆنێک بێت (تورگوت ئۆزال) پارتی نیشتیمانی دایکی دامەزراند و (تورگت سوتالب) ی لیوای خانەنشین پارتی دیموکراتی نەتەوەیی دامەزراند و (نەجدەت جالب) پارتی گەلی دامەزراند، دواجار هەر ئەو سێ پارتە لە هەڵبژاردنەکاندا بەشدار بوون. دوای ئەوەی

“ ڕێبازی مەولەوی و نەقشبەندی و کۆمەڵەی نوور و سلێمانەکان و تیجانییەکان بە تایبەتی ئەو دوو ڕێبازەی کۆتایی بە ئاشکرا دژایەتی خۆیان بۆ ئەتاتورکیزم دەربڕی و داوای پەیڕەوکردنی شەریعەتی ئیسلامیان دەکرد ”

هەڵبژاردنەکان دەستیان پێکرد، هەرچەندە سوپا پشتیوانیان لە پارتی دیموکراتی نەتەوەی دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ویستی کۆمەڵگە بۆ گەڕانەوەی دیموکراتی و دەرچوونی سوپا لەژیانی سیاسی وایانکرد کە پارتەکەی ئۆزاڵ واتە پارتی نیشتیمانی دایک توانی ڕێژەی یەکەمی دەنگەکانی بەڕێژەی (٤٥٪) بەدەستبهێنێت و پارتی دیموکراتی نەتەوەیش بەدووەم و توانی ڕێژەی (٣٠٪) دەنگەکان بەدەست بهێنێت و پارتەکەی سێیەمیش کە پارتی گەل بوو توانی (٢٣٪) دەنگەکان بەدەست بهێنێت دوای دەرکەوتنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن, کەنعان ئەفرین کە سەرۆکی کۆمار بوو بەپێی ڕێژەی دەنگ و براوەی هەڵبژاردنەکان تورگوت ئۆزالی سەرۆکی پارتی نیشتیمانی دایکی بۆ دامەزراندنی حکومەت ڕاسپارد، ئەوە بوو ئەویش لە (١٣)ی کانوونی یەکەمی (١٩٨٣)دا حکوومەتی نوێی پێکهێنا، کە ئەم حکوومەتە لەتەواوی ماوەی یاسایی خۆیدا حوکمی کرد.

بەمەدەنی کردنی سیاسەت و هاوکات پەرتکردنی بەرهەڵستکارانی حکومەت، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا پارتی نیشتیمانیی دایک توانی (٤١,٥٪)ی دەنگەکان بە دەست بهێنێت و پارتی سۆسیالیست کە ئیردال ئینۆنۆ سەرکردایەتی دەکرد بوو بە دووەم بە بەدەستهێنانی ڕێژەی (٢٣,٥٪) دەنگەکان و پارتی ڕێگاش کە دیمیرێل دایمەزراندبوو توانی پلەی سێیەم بەدەست بهێنێت بە ڕێژەی (١٣,٥٪)، دوای ئەویش پارتەکەی ئەربەکان (پارتی وەفاە) پلەی چوارەمی گرت، بەمجۆرەش لەدوای ئەم هەڵبژاردنەوە ژیانی پارتایەتی لە تورکیا گەڕایەوە و پارتی دیموکراتی نیشتیمانیی کە لەلایەن سەربازەکانەوە پشتیوانی دەکرا تەنها (٧٪) دەنگەکانی بەدەست هێنا و دواتریش خۆی هەڵوەشاندەوە و بەشێک لە ئەندامانی چونە ناو پارتی نیشتیمانیی دایک و بەشەکەی دیش چونە ناو پارتی ڕێگای ڕاست. لە لایەکی دیشەوە پارتی گەل لە ساڵی (١٩٨٥)دا لەگەڵ پارتی سۆسیال دیموکراتی تێکەڵ بوون، هەروەها لە ساڵی (١٩٨٦) بولند ئەجەوید پارتی چەپی دیموکراتی بەسەرۆکایەتی (ڕاهان) و (کواجهە)ی خێزانی دامەزراند، کە بەشێکی زۆر لە ئەندامانی پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی چونە پاڵی، بەگشتی لە ساڵی (١٩٨٧)ەوە جارێکی دی سەرکردە کۆنەکان هاتنەوە سەر شانۆی سیاسی، ئەویش دوای ئەوەی دەسکاری دەستور کرا.

> **"یەکەم حزبی ئیسلامی لە تورکیا، لە لایەن نەجمەدین ئەربەکان و هەژدە کەسی دی دامەزرا"**

بۆیە ئۆزال ناچاربوو کاتی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٨٧) دیاری بکات، ئەوە بوو لە (٢٩)ی ئەو مانگەدا هەڵبژاردن ئەنجامدرا، کە تیایدا جارێکی دی پارتی نیشتیمانیی دایک بەڕێژەی (٣٦,٣٪)ی دەنگەکان یەکەم ڕێژەی بەدەست هێنا، کە لەچاو هەڵبژاردنی پێشودا دەنگەکانی کەمیان کرد بوو، دوای ئەویش پارتی سۆسیال دیموکراتی بوو کە ڕێژەی (٢٤,٨٪) دەنگەکانی بەدەست هێنا و پارتەکەی دیمیرلیش (ڕێگای ڕاست) توانی بە (١٩,٢٪)ی دەنگەکان لە سێیەمدا بێت، دوای ئەویش ڕاسترەوی دیموکراتی، پارتەکەی بولند ئەجەوید بە ڕێژەی (٨,٥٪) دەنگەکانی بەدەستهێنا.

لە (٢٠) ی تشرینی یەکەمی (١٩٨٩)دا هەڵبژاردن بۆ سەرۆکی کۆمار ئەنجامدرا، کە تورگوت ئۆزاڵ بە پشتگیری کەنعان ئەفرین خۆی کاندید کرد، کە تەنیا یەک ڕکابەری هەبوو، ئەویش ئەندام پەرلەمانێکی سەر بە پارتەکەی خۆی بوو بەناوی (فەتحی جیلقباس)ەوە کە لە تەمەنی (٧٧) ساڵی دابوو، بەڵام ئۆزال توانی زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بهێنێت و لە (٣١)ی تشرینی یەکەمی (١٩٨٩)دا بوو بەسەرۆکی کۆمار.

لە (٢٠)ی تشرینی یەکەمی (١٩٩١)دا هەڵبژاردن ئەنجامدرا، کە نزیکەی (٢٥) هاووڵاتی تورکی تێیدا بەشدار بوون، و لەم هەڵبژاردنەشدا پارتی ڕێگای ڕاست زۆرینەی بەدەستهێنا و توانی (١٧٨) کورسی لە کۆی (٤٥٠) کورسی مسۆگەر بکات.

بەگشتی لەم هەڵبژاردنەدا پارتی ڕێگای ڕاست ڕێژەی (٢٧,٣٪) دەنگەکانی برد و پارتی نیشتیمانی دایک گەڕایەوە بۆ دووەم و ڕێژەی (٢٣,٩٪) دەنگەکانی بەدەستهێنا و پارتی گەلی دیموکراتی کۆمەڵایەتیش (٢٠,٦٪)ی دەنگەکانی دەستەبەر کرد و پارتی وەفاە (١٨,٠٠٥) و پارتی دیموکراتی چەپڕەویش (١٠,٢٥) دەنگەکانیان بەدەستهێنا. دوای ئەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ڕاگەیەندرا، سەرۆک کۆماری

وڵات ئۆزال سەرۆکی پارتی براوەی یەکەم سلێمان دیمرێلی بۆ دامەزراندنی کابینەی نوێ ڕاسپارد و لە (٢٠)ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٩١)دا لە ئەنکەرە حکومەتێکی ئیتیلافی نوێی بەسەرۆکایەتی دیمیرێل لە پارتەکەی خۆی و پارتی گەلی دیموکراتی کۆمەڵایەتی دامەزراند، کە تیایدا پۆستی جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دەوڵەت درا بە ئەردال ئینۆنۆی سەرۆکی پارتی گەلی دیموکراتی کۆمەڵایەتی و لە (٣١)ی هەمان مانگیشدا لە پەرلەمان متمانە بەو حکومەتە بەخشرا، بەمەش قۆناغێکی نوێ لە حوکمڕانی تورکیا دەستی پێکرد.. دوای ئەوەی لە نیسانی ساڵی (١٩٩٣)دا سەرۆک کۆماری تورکیا تورگۆت ئۆزال بە نەخۆشی دڵ کۆچی دوایی کرد، سلێمان دیمیرێل توانی لە (١٦)ی ئایاری (١٩٩٣)دا بگاتە پۆستی سەرۆک کۆماری و دوای ئەویش (ترانسۆ چیلەر) ئافرەتی دیاری نێو پارتەکەی توانی ببێتە سەرۆکی پارت و کابینەیەکی ئیتیلافی نوێش لە هەمان دوو پارتی پێشوو لە (٢٥)ی حوزەیرانی ساڵی (١٩٩٣) پێکبهێنێت. بەگشتیی لەدوای هەڵبژاردنەکانی (٢٠) ی تشرینی یەکەمی (١٩٩١)ەوە پارتی نیشتیمانیی دایک و ئۆزال ڕۆژ بەڕۆژ ڕوو لەکزی بوون و تەنانەت لەناوخۆشدا ململانێ کەوتە نێوان سعد ئۆزێل و تورکت ئۆزال.

**لە نەوەدەکان:**

لە هەڵبژاردنەکانی (٢ تشرینی یەکەمی ١٩٩٢) کە پێشخرا بۆ ( ٢٠تشرینی یەکەمی ١٩٩٢) لەو هەڵبژاردنەدا حزبی ڕەفا لە ترسی تێپەڕاندنی بەربەستیلەسەدا ١٠ لەگەڵ هەریەک لە (پارتی کاری نیشتمانی و پارتی چاکسازی دیموکراتی) بە هاوپەیمانی بەشداری کرد و توانیان پێکەوە لەسەدا ١٦،٩ دەنگەکان و ( ٦٢) کورسی بەدەست بێنن، لەو ڕێژەیەش پارتی ڕەفا (٤٠) کورسی پەرلەمانی بەدەست هێنا، لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانیشدا لە (٢٧ئازاری ١٩٩٤) پارتی ئاڕاستەی ئیسلامی (ڕەفا) لە ڕیزبەندییەکەدا پلەی سێیەمی گرت، ئەویش بە بەدەستهێنانی لەسەدا ١٩،٧ دەنگەکان، بۆیەکەمجار توانی شارەوانی دوو شاری گرنگ ( ئەستەنبوڵ و ئەنقەرە) بباتەوە، لەگەڵ شارەوانی چوار گەورە



ئەربەکان و ئەردۆغان

هەروەها لە هەڵبژاردنی لاوەکی شارەوانییەکان لە (٤ی حوزەیرانی ١٩٩٦( ڕێژەی (٦، ٣٣٪) ی دەنگەکان و (٤١) شارەوانیی بردەوە.

ئەوەبوو کودەتای چوارەم لە (٢٨ی شوباتی ١٩٩٧) و ( ١٨ی حوزەیرانی ١٩٩٧) ئەربەکان نامەی دەست لەکارکێشانەوەی حکوومەتەکەی کۆتایی هات.

ئەندامانی ڕەفا بوون بە دوو بەرەوە بەرەیەکیان تا ڕادەیەک تەقلیدی بوون، ئەوانە (پارتی سەعادە)یان دروست کرد، لە سەر هەمان ڕەوت و شێوازی کاری حزبی فەزیلە و حزبە ئیسلامییەکانی پێشتر) باڵەکەی دیش کە بە باڵە کراوە و میانەڕەوەکان دادەنران پارتی دادو گەشەپێدانیان دروستکرد، لە (١٤ئابی ٢٠٠١) بە بەشداری ٦٣کەس.

دوای پانزە مانگ لە دامەزراندنی ئاکەپە لە (٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٢) بەشداری هەڵبژاردنی کرد و توانی (لەسەدا ٣٤،٣ دەنگەکان بەدەست بهێنێت، کە دەیکردە (٣٦٣) کورسی پەرلەمان و جەهەپەش لەسەدا ١٩.٤ واتە (١٧٨)کورسی بەدەستهێنا. لە (٢٠٠٧ و ٢٠١١ و ٢٠١٥)ش سەرکەوتوو بوو.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: کتێبەکان


١. ئێریک جەی زوچەر: مێژووی هاوچەرخی تورکیا، و.پ.ی.د.یاسین سەردەشتی، چاپخانەی سیڤا، سلێمانی، ٢٠٠٩

٢. حمید بۆز ئەرسەلان: مێژووی تورکیای هاوچەرخ، وەرگێڕانی لەفەرەنسییەوە، نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩

٣. مصطفی زین: ذئب الاناضول، دار الرياض، لندن-قبرص، ١٩٩١.

٤. رضا هلال: السيف و الهلال تركيا من اتاتورك الى اربكان الصراع بين المؤسسه العسكريه والاسلام السياسى.، دار الشروق، القاهره، ١٩٩٩.

٥. سۆزان کەریم مستەفا: لێکدانەوەی ڕاسیزم بۆ مێژوو (کەمالیزم و بەعسیزم وەک نموونە)، نامەیەکی دکتۆرایە پێشکەشی بەشی مێژووی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، ٢٠١١.

٦. پرۆفیسۆر دکتۆر خەلیل عەلی موراد، پاسەوانانی کەمالیزم، وەرگێڕانی: بەرزانی مەلا تەها و د.سەلام عەبدولکەریم.

٧. گراهام فۆلەر و ئەوانی تر: جیپۆلەتیکی نوێی تورکیا و ئاسیای ناوەند، بەلقان، کورد، و: عەتا قەرەداغی، خانەی وەرگێران، سلیمانی، ٢٠٠٦.

٨. شەمێران سلێمان، تورکیائیسلامی سیاسی و چۆنێتی مامەڵە کردنی لەگەڵ پرسی کورددا، چ١، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا، ٢٠١٩.

٩. فائزة علوش: مصطفى كمال و موقفه من الخلافة العثمانية (١٨٨١-١٩٣٨)، رسالة مقدمة لنيل الشهادة الماستر في تخصص التاريخ المعاصر، كلية العلم الانسانية والاجتماعية، قسم العلوم الانسانية، شعبة التاريخ، جامعة محمد خيضر، بسكرة، مغرب، ٢٠١٥.

١٠. قادر سليم شمو: موقف الكورد من حرب الاستقلال التركية(١٩١٩-١٩٢٢)، مطبعة خاني، دهوك، ٢٠٠٨.

١١. بەیار مستەفا سەیفەدین:سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر تورکیا و کاریگەرییەکەی لە سەر کوردستان(١٩٢٣-١٩٢٦)، وەرگێڕانی: سەرمەد ئەحمەد، هەولێر، ٢٠١٠.

١٢. د. عەلا تەها یاسین: عیسمەت ئینۆنو(١٨٨٤-١٩٧٣)، وەرگێڕانە: بەرزانی مەلا تەها، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٨.

١٣. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد: ئێران و تورکیا، وەرگێڕانی: بەهادین جەلال مستەفا،چ٤، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر،٢٠١١.

١٤. سامان حوسێن ئەحمەد و بەختیار سەعید مەحموود: مێژووی تورکیای هاوچەرخ، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٤.


### دووهەم: گۆڤارەکان


١.ئەریک ڕولو: ئەو گیروگرفتانەی ڕووبەڕووی تورکیا بوونەتەوە، وەرگێڕانی: عەلی هەورامی، گۆڤاری سنەتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی (سیاسەتی دەولی) ژمارە (٢) ساڵی چوارەم، تەمووزی ١٩٩٥.

٢. کامەران قادر محەمەد: کورد لە دەستووری تورکیادا (١٩٢٤-١٩٣٨) گۆڤاری (نویَ بوون)، ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٠٩.

٣. جەنگیز چاندار: تورکیا و ڕێککەوتنامەی ئەورووپا، وەرگێڕانی: نەجدەت عەبدولکەریم، گۆڤاری سنەتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی (سیاسەتی دەولی) ژمارە (٢) ساڵی چوارەم، تەمووزی ١٩٩٥.

انە: شەمێران سلێمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢-٦٣.

# ئەدەب

- **دۆسیە تایبەتەکەی گۆڤاری (دیوان) و (دڵدار)ی شاعیر**

عەبدوڵڵا زەنگەنە

- **کەس لە ماڵەوە نەبوو پێشوازیی لێ بکات**

ئازاد ئەرگوشی

- **میراتی مام حاجی**

عەلی مستەفا

- **کەسێک وێنە دەگرێت**

سروشت نەوزاد

# دۆسیە تایبەتەکەی گۆڤاری (دیوان) و (دڵدار)ی شاعیر



عەبدوڵلا زەنگەنە

## پێش چوونە نێو باسەوە

وەکو دیارە مرۆڤی ئەم ڕۆژگارەی ئێمە، مەودای ڕۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵیان زۆر کورت بووەتەوە، دیارە منیش، کە لە خەڵکی ئەم جوغرافیا پان و بەرینەی ئەم جیهانەم بەدەر نیم، لە کۆمەڵێک خەم و حەز و ئارەزوو و خەون، خەیاڵم هەبووە و زانیاریم لا بووە، جا بە قسە بێت، یان بە نووسین، حەزم کردووە بۆ ئەوانی دیکەی بگێڕمەوە، یان بنووسمەوە. دوای وردبوونەوە لە ناوەڕۆکی تەوەرەکانی ژمارە (١٦)ی دۆسیەکەی گۆڤاری دیوان لە بارەی دڵداری شاعیرەوە، لە ماوەی نزیکەی مانگێک لەمەوبەرەوە، مەراقم بوو تاوتوێیان بکەم، دواتر باسی هەندێک خاڵ و پرسی مێژوویی لە بارەی دڵدار و خانەوادەکەی بۆ خوێنەران هەڵڕێژم، بەتایبەتی ئەو خاڵانەی من دەیانوروژێنم، کەسی دیکە بەلایاندا نەچووە، ئەمەیش لەبەر دوو هۆیانە.

یەکیان: من لە سەرەتای تەمەنی لاویمەوە، نەک هەر لە نزیکەوە شاهیدی ئەو مشتومڕ و نووسینانە بووم، کە لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، لە نێوان عەزیز گەردی و د.مارف خەزنەدار، لە سەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی هاوکاری کرابوون و هەر هەمووشیانم لەبەردەست بوو، دەمێکیش بوو هەستم لەو قسە بێ سەروبەرانەش ڕاگرتبوو، کە لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لەبارەی چاپی یەکەمی دیوانەکەی دڵدار، چاپخانەی گیوی موکریانی و پێشەکییەکەی ئەحمەد دڵزار لە ئارادابوون.

دوو: لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٦ بەدواوە، واتە: لەوکاتەوەی ماوەی هەشت مانگێک بوو ڕۆژانە لە هەولێر، نەک هەر هاتوچۆی چاپخانەی ڕۆژهەڵاتم دەکرد، بەڵکو لەگەڵ کرێکارەکانی دەمامەوەوە و ئیشم لەگەڵ دەکردن، تەنیا بۆ ئەوەی گۆڤاری گەلاوێژی دووبارە چاپکراوە، بێ کەموکوڕی بێت و وەکو پێویست بخرێتە بەردەست پەیوەندیداران، وەکو دەریش کەوتووە جێ پەنجەی دڵدار لەسەر ئەم گۆڤارە دیارە، ئەوەبوو لە ٢٠١٧دا بڕیارم دا بە تۆژینەوەیەکی ئەکادیمی بە ناوونیشانی: (جێ پەنجەی دڵدار و خانەوادەکەی لە سەر گۆڤاری گەلاوێژ) بەشداری لە سێیەمین کۆنفرانسی ناودارانی کۆیە لە یادی لە دایکبوونی دڵدار ١٩١٨ ـ ١٩٤٨ لە ساڵی ٢٠١٨دا بکەم، بە داخەوە بە پێی لێکدانەوەی ئەوسام و پەرۆشیم بۆ ئامادەکردن و پێداچوونەوە و چاپکردنی دیوانی (زەینەب خان ـ کچە کورد) ئەم هەلەم لە دەست چوو، بابەتی ئاماژە بۆکراو نەنووسرا، ئەگینا دڵنیام ئەوسا هەندێک ئاریشەی ئەو لایەنەم وا دەجوولاند، کەسانی دیکە تاوەکو ئێستە بیریان لێی نەکردووەتەوە، دوای چاپکردنی دیوانی ئاماژە بۆکراویش گرفت دوای گرفتم هاتنە پێش تا وای لێهات سەرزەنشتی خۆم بکەم و بڵێم ئەو هەوڵە خۆتڕێنانەم لە پای چی و بۆ کێ؟! بەڵام کاتێک هەندێک تێبینی وتاری ئاماژەبۆکراو، کە سەرنووسەری گۆڤاری دیوان لەبارەی دڵدار تۆماری کردبوون، سەرنجیان ڕاکێشام، بۆیە بڕیارم دا جارێکی دیکە بێمەوە سەر ئەو باسە، بەڵام بە داخەوە زۆر بە درەنگەوە کەوتمەوە سەر بەشێکی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانم، تا ١٨ ـ ١١ـ ٢٠٢٢ هێشتا هەندێکیانم نەکەوتوونەتەوە بەردەست، وا لێرەدا، بۆ ئەم مەرامەیشم سەرنجەکانی خۆم لەسەر چەند خاڵێکیان چڕ دەکەمەوە:

١ـ ئەوەی لە بابەتەکەی (سمکۆ عەبدولکەریم) مایەی تێبینی و سەرنجە، نووسەر هەوڵی داوە بگاتە چەند سەرەداوێکی گرنگ لەبارەی هەوڵ و تەقەلای نووسەری سروودی نیشتمانی (ئەی ڕەقیب) و ژیان و چالاکیی ئەو جوانەمەرگە و

توانای شاعیریتی و شوێن و پایەی بۆ کوردایەتی، وا لێرەدا منیش، زۆر بە خێرایی، ئەو چەند بروسکە تێبینی و ڕوونکردنەوانەی خۆمتان بۆ تۆمار دەکەم، ئەگەر کرا هەر یەکە و تیشکێکیشیان دەخەمە سەر:

* نووسەر لە دەسپێکی بابەتەکەیدا، هەڵوەستە لەسەر فتوای لێژنەی باڵای فتوای کوردستان و وەڵامدانەوەیان لە لایەن ژمارەیەک زانای ئایینی دەکات، کە لە بەرانبەر فتواکە بڵاویان کردووەتەوە، بە قسەی خۆی بۆ مەرامەکەیشی گەڕاوەتەوە سەر هەردوو چاپی دیوانی (دڵدار) ئەوەی ساڵی ١٩٦١[١] و ساڵی ١٩٧١[٢]ی چاپی چاپخانەکەی (گیو موکریانی)، وەکو لێیشم دیارە، نووسەر کۆمەڵێک بەدواداچوونی دیکەی کردووە و پرسیاری لەبارەی ئەم پرسە لەم و لەویش کردووە، یەکێک لەوانە د. کوردستان موکریانی بووە، گوایە (زۆر جار (گیو موکریانی)ی باوکی باسی ئەوەی بۆ کردووە کە وشەی (نیشتمان) لەو دووەم نیوە دێرەی، کە ڕەخنەی لێگیراوە، گوایە وشەکە (کوردستان) بووە و کراوەتە (نیشتیمان) بەمن با نووسەر بچووبایەوە سەر سەرچاوەکانی دیکە، بە نموونە لە کتێبی (گوڵچنی گیو)[٣]دا ئەم باسە بە شێوەیەکی دیکە خراوەتەڕوو، ئایا ئەوەیان ڕاستییەکەیە، یان ئەوەی لە دیوان تۆمار کراوە؟ بەتایبەتی کە هیچ ڕەقابەیەک ئەو ڕێگەیەی بە خۆی نەداوە دەسکاری هیچ دەقێک بکات، کاری سانسۆر ئەوەبووە مۆری قەدەغەی بڵاوکردنەوە لەسەر دەقەکە دابنێت! پاشان تەواوی شیعری (ئەی ڕەقیب) لە ساڵی ١٩٥٩دا لەبەردەست بووە، ئەوەتا تا ساڵی ١٩٧٣ دەقەکەی لە دووتۆی نامیلکەی (سروودی کوردی بۆ قوتابیان)[٤] بە هەمان شێوە لە نامیلکەی (سروود بۆ قوتابیان)[٥] و (سروودی نوێ)[٦]ش هەیە، هەر هەمووشیان (نیشتمان)یان داناوە نەک کوردستان، ئەوە بە چاوپۆشین لە جیاوازی چەند وشەیەکی نێو دەقی شیعرەکە لە دووتۆی ئەو سەرچاوانەدا.




بەنموونە: (نایرمێنێ، نایشکێنێ، زبان، زمان هتد) پاشان پاشوپێش و جێگۆڕکی لە دانانی دێرە شیعرەکان بە دوای یەکەوە هەیە، یان وشەی (هەر) کە (سمکۆ) وا ئاماژەی بۆ کردووە گوایە (کەسانێک هەر بە میزاج بۆ شیعرەکەیان زیاد کردووە) ئەوەتا بە بەراوردکردنی تەواوی ئەو چاپانەی ئەو شیعرەیان لە خۆ گرتووە، هەر یەکە و بە شێوەیەک نووسیویانەتەوە، بە نموونە، ئەگەر لە چاپی دووەمی گیودا وشەی (هەر) بە دەست نووسرابێت، ئەوا هەر لە زووەوە (عەزیز گەردی) دەقی دوو دێرە شیعرەکەی بەم شێوەیە نووسیوەتەوە:

***ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین***
***دینمانە، ئایینمانە، هەر کوردستان***

کەواتە: ئەو مامۆستایەمان هاتووە، لە پاڵ زیادکردنی وشەی (هەر) وشەی (دینمانە)ی لە جیاتی (دینمان)[٧] داناوە.

دیارە بەم دواییەش وشەی (هەر) لە (گوڵچنی گیو)ی کوردستان موکریانیشدا زۆر بە زەقی لە شیعری ئەی ڕەقیب دانراوە[٨] پاشان دەمەوێت

**“ ئەوەی لە بابەتەکەی (سمکۆ عەبدولکەریم) مایەی تێبینی و سەرنجە، نووسەر هەوڵی داوە بگاتە چەند سەرەداوێکی گرنگ ”**

سەرنجی پەیوەندیدارانیش بۆ لای هەردوو وشەی (کوردستان) و (نیشتمان) بۆ سەر وەزنی شیعرەکە ڕابکێشم، دڵنیام لەنگ و لۆری تێدەخات، ئەوسا نازانم پسۆران لە بارەی شێوەی گێڕانەوەکە بۆ (سمکۆ) و ئەوەی وەکو پەراوێز بۆ کتێبەکەی سەرەوە نووسیویە چ دەڵێن؟! فەرموون ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەی نێو دەقی وەرگێڕدراوی شیعرەکە بۆ سەر زمانی عەرەبی، کە لەژێر ناوونیشانی: (أیها الرقیب) قصیدة للشاعر النابغ المرحوم یونس رؤوف (دڵدار) لە لایەن (ووردی)[٩]یەوە بڵاوکراوەتەوە، وەکو دەبینن لە دوتۆیدا (نیشتمان) بە (الوطن) تۆمار کراوە:

***ایها الرقیب ان الشعب الکردي مازال حیا وخالدا!***
***لن یقهره حتی القدر والزمان!***

***

***من الذي یقول: بان الشعب الکردي قد قضی علیه؟***
***انه مازال حیا ولن تنزل رایته الخفاقة!***

***

***نحن احفاد (میدیا) و(کیخسرو) الخالدین***
***والوطن هو عقیدتنا ومبعث ایماننا***

***

***نحن ابناء اللون الدموی القاني والثورات***
***انظر الی ماضینا یشهد لنا بذلک***

***

***أن الشبیبة الکردیة قد استیقظت کالابطال***
***انها سوف تکتب کلمة الحریة بالدم الفوار***

***

***ان الشباب الکردي قد استیقظت کالابطال***
***سوف تکتب کلمة الحریة بالدم الفوار***

***

***الشباب الکردي متهئ للنضال ووثاب***
***انهم فدائیون، فدائیون، فدائیون افذاذ***[١٠]

* هەر لە بابەتەکەی ئەو ئازیزەمان، ئاماژە بۆ تێبینییەکی ژمارەیێک زانای ئایینی کراوە لەبارەی شیعرێکی دیکەی دڵدار، ئەمەش بە قسەی (سمکۆ)ی سەرنووسەری (دیوان) (بەمەبەستی زیاتر سەلماندنی بۆچوونەکانیان و بێ ئیمان نیشاندانی دڵداری شاعیر)[١١] بووە، ئەوەتا نیوە دێرە شیعرەکەیان بەم شێوەیە نووسیوەتەوە: (تۆ قیبلەمی دینمی خوامی بێگومان) هەر بەپێی بەدواداچوونی (سمکۆ) دیارە ئەو نیوە دێرەیان لە چاپی یەکەمی کتێبی (دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد) وەرگرتووە، هەر بەپێی بەدواداچوونە جوامێرانەکەی ئەو بێت، ئەم نیوە دێڕە لە چاپی یەکەم و دووەمی دیوانی دڵداردا وا نووسراوە: (تۆ قیبلەگاهی دڵی بێ گومان) لە کۆپلەیەکی دیکەی شیعرەکەشدا، لە هەمان ئەو دوو سەرچاوەدا، بەم شێوەیە هاتووە: (تۆ قیبلەگاهی منی بێ گومان) بەپێی بەدواداچوونی منیش بێت، ئەو کۆپڵەیەی زاناکان وەریان گرتووە، لە چاپێکی دیکەی (دیوانی دڵدار) هەر وەکو ئەوەی ئەوان نووسیویانە هەر واهاتووە، بەڵام ئەوەی مایەی سەرنج و تێڕامانە (د. مارف خەزنەدار) دەقی ئەو نیوەدێڕەی، بێ ئاماژەکردن و ناوهێنانی هیچ سەرچاوەیەک، هەر وانووسیوەتەوە، کەچی لە یەکەم سەرچاوەی ئەم شیعرەدا هەروەکو ئەوەی (گیو) نووسراوە، ئەوەی تێبینیش دەکرێت، وەکو دیارە (سمکۆ) درکی بەمە کردووە، لە دوا چاپی کتێبەکەی (عەبدولخالق عەلائەدین) ئەم نیوە دێرە بەم شێوەیە نووسراوەتەوە: (قیبلەمی ژینمی خواستمی بێگومان!) ئەوەی سەرنجیش ڕادەکێشێت، نووسەر لەسەر ئەم جیاوازییە، لێرەدا گلەیی لەو مامۆستایە دەکات، گوایە (هیچ پەراوێزێکی نەنووسیوە، دیاریش نییە بۆ وای کردووە و پشتی بە چی سەرچاوەیەک بەستووە؟) ئەوە بەچاوپۆشین لەوەی زۆر بە زیرەکی ئاماژەی بۆ ئەو کردووە، لە یەکەم دەقی بڵاوکراوەی شیعری (کوردستان) لە لایەن (ڕەفیق حیلمی)[١٢]یەوە، دەقەکە هەروەکو ئەوەی گیوە (سمکۆ)ش درکی بەوە کردووە کە ئەمیان دەقە تەواوەکەی شیعرەکەیە، کەواتە هەموو دەقەکانی دیکە، بەوەشیان کە یەکێتیی زانایان تۆماریان کردووە، هەموویان دەچنە خانەی هەڵەی چاپ و بێ سەروبەری نووسەرانی دواتر، جا بە مەبەست بووبێت، یان بە پێچەوانەوە. ئا لێرەدا قافی قسەکردنی منیش دێت، ئاماژەیەکی خێرا بۆ سیناریۆ هۆکارێکی ئەو دەستکارییە بکەم و بڵێم:

(ئەوەتا چاپی یەکەمی کتێبەکەی عەبدولخالق عەلائەدین بەردەستە، تا ئێستەش بووەتە سەرچاوە بۆ نووسینی کۆمەڵێک بابەت لە بارەی دڵدار و خانەوادەکەی، بەڵام نووسەری ئەم بابەت و دێڕانە، بە چاوپۆشین لەوەی ئەو کتێبە سەرچاوەی بابەتەکانی خۆیشی بووە، دەمێکە

“

دیارە بەم دواییەش وشەی (هەر) لە (گوڵچنی گیو)ی کوردستان موکریانیشدا زۆر بە زەقی لە شیعری ئەی ڕەقیب داڵنراوە

”

هەستی کـردووە، ئـەو مامۆستایە هەرچەندە سـەرچاوەی دەستی یەکەمی (دڵـدار)ی لەبەر دەسـت بـووە[١٣] بـەڵام نەیتوانیوە، یـان هـەوڵی نـەداوە، وەکـو پێویست هـەقی، خـۆی پێدات، ئەمەش لەبەر ئەم هۆکارانە:

یەک: عەبدولخالق عەلائەدین نەهاتووە هیچ کام لەو بابەتانەی لەبەر دەستی بوون، لەگەڵ دەقی هەمان بابەت بەراوردیان پێبکات، کە پێشووتر، شاعیر خۆی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ڕۆژگاری خۆی بڵاوی کردوونەتەوە، بە نموونە گۆڤاری گـەلاوێـژ و ڕۆژنـامـەی (ژیــن)ی سـەردەمـی پیرەمێرد، کە هەریەکە و چەند شیعر و نووسینێکی شاعیریان تێدا بڵاوکراوەتەوە.

دوو: ڕاستە چاپی دووەمی ئەو کتێبەی ناوبراو، کاتێک بڵاوکراوەتەوە ئامادەکارەکەی هێشتا لە ژیاندا بووە، بەڵام من ئاگادارم کەسێکی دیکە سەرپەرشتی چاپکردنەوەی کردووە، ئا لێرەدا دەڵێم، ئەوەی ئاسایی نییە، ئەو لە لای خۆیەوە هاتووە، جا بۆ هەر مەرام و مەبەستێکی خۆی بووبێت، هەندێک زیـادەی تێخستووە، دڵنیام بەیانی و دوو بەیانی، دوای خوێندنەوەی ئەو تێبینییەم، ئەوکەسە هەوڵدەدات نکوڵی لەو کارە نابەرپرسانە و نا ئەکادیمییەیانەی بکات، بەوەی ئەو پیاهەڵدانەی لە لایەن (د. موکەرەم تاڵەبانی) و (د. کەماڵ مەزهەر) بۆ کەسانی خانەوادەکەی دڵدار کراوە، هەر لە ئێستەوە دەڵێم ئەوە بە ناوی ئەوان کراوە، نەک ئەوان خۆیان نووسیبێتیان، دیـارە ئـەمـەش زێدەڕۆییـە بـەرانبـەر ئـەو دوو زاتـە و کـاری ئەکادیمییان، پاشـان بێی هیچ پاساوێک هاتوون دەستکاری (پێشەکی) چاپەکەی پێشووی (عەبدولخالق عەلائەدین)یان کردووە، بەوەی چەند زانیارییەکیان تێی خستووە، دڵنیام ئامادەکاری پێشوو، واتە (عەبدولخالق عەلائەدین) چاپی تـازەی کتێبەکە، خـۆی نـەیدیوە و ئەو زانیارییانەشی نەبووە، هەر کەسێکیش گومان بخاتە سەر ئەو شاهیدیەم، دەڵێم ئەوە هەردوو چاپی کتێبەکە، فەرموون بەراوردیان بکەن، ئەگەر (د. کەمال مەزهەر)یش لە ژیان نەمابێت شایەدیم بۆ بدات، دەڵێم شوکر (د. موکرەم تاڵەبانی) لە ژیاندایە! من خۆم لە کاتژمێر سێ و نیوی ڕۆژی چوارشەممەی ٢/ ١١/ ٢٠٢٢ سەردانیم کردووە، پرسیارم لێی کـردووە، گوتی: ئەوەی بە ناوی ئەو نووسراوە، ئەوە هەر ئاگای لێی نییە، نەیشی زانیوە دڵدار خوشکی هەبووبێت، ئەو تەنیا (دڵدار) و (مەجید)ی برای ناسیوە، کە ئەو برایەی کاتی خۆی ئیعتیرافی[١٤] لەسەر کردوون و بە گرتنی داون..

کەواتە، چ ئەوساو چ دواتر، ناکرێت مرۆ حیساب بۆ هەموو خەڵکانی دەوروبەری کەسێکی تایبەتی بە سەنگ و تەرازووی ئەو بکات، فەرموو ئەوە برازایەکی (دڵدار) بە ناوی (مەدحەت) لە سلێمانی بووەتە جەماعەتی (ملازم موحسین)[١٥] هەر لەو شارە سیخوڕێشی بەسەر ڕۆشنبیرانی ئەوسادا کردووە، کار بەوە گەییوە، کەسێکی وەکو (حەمە فەریق حـەسـەن) لە دانیشتنێکی نێوخۆیان لە بارەیەوە بڵێت:

***چاوت بزە وەک چاوی دز***
***گوێچکەت قووڵە وەک ڕەحەتی***
***خوا پێم نەگرێ تۆ نێرراوی!***
***ملازم ئەوەل مەدحەتی***[١٦]

> “
> **نە (عەلائەدین سجادی) و نە نووسەرانی دیکەی (گەلاوێژ) ئاگایان لە نەورۆزەکانی ساڵانی پێشووتر نەبووە**
> ”

* خاڵێکی دیکەی گرنگ کە (سمکۆ) لە بابەتەکەی لە بارەی ڕەخنەی (جیم) لەبارەی ڕاوبۆچوونی (ڕەفیق حیلمی) لە بارەی (دڵدار) وروژاندوویەتی، بەوەی گوتوویەتی: (جێگەی شک نییە کە دڵدار شاعیری عصری و ناوداری دوارۆژ ئەبێ) و ئەو کەسەیشی بە (جیم) ناوبردووە، بە کاکە سمکۆ و هەموو خوێنەر و توێژەران دەڵێم، ئەو کەسە (عەبدوڵڵا جەوهـەر)[١٧]ی ناسراو بووە، ئەویش برادەرێکی نزیکی (دڵـدار) بـووە، نووسین و بابەتیان، جا چ بە وەڵامدانەوەی یەکدی بووبێت، یان بە پاڵپشتی یەکدی بووبێت، لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (گەلاوێژ) و ڕۆژنامەی (ژین) هەن.

لەبارەی چۆنیەتی پەیوەندیشیان بە یەکدییەوە، (عەبدوڵڵا جەوهەر) خۆی بۆ (عومەر مەعرووف بەرزنجی) گێڕاوەتەوە:

(من و فائیق هوشیار و نووری شاوەیس سێی ناوەندیمان تەواو کرد و چووین بۆ کەرکووک، ئێمە لەوێ کەسمان نەئەناسی، سێ چوار ڕۆژی پێچوو، ڕۆژێکیان لە پشوویەکی دەرسەکاندا، ئێمە هەرسێکمان لە سووچێکەوە وەستابووین، بینیمان یەکێ لە قوتابییەکان بە ڕۆیشتنێکی خێرا

> **“ لە بابەتی (لە خادم ئەلسەجادەوە تا مارشی ئەی رەقیب)دا پێم سەیرە زانایەکی زمان و پێشڕەوێکی کوردایەتی وەکو (خەلیل خەیالی) کە هەم (ئەحمەدی خانی)ناس بووە و هەم (حاجی قادری کۆیی)ناس، بە تورک دانرابێت ”**

هاتە بەر دەممان و وتی: توخوا ئێوە لە کوێوە هاتوون؟ چونکە زانی ئێمە غەریبین، ئێمەش وتمان: وەڵڵا لە سلێمانییەوە، وتی: منیش وەک ئێوە لە غەریبییەوە هاتووم، من خەڵکی کۆیەم و کەس ناناسم، با ببین بە هاوڕێ)[١٨]. دواتر گوتی: (دڵدار لەو ئامادەییە «دارکەر»ی دامەزراند، هەر ئەویش دواتر بناغەی حزبی هیوای دانا).

* لەبارەی سروودەکەی (ئەی ڕەقیب) خاڵێکی دیکەی زۆر گرنگ، کە لای سمکۆ جێی سەرنجە، ئەو پێیوایە (ڕەفیق حیلمی) بەهیچ شێوەیەک ئاماژەی بۆ ئەم شیعرە نەکردووە، پێیشی وابووە لە هیچ کام لە ژمارەکانی گەلاوێژیش بڵاونەبووەتەوە، بە لای ئەویشەوە (ئەگەر ئەم شیعرە لەساڵی ١٩٤٠ نووسراوە، بۆیە یان ئەوەتا ئەم شیعرە لەم کاتەدا نەنووسراوە و زۆر درەنگتر نووسراوە، یان ئەوەتا هەتا ئەوکاتەی لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد وەکو مارش نەگوتراوە، هیچ سەدایەکی نەبووە) بە شێوەیەک لە شێوەکان، لە وتار و بابەتەکانی دواتری ئەو بابایەشمان ڕای ئەوها هەیە و باسی لێوە کراوە!


بەڵام ئەوەی من تێبینیم کردووە و دەمێکیشە کردوومەتە بەڵگەی حاشا هەڵنەگر لەسەر یەکلاییکردنەوەی ئەو مشتومڕەی ماوەیەک لەمەوبەر لە بارەی خاوەندارێتی ئاوازی سروودەکە لە لایەن (شێخ حوسێن بەرزنجی)یەوە لە ئارادا بووە، ئەوەتا ئەگەر سێ جار نەبێت، دوو جاران ناوی ئەم سرووده لە گەلاوێژ هاتووە، ئەویش لەو ڕیپۆرتاژە تێروتەسەلانی (عەلائەدین سجادی) ساڵ لە دوای ساڵ، لە ساڵانی ١٩٤٤ و ١٩٤٥ و ١٩٤٦، لە بارەی ئاهەنگی جەژنی نەورۆز لە بەغدا بڵاویکردوونەتەوە، لەم وتارانەدا زۆر بە ئاشکرایی ئاماژە بۆ ئەو سروودە کراوە، بە نموونە لە نێو لیستی پرۆگرامی ساڵی چوارەمی گەلاوێژدا، واتە لە ساڵی ١٩٤٤دا، ناوی سروودەکە وەکو گۆرانی میللی (ئەی ڕەقیب) لە لایەن لاوانەوە تۆمار کراوە[١٩] لە ساڵی پێنجەمیشدا وەکو گۆرانی لاوان (ئەی ڕەقیب) لە لایەن (شێخ حسێن بەرزنجی)یەوە تۆمار کراوە[٢٠] ئەوەی لە ساڵی ١٩٤٦یشدا زۆر سەرنج ڕادەکێشێت، وەکو مارشی نیشتمانی (ئەی ڕەقیب) لە لایەن لاوانەوە ناوی هاتووە[٢١].

دیارە نە (عەلائەدین سجادی) و نە نووسەرانی دیکەی (گەلاوێژ) ئاگایان لە نەورۆزەکانی ساڵانی پێشووتر نەبووە، بۆیە هێچ ڕیپۆرتاژێکی دیکە، لە بارەی ئەو بۆنە نەتەوایەتییە، لەسەر لاپەڕەکانی ئەو گۆڤارەدا بڵاو نەکراوەتەوە، بەڵام ئەوەتا ڕۆژنامەی (ژین) ئەو کەلێنەی بۆ پڕ کردووینەتەوە، بەوەی لەسەر لاپەڕەکانی ئەم ڕۆژنامەیەش ڕیپۆرتاژێکی تێروتەسەل بڵاوکراوەتەوە[٢٢].

هەروا بێتەوە، هەر لەبارەی سروودی (ئەی ڕەقیب) و ئەو تێکەڵ و پێکەڵییەی خراوەتە نێو دەقی شیعرەکە، لە پەراوێزێکی دوا چاپی کتێبەکەی (عەبدولخالق عەلائەدین) ئەوە نووسراوە: (لە دوایین دەست خەتەکەی دڵدار بەم جۆرەی خوارەوە نووسراوە: وکەس نەڵێ کورد مردووە کورد مردووە، زیندووە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان بەڵام چونکە شیعرەکە بە شێوەی سەرەوە بڵاوبۆتەوە بۆیە ئێمەش وامان هێشتەوە)[٢٣].

بۆ ئەمەشیان ئەم بیرەوەرییەی (د. فەیسەڵ عارەب بلباس)ی ئێستە و (وریا فەیسەڵ)ی حەفتاکانی سەردەمی کارکردنی لە چاپخانەی کوردستان و ڕۆژانی دووبارە چاپکردنەوەی ئەو شیعرە و (دیوانی دڵدار) وەکو خۆی ڕا دەگوازم: (جارێک دیوانی (دڵدار)مان چاپ دەکردەوە، کە گەیشتینە شیعری (ئەی ڕەقیب) کاک شێرزاد گوتی: مامۆستا ئێمە گوێمان لەو سروودە بووە و دێڕی (کەس نەڵێ کورد مردووە..) بەو شێوەیە نییە کە لێرەدا هاتووە و دووجار دووبارە نووسراوە(کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد مردووە...!). مامۆستا گوتی: ئەی چۆن دەیڵێن؟ کاک شێرزاد گوتی: دەڵێن: (کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە..). ئەوجا مامۆستا گوتی: دە وای بنووسەوە..!)[٢٤].

* لە بڕگەکانی سەرەوەدا ڕەخنەم لەوە گرتووە، کە (عەبدولخالق عەلائەدین) نەهاتوە نووسینە دەستنووسەکانی (یونس ڕەئووف دڵدار) لەگەڵ دەقی ئەو بابەتانەی ناوبراو بەراورد بکات، کە دڵدار خۆی پیشووتر بڵاویکردوونەتەوە، کە بەلای منەوە ئەمە هەڵەیەکی زانستییە، بەتایبەتی من نەک پێموایە، بەڵکو دڵنیام دەبێت توێژەران بابەتە بڵاوکراوەکانی هەر نووسەرێک بکەنە بنەمای سەرەکی توێژینەوەکانیان و لەگەڵ




دەستنووسەکان بەراوردیان پێبکەن، لەوانەیە بڵێین بۆ؟ منیش دەڵێم لەوانەیە نووسینە بڵاوکراوەکان لە لایەن نووسەر خۆیەوە، یانیش (سەرنووسەر) و (بەڕێوەبەری نووسین)ی گۆڤارەکە و هەرکەسێکی دیکە، لەوانیشە لەلایەن نووسەر خۆیەوە دەستکاری کرابێت، ئەوەتا ئەو نووسینانەی ناوبراو لە کتێبەکەی (دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد) دەبینرێن، جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ ئەوانەی دوتۆی گەلاوێژ هەیە، بە نموونە ئەو بابەتەی لە بارەی (لامارتین) نووسیویە جوایەزە و تەواوی دەقی شیعرێکی ئەو شاعیرەش لە (گەلاوێژ) بڵاوکراوەتەوە، کەچی (ع. عەلائەدین) بە لایدا نەچووە، ئەو نامەیەش کە بۆ (نەسرین)ی برازای نووسیوە و لە گەلاوێژ بڵاوکراوەتەوە، بەلای کەمییەوە، لاپەڕەیەکی ئامۆژگارییەکانی لەوەی دووتۆی کتێبەکە پترە، هەروەها ئەو نووسینەی لە بارەی (عومەر خەیام) بڵاویکردووەتەوە، لە (گەلاوێژ) زیادەیەکی زۆری لەخۆ گرتووە[٢٥].

جگە لەمانە بابەتێکی دیکەی بە ناوونیشانی: (نیشتمانپەروەریی ڕاست)[٢٦] لە هەمان گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوکراوەتەوە، وەکو بڵێی بیرۆکەی دڵدار نەبوبێت، یان ئەو نەینووسیبێت، بە تاقە دێڕێکیش ئاماژەی بۆ نەکراوە، ئەدی لەبارەی بابەتی (با بە هەڵە نەچین چاکە)[٢٧] چی بڵێین؟ کە ئەم بابەتەیان لە وەڵامی بابەتێکی (ڕەشید نەجیب) بە ناوونیشانی (نەختێکیش کۆنەپەرستی)[٢٨] نووسراوە، دوای ئەویش هەر یەک لە (موکەڕەم تاڵەبانی) و (عەبدوڵڵا جەوهەر) و کەسانی دیکە لەسەریان نووسیوە، لە سەرتاسەری ئەم کتێبە نە ناوی هاتووە و نە پەنجەیشی بۆ ڕاکێشراوە.

* شاعیران و نووسەران و بیرمەندان، بەردەوام ئامادەن گیانی خۆیشیان لە پێناوی گۆڕانکاری و ئەوانی دیکە ببەخشن، لە هەر شوێن و دەڤەرێکی ئەم دونیایە بن، لە پێناوی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەکەیان، دژی چەقبەستوویی، داوای گۆڕانکاری دەکەن، جا هەر کۆمەڵگە و بەپێی دونیابینی خۆیان، دیارە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا هەروایە، زۆر جار پارچە شیعرێک، یان دەقێکی ئەدەبیی دەنووسرێت، لێکدانەوەی وای بۆ دەکرێت، زۆر لە بابەتە ئەسڵییەکەوە دوورە، دیارە (دڵدار)ی شاعیریش لەم جۆرە دونیابینییەی کۆمەڵگەکەی خۆی بێ بەش نەبووە، لە ساڵی ١٩٤٥دا، کاتێک شیعری (لالەباس) بڵاودەکاتەوە، هیچ گومانی تێدا نییە کە (دڵدار) گرفتی هاتووەتە پێش (ع. عەلائەدین) لەم بارەیەوە نووسیویە: (لەسەر ئەم پارچە هەڵبەستە ژیانی دڵدار دەکەوێتە مەترسییەوە، بەڵام پیاوێکی دەسەڵاتداری ئەوسا بە کەین و بەینەکە دەزانێ و لێناگەڕێ تاوان ڕوو بدات)[٢٩]. هەر خوێنەرێک ئەگەر هەقی نەبێت بزانێت (دڵدار) بۆ ژیانی لەسەر ئەو پارچە شیعرە کەوتووەتە مەترسییەوە، دەبێت هەمووان هەقی ئەوەمان هەبێت بپرسین و بزانین ئەو پیاوە دەسەڵاتدارەی ئەوسا کێ بووە، وا لێنەگەڕاوە تاوان ڕوو بدات، ناوبراو ئەم لایەنەی بە کراوەیی هێشتووەتەوە، بەڵام نووسەری ئەم دێڕانە ئەوەتا هەر بە پاڵپشتی (دڵدار) خۆی و لە ژێر ناوونیشانی (شتێک کە پێویستە بنووسرێ) بۆی دەردەکەوێت ئەو شاعیرەمان خۆی نووسیویە:

(وا ئەگێڕنەوە کە ڕۆژێک کابرایێکی ڕەخنەباز گرەوی لەگەڵ دەکرێت گەر توانی ڕۆژێک ڕەخنە نەگرێ سەد لیرەی بدرێتێ و یا ئەبێ سەد لیرە بدۆڕێنێ، کابرا وای زانی کە زوبان گرتن زۆر سەهلە، لەبەر ئەمە بێ تێفکرین پەیمانی دا کە ڕۆژێک ڕەخنە نەگرێت. ڕۆژەکە هاوین بوو،

“ چەند بابەتێکی دیکە لە دۆسیەی ئاماژە بۆکراوی (دیوان) بڵاوکراونەتەوە، دەبوایە هەڵوەستە لەسەر ئەوانیش بکرێت، بە نموونە بابەتێکی (عومەر دزەیی) لە بارەی شیعرە باڵاکەی (خەندەکەیی بایی) ”

قرچەی نیوەڕۆ لە مووسڵ لەسەر دوکانێک دانیشتبوو کە تازە زاواییێکی جوولەکەی بەبەر چاوا تێپەڕی، بەم هاوینە لە ژێر کەوای تاقە و سەڵتەی چۆغە و عەبای ماهوی تک تک عارەقەی ئەڕشت. کابرای ڕخنەباز هەر ڕاست بووەوە و سەد لیرەکەی لە دەستی برادەرەکانی نا و گوتی : دۆڕاندم... باوکم ئەمە سەد لیرەکەم... و توخودا سەیرێکی ئەم کابرا جوولەکەش بکەن کە چۆن، چونکە تازە زاوایە، بەم گەرمایە زستانی لە خۆی بار کردووە. دواتر دەنوسێت:


(ئەم پەندە زۆر لە ژیانی ئێمەمانان دوور نییە، کەم کەس هەیە کە لەم ژیانەدا زوبانی خۆی پێ ڕابگیرێ هەر چەندێکی زۆر بە شادومەندییەوە بە هەموو بەخت کردنێ ڕازین، هەروا فێر بووین کە گلەیی قبووڵ بکەین و سەیری دواوە نەکەین، بەڵام زۆر بە پەرۆشەوە ئەڵێن کە ڕێککەوتە (صدفە) هەندێک شتی وامان بۆ ڕێک دەخا کە زۆر لە حساب دوور بێ. ئەمە بەسەر خۆمدا هات، ئەویش ئەو ڕۆژەی کە شیعری (لالە باس)م پێ دانا و ئەمەم تێدا گێڕایەوە کە چۆن (کێخوا کاکەسوور) کوڕی (لالەباس)ی کرد بە عەسکەر و لە کۆیە (ضابط) بە پاڵەپەستۆ (لالەباس)ی دەرکرد چونکە داوای بەو بەخشینی لێ کردبوو، لەو ڕۆژەدا کاک (حامد قادر) لە کۆیە نەبوو، خۆی ڕێیکەوتە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم شیعرە (کاک حامد) لە کۆیە (ضابط تجنید)ە، ئینجا ئێستا ئینسان بڵێ چی؟ کاک حامدێکی هەموو لایێکمان ئەیناسین لەم کردەوەی کە باسم بۆ کردن زانراوە کە چەند دوورە، بەڵام بۆ ئەو لە (گۆینە) لێرەدا لە سەرم پێویستە کە لە سەر حەقیقەت و ڕاستی بکەمەوە و لاوێکی دڵسۆزی وەک حامد لەم پەند و بالۆرەیە ڕزگار بکەم، ئەڵێم ئەوانەی کە حامد ئەناسن، ئەزانن کە ئەم باسە بۆ ئەو چ ئەساسی نییە، ئەوی کە ناشی ناسێ، ئەبێ بزانێ کە حامد شەخصێکە زۆر میسالي و بە هەموو مەعنای حوکمەوە لەم چەشنە ئیشانە دوور و هەر دوور بووە، بەڵام چاکي حامد مەعناي ئەمە نابەخشێ کە لە پێش ئەوا کارەساتي وا بەسەر پیرێکي ئوفتادەي وەک لالە باسدا نەهاتبێ)[٣٠].

* لە سەرەوە ئاماژەم بۆ ئەوە کردووە، دەبووا بابەتە ئۆرجیناڵە بڵاوکراوەکەی شاعیر بکرابووایە بنەما بۆ لێکۆڵینەوە، لێرەدا ئەوەش دەڵێم: وادیارە ئەمەش بەپێی سەرچاوەکە دەگۆڕێت، بە نموونە تەواوی شیعری (منداڵی هیوا) لە دووتۆی بابەتەکەی (ڕەفیق حیلمی) لە گۆڤاری گەلاوێژ شوێنی بۆ کراوەتەوە[٣١] کەچی لە هەمان کاتدا و لەلایەکی دیکەوە، ئەم شیعرە بە ناوونیشانی (منداڵی ساوا) بڵاوکراوەتەوە، جیاوازییەکی زۆریش لە نێوان هەردوو دەقەکە هەیە و فەرموون بۆ خۆتان بەراوردیان بکەن:

**منداڵی ساوا کولوکەی دڵان**
**تاقە نەشکفتەیی نێو باغی گوڵان**
**هەرچەندی سەیری سەر ڕووت دەکەم**
**گەردم لێ نەدیت نە زۆر و نەکەم**
**ئاییێنەکەی ڕووت وەک ئاسمانی پاک**
**ڕوونی کردبێت گزەنگی ڕووناک**
**تیشکی ئومێدی سەد دڵی تاری**
**لە مینای ڕووتدا ئەدا دیاری**
**من بە چێم زانی کە تۆ تیشکی ئومێدی**
**مزگینی خوازی ڕۆژی ئاو سیدی**
**سیوەیلی چاوی بریقدارت**
**ڕووناکی و پاکی وێنەی ڕووخسارت**
**خەندەی بەریئی سەر لێوەکانت**
**بە تایبەتی گشت شێوەکانت**
**بەڵێ پێشەنگی ئاهەنگ و شادین**
**ئاڵای بەرزی ڕۆژی ئازادین**
**گومانم نییە ڕۆڵەی هیوا تۆی**
**ئاودێری باغی گوڵی شەهلا تۆی**
**هیوام بە تۆیە ئەی تازە منال**
**بەیانی ببیەم ببیە گۆی میسال**
**ئەو وتارانەی کەوا بۆت دەکەم**
**لە یادت نەچن بیخەرە بەرشەم**
**پێت بڵێم شتێک کە لێت پەنهانە**
**نرخی پێکەنین هەردەم گریانە**
**جەنگە، هەرایە، ناوی ژیانە**
**تامێکی زۆر خۆش باری گرانە**
**هیچ وا نەزانی وەک ژینی ئێستا**
**ئەخۆی ئەنوی بێ غەم و بەلا**
**بەیانی هات و تۆ پێگەیشتی**
**چاوت کردەوە و لە ژین گەیشتی**
**ئەبینی (ژیان) چیای بەرزە**
**ڕێگە خوار و خێچ، پڕ ترس و لەرزە**
**گشتی کەند و لەند دەوەن و دارن**

“ شینی دڵدار) پارچە شیعرێکە، بە ماوەی پتر لە چوار ساڵ، لە دوای کۆچی دوایی (دڵدار) و بە ئیمزای خۆی بڵاوکراوەتەوە ”

پڕ لە دوڕندەی گۆشت خۆریی هارن
سەر ڕێگات هەمووی دانە و داوە
سەدی وەکو تۆی تێدا ژاکاوە
گیانەکەم ئەبێ تۆ لەم ڕێگایە
بڕۆیت بچیە ناو ئەم بەڵایە
ماندووبوونی ڕێ و عارەق بڕێژی
ئەم بەڵایانە یەک یەک بچێژی
بۆ ڕێی سەرکەوتن هەڵسی و پێشکەوی
چرا هەڵگری ڕێگای پێشڕەوی
نیشانی کوردی کەساس دەی هەتا
ڕێچکە ببەستن سا بێنە شوێنتا
چرای عیلم و فەن لە پێشا هەڵکەی
دەستم دامەنت ڕێگا ون نەکەی
ئەم وتارانەی کەوا بۆم کردی
لە یادت نەچن درشت و وردی
بە گوێرەی بڕۆی لە وەختی گەنجی
خاوەن ئامانج بە وەک هەنگ بڕەنجی
ڕاستگۆ بە لە ژین درۆ قەت نەکەی


لاپەرە ٥ ژین
فرمیسکی دلداری
شینی دلدار

دەقی شیعری (شینی دڵدار) لە ڕۆژنامەی (ژین) ژمارە ١١٤٧

**وەخت ئەڵماسە لە دەستی نەدەی**[٣٢]

* (شینی دڵدار) پارچە شیعرێکە، بە ماوەی پتر لە چوار ساڵ، لە دوای کۆچی دوایی (دڵدار) و بەم ئیمزایە بڵاوکراوەتەوە، لە ژێر ناوونیشانی (شینی دڵدار) و لە گۆشەی (فرمێسکی دڵداری) شوێنی بۆ کراوەتەوە، لە دامێنی پارچە شیعرەکەش ناوی - دڵدار - دانراوە، ئەوەندەی بیرم لێیی کردووەتەوە، نەمتوانیوە بڕیارێکی ڕاست و دروستی لە بارەوە بدەم، ئایا ئەوە شیعری دڵدارە، یان هی کەسێکی دیکەیە و ئەو ناوەی بۆ خۆی هەڵبژاردووە؟! بۆیە وا لێرەدا وەکوو خۆی دەینووسمەوە، کۆپی ڕۆژنامەکەشی لەگەڵ دادەنێم، با بزانین ئێوە چی دەڵێن:

دەمەوبەهارە وەنەوشە و گوڵان
دەبن بە میوان بۆ خاوەن دڵان
سەحرا و سەر زەمین تارای پۆشیوە
لە بارەی شەونم تێری نۆشیوە
کەچی خەزان هات بۆ گوڵزاری من
گەڵای هەڵوەران چڵ و داری من
گڕڕەی کوڵوڵیی مەرگی ناوادە
ژینی گوڵاڵەی تازە نەوسادە
نەخشەی پیرۆزی تافی جوانی
کرد بە نێچیر و نەیدا ئامانی
دوێنێ گوڵێ بوو لە باخی ژینا
گوڵاڵەی ئەرشت لە پێکەنینا
دڵی ئەیدا کوڵ بە خوێنی هیوا
بە باڵیی خەیاڵ دنیای ئەپیوا
کەچی ئێستاکە لە خاک چەسپیوە
ئەڵێی هەر نەبووە و کەسیش نەیدیوە
ئەی گوڕی بێ بەخت چاکی بزانە
کە تۆ ئێستاکە پەریت میوانە
ئەو دڵە پاکەی بە تۆ بڕاوە
دڵی گوڵێکە و لە خۆیش تۆراوە
ئێمە تەمامان وابوو بە بەهار
کە گوڵ و بولبول بگرێتە کەنار
نزیک بکاتەوە دۆستی لە دۆست دوور
ژووری تاریکی دڵ بکا بە نوور
کەچی لە جیاتی باڵای شۆخ و شەنگ
تەرمەکەی هێنا بێ گیان و بێ دەنگ
هیچ بڕوام نەبوو ئەو لەش و لارە
ئەو قژ لوولە خەندەی سەرزارە
ئەو کولمە ئاڵە ئەو باڵابەرزە

**"زۆربەی ئەو بابەتانەی لە سێیەم کۆنفرانسی ناودارانی کۆیە لە بارەی (دڵدار) پێشکەش کراون، ئەم جۆرە کەلێنانەیان تێدایە"**

> “ د. قارەمان لە بابەتی (بەشداری دڵدار لە پارت و کۆمەڵە سیاسییە کوردییەکاندا) ناوی (حزبی ڕزگاری)یەکەی کوردی و (حزبی تەحەڕوری وەتەنی) لە یەکدی جوێ نەکردووەتەوە ”

***ئەو چاوە جوانەی بۆ دێیتە لەرزە***
***مەرگی دڵ وەک بەرد ئەنێتە ژێر گڵ***
***تێکی ئەهاڕیی ئاواتی ناو دڵ***
***من نەمدەوێرا دیمەنی جوانی***
***باڵا و گەردن و برۆ و چاوانی***
***تێر تەماشاکەم بە چاوی برسی***
***تۆ پێکات بە تیر بۆچ وا بێ ترسی***
***دوعاخوازیی کا لە کەس وکاری***
***ڕازی دڵی خۆی باس کا بۆ یاری***
***کوێراییم دایێ بۆ جوانەمەرگی***
***کە جوانی و ژیریی کردبوو بە بەرگی***
***دڵ بەندی ئەوبوو خۆیش و بێگانە***
***ئەتوت ئەستێرەی گەشی ژیانە***
***کێیێ تر چەشنی تۆ ژیر و زانابێ***
***ڕووخۆش و دڵ باش تەواو دانابێ***
***بەڵام داخەکەم نەخشەی پیرۆزت***
***یادی دیمەنت دڵی دڵسۆزت***
***بوو بە کۆترێک و شەقەی دا لە باڵ***
***چووە پشت کێوی سامناکی خەیاڵ***
***داخێکی وای نا بە جەرگەی زارا***
***تلاوتل بدەم لەگەڵ شەوگارا***
***گریانی بێ دەنگ بکەم بە پیشە***
***بنچینەی جوانی دەرکەم لە ڕیشە***
***بەڵێن بێ منیش چەشنی گوڕیی تار***
***کە لەش و لاری تۆی بووە بە یار***
***ئاوا یادەکەت ئاراستەی دڵ کەم***
***یاد و دڵ بە جووت تەسلیمی گڵ کەم***
***ئەوجار وەفاکەت بکەم بە حەکەم***
***گوناهبار نەبم چ زۆر چ کەم***
***تا دڵگیر نەبێ دڵداری گیانیی***
***لێم نەیەتە قین شاە ژنی جوانیی***(٣٣)


* چەند بابەتێکی دیکە لە دۆسیەی ئاماژە بۆکراوی (دیوان) بڵاوکراونەتەوە، دەبوایە هەڵوەستە لەسەر ئەوانیش بکرێت، بە نموونە بابەتێکی (عومەر دزەیی) لە بارەی شیعرە باڵاکەی (خەندەکەیی بایی) بڵاوکراوەتەوە، ڕای وای لە بارەی (بەهیە فەرەجوولڵا) و نووسینی ئەو شیعرە تێدا هاتووە، دەبێت هەر بیخوێنییەوە لەبەر خۆت پێبکەنی، ئاخر دەمێکە من لێکۆڵینەوەم لەسەر ئەو دەقە کردووە، هونەرمەندی ناودار عومەر (دزەیی)یش خۆیشی پرسیاری لەو خانمە کردووە، ئەمیش بێ ئاگایی خۆی لە هەست و نەستەکانی (دڵدار) بەرانبەر بە خۆی کردووە، ئاخر ئەگەر بێت و هەر سووربین لەسەر پەیوەندی نێوان (دڵدار) و ئەو خانمە، دەکرێت بڵێین ئەوەیە (عوزر لە قەباحەت خراپتر)(٣٤).

لە بابەتی (لە خادم ئەلسەجادەوە تا مارشی ئەی ڕەقیب)دا کە (د. کەمال غەمبار) ئامادەی کردووە، پێم سەیرە زانایەکی زمان و پێشڕەوێکی کوردایەتی وەکو (خەلیل خەیالی) کە هەم (ئەحمەدی خانی) یناس بووە و هەم (حاجی قادری کۆیی)ناسیش بووە، بە تورک دانرابێت، ئەوە دەمێکە دەبینم چەندان ناوی ڕۆشنبیرانی کورد و تورک، بێی دیارکردنی هیچ سەرچاوەیەک ڕیز دەکرێن، گوایە مەلا ڕەئووفی خادم ئەلسەجادە دۆستایەتی نزیکی لە گەڵ ئەوانە هەبووە، دیارە ئەو ئاماژەیەش بێی دیارکرنی هیچ سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بووە، هەروەها (پ. ی. د. قارەمان نادر محەمەد)یش لە بابەتی (بەشداری دڵدار لە پارت و کۆمەڵە سیاسییە کوردییەکاندا) ناوی (حزبی ڕزگاری) یەکەی کوردی و (حزبی تەحەڕوری وەتەنی) لە یەکدی جوێ نەکردووەتەوە، ئەو ئاماژەیەشم هەروا بۆ وەبیرهێنانەوەیە، ئەگینا، نەک هەر ئەو بابەتانەی لەم دۆسیەیەدا بڵاو کراونەتەوە، بەڵکو زۆربەی ئەو بابەتانەی لە سێیەم کۆنفرانسی ناودارانی کۆیە لە بارەی (دڵدار) پێشکەش کراون، ئەم جۆرە کەلێنانەیان تێدایە، فەرموون هەر کەسێکی لەخۆی ڕادەبینێت، ئەوە عەرز و ئەوەش گەز.

### ئەنجام

لە ئێوارەی پێنجشەممەی ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/١٧وە، تا ماوەی دوو ڕۆژان، لەبەر کارەساتە جەرگبڕەکەی شارە جەیاتەکە، هەموو خەڵکی کوردستان برشتیان لەبەر برابوو، قسەو قسەڵۆکی ڕاگەیاندنەکان و گۆتە گۆتی ئەم و ئەویش سەربار، من بۆ خۆم وام لێهات دەستم ئیش نەگرێت، تەنانەت هاتمە سەر ئەو بڕوایەی ئەم بابەتەشم بۆ تەواو نەکرێت، دواتر جەرگبڕی ڕووداوەکە کارەساتی (١)ی شوباتی ٢٠٠٤ی بیر هێنامەوە، بیرم کردەوە، کوردەواری وا ڕاهاتوون، لە دوای شکست و لێقەومان ئینجا دەست لە ناو دەستی یەکدی دەنێن، گوتم: ئێ ئەوە خوایە، بەڵکو بە هۆی ئەم کۆستەوە ئەم جارەش دەست لەناو

دەستی یەکدی بنێن، بۆیە لای خۆمەوە سوپاسی خوام کرد، لە شەوی ١٨/ ١٩ تا بەیانییەکەی توانیم، بەشێکی دیکەی لایەنی ژیانی دڵدار و چالاکییەکانی بۆ خستنە بەر دید و بۆچوون و ڕوانینی ئێوە تۆمار بکەم، بەڵام هێشتە بە مەرامی خۆم نەگەیشتووم، چونکە زۆر لایەنی دیکە مابوو هەڵوەستیان لەسەر بکرێت، بە نموونە: ئەو کتێبێکی بە ناوی (الزنبقة البیضاء)ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، کاتی خۆیشی پێشکەش بە (ڕەفیق حیلمی) کردووە، هەروەها هەندێک شیعر و نووسینی دیکەشی هەن لێرە و لەوێ پەرش و بڵاوبوونەتەوە، هیچ کام لە دیوانەکانی هەموویانی بەسەر یەکەوە لەخۆ نەگرتووە! ئەو دەستنووس و بەرهەمانە و هی دیکەش ئێستە وا لە بنکەی ژین بەردەستن، کە ئەمانەشیان، پێش دوو ساڵێک، هەردوو هاوکارمان (سدیق ساڵح) و (مەجید ساڵح) لە (ژین ڕەفیق حیلمی) وەریان گرتوون، ئەو ڕۆژەی ئەو کەرەستانە گەیەنرابوونە بنکە، بیرمە من زوو بەسەریاندا ڕاگەیشتم، هاوکارمان (ڕەفیق ساڵح) چاکەی لەگەڵ کردم و هەموویانی بۆ بەسەرکردنەوە خستە بەردەستم، ئەو شەوە لە بنکە ڕۆژم کردەوە، تا بەیانی زۆربەیانم تاوتوێ کرد، هەروا بێتەوە، ئەوانە هەمووی بەردەست بوون بۆ کار لەسەرکردن، کەچی لەولاوە، دوای ڕەخنە و تێبینییەکانی (سوداد ڕەسوڵ) لە سیمیناری ئەکادیمیای کوردی، هەستم کرد وا لە کارکردنی زیاترم لەسەر ئەو خانەوادەیە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەلپم پێدەگیرێ و بەربەستم دەهێنرێتە پێش، دواجار کار بەوە گەیشت پێم بگوترێت: (... با سەری خۆی بدا لە بەرد؟!) ئێستە تێگەیشتووم، ئەوەی لە پشت ئەو کارانەوەیە، ڕاستە کەسێکی ئەوەندە زیرەکە، من زۆرم خۆش دەویست و زۆر بە کوێرانەش بڕوام پێی هەبوو وڕێزیشم لێی دەگرت، ئەوەش خیلقەتی منە، لە پێناوی هەندێک مەهامی باڵا بۆ میللەتەکەم، چاوەکانم لە هەموو کەم و کوڕییەکانی بەندەی (ان النفس لامارة بالسوء) پۆشیوە، بەڵام بەم دواییە، لە خۆڕایی نییە، ئەو کەسەم وەکو ئەوەیان دێتە پێش چاو، دەرزی لەسەر نووکەکەی ڕادەگرت، کاتێک بردیانە لای پاشا، گوتیان ئەوە کارێکی وادەکات، ئەویش گوتی: سەد دیناریبدەنێ و سەد داریشی لێ بدەن، لە پاشایان پرسی: ئەوە


پێشکەشی
گەورەم جنابی رفیق حلمی بەگ

تێگەیشتین سەد دینارەکە لەبڕی خەڵاتەکەێتی؟ ئەی سەد دارەکە لە پای چییە؟ پاشاش گوتبووی: سەد دارەکەش، هەقی ئەوەیە، ئەو توانایەی خۆی بەم شتە پڕوپووچانەوە بە فیڕۆ دەدا، ئەو بابایەی ئێمەش وا دەزانی ئەو خەڵکە لە پشت بەردی کەڕ نووستووە، لەولاوە وێنەیەک و لەولاوەش نووسین بە ناوی ئەم و ئەوەوە، دەشڵێت ناوم مەهێنن، ئەوەشیانم وەکو ئەوەی بێوەژنەکە دێتە بەرچاو، لەگەڵ چەند گەنجێک ڕێکەوتبوو کاری دروونەی بۆ بکەن، هەر یەکە و سێوێکی دابوونێ و پێیشی گوتبوون لای کەس باسی مەکەن! لە کاتی دروونەکردن، پێیی دەگوتن بە غولامی لاوی سێو لە باغەڵێ بم، هەر کەسە وای دەزانی ئەوە لەگەڵ ئەویەتی، بێ ئاگا لەوەی من لاو نیم و پێویستم بە سێوی بێوەژنانیش نییە؟!

ڕۆژی ٢٠٢٢/١١/١٩ (نازم دڵبەند) دەعوەتی کۆڕێکی حاکم (پێشڕەو)ی کردم لەبارەی قسەکردن لەسەر بۆچوونی ئەوانەی بە نەرێنی لەسەر دیوانی زەینەب خان (کچە کورد)یان نووسیوە، لە ساڵۆنی لاپەڕە (٩)ی ڕاگەیاندنی یەکێتیی، زوو هەستم کرد، ئەوە تەپکە و داوە بۆ من دانراوە، تا بمهێننە قسەکردن، بەتایبەتی دوای بڵاوکردنەوەی هەواڵی ئەوەی گوایە من لە بۆچوونەکانم، لە بارەی ئەو ژنە پەشیمان بوومەتەوە، چەند مانگێک لەمەوبەر ئەو هەواڵەیان

**“ ڕەخنەم لەوە گرتووە، کە عەبدولخالق عەلائەدین نەهاتوە نووسینە دەست نووسەکانی (دڵدار) لەگەڵ دەقی ئەو بابەتانەی ناوبراو بەراورد بکات ”**

لە سەر زاری سەرۆکی زانکۆی کۆیە (د. وەلی)یش بۆ گێڕابوومەوە، نازمیش لەکاتی پێشکەشکردنی کۆرگێڕەکەی هەر شتێکی وای بە ڕووی ئامادەبوواندا چرپاند، دوای ئەوەی پێشڕەو قسەی خۆی کرد و باسی حەماسەتی منی، لەسەر ئەو دیوانە و ئەو ژنە، لە کاتی کۆنفرانسی دڵدار کرد، واپێدەچوو زۆربەی قسەکانی لەسەر ئەو وشەو دەستەواژانەی دووتۆی ئەو دیوانە بوو، کە دوو ساڵێک، کەمتر، یان زیاتر، لە لایەن د. سەروەر و سوداد ڕەسووڵ، بەم دواییەش کەسانی دیکە، لەو دیوانە گیرابوو و دەگیرێ، بێ ئاگا لەوەی ئەوانە هەموویان لای من ئاسایین، پێیشموایە هەر ئەو ڕەخنانە بوون، کە خۆیشم حەزم کردووە بە هەردوو دیووە قسەی لەبارەوە بکرێت، وەکو پێشبینیم کردبوو، داوەکە بۆ من بوو، لەوێش بە ڕاشکاوی قسەی خۆم کرد، لە ڕاستیدا هەندێک خەمی خۆم، بە بادا کرد، لەم لایەنەوە سوپاسیان دەکەم، بەڵام خەمە گەورەکە لە بارەی ئەوانەیە، پەیڕەوی (کوچک لە ئاگر گەرمتر) دەکەن، ئەوەبو چەند نوقرچەیەکم لەم بارەوە لێدان.

لە پەراوێزی ئەو کۆڕەدا، لەگەڵ حاکم پێشڕەو باسی زەینب خان و بەشداریکردنی لە کۆنگرەی ئافرەتانی عەرەب هاتە ئاراوە، ئەو پێیوایە (د. سانحە ئەمین زەکی) باسی (١٠) لە ئافرەتانی عێراق وەکو بەشداربووی ئەو کۆنگرەیە دەکات و تەنیا ناوی (٩)یانی تۆمار کردووە، گوایە لەبەر ئەوەیە، ئەو وای بۆ چووە دەیەمین ئافرەتی بەشداربووی ئەو کۆنگرەیە (زەینەب خان) بووە، لەم بارەوە هیچی دیکەتان بۆ نانووسم و دەڵێم فەرموون، ئەوەش باسی چۆنیەتی بەستنی ئەو کۆنگرەیە و ناوی ئەو (١٠) ئافرەتەی بەشدارییان تێیدا کردووە:

(وفي تشرين الاول عام ١٩٣٨ عقد أول مؤتمر نسائي عربي بدعوة من السيدة هدى شعراوي لنصرة القضية الفلسطينية وقد اعتبر ذلك عملا كبيرا في تلك الفترة. شارک في هذا المؤتمر وفد نسائي عراقي من أربعة أعضاء (الانسة صبيحة ياسين الهاشمي، مفتشة في وزارة المعارف ورئيسة الوفد والانسة رفيعة الخطيب مدرسة في دار المعلمات في بغداد والسيدة ماري وزير والانسة منيبة عبداللطيف ثنيان مدرسة في دار المعلمات في بغداد) وفي بداية المؤتمر انتخبت صبيحة الهاشمي رئيسة للمؤتمر ورفيعة الخطيب سكرتيرة ومنيبة ثنيان مساعدة وماري وزير مراقبة. لقد طرح الوفد العراقي في المؤتمر فكرة تشكيل تنظيم نسوي عربي موحد للمنظمات النسائية العربية، وتأسيس منظمات نسائية في البلدان التي لاتوجد فيها منظمات نسوية، وقوبلت الفكرة وكلفت السيدة هدى الشعراوي لمتابعة الموضوع وفي ختام الجلسة أنشد الجميع نشيد السجن وجاء في مطلعه:

***يا ظلام السجن خيم***
***أننا نهوى الظلاما***
***ليس بعد الليل الا***
***مجر مجد يتسامى***

وقي كانون الاول ١٩٤٤ انعقد المؤتمر التأسيسي للاتحاد النسائي العربي وحضره وفد نسائي عراقى متكون من عشرة أعضاء:

١ـ السيدة نظيمة تحسين العسكري ممثلة جمعية الهلال الاحمر ورئيسة الوفد.
٢ـ السيدة مائدة الحيدري عن جمعية الهلال الاحمر.
٣ـ السيدة زهرية الجوربجي عن جمعية الهلال الاحمر.
٤ ـ السيدة مليحة ابراهيم فضلي عن جمعية الهلال الاحمر.
٥ـ السيدة ماري كونت أصغر عن جمعية الهلال الاحمر.
٦ـ الانسة عفيفة رؤوف ممثلة وزارة المعارف وعضوة في رابطة نساء العراق.
٧ـ الانسة سانحة أمين زكي ممثلة وزارة الشؤون الاجتماعية.
٨ـ الانسة سرية الخوجة ممثلة حماية الاطفال.
٩ـ الانسة نزهة غنام عن جمعية اخوات الحرية.
١٠ـ الانسة روز خدوري ممثلة جمعية بيوت الامة.

بۆ زیاتر بەرچاوڕوونی خوێنەران و توێژەران، ئەو ناوەی زنجیرەی حەفتەم بە (الانسة) ناوی تۆمار کراوە، دیارە دەبوایە بە (السيدة) بووایە، بەڵام وەکو خۆی گێڕاویەتییەوە، ئەو لە یەکەم ڕۆژی گەڕانەوەی لە مانگی هەنگوینی، زۆر لە ناکاو ئەو دەعوەتەی بۆ هاتووە، لە ڕۆژانی کۆنگرەکەش، هەروەکو تازە بووک پیرۆزبایی لێکراوە، هەروەها ئەو خانمە کچی (ئەمین زەکی سلێمان)ە نەک کچی (ئەمین زەکی بەگ)ی

مێژوونووسی ناسراو، ئەوەی سەیرە، لەم ڕۆژانەدا، لە کەناڵێک بە ناوی (٧ ڕۆژ) بە چاوی خۆم بینیومە، باسی ئەو خانمەیان وا دەکرد گوایە کچی (ئەمین زەکی بەگ) بوو بێت.

بەهەر حاڵ، من لەو ڕۆژانـەی زانکۆی کۆیە خەریکی کۆنفرانسی هەقە بـوو، بـەدوای (سـەلاحی ئاشتی)دا چووبوومە کۆیە، تا لەوێوە بیهێنمە هەولێر، لە وەختی نانی نیوەڕۆ، ڕووبـەڕووی د. وەلی بوومەوە، زۆر بە ڕووی خۆشەوە قسەی لەگەڵ کردم و پرسیاری ئەوەی لێکردم، گوایە مـن دڵگران بـووبم و ئێستەش لـەوێ چی دەکـەم؟ دیارە ئەو پرسیارەی لەبەر ئەوەبوو من بەشداری دیدارێکی زانکۆکەم بە ناوی (دایە زەینەب) نەکردبوو، بیرمە گوتم: نەخێر من دڵگران نیم، بەڵکو تورەم، لەبەر ئەو دیدارەی بە ناوی (دایە زەینەب) لە زانکۆکەتان ساز کراوە، ئاخر نابێت دەزگایەکی ئەکادیمی خۆی لە کاری وا بدات بناغەکەی لە سەر خەیاڵ و قسەی بازاڕی هەڵچنرابێت، ئەو کتێبانەی بەم دواییە لەبارەی ئەو خانمە دەرچـوون، زۆربەی ناوەڕۆکەکەیان قسەی هەڵبەستراون و پێویستیان بە هێنانەوەی بەڵگەیە، دوای ئەو قسەیە دەستی گرتم و بەرە و لای خۆی ڕایکێشام تا بچین بە یەکەوە چایەک بخۆینەوە و قسە بکەین، دیاربوو کۆمەڵێک میوان دەورەیان لێ دا و لەگەڵیی کەوتنە قسە، نە ئەو جارێک لە منی پێچاوەتەوە، نە منیش بەدوایدا چوومەتەوە.

---

**پەراوێزەکان:**

(١) دیوانی دڵدار، چاپخانەی کوردستان، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٥٧٢ی کوردی.

(٢) دیوانی دڵدار، چاپخانەی کوردستان، چاپی دووەم، هەولێر ٢٥٨٢ی کوردی/ ١٩٧٢.

(٣) گوڵچنی گیو، کۆکردنەوەی گیو موکریانی، بژارکردن، ڕێکخستن، ساخکردنـەوە و زێـدەکردنـی: کـوردستـان موکریانی، بەرگی یەکەم، هەولێر ٢٠١٩.

(٤) سـروودی کـوردی بۆ قوتـابیـان، لـەژێر چاودێری (مەحموود خـەزنـەدار)دا چاپ کـراوە، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی پـەروەردە و زانـیاری شـاری سلێمانی، چاپخانەی ژین ـ سلێمانی ١٩٥٩. (لەسەر بەرگی دەرەوە و ناوەوەی نووسراوە: بە ڕەزامەندی ڕەقابە چاپ کراوە). سـروودی کوردی بۆ قوتابیان، نـووری عەلی ئەمین، لە بڵاوکراوەکانی نەقابەی مامۆستایان لقی سلێمانی، ژمارە (٣) چاپخانەی کامەران ـ سلێمانی ١٩٦٠. (ئـەم نامیلکەیان لە بەرگی نـاوەوەدا هەمان ناوونیشانی نامیلکەی سـەرەوەی هەیە، لەسەر بەرگی دەرەوەشـی نـووسـراوە: سـروود بۆ قوتابیان، ئـەوە بە چاوپۆشین لە ساڵی چاپ و ئامادەکار و بڵاوکراوەیان لە دەقەکانی سروودەکەی (ئەی ڕەقیب) لە هەردوو نامیلکەکەدا وشـەی (نایشکێنێ) دانراوە).

(٥) سروود بۆ قوتابیان، کۆکردنەوەی: عومەر عەولڕەحمان خاوەنی کتێبخانەی سلێمانی، لە سەر ئەرکی کتێبخانەی سلێمانی ـ عومەر عەدولڕەحمان، کتێبخانەی گەلاوێژ ـ عومەر مەعرووف چاپ کراوە۔ چاودێری لە چاپدانی: کاکە مەم بۆتانی، ساڵی ١٩٧٣. چاپخانەی کامەرانی ـ سلێمانی ١٩٧٠.

(٦) سروودی نوێ بۆ قوتابیان، کۆکردنەوە و چاپکردنی: محەمەد عارف خاوەنی کتێبخانەی زیوەر لە سلێمانی لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی زیـوەر، چاپخانەی کامەرانی ـ سلێمانی ١٩٧٠.

(لەم چاپەیاندا پێچەوانەی نامیلکەکانی پێشوو دەستەواژەی ـ دانەری تۆپی زەمان لەبری ـ دانەیی تۆپی زەمان ـ دانراوە).

(٧) بڕوانە: (دڵدار)ی نیشتمانپەروەر، نووسینی (ڕاوچی)، برایەتی (ڕۆژنامە) ژمارە (٣٩) خولی چوارەم، چوارشەممە ٢١ / ٢ / ١٩٧٣، ل ل ٦، ٧.

(٨) لە دەقی شیعرەکەی (ئەی ڕەقیب) و لە کتێبی (گوڵچنی گیـو)دا، کە د. کوردستان ئـامـادەی کـردووە، لە بـارەی وشـەی (کـوردسـتـان) و (نیشتمان) نـووسـراوە: (لـە نێو دەستنووسەکەی خۆیدا ئەم وشەیە کوردستان بووە، نەک نیشتمان، لە کاتی وەرگرتنی مۆڵەتی چاپکردنیدا وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی بەغدا کوردستانی بە نیشتمان گۆڕییەوە، چونکە ماوەی چەند ساڵێک وشەی کوردستان لە نێو داودەزگاکانی چاپەمەنی و ڕاگەیاندن بە ڕادەیەک قەدەغە کرابوو، هەتا نێوی تایبەتی منیشی گرتبووەوە. کوردستان ١٧/ ٣/ ٢٠١٥).

(٩) صوت الاكراد، العدد (٤١) السنه الاولى، ١٢ تشرين الاول ١٩٦، ص ٣.

(١٠) بۆ تەماشاکردنی ئۆرجیناڵەکەی بڕوانە ئەو پڕۆژەیە: صوت الاكراد ـ دەنگی کورد ٩ی شوبات ـ ٢٥ی تشرینی دووەمـی ١٩٦٠(ڕۆژنـامــە)، گـردوکـۆ، سـاغـکـردنـەوە و ئـامـادەکـردن: عـەبـدوڵـڵا زەنـگـەنـە، پـڕۆژەی هـاوبـەش، ئەکادیمیای کـوردی ـ دەسـتـەی ئینسکلۆپیدیای پارتی

دیموکراتی کوردستان، ٢٢ی نیسانی ٢٠٢٢.
(١١) بە پێویستم نەزانیوە لێرەدا، بە مەبەستی ئاماژەپێکردن وەک سەرچاوە، ناوی گۆڤاری دیوان و نووسەری بابەتەکە زۆر دووبارە بکەمەوە.
(١٢) (سمکۆ عەبدولکەریم) دەقی بابەتەکەی (ڕەفیق حیلمی) لەم ژمارەیەی گۆڤاری (گەلاوێژ)ی ژمارە (٩)ی ساڵی چوارەمی ئەیلوولی ١٩٤٣بینیوە، بەڵام من هاتووم لەگەڵ دەقی کتێبە چاپکراوەکەیشی بەراوردم کردووە.
(١٣) عەبدولخالق عەلائەدین، وەکو خۆی دەڵێت، دەستنووسی بەرهەمەکانی دڵداری لە (مەجید ڕەئووف) وەرگرتووە و چاپی کردوونەتەوە.
بڕوانە: دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، نووسینی عەبدولخالیق عەلائەدین، بە یارمەتی ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان لە چاپ دراوە، چاپ: دار افاق عربية للصحافة والنشر، ١٩٨٥.
(١٤) لە ٢٠١٨دا، (عەبدولکەریم شێخانی) ئەو زانیارییەی بە نامەیەک بۆ ناردبووم، بەڵام من ئەوەندە بایەخم پێی نەدا و نەمخستە دووتوێ ئەو لێکۆڵینەوەیەی بۆ دیوانی زەینەب خان (کچە کورد) نووسیبووم.
هەروا بێتەوە بۆ چاپی دووەمی کتێبەکەی (عەبدولخالق عەلائەدین)، ئاگام لە دابینکرنی (٥٠٠٠) دۆلاری هەقی ئەو چاپەش هەیە.
(١٥) ئەفسەرێکی دەروون ناجێگیری ڕیزەکانی سوپای عێراق بووە، لە مەنزوومەی ئاسایشی عێراق کاری کردووە، بە ناشیرینترین شێوە خەڵکی سلێمانی چەوساندووەتەوە، هەندێک دەڵێن فەڵەستینی بووە، هی دیکەش دەڵێن باوکی خەڵکی خوارووی عێراقە و دایکیشی خانەقینی بووە، لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، وەکو کۆمەڵێک گەنجی دیکەی عێراق، بە کورد و عەرەب و نەتەوەکانی دیکە، ئەویش چووەتە فەڵەستین، لەوانەیە تا ئێستەش لە ژیاندا بێت.
(١٦) ئەو کۆپلەیە چەند جاران (عومەر مەعرووف بەرزنجی) بۆی گوتوومەتەوە، ئەوەبوو لە ڕۆژی ٢/ ١١/ ٢٠٢٢ بەتایبەتی چوومەتە سلێمانی و لەسەر زاری ناوبراو تۆمارم کردووە. بە قسەی ئەویش بێت، ئەو ملازمە هەر چەندە زمانی کوردی باش زانیوە، بەڵام هەر بە عەرەبی قسەی کردووە، ڕۆژێکیان، دوای گەیشتنەوەی بۆ هەولێر، هەر لەوێ کوژراوە.
(١٧) عەبدوڵڵا جەوهەر: ناوی تەواوی (عەبدوڵڵا کوڕی تۆفیق ئاغای کوڕێ سلێمان ئاغای مێوڵێ)یە، لە ساڵێ ١٩٢٠ لە دایک بووە، هەردوو قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە سلێمانی بڕیوە، دواتر چووەتە کەرکووک و ئامادەیی تەواوکردووە، هەر لەوێ و لە تەک یونس ڕەئووف دڵدار و هاوڕێکانی دیکە بەشداری دامەزراندنی کۆمەڵێ نهێنی (دارکەر) بووە، لە ١٩٤١ لە موتەسەرفێتی سلێمانی بە کاتبی خەزێنە دامەزراوە، لە ١٩٤٥ گوستراوەتەوە مەعاریفی سلێمانی، لە ساڵی ١٩٥٨ براوە بۆ ئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆ، لە ١٩/ ١١/ ١٩٦٤ خانەنشین کراوە. ناوبراو لە ساڵی ١٩٣٨دا نامیلکەیەکی بە ناوی (ئاوات) لە چاپ داوە، کە کۆمەڵێک شیعر و پەخشان و بابەتی وەرگێردراوی لە خۆ گرتووە، بەمەشەوە حکومەت دەستی بەسەردا گرتووە و ڕێی نەداوە بڵاوبێتەوە، هەروەها ناوبراو یەکێکیش بووە لە دامەزرێنەرانی (کاژیک)، ئێوارەی ڕۆژی سێشەممەی ڕێکەوتی ١/ ٦ / ١٩٨٢ بەهۆی نەخۆشی پەنجەشێری گەدە کۆچی دوایی کردووە، بە ڕەبەنی ژیاوە و چەند دەستنووسێکیشی لەپاش بەجێماوە. بۆ وردەکاری دیکەی ژیانی و چالاکییەکانی، بڕوانە: عەبدوڵڵا جەوهەر کێیە؟ ڕۆڤار، ژمارە ٧٤.
(١٨) لە ڕۆژی ٢٢/ ١١/ ٢٠٢٢دا، لە چاپخانەیەکی بەر دەرکی سەرای سلێمانی، تەواوی ئەو دەقەم لەسەر زاری (عومەر مەعرووف بەرزنجی) لای خۆم تۆمار کردووە.
(١٩) بڕوانە: جەژنی نەورۆز، عەلائەدین سجادی، گەلاوێژ (گۆڤار) ژمارە (٤) ساڵی (٥) نیسانی ١٩٤٤، ل ل ٤٢ ـ ٤٨.
(٢٠) بڕوانە: جەژنی نەورۆز، عەلائەدین سجادی، گەلاوێژ (گۆڤار)، ژمارە (٤) ساڵی (٦) نیسانی ١٩٤٥، ل ل ٤٢ ـ ٤٦.
(٢١) بڕوانە: جەژنی نەورۆز تازە بە تازە نەو بە نەو، گەلاوێژ (گۆڤار)، ژمارە (٤) ساڵی (٧) نیسانی ١٩٤٦، ل ل ٤١ ـ ٤٤.
(٢٢) بڕوانە: ئاهەنگی نەورۆز، بە قەڵەمی ئاگادارێک، ژین (ڕۆژنامە) ژمارە ٧٠٢ی ڕۆژی پێنجشەممەی ڕێکەوتی ١ی نیسانی ١٩٤٣، ل ٢.
ئەو کەسە ئاگاداری هەواڵەکەی گەیاندووە و ڕیپۆرتاژەکەی نووسیوە، (فائیق هۆشیار)ی کچەزای (پیرەمێرد) بووە.
من لە ٢٢ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠دا، بە تایبەتی بۆ وەرگرتنی ژمارە (٢)ی ڕۆژنامەی (دەنگی کورد) لە (ئارام ساڵح)ی بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتی چوومەتە کۆیە، بۆ ئێوارەکەیشی هەر لەوێ بەشداری کۆڕێکی (محەمەد ساڵح بەرزنجی)یم کردووە لە بارەی (شێخ حوسێن بەرزنجی) وەکو ئاوازدانەری سروودی (ئەی ڕەقیب) هەڵبەتە لەوێ قسە و ڕای جیاوازی زۆر هاتنە بەرباس، لە نێو ئەوانەدا (ڕەهبەری سەید برایم) لە هەموان پێداگرتر بوو، گوایە (عەبدولمەجید قوتب) ئاوازی ئەو سروودەی دانابێت، ئەوەبوو هەر لەوێ، منیش وەکو دەڵێن پارچە بەڕەیەکم خستە مزگەفتێ، بۆ پاڵپشتی بۆچوونەکەی خۆیشم، ئاماژەم بۆ ئەو ژمارانەی سەرەوەی گۆڤاری گەلاوێژ کرد، دیاربوو

ئەوەندە بایەخ بە بۆچوونەکەم نەدرا، یان قسەکانم بەهەند وەرنەگیران، هەرچی منم ئەو هەڵوێستەی ئامادەبووانم لە دڵ نەگرت، ورەشم بەرنەدا، بۆیە دواتر لەبارەی ئەم پرسە لەسەر کنە و پشکنینەکانی خۆم بەردەوام بووم، ئەوەبوو دوای چەند مانگێک، کەوتمە سەر هەواڵی ڕاست و دروست، بەوەی دڵدار و ناوبراو دوو بە دوو، ئەویان وەک خوێندکاری حقوق و هەڵبەستوانی (ئەی ڕەقیب) و (شێخ حوسێن بەرزنجی)یش لە کۆلێژی فەیصەڵ، وەکو مولەحین لە ماڵی (بورهان و جەلال)ی کوڕانی (حامید بەگی جاف) لە گەڕەکی ئەعەزەمییە، لە ئاهەنگی نەورۆزی ١٩٤٣دا ئامادەبوونە، ورد و باریکی ئەم هەواڵەش لە ڕۆژنامەی ئاماژەبۆکراو بڵاوکراوەتەوە، دیارە من تاوەکو ئێستە لە هیچ شوێنێک ئەو بەرهەمەی ماندووبوونی خۆم تۆمار نەکردووە، هەر ئەوەندەیە زوو هەواڵەکەم بە (محەمەد ساڵح بەرزنجی) و (ڕەهبەری سەید برایم) گوتووە، هەردووکیشان خۆشحاڵ خۆیان بەم هەواڵە نیشاندا، لە هەمان کاتدا ئەوەی دواییان داوای کۆپی ڕۆژنامەکەی لێکردم، بەو مەرامەی شتێکی لەم بارەوە لەبەر دەستە و دەیەوێت لە بارەی ئەم پرسەوە قسەی خۆی بکات، منیش فۆتۆی ڕۆژنامەکەم بۆی ناردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچی دیار نییە، منیش تا ئەم ساتە و نووسینی ئەو چەند دێڕە بە بێدەنگی ماومەتەوە.

(٢٣) بنوارە: عەبدوڵخاڵق عەلائەدین، هەمان سەرچاوە، چاپی دووەم، ل ٢٤١.

(٢٤) بنوارە: فەیسەڵ عارەب بلباس، بیرەوەرییەکانم لە چاپخانەی کوردستان لەگەڵ مامستا گیوی موکریانی، هەولێر ٢٠١٩، ل ٣٨.

جگە لەمە، لە هەموو چاپەکانی (دیوانی دڵدار) بەوەی گیو موکریانی و هەردوو چاپی ئاماژە بۆکراوی عەبدولخالق عەلائەدین، دوا چاپی ئەو دیوانەش لە لایەن هەر یەک لە ڕەمەزان حەمەدەمین و سەنگەر نازم، برگەی (زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان) کە لەنامیلکەکانی سروودی قوتابیاندا واهاتووە، کراوە بە (زیندووە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان).

ئەمەش ناوونیشانی ئەو دوا چاپەیانە: دیوانی دڵدار، ئامادەکردن و ڕێکخستن و پەراوێزدانانی: ڕەمەزان حەمەدەمین و سەنگەر زرار، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی سۆفیا ـ کۆیە، چاپی یەکەم ٢٠١٩.

(٢٥) بۆ بەراوردی ئەم بابەتانە، یەک لە دوای یەک، بڕوانە: لامارتین، گەلاوێژ (گۆڤار) ژمارە ٧ ـ ٨، ساڵی ٣، تەمموز و ئابی ١٩٤٢، ل ل ٣٦ ـ ٤٨.

نامەیێک، گەلاوێژ (گۆڤار) ژمارە ١١ ـ ١٢، ساڵی ٣، تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ١٩٤٢، ل ل ٦٢ ـ ٦٦.

عومەر خەیام، گەلاوێژ (گۆڤار) ژمارە (١)، ساڵی ٤، کتنوونی دووەمی ١٩٤٣، ل ل ٣٤ ـ ٣٨. ژمارە (٢) ساڵی ٤، شوباتی ١٩٤٣، ل ل ١٨ ـ ٢١.

(٢٦) بڕوانە: (نیشتمانپەروەری ڕاست)، گەلاوێژ (گۆڤار) ژمارە (٢) ساڵی ٥، شوباتی ١٩٤٥، ل ل ٦٢ ـ ٦٦.

(٢٧) بڕوانە: (با بە هەڵە نەچین چاکە!) کۆیە: یونس ڕەئووف، گەلاوێژ (گۆڤار) ژمارە (٥)، ساڵی ٨، مایس ١٩٤٧، ل ل ٤٦ ـ ٥٠.

(٢٨) بڕوانە: (نەختێکیش کۆنەپەرستی) ڕەشید نەجیب، گەلاوێژ (گۆڤار) ژمارە (٣)، ساڵی ٨، مارت ١٩٤٧، ل ل ٢٣ ـ ١٧ ب.

بۆ ئاگاداری تۆژەران، لە ناوونیشانی دووتۆی گەلاوێژ (تەختەکێشی....) نووسراوە، لە دامێنی وتارەکە ئەم هەڵەیە ڕاست کراوەتەوە.

(٢٩) بڕوانە: عەبدولخالق عەلائەدین، هەمان سەرچاوە، چاپی یەکەم.

(لە چاپی دووەمی ئەم کتێبەدا ئەو پەراوێزە ڕامگواستووە، بە هەڵە نووسراوەتەوە).

(٣٠) بڕوانە: (شتێک کە پێویستە بنووسرێ) کۆیە: دڵدار، گەلاوێژ (گۆڤار) ژمارە (١)، ساڵی ٨، مایس ١٩٤٦، ل ل ٤٦ ـ ٤٧.

(٣١) بڕوانە: ڕەفیق حیلمی، لاپەڕەیەک لە بەرگی دووەمی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی) دڵدار «یونس ڕەئووف» گەلاوێژ (گۆڤار) ژمارە (١٠)، ساڵی ٤ تشرینی یەکەمی ١٩٤٣، ل ل ١٥ ـ ٢٣.

(هەموو سەرچاوەکانی بەردەست، دەقی ئەو شیعرەیان لە خۆ گرتووە)

(٣٢) بۆ خوێندنەوەی تەواوی ئەو دەقەیە، بڕوانە: ژێن (ڕۆژنامە) ژمارە (٧١٨)ی پێنج شەمووی (١٢)ی ئاغستۆسی ١٩٤٣، ل ٤.

(٣٣) بڕوانە: ژین (ڕۆژنامە) ژمارە ١١٤٧، ساڵی ٢٨، پێنج شەمووی ٣٠ی نیسانی ١٩٥٣، ل ٥.

(٣٤) من بە ماوەی ساڵێک بەر لە بڵاوکردنەوەی ئەم دۆسیەیەی گۆڤاری دیوان، بابەتێکم بە ناوونیشانی: (تۆ بڵێی (دڵدار) شیعری (خەندەکەی بایی) بۆ کێ نووسیبێت؟!) بڵاو کردووەتەوە، بەپێی لێکدانەوەی وردم بۆ ئەو شیعرە، لەوێدا ڕەتم کردووەتەوە هێچ پەیوەندییەکی بە (بەهیە فەرەجوڵڵا) هەبووبێت، لە هەمان کاتدا، لە بارەی دەقی شیعری خەندەکەیی بایی، ئەوەیشم سەلماندووە، ئەو دەقەیەی لە (گەلاوێژ) بڵاوکراوەتەوە، ئەوە ڕاستترین و باوەڕپێکراوترینیانە.

بڕوانە: ڕامان (گۆڤار) جووت ژمارەی ٢٨١/ ٢٨٢، خولی چوارەم، ساڵی بیست و چوار، ٣/ ٤/ ٢٠٢١.

# کەس لە ماڵەوە نەبوو پێشوازیی لێ بکات



ئازاد ئەرگوشی

دەمەو ئێوارە بوو، ئومێد بە هێمنی دەرگەی ژوورەکەی کردەوە. خێزانەکەی لە تەنیشت دوو کچەکەی ڕاکشابوو. کاتێک چاوی بە پیاوەکەی کەوت بە ئاماژەی دەست تێی گەیاند منداڵەکان خەویان لێ کەوتووە. بە هێمنی لە شوێنی خۆی هەستا و لە ژوورەکە چووە دەرەوە. لەگەڵ پیاوەکەی چوونە ناندینەکە.

ئومێد گوتی: چرا گیان، جانتاکەم ئامادە بکە، دەبێت هەر ئێستە بگەڕێمەوە بارەگە.

خێزانەکەی بە نیگەرانییەوە گوتی: بەڵام هێشتە دوو هەفتە لە مۆڵەتەکەت ماوە، خێرە بۆ کوێ دەڕۆی؟

ئومێد گوتی: هەر ئێستە فەرماندەکەم تەلەفۆنی بۆ کردم، وەکوو دیارە دیسان سەر و کەللەی داعش لە ناوچە پەیدا بووە، ئێستە هەموو هێزەکان لە ئامادەباشیدانە، ئەوانەی وەکوو منیش مۆڵەتیان تەواو نەبووە پێویستە بە زووترین کات بگەڕێنەوە سەر پۆستەکەی خۆیان. ئێستە سەیارە دێت بە شوێنما، دەستوبردبە، با دوا نەکەوم.

چرا گوتی: کەواتە، هەر دەبێت بڕۆی.

ئومێد گوتی: دەڵێی بڕوام پێ ناکەی.

چرا گوتی: چۆن بڕوات پێ ناکەم گیانەکەم، بەڵام تازە ئەوە دوو ڕۆژە گەڕاویتەوە، باشە ئەگەر منداڵەکان پرسیاری تۆیان لێ کردم، چ وەڵامێکیان بدەمەوە؟

ئومێد باوەشی بە خێزانەکەید کرد و گوتی: ئەوەندەی من چراخان بناسم، دەزانێت چۆنچۆنی چرای ماڵەکەم بێت، دڵنیام چرای ماڵەکەشم وەڵامێکی پێیە بۆ منداڵەکانم، وانییە گیانەکەم؟

چرا بە پێکەنینەوە زللەیەکی لە ئومێد دا و گوتی: ئەگەر ئەو زمانەت نەبووایە چت دەکرد.

چرا خەریکی ئامادەکردنی جانتای هاوسەرەکەی بوو، ئومێدیش خەریک بوو خۆی دەگۆڕی جلوبەرگی سەربازیی لەبەر دەکرد.

زۆری نەخایاند چرا بە جانتاکەوە هاتە لای ئومێد، جانتاکەی دایەوە دەستی و گوتی: ئومێدگیان، دەزانی یەک پشکە نەفتمان نەماوە، دوێنێش لە ماڵی دراوسێمان هێناوە.

ئومێد گوتی: ئەی گوێت لێ نەبوو لە تەلەفزیۆن گوتیان سبەینێ نەفتەکە دابەش دەکرێت. منیش بەرمیلەکەم ئامادە کردووە.

چرا گوتی: بەڵام دەترسێم هاتنی نەفتەکەش وەکو هاتنی مووچەکە بێت، گوتیان یەکی مانگ دابەش دەکرێت، کەچی تا ئێستە دابەش نەکراوە.

ئومێد بە پێکەنینەوە گوتی: کچێ چراخان، حکومەتمان ساوایە هەر وادەبێت، گەشبین بە، دڵنیا بە سبەینێ نەفتەکە دابەش دەکرێت.

چرا بە زەردەخەنەوە گوتی: تۆ قەت واز لە فشە و گاڵتەکانی خۆت ناهێنیت، بیر لەوە ناکەیتەوە ژیانی ئەو منداڵانە چۆن چۆنی بەڕێوە دەچێت.

ئومێد بە بڕوا بە خۆبوونەوە گوتی: ئەوەندەی من بزانم چرای ماڵەکەم هەرگیز ناهێڵێت ئاگری وەجاخەکەم بکوژێتەوە، من جۆتە کۆترەکانم داوەتە دەست

شێرەژنێک، شێرەژنیان گوتووە نە گاڵتە.

چرا بە گاڵتەپێکردنەوە گوتی: واز لە پانکردنەوە بێنە، پێم بڵێ بۆ ئەمشەو چ بکەم، نەفت لە کوێ

دابین بکەم؟

لەو کەین و بەینەدا پاسەکە گەیشتە بەر دەرگەی ماڵەکەیان، هۆڕنەی لێدا. ئومێد خێرا جانتاکەی هەڵگرت و پێڵاوەکانی لە پێکرد و تەماشایەکی خێزانەکی کرد، گوتی: ئەو شێرەژنەی من دەیناسم بۆ ئەم شەویش چارەیەک دەدۆزێتەوە. لە بیرنەکەی جووتە کۆترەکانم سپاردووەتە دەست تۆ گیانەکەم، زۆر ئاگاداریان بە.

پێش ئەوەی ئومێد دەرگەی حەوشەکە بکاتەوە چرا خۆی گەیاندێ، گوتی: خێرە ئەوەندە بەپەلەی، پێشتر قەت ئەوەندە بەپەلە نەبوویت.

ئومێدی دەستی خێزانەکەی گرت و لە چاوە نیگەرانەکانی ڕوانی، ئەوجا ماچێکی لە لێوەکانی کرد و گوتی: نیگەران مەبە زوو دەگەڕێمەوە، تۆ بەس مشوری منداڵەکانت بخۆ، ئاگاداربە سەرمایان نەبێت.

ئومێد لە خێزانەکەی جیابووەوە، سواری پاسەکە بوو. چرا تا پاسەکە بە تەواوی لە کۆڵانەکە دەرچوو، چاوی لەسەر هەڵنەگرت. بە ون بوونی پاسەکە لەبەر چاوان ئەویش گەڕایەوە لای منداڵەکانی، هشتە لە خەودا بوون. تەماشایەکی سۆپەکەی کرد. نیوەی کەمتر نەفتەکەی مابوو، دەیزانی ئەگەر ئەوها بڕوات سۆپەکە لە بێ نەفتی دەکوژێتەوە. دەبووایە کارێک بکات.

چرا لە ماڵەوە خەمی چارەسەرکردنی کێشەی بێ نەفتی دەخوارد، ئومێدیش لە ناو پاسەکەدا نیگەرانی بێنەفتی ماڵەکەیی بوو. ئومێد لە دۆخێکدا بەرەو سنوور دەڕۆشت کە زۆپای ماڵەکەی خەریک بوو لە بێنەفتی دەکوژایەوە. دەبووایە پێش ئەوەی بێت کارێک بکات، ئەگەر چی دۆخەکە چاوەڕواننەکراو بوو، بە دەستی ئەو نەبوو دەبووایە بگەڕێتەوە بارەگاکەی. لە لایەکیش دڵخۆش بوو لەوەی خێزانەکەی لە دۆخەکەی تێدەگات، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دڵگەرمییەک بوو بۆ ئومێد.

ئومێد بە زەردەخەنەیەکی تاڵەوە دەستی بردە گیرفانی، وێنەیەک لە گیرفانی دەرهێنا و لێی ڕوانی، وێنەی هاوسەر و دوو کچەکەی بوو، دوای ماچکردنی وێنەکە دووبارە گەڕاندییەوە شوێنی خۆی. ئومێد هەمیشە لە کاتە سەختەکاندا هیوای بە خێزانەکەی بوو. دەیزانی وەکوو هەمیشە چارەیەک بۆ ئەم کێشەیەش دەدۆزێتەوە، تەنانەت ئەگەر پێویست بێت دەڕۆزەیش دەکات! بەڵام هەرگیز ناهێڵێت جووتە کۆترەکانی سەرمایان ببێت. سەرەڕای ئەوەی دڵی ئومێد لای ژن و منداڵەکانی بوو بەڵام ئەوەندە بڕوای بە دڵسۆزی و خەمخۆری خێزانەکەی بوو بڕیاری دا چیدی بیر لەو بابەتە نەکاتەوە. تا دەگاتە بارەگەکەی، لە ناو پاسەکەدا سەرە خەوێک بشکێنێت.

چراش باش دەیزانی هەموو پشتگەرمی ئومێد لە بەڕێوەبردنی ماڵەوە بە ئەوە. سەرەتا بیری لەوە کردەوە دیسان بۆ ئەم شەو بڕواتە لای کێ داوای نەفتی لێ بکات. دەستی دایە دەبە نەفتەکە. لە ناو حەوشەکە چاوی بە مەنقەڵێک کەوت. بیری لەوە کردەوە ئەگەر نەفتیشی بەدەست نەکەوت دەتوانێت بەو مەنقەڵە و ئەو ڕەژووەی لە ژێرزەمینەکەدا هەیە بۆ گەرم کردنەوەی ژوورەکە بە کاری بێنێت، ئەو شەو ژوورەکەی پێ گەرم دەکاتەوە تا سبەینێش خوا کەریمە. منداڵەکان لە دوای نان خواردنی نیوەڕۆ لەگەڵ باوکیان خەریکی یاریکردن بوون. ئەوەندە لە سەر شان و ملی باوکیان هەڵبەزین و دابەزین کە لە پەل و پوو کەوتن، ماندوو و شەکەت خەویان لێکەوت. چرا، وای بە باش زانی پێش ئەوەی منداڵەکانی لە خەو هەستنەوە بە دوای دابینکردنی نەفتەکەدا بکەوێت. خێرا دەبە نەفتەکەی هەڵگرت و ڕۆیشتە دەرەوە. لە کۆڵانەکەدا وەبیری هاتەوە ماڵی برادەرێکی لە سەری کۆڵانەکەیانە، وای بە باش زانی ئەم جارە بڕواتە لای داوای یارمەتی لێ بکات. هێشتا چرا چەند هەنگاوێک لە ماڵەوە دوور نەکەوتبووە دەنگی ئۆتۆمبێلێک لە دواوە وەخۆی هێنایەوە. چرا ئاوڕی دایەوە، ئۆتۆمبێلێکی مۆدێل باڵا، لەوانەی کە هەموو کەسێک ناتوانێت هەیبێت، مەگەر خوا پێداوەکان نەبێت! کاتێک سەیارەکە بە تەواوی لێی نزیک کەوتەوە، شوفێرەکە جامی سەیارەکەی هێنایە خوارەوە. لە تەنیشتی چرا ڕاوەستا. پیاوەکە بە حەسرەتەوە گوتی: خۆزگە تۆم ئەوها نەبینیبا.

چرا دەنگی پیاوەکەی ناسییەوە، موچڕکە بە لەشیدا هات. پێش ئەوەی چرا مێرد بە ئومێد بکات خاوەن دەنگەکە ڕکابەری ئومێد بووە لە گۆڕەپانی خۆشەویستیدا، هەرچەند چرا هەر لە سەرەتای ئەم ڕکابەرایەتییەدا دڵی خۆی پێشکەش بە ئومێد کرد بوو. بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە سەرەنجامی ئەو خۆشەویستییە بە کوێ دەگات. چرا، لەو بڕوایەدا بوو، ئەگەر خۆشەویستی ئومێدی بەدەست بێنێت، دەتوانێت بەسەر هەموو کێشەکاندا زاڵ بێت. چاک لە بیری بوو، کاتێک پیاوەکە لێی پرسی: باشە پێم ناڵێی تۆ مێرد بەچی ئەوە پیاوەت دەکەی؟ ئەو زەڵامە نانی شەوی نییە بخوات، هەمیشە هەشتەکەی لە گرەوی نۆیەکەیدایە، وەرە پێڵاقە لە بەختت مەدە، بەخت جارێک ڕووت تێدەکات. بەڵێنت پێدەدەم ژیانێکت بۆ دابین بکەم کە ئەو زەڵامە لە خەونیشدا نەیبینیوە.

چرا، لە وەڵامی پیاوەکەدا گوتی: خۆشەویستی گشت بۆشاییەکانی ژیانی مرۆڤ پڕ دەکاتەوە.

پیاوەکە، بە گاڵتەپێکردنەوە گوتی: دەی با بزانم ئەو خۆشەویستییەی کە تۆ باسی لێوە دەکەی چۆن چۆنی بۆشایی ئەو دەبە نەفتە پڕدەکاتەوە؟ ئێستە ناچاری بۆ دابینکردنی دوو سێ لیتر نەفت لە بەر دەرگەی دەر و دراوسێ دەرۆزەیی بکەیت. چەندم پێ گوتی وەرە مێردم پێ بکە، لە نێنۆکی پێت تا تەوقی سەرت دەیکەم بە زێڕ، کەچی هەر بە قسەت نەکردم، هەر لەسەر زۆڕنایەکەی خۆت بەردەوام بۆیت.

چرا، خەریک بوو لە نیگەرانی دەبورایەوە، ڕووداوەکە چاوەڕوان نەکراو بوو. لەو ساتەدا هیچ وەڵامێکی پێ نەبوو. لەڕاستیدا توانایی قسەکردنی نەبوو. بێ ئەوەی سەری بەرز بکاتەوە خێرا خۆی گەیاندە ماڵەوە. دەرگەی حەوشەکەی توونـد لـە دوای خـۆی پێوەدا. پاڵی بە دەرگەکەوە نا. بۆ ساتێک چاوەکانی داخست. ویستی یەک بە دەنگی خۆی هەوار بکات، بەڵام هیچ دەنگێک لە قوڕگی دەرنەچوو. کەوتە هەناسەبڕکێ. هەر چۆنێک بوو خۆی گەیاندە ژوورەوە، سەرەتا چووە ناندینەکە و چەند قومە ئاوێکی خاواردەوە. گشت گیانی ئارەقەی کردبوو. دەتگوت لە ژێر دۆشی حەمامەوە دەرچووە، بە هەر کوڵەمەرگییەک بوو خۆی گەیاندە لای کچەکانی، کە هێشتا لە خەودا بوون. ئەویش لە سەر جێی درێژ بوو. بەتانیەکەی هێنایە سەر دەموچاوی، پڕ بە دڵ دەستی کرد بە گریان. چرا لە دەروونەوە ڕووخابوو. قەت ئەوها هەست بە بێدەسەڵاتی خۆی نەکردبوو. سەرەڕای ئەوەی کە کابرا گاڵتە بە هەست و سۆزی کردبوو، نیگەرانی دیشی هەبوو، کە وەکو خورە کەوتبووە گیانی. بیری لەوە دەکردەوە ئەگەر یەکێک لە دراوسێیەکان، یان ئاشنایەک چاوی بەو دیمەنەی ناو کۆڵانەکە کەوتبێت، باشە ناڵێن ئەو پیاوە کێیە چرا لەگەڵی ڕاوەستاوە؟ دەبێ چ پیوەندییەک لە نێوانیاندا هەبێت؟ بەتایبەتی ئەوانەی ئاگاداری ڕابردوویان، لەکاتی خۆی کابرا لەهەر دەرگەیەکی دابوو نەیتوانی بوو دڵی چرا بەدەست بێنێت، سەرەنجام مێردی بە ئومێد کرد. پیاوەکە لەو پێشبڕکێیەدا بەرانبەر بە ئومێد دۆڕاندبووی. کەواتە، هیچ بیانوویەک نەماوە، بۆ ئەوەی ئەو پیاوە دیسان خۆی لە چرا نزیک بکاتەوە. بەڵام ئایا دەر و دراوسێ ئەوها بیر دەکەنەوە، کێ دەزانێت چی لە نێوان ئەو و پیاوەکە ڕوویدا؟ ئایا خەڵکەکە ئەو ڕاستییە دەزانن کە چرا لە ترسان توانای قسەکردن و تەنانەت هەناسەدانیشی نەبوو، ئەی ئەگەر خێر خوازێک تەنانەت بە پەیامێکی کورت بە ئومێد بڵێتن (لە کەوێ نوستووی کوڕی باش وا خۆشەویستەکەت لەگەڵ ڕکابەرەکەی پێشووت....)

نا، نا، شتی وا نابێت، ئەگەر خوا نەخواستە شتێکی واش ڕووبدات، دوور نییە ئومێد دڵپیسیم لێ بکات.

چرا، بۆ ماوەیەک گریا. هەرگیز بیری لەوە نەدەکردەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان تووشی ڕووداوێکی لەم چەشنە ببێت. بە گریان کەمێک قورسایی سەر دڵی کەم بووەوە، فرمێسکەکانی سڕییەوە و لە ژێر بەتانیکەی هاتە دەرەوە. لەوەی کە گومانی لە ئومێد کردبوو هەست بە شەرمەزاری دەکرد، وایزانی تاوانێکی گەورەی ئەنجامداوە. کاتێک چاوی بە وێنە هەڵواسراوەکەی ئومێد کەوت، دەستێکی پێدا هێنا و چەند جار داوای لێبوردنی لێ کرد. ئەوجاش ئەو هەڵوێستەی چرا ئارامشی پێ نەبەخشی، وەکو بڵێی یەکێک لە دەروونەوە لێی دووبارە دەکردەوە خێرخواز زۆرن کێ دەڵێت کابرا خۆی بۆ تۆڵە سەندنەوە، یان ناحەزێکی دی، ئەم داڵغە ترسناکانە لە مێشکی چرادا دەهاتن و دەچوون.

چرا، بە نیگەرانییەوە تەماشایەکی منداڵەکانی کرد. کەمێک لە ڕوخساری منداڵەکانی وردبووەوە، بە بینینی ڕوخسارەکەیان هێز وتوانایەکی وەبەر هاتەوە. هەستایە سەرپێ و خێرا خۆی گورج و گۆڵ کردەوە، لە ئاوێنەوە تەماشایەکی سیمای خۆی کرد. لەبەر خۆیەوە گوتی: ئەوها جووتە کۆترەکانی ئومێد دەپارێزی، گەڕایە دواوە تەماشای وێنەی هاوسەرەکەی کرد و گوتی: ئەمڕۆ ڕکەبەرەکەی تۆم بینی، دڵی بە دەستکورتی من خۆش بوو، قسەی خۆمم پێ دەفرۆشتەوە، دەیگوت: (دەی با بزانین ئەو خۆشەویستییەی تۆ چۆنچۆنی بۆشایی ئەو دەبە بەتاڵە پڕ دەکاتەوە، ئەی ناڵێی خۆشەویستی هەموو بۆشاییەک لە ژیاندا پڕ دەکاتەوە) بە گیانی تۆ، سوێند بە چاوە جوانەکانت ئەو بۆ تۆڵە سەندنەوە هاتبوو، بەڵام دڵنیابە بۆی دەسەلمێنم خۆشەویستی ئێمە چەند بەهێزە. ئومێد گیان جووتە کۆترەکانت هێز و توانام پێ دەبەخشن، وام لێدەکەن بەرگەی هەر جۆرە سەختییەک لە ژیاندا بگرم، تۆ خەمی هیچت نەبێت، تەنیا ئاگاداری دوژمن بە، نامەوێ سارا و یارا لە ئاوارەیی و دەربەدەری گەورە ببن.

چرا، لە سارا و یارا نزیک کەوتەوە، ویستی بڕواتە دەرەوە کە هەردووکیان خەبەریان بووەوە. یەکەم پرسیاریان ئەوە بوو: باوکمان لە کوێیە؟

چرا وەکوو هەمیشە کچەکانی لە باوەش گرت و گوتی: باوکتان تەلەفۆنی بۆ کرا، پێویستییان پێ بوو، ناچار بوو بڕواتەوە.

سەرەتا منداڵەکان نەچوونە ژێر بار و دەستیان کرد بە گریان. داوای باوکیانی دەکرد، بەڵام کاتێک دایکیان پێیانی

گوت: ئەی باوکتان فریشتەی باڵدار نییە، ئەو فریشتەیەی بە هانای منداڵانەوە دەچێتن، یارمەتی منداڵان دەدات، ئەی چەند شەو پێش داواتان لێ نەکرد بڕوات یارمەتی دنکە هەنار بدات. دنکە هەناری لە دەست زڕدایکەکەی ڕزگار بکات. ئەوە باوکتان چووە بۆ ڕزگار کردنی دنکە هەنار.

منداڵان بە بیستنی ئەو هەواڵە زۆر خۆشحاڵ بوون، یەک بەدەنگی خۆیان هەواریان کرد هەربژی بابە.

سارا دەستی کرد بەچەپڵەلێدان و گوتی: باوکم فریشتەی باڵدارە، چاوەڕێبە دنکە هەنارە، ڕزگارت دەکات ئەم جارە.

دایکیشی لەگەڵ یارا بە چەپڵەلێدان دەستیان کرد بە وەڵامدانەوە، ئیدی کردیان بە ڕۆژی خۆیان.

چرا لە دڵی خۆیدا گوتی: خوایە ئەو خۆشییەمان لێ مەستێنە، فریشتە باڵدارەکەمان بە سەلامەتی بگرێنەوە ماڵەوە.

چرا، داوای لە منداڵەکانی کرد بڕۆنە هۆڵەکە تەماشای تەلەفزیۆنی بکەن. سەرەتا یارا حەزی لێنەبوو بڕوات، دەیویست لەگەڵ دایکی بێت، کاتێک دایکی پێی گوت نابێت، کەچی ئەو هەر پێداگریی دەکرد لەسەر ڕۆیشتن، دایکی پێی گوت: ئەی دوێنێ شەو بەڵێنت بە باوکت نەداوە بە قسەم دەکەی، چیدی لە قسەی من دەرناچیت.

یارا دوای بیستنی قسەکانی دایکی کەمێک داما و پاشان بە نادبەڵییەوە گوتی: باشە منیش دەڕۆم تەماشای کارتۆن دەکەم.

سارا و یارا ڕۆیشتن بۆ تەماشاکردنی تەلەفزۆین، چراش ڕۆیشتە ژێرزەمینەکە بۆ هێنانی ڕەژووەکە. تەلیسە ڕەژووەکەی هێنایە دەرەوە. مەنقەلەکەی هێنا و پڕی ڕەژووی کرد. چەند دەبەیەکی نەفتی پشکنی و بە قەدەر پەرداخێک نەفتیان لێ کۆکردەوە، ئامادەی کرد بۆ ئەوەی لە کاتی ئاگرکردنەوە بەکاری بێنێت. دوای تەیارکردنی مەنقەلەکە سەرەتا ویستی بڕوات سەرێک لە منداڵەکانی بدات، بەڵام کاتێک چاوی بەو دەبەیە کەوت کە لە پشت دەرگەی حەوشەکە فڕێدراوە، وتە ژەهراوییەکانی پیاوەکەی وەبیرهاتەوە، کە وەک خەنجەرێک تا سەر ئێسقان کاری تێکردبوون. هەر کاتێک پرسیارەکەی کابرا لە مێشکیدا دووبارە دەبۆوەوە ناخی پڕ دەبوو لە ژان و گومان. گومان لەو ڕێبازەی کە بۆ ژیانی چەندین و چەند ساڵەی هەڵبژاردبوو. ئەوە یەکەم جار بوو لە ژیانیدا گومانی لە ڕاستی و دروستی ڕێبازەکەی دەکرد. پێش ئەو ڕووداوە هەرگیز گومانی لە ڕاستی ڕێگاکەی نەکردبوو. بڕوای بەوە هەبوو خۆشەویستی گشت بۆشاییەکانی ژیان پڕدەکاتەوە.

چرا: ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی: خوایە کاتێکی دی نەبوو تاقیم بکەیتەوە، ئەو ناپیاوە بخیتە سەر ڕێگام، خۆشت دەزانی تەنیا تاوانی من وەفاداریم بۆ خۆشەویستی پیاوێکی دەستکورتە، دڵنیابە من لە کردەوەی خۆم پەشیمان نیم، ئەگەر شتێکم لە ژیاندا هەبێت شانازی پێوە بکەم ئەویش عیشق و خۆشەویستیی ئومێدە. لە سەرماش ڕەق ببمەوە پێم خۆشترە لەوەی بۆشاییەک لە نێوان من ئومێددا دروست ببێت، خۆشەویستی ئەو بۆ من هەموو شتێکە، ئومێدم هەبێت باکم لە کەس نییە. ئامادەم لە پێناوی بەخێوکردنی جووتە کۆترەکانی سارا و یار بەرگەی هەموو شتێک بگرم، بە چنگ و ددان ژیانی هاوبەشمان بپارێزم، خەڵک چی دەڵێن با بڵێن.

چرا، بەم قسانە دڵی خۆی دەدایەوە، دووبارە بڕیاری دا سەرێک بڕواتە لای دراوسێکانی، دەبە نەفتەکەی هەڵگرت و چەند هەنگاوێک لە دەرگەی حەوشەکە نزیک کەوتەوە، بەڵام دوودڵ بوو لە ڕۆیشتنی، هەنگاوەکانی سست بوونەوە. لە خۆیەوە بە مێشکیدا هات ئەگەر هات و جارێکی دی تووشی ئەو ناپیاوە بووم، ئەوکات چی؟ ئەمەش شتێک بوو کە چرا هەرگیز حەزی لێ نەدەکرد. هێشتە خۆی لە کارگەری یەکەم بینینی پیاوەکە ڕزگار نەکردبوو. کە وەکو خۆرە کەوتبووە گیانی، ئەی ئەگەر بۆ جاری دووەم چاوی پێ بکەوێت ئەوکات چی؟ باشە خەڵک ناڵێن خێرە بەو ڕۆژە نیوەڕۆیە. ئەوکات خەڵکەکە مافی خۆیەتی هەر چۆنێک بیر دەکاتەوە، یانیش خێرخوازێک ئومێدی لە ڕووداوەکە ئاگادار بکاتەوە. ئەوکات دوورنییە منیش لە جیاتی ئومێد بم گومانێکم لا دروست ببێت.

چرا، بە باشی زانی ئەو شەو بەو ڕەژووەی کە هەیەتی بەسەر ببات تا بەیانیش خوا کەریمە، کێ دەڵێ ئەم جارە قسەی حکومەت ڕاست دەرناچێت، بەڵکو بۆ سبەینێ نەفتەکە دابەش بکرێت.

چرا، تەماشای کاتژمێرەکەی کرد. بەپێی ئەو ماوەی ئومێد ڕۆیشتووە، دەبووایە تا ئێستە گەیشتبێتە بارەگاکەی، بڕیار بوو لەگەڵ گەیشتنی، پەیوەندی پێوە بکات. کەچی تا ئەو ساتە هیچ هەواڵێکی نەبوو، ئەو بێدەنگییەی ئومێد چرای ترساند، بە باشی زانی خۆی پەیوەندی پێوە بکات. بەڵکو لەوێ بارودۆخەکە ئاسایی نەبێت، بۆیە ئومێد نەیتوانیوە پەیوەندی پێوە بکات. یانیش کەسێک... نا، نا، با جارێ بیر لە شتی خراپ نەکەمەوە، واباشترە پێش ڕووداوەکان نەکەوم.

چرا، پەیوەندی بە ئومێدەوە کرد. بەڵام ئومێد وەڵامی نەدایەوە. وردە وردە هەستی بە نیگەرانی کرد. لەوکاتەدا هەردوو کچەکەی هاتن، داوایان لێ کرد لەگەڵ باوکیان

قسە بکەن، لەسەر داوای کچەکان دیسان پەیوەندیی پێوەکرد، ئەو جارەش وەڵامی نەبوو.

چرا، خۆشحاڵ بوو لەوەی کە منداڵەکانی ئاگایان لە ناخی ئەو نییە، بێ ئاگان لەوەی کە چ ترس و دڵەڕاوکێیەک باڵی بە سەر ڕۆحیدا کێشاوە.

زۆری پێنەچوو ئومێد خۆی پەیوەندی پێوەکرد و گوتی: ببورە دەبووایە زووتر پەیوەندیت پێوەبکەم، بەڵام زۆر سەرقاڵم، سوپاس بۆ خوا گەیشتم، جارێ هیچ شتێک لە گۆڕێ نییە، دونیا ئارامە، خەمەت نەبێت ئەگەر شتێکیش ڕوویدات ئەوەندە کەناڵی تەلەفزیۆنی لەم وڵاتەدا هەن کە پێشبڕکێیانە لەسەر پیشاندانی خوێن و لاشەی مرۆڤەکان، دوور نییە تۆ زووتر لە من بزانی لێرە چی ڕوودەدات. جارێ من دەبێت بڕۆم، خێرا تەلەفۆنەکەی داخست، مۆڵەتی بە چرا نەدا پێی بڵێ ئەوە منداڵەکان دەیانەوێت قسەت لەگەڵ بکەن. بۆ یەکەم جارە ئومێد بەبێ ئەوەی قسە لەگەڵ منداڵەکانی بکات کۆتایی بە پەیوەندییەکە بێنێت! چرا لە شێوەی قسەکردنی ئومێد هەستی بەوە کرد دۆخەکە ئاسایی نییە، چونکە پێشتر تا لەگەڵ منداڵەکانی قسەی نەکردایە وازی نەدەهێنا، کەچی ئەم جارە بە پێچەوانەوە، زوو کۆتایی بە پەیوەندییەکەی هێنا، لەگەڵ پچڕانی پەیوەندییەکە بوو بە هەڵای منداڵەکان، بۆچی پەیوەندییەکی پچڕاند، دەیانویست قسەی لەگەڵ بکەن، چرا خەریکی هێورکردنەوەی منداڵەکانی بوو، تا منداڵەکانی بێدەنگ کرد بەرد شەقی برد. منداڵان بەو ئومێدە بێدەنگیان نواند کە گوایە باوکیان بەم زووانە تەلەفۆنیان بۆ دەکاتەوە. چرا سەرێک چووە ناندینەکە، سارا یەک بە دەنگی خۆی هاواری کرد دایە برسیمە، یاراش هەروا. چراش هەندێک کێک و پسکیتی هێنا و دایەوە دەستیان و گوتی: جارێ ئەمانە بخۆن تا خواردنەکەتان بۆ گەرم دەکەمەوە. بەمشێوەیە منداڵەکانی هێور کردەوە، بە پێچەوانەی دەروونی نائارامی خۆی، سەدان پرسیار و داڵغە بە مێشکیدا دەهاتن و دەچوون. تۆ بڵێی شتێک ڕووینەدابێت، داعش هێرشی نەکردووبێت؟ دەنگی ئومێد وەکوو جاران میهرەبانی پێوە دیارنەبوو. تەنانەت لە کاتی قسەکردنیشدا وشەی گیانەکەمی و ڕۆحەکەمیشی بەکار نەهێنا، بە کورتی دەنگی ئومێد جۆرە ساردییەکی پێوە دیار بوو. تۆ بڵێی لە لایەن خێرخوازێکەوە لە ڕووداوەکەی بەیانی ئاگادار نەکرابێتەوە؟

ئەو پرسیارە لای دروست بوو، ئەگەر هاتوو خوانەخواستە ناحەزێک، یانیش خودی کابرا بۆ تێکدانی نێوان ئەو و ئومێد کارێکی وا بکات، دەبێت لەو کاتەدا هەڵوێستی ئومێد چ بێت؟ چرا خۆی وەڵامی پرسیارەکەی دایەوە، ئەگەر من لە شوێنی ئومێد بم ڕەنگە یەکەم شت کە بە مێشکمدا بێت گومانە لە... دوای کەمێک بیرکردنەوە چرا هەستی کرد خەریکە لەو بۆچوونەیدا غەدرێکی گەورە لە ئومێد دەکات. چونکە ئەوەندەی ئەو ئومێدی دەناسی، دوور نییە ئومێد لە ژیانیدا گومان لە هەموو شتێک بکات بەڵام هەرگیز گومان لە خۆشەویستییان ناکات. چرا، هەستی کرد بەزۆر بیرکردنەوە لەسەر ئەم بابەتە خەریکە زیاتر سەر لە خۆی دەشێوێنێت، ڕەنگە ببێتە هۆی لەبیرکردنی ئەرکەکانی بەرامبەر بە بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانەی، غافڵ بوون لە سارا و یارا، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەڵای ئومێدەوە تاوانێکی گەورەیە.

چرا، بڕیاری دا بابەتەکە بداتە دەست ڕۆژگار، پێوست بە پەلەکردن ناکات، بە تێپەڕبوونی زەمەن لەکاتی خۆیدا هەموو شتێک بەدەر دەکەوێت. ئەوەی لە ژێر بەڕێیە دێتە سەر بەڕێ، جا واباشترە لەمە زیاتر لە خۆی نەشوێنێت، باشتر وایە خەریکی کاری ڕۆژانە بێت. بۆ ئەمڕۆ جارێ چارەسەرکردنی کێشەی سوتەمەنی لە هەموو شتێک لە پێشترە.

چرا، نیگەران بوو لەوەی کە نەفتی زۆپەکە تەواو ببێت و پێرانەگات شیوەکە گەرم بکاتەوە. بەڵام وەکوو دیارە هێشتە بەخت یاریەتی، نەفتی سۆپەکە بای ئەوەندە مابوو شیوەکەی پێ گەرم بکاتەوە. چرا و منداڵەکانی خەرکی شیوخواردنن کە لە پڕێکا کارەبا کوژایەوە، دیاریش نییە کارەباکە کەی دێتەوە. لەبەر ڕووناکی گڵۆپی شەحنەکە شیوەکەیان خوارد. منداڵان ناوە ناوە لەسەر نانخواردن چەتۆنییان دەکرد، بەتایبەتی سارا شەڕی بە یارا دەفرۆشت. چرا داوای لە منداڵەکانی کرد خەریکی نانخواردن بن. دوای تەواوکردنی نانخواردن چرا بە منداڵەکانی گوت: لە کۆکردنەوەی سفرەکە یارمەتی بدەن، سارا و یاراش وەکوو نەریتی هەمیشەییان کەوتنە کێبڕکێ. لەکاتی بردنی قاپەکان بۆ ناندینەکە، ئیتر هەڵایەکیان کرد نەبێتەوە. دایکیان ناچار بوو داوایان لێ بکات بڕۆن بۆ خۆیان تەماشای کارتۆن بکەن. لەگەڵ تەواو بوونی قسەکەی، سارا دایە قاقای پێکەنین و گوتی: دایە تەماشای کارتۆن بکەین، ئەی کوا کارەبا؟ چرا بە بیستنی ئەو قسەیە، پێکەنین و گوتی: جا خۆ ئێوە بەم هەموو هات و هاوارەتان سەرتان لێ شێواندم. بەڵام دوعا بکەن کارەباکە زوو بێتەوە دەنا تا بەیانی لە تاریکیدا دەمێنینەوە، ناچارین زوو بڕۆینە ناو جێ و بخەوین. چرا دوای کۆکردنەوەی سفرەکە، هەوڵی دا پێش ئەوەی گڵۆپی شەحنەکەش بکوژێتەوە جێی نووستنی خۆی و منداڵەکانی ئامادە بکات. نوینەکانی بە شێوازێک دانا کە بتوانن تا بەیانی بەرگەی

سەرماکە بگرن. کاتێک لە دانانی پێخەوەکان بووەوە، داوای لە ساراو یارا کرد هەرکەس بڕواتە شوێنی خۆی، با سەرمایان نەبێت، سەرەتا منداڵەکان وەکوو هەمیشە بە زۆر چوونە سەر جێیان، نەیاندەویست بڕۆن. چرا لەم بگرە و بەردە دایە لەگەڵ منداڵەکانی، کە لە پڕێکا گوێی لە دەنگی تەقەی دەرگەی حەوشەکەیان بوو، داوای لە منداڵەکانی کرد هەرکەس بڕواتە شوێنی خۆی، منداڵان بە نادڵی چوونە سەر جێیان، ئەویش چاوەڕێ بوو بزانێت دووبارە لە دەرگەکە دەدرێتەوە یان نا، دیسان دەنگی لێدانی دەرگەکە بەرز بووەوە، چرا کەمێک ڕاوەستا، دوودڵ بوو لە کردنەوەی دەرگەکە کەچی بیری کردەوە ڕەنگە دادە حەلیمە بێت کە زۆر شەوان دەهات لە لایان دەمایەوە، ئەو شەوانەی دادە حەلیمە دەهاتە لایان، خۆشترین شەوی ژیانی سارا و یاریە. زۆر جار سارا و یار لەسەر ئەوەی کە دادە حەلیمە کامە چیرۆکیان بۆ بگێڕێتەوە، دەبووە شەڕیان، ڕەنگە چیرۆکی دنکە هەنار لەسەر پێداگری سارا دەیان جار گێڕاوبێتەوە، یان چیرۆکی شای پەرییان، یارا عاشقی ئەم چیرۆکەیە.

چرا گوتی: دوورنییە دادە حەلیمە بێت.

چرا ئارەزووی دەکرد بۆچوونەکەی ڕاست دەربچێت، هەر بەم هیوایەش بڕیاری دا بڕوات دەرگەی حەوشەکە بکاتەوە. هەر ئەوەندە کە چرا لە ژوورەکە چووە دەرەوە، دیسان سارا و یارا بەزمەکەی خۆیان دەستی پێ کرد. سارا دەیگوت: ئێستە دادە حەلیمە دێت چیرۆکی دەنکە هەنارمان بۆ دەگێڕێتەوە.

یارا گوتی: نەخێر چیرۆکی شای پەرییان. ئەوان خەریکی بەزمی خۆیان بوون، یەکێک دەیگوت ئەویدی ڕەتی دەکردەوە. پێش ئەوەی چرا دەرگەی حەوشەکە بکاتەوە یەک دوو جار گوتی: کێیە.... بەڵام هیچ وەڵامێک نەبوو، سەرەتا لەو بێدەنگییە ترسا، نەیویست دەرگەکە بکاتەوە ویستی بگەڕێتەوە، بەڵام لەو شەوە زەنگەدا قسەی ئومێدی وەبیر هاتەوە ((من ماڵەکەم بە دەست شێرە ژنێک سپاردووە)) ئەم وتەی ئومێد بوێری کرد، بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵامێک بکات دەرگەی حەوشەکی کردەوە. بەڵام کەسی لە وێ نەبینی!! تەنیا دەبە نەفتێکی بەتاڵ نەبێت کە پارچە کاغەزێک لەسەری دانرابوو تەماشایەکی کۆڵاناکەی کرد، بەڵام کەس دیارنەبوو. خێرا پارچە کاغەزەکەی هەڵگرت و خستە ناو باخڵیەوە، دەبە نەفتەکەی لە وێ بەجێهێشت و بەپەلە گەڕایەوە لای منداڵەکانی. کاتێک منداڵەکان چاوی بە دایکیان کەوت، بینیان کەسی لەگەڵ نییە، یارا گوتی: ئەی دادە حەلیمە؟

چرا گوتی: دادە حەلیمە نییە، دراوسێمان بوو ڕۆیشت.

سارا و یارا هەواڵەکەیان بە دڵ نەبوو.

چرا، دەیویست بە بیانۆیەک بڕواتە ناندینەکە بۆ ئەوەی بزانێت چی لەسەر پارچەکاغەزەکە نووسراوە.

چرا خەریکی ڕێکخستنی پێخەوەی منداڵەکانی دەبێت، پاشان هەردووکیانی ماچ کرد و گوتی: ئەگەر عاقڵ بن هەوڵدەدەم سبەینێ شەوە دادە حەلیم بێنم بۆ ئێرە، ئێستە بخەون منیش دەڕۆمە ناندینەکە، دەمەوێت پێش ئەوەی شەحنی ئەم گڵۆپەش تەواو ببێت هەندێکی ڕێکی بێخم. چرا گڵۆپەکەی هەڵگرت و ڕۆیشتە ناندینەکە. پارچە کاغەزەکەی کردەوە، لەسەری نووسرابوو: ((بێ زەحمەت دەتوانی بە خۆشەویستی خۆت و تۆ و پاڵەوانەکەت بۆشایی ئەم دەبەیە پڕ بکەیتەوە؟))

دوای خوێندنەوەی یادداشتەکە، وەک بڵێی یەکێک بە توندی قورگی چرای گرتووە و دەیەوێت بیخنکێنێت، سەرەتا ویستی یەک بە دەنگی خۆی هاوار بکات، بەڵام لە ترسی ئەوەی دەنگی بگاتە گوێی منداڵەکانی، خێرا دەستی بە دەمیەوەنا و هاوارەکەی لە قورگیدا خنکاند، هاوکات گڵۆپەکەش کوژایەوە.

ئەوەندە بێهێز بوو بوو کە زۆری نەمابوو بەرببێتەوە، ئەویش لە ترسی بەربوونەوە پاڵی بە دیوارەکەوە نا، هێدی هێدی لە شوێنی خۆی دانیشت، لە تاریکی ناندینەکەدا بە شوێن ئومێد دا دەگەڕا، زۆر پێویستیی پێ بوو، ئەوەندە، کە لە نەبوونی ئەو هەستی بە تەنیاییەکی ترسناک کرد، بە ڕادەیەک دڵی توند بوو. دایە پرمەی گریان، ئەوەندە گریا خەریک بوو لە گریانەکەی خۆیدا خەوی لێ دەکەوت. لەناکاو هەستی کرد نەوایەک بە دەنگی ئومێد بانگی دەکات ((هۆ شێرە ژن، ئەوها چاودێری منداڵەکانم دەکەی، ئەوها چاو لە جووتە کۆترەکانم دەکەی)) نەواکە ناخی هەژاند، وەخۆی هێنایەوە، ئەگەر بڕیاربێت لانەی خۆشەویستی ئەو ئومێد ئەوەندە بێ هێز و بێ بنەما بێت، کە بە چەند وشەیەکی هیچ و پووچ تێک بشکێت و بکەوێتە بەر شەپۆلی وێرانکاری، ئەوە نەبوو بە خۆشەویستی، قەڵای خۆشەویستی ئەو و ئومێد زۆر لەوە بەهێزترە بە تیر و توانجی ناحەزێک وێران ببێت.

چرا، خۆی کۆکردەوە، هەستایە سەر پێ، پەنجەرەی ناندینەکەی کردەوە، ڕوخساری خستە بەر سڕ و سەقەمی زستان، وەکو ئەوەی بیەوێت خۆی سزا بدات. فرمێسکەکانی سڕیەوە. یەک دوو هەناسەی قووڵی هەڵکێشا، ویستی لە قووڵایی دڵەوە نەفرەت لە نووسەری یادداشتەکە بکات، بەڵام پەشیمان بووەوە، خۆی نەهێنایە ڕیزی مرۆڤێک کە ناخی پڕا و پڕە لە ڕق و کینە.

چرا، پەنجەرەکەی داخست. بە ڕووناکی مۆبایلەکەی گەڕایەوە لای منداڵەکانی. خۆشبەختانە منداڵەکان خەویان لێکەوت بوو. سۆپەکەش کژابووەوە. دەبوایە بڕواتە سەر وەختی مەنقەڵەکە، چونکە ژوورەکە خەریک بوو وردە وردە سارد دەبووەوە. ئەوها بڕوات ڕەنگە منداڵەکان بەرگەی سەرماکە نەگرن، دەبووایە بە زووترین کات مەنقەڵەکە تەیار بکات. پێش ئەوەی بڕواتە دەرەوە لەبەر ڕووناکی مۆبایلەکەی تەماشای سیمای منداڵەکانی کرد. دەتگوت جووتە فریشتەنە خەویان لێکەوتووە، بینینی سیمایان هێز و توانستی پێ بەخشی، مەشغەڵی خۆشەویستی ئومێد لە دڵیدا بە تینتر کرد، گەرچی ناوەڕۆکی یادداشتەکە زۆر قێزەوەنە و ناخی بریندار کردووە، گومانێکی نەخوازراو خستە دڵیەوە، کە وەک خۆرە کەوتبووە گیانی، سەرەڕای ئەمەش دەیویست بیسەلمێنێت بۆچۆنەکەی سەبارەت بە خۆشەویستی هەڵە نییە، ڕاستە بە ڕواڵەت ناتوانێت بۆشایی دەبە نەفتەکەی پڕ بکاتەوە. بەڵام هەر ئەو خۆشەویستییەیە بۆیتە هۆی خۆڕاگری ئەو و هاوسەرەکەی، بەرانبەر بەو هەموو نەهامەتیانەی لە ژیانیاندا هەیە، جا لە نەبوونی نەفت بگرە تا دەگاتە دواکەوتنی مووچە و سەدان کەم و کووڕیی دی. سەرەڕای ئەو هەموو زەحمەتە و چەرمەسەرییەی لە ژیانی هاوبەشیاندا هەیە، ئەوجاش هەوڵی داوە بە هێزی خۆشەویستی گۆڕەپانی ژیانیان بۆ هاوسەرەکەی بکات بە گوڵستان، هەمیشە ئەو ئامۆژگارییەی باپیری لەبەر چاو بوو، کە لە ڕۆژی بووکێنی پێی گوت: ((ڕۆڵەگیان، ژیان وەک گۆڕەپانێکە وایە، دەتوانی بیکەیت بە مەیدانی شەڕ و پێکدادان، دەشتوانی بیکەیت بە گوڵستان، بە دەست خۆتە، ئارایشی پانتاکەی بە دەست خۆتە، درێژیەکەشی بە دەست خوا، هیوادارم بەختەوەر بیت کچم بڕۆ خوات لەگەڵ)) چرا هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی ژیانی هاوبەشی لەگەڵ ئومێد، بەڵێنی دا بوو گۆڕەپانی ژیانی بکات بە گوڵستان. لە پڕێکا ئەو پرسیارە بە مێشکیدا هات، ئەرێ بە ڕاست بە نەبوونی ئومێد چارەنووسی ئەو گوڵستانە بە کوێ دەگات؟ چرا لە وەڵای پرسیارەکەیدا گوتی: ((زمانت لاڵ بێت گەوجە، گوڵستانێک ئومێدی تیا نەبێت کەی گوڵستانە بێ عەقڵ))

چرا مەنقەڵەکەی هێنا و ئەو قیچە نەفتەی لە پەرداخەکەدا بوو بە سەر ڕەژووەکەیدا کرد و ئاگرەکەی کردەوە. ڕوخساری فریشتە ئاسای یارا و سارا هێز و توانایەکی تازەی پێ بەخشی بوو، لە خۆیەوە دەستی کرد بە سەما کردن و بە دەووری ئاگرەکەدا سووڕایەوە.

لە ناکاو هەستی کرد شتێکی نامۆ لە ناو لەپی دەستیدا گرمۆڵە کراوە، لە سەماکردن وەستا. تەماشایەکی ناو لەپی دەستی کرد، پارچەکاغەزەکە بوو، ویستی دووبارە تەماشای ناوەڕۆکەکەی بکات بەڵام هێزێک ئەوی بەرەو مەنقەڵەکە ڕاکێشا پاشان بەبێ دوودڵی کاغەزەکەی دایەوە دەست بلیسەی ئاگرەوە. بلێسەی ئاگریش باوەشی بۆ کردەوە و لە چاوتروکانێکدا هەست و نەستی بە با دا، شنە بایەکی سارد و سڕ تۆمارەکەی لە قووڵایی تاریکی شەودا پێچایەوە.

چرا، هەستی کرد وەک باڵندەیەک ئارەزوویی فڕینیەتی. دەتگوت سەماکاری باڵێیە بەدەوری ئاگری مەنقەڵەکەدا دەسووڕێتەوە. یەک دووجار بە دەوری بڵێسەی ئاگرەکەدا سووڕایەوە، بڵێسەی ئاگرەکە بۆ ئەو زۆر باڵکێش بوو. بینی کە چۆنچۆنی ڕووی لە ئاسمانە، بەبێ ئەوەی تەماشای دەوور و پشتی بکات گەرماکەی پێشکەش بە هەر بوونەوەرێک دەکات کە لەوێ بوونیان هەیە. بۆ ئەو هەژار و دەوڵەمەند، بە پلە و بێ پلە یەکسانن، نازانێت کێ کۆڕی کێیە، داوای ناسنامە لە کەس ناکات. لەو ساتەوەختەدا چرا ئارەزووی دەکرد، خۆزگە ڕۆژێک بێت لە وڵاتەکەی ئەویش... زەردەخەنەیەکی تاڵ هاتە سەر لێوی و گوتی: گەوجە باس لە شتی مەعقول بکە. لە نەبوونی ئومێد بیر لە چی دەکەیتەوە. بێدەنگی ئومێد درێژەی کێشا. چرا بیری دەکردەوە تۆ بڵێی لە دوای بیستنی هەواڵی ڕووداوی بەیانی لێی توورە نەبوو بێت؟ جا کێ دەڵێ هەواڵەکە بەر گوێی کەوتووە، تۆ بڵێی خەڵکەکە ئەوەندە بێ ویژدان بێت، نا، نا، با ئەوەندە ڕەشبین نەبم، کێ دەڵێ شەڕێک ڕووی نەداوە، ڕەنگە داعش.. ئەو پەیوەندی پێوەنەکردنە بێ ئەگەر نییە، ئەمجارەش وا باشترە ئەم جارەش خۆم پەیوەندی پێوە بکەم.

چرا، دەستی بۆ مۆبایلەکەی برد، بەڵام ئەم جارەش پەیوەندییەکەی سەرکەوتوو نەبوو، ژمارەکە لە دەرەوەی بازنە بوو. هەوڵی دا خۆی بە مەنقەڵەکەوە خەریک بکات، دەستی کرد بە تێکوەردانی ئاگرەکە، ڕەژووەکە خەریک بوو دەبوو بە پشکۆ، بە دارێک خەڵۆزەکانی هەڵگێر و وەرگێر کرد. ئاگرەکە گەشایەوە و پڕۆشکەکانی بەرەو ئاسمان بەرزبوونەوە. هاوکات لەگەڵ بەرز بوونەوەی پڕۆشکەکانی لە هێکڕا ئاسمانی شەو درەوشایەوە، ئەستێرەیەکی کلکدار لەو سەری ئاسمانەوە بۆ ئەو سەری ئاسمانەوە، بۆ ساتێک دونیای ڕووناک کردەوە. ڕژانی ئەستێرەکە هەمان و نیشتی ترس لە ناخی چرا دا هەمان. وتەی داپیری وەبیر هاتەوە کە دەیگوت (ڕژانی ئەستێرەیەک گوزارشت لە مردنی پیاوچاکێک دەدات)

بە بۆچوونی چرا هیچ پیاوچاکێک ناگاتە ئاستی پیاوچاکیی

هاوسەرەکەی! بەلای ئەوەوە ئەگەر پیاوچاکێک لەو دونیایەدا هەبێت ئەویش ئومێدە. دەستی بۆ مۆبایلەکەی برد و خەریکی پەیوەندیکردن بوو، بەڵام بێ سود بوو. هەرچی کاتەکە تێدەپەڕی ترس لەبێ دەنگی ئومێد زیاتر لە ناخیدا سەری هەڵدەدایەوە زیاتر نیگەرانی دەکرد.

چرا، بێ ئۆقرە و نائارام بە دەوری مەنقەڵەکەدا دەسووڕایەوە، کە لە نشکێوە دەستی دایە مەنقەڵەکە و بردییە ژوورەوە. سەرەتا کەمێک دانی بەخێۆیدا گرت و تەماشایەکی منداڵەکانی کرد، دەنگی ئومێد بە گوێدا زریگایەوە کرد و گوتی: (جووتە کۆترەکانم سپاردوومەتە دەست شێرەژنێک)

چرا لە بەر خۆیەوە گوتی: ئەوها چاودێری جووتە کۆترەکانی دەکەی شێرەژن؟ ئەگەر بڕیار بێتن بە قسەی هەر پیرەژنێک بەم شێوەیە خۆت بدۆڕێنیت، چۆن دەتوانی پارێزگاری لە بەرهەمی خۆشەویستی خۆت و ئومێد بکەیت؟ کێ دەڵێت ئەو قسەیە ڕاستە، ڕژانی ئەستێرەیەک چ پەیوەندی بە مردنی پیاو چاکێکەوە هەیە؟

نیگایەکی کردە منداڵەکانی، دیسان بە چیلکە دارێک پشکۆکانی ناو مەنقەڵەکەی تێکوەردا و گەشانەوە. بە پێچەوانەی دەروونی، لەبەر وەڵام نەدانەوەی ئومێد خەریک بوو تاریکی باڵی بە سەر دڵ و دەروونیدا دەکێشا. ترسی لە دەستدانی ئومێد ناخی هەژاند. ئەژنۆکانی کەوتنە لەرزین و بێ هێز و بێ توانا بە جۆرێک کە چیدی توانای هەڵگرتنی لاشەی ئەویان نەبوو. لە ناچاری ئەویش لە پاڵ منداڵەکانی درێژ بوو، بۆ ساتێک لە ڕوخساری منداڵەکانی ڕوانی، پڕ بە دڵ حەزی لێ بوو لە باوەشیان بگرێت و سیمایان ماچ باران بکات. بەڵام لەو ساتە هەستیارەدا شوێنی ئومێد چۆڵ بوو کە وەک شەوانی ڕابردوو دایک و باوک دەیانکردە گاڵتە و گەپە لەگەڵ هەردوو کچەکانی، بە تایبەتی یارا کە تازە فێری قسەکردن دەبوو، زۆر جار چرا بە یارا دەیگوت: تۆ و باوکت پیسن، یاراش دەیویست وەڵامی بداتەوە، لە جیاتی ئەوەی بڵێت تۆ و باوکت پیسن، دەیگوت: پیسا پیسا بابا، ئومێدیش دەیدایە قاقا پێکەنین و یاراش زیاتر خۆی لە باوەشی باوکیدا گرمۆڵەی دەکرد، پێدەکەنی. ساراش سود لەو دەرفەتەی وەردەگرت، خۆی دەخستە باوەشی دایکی و دەیگوت: ئەوش دادا منە. ئیدی دەبوو بە بەزمیان، دەبووە پێشبڕکێ لە نێوان سارا و یارا بۆ زیاتر ڕاکێشانی سەرنجی دایک و باوکیان. بەڵام ئەو شەو هیچ یەک لە مانە نەبوو، بێدەنگی ئومێد شەوەکەی دوو ئەوەندە ترسناکتر کردبوو. هەرچی پێیوەندی دەکرد پەیوەندییەکان بێ وەڵام بوون، قەت ئەوها هەست بە بێکەسی نەکردبوو، ترسی نەمانی ئومێد لە ژیانیدا پشتی شکاند، نەیدەزانی چ بکات، تەنیا دەیتوانی ناوە ناوە بەوە دڵی خۆی بداتەوە کە ڕەنگە ئێستە ئەو شوێنەی ئومێد لێیەتی شەبەکە نەبێت، پێش ئەوەی ئومێد بڕوات، خۆی ئاگاداری کردبووە کە بارودۆخەکە ئاسایی نییە، کەواتە ئاساییە ئەگەر نەتوانێت پەیوەندی پێوە بکات، هەوڵی دا بە تەماشاکردنی سیمای منداڵەکانی خۆی لە داڵغە و بیری خراپ دوور بخاتەوە. ئومێد بەڵێنی پێدا بوو هەرگیز بەجێیان ناهێڵێت، تازە ئەگەر بیەوێت لە ژیانی چراش بڕواتە دەرەوە، ناتوانێت پشت لە جووتە کۆترەکانی بکات، ئەو عاشقی جووتە کۆترەکانیەتی، ئەوانە ئاڵقەیەکی زۆر پتەون لە نێوانیاندا کە هەرگیزە و هەرگیز ناپسێن.

چرا، بەم شێوەی لە سەر جێیەکانی دڵی خۆی دەدایەوە هەوڵی دوورخستنەوەی نائومێدی و داڵغەی خراپ دەدا، لە ڕاستیدا هیچ چارەیەکی دی نەبوو. دەبووایە چاوەڕوان بێت، نزیکەی ساعەت دووی نیوەشەو بوو کە تەلەفۆنەکەی زەنگی لێدا، چرا خێرا تەلەفۆنەکەی هەڵگرت، گوتی: ئومێد گیان خێرە وەڵامی پەیوەندییەکانم نادەیتەوە، خەریکە لە نیگەرانی دەپسێم، نازانی نیگەرانت دەبم، نازانی من بێ تۆ ناتوان بژیم، نازانی بێدەنگی تۆ ژیانم لێ دەکاتە جەهەنەم، تەنانەت هەناسە دانیشم لەبیر دەچێتەوە. چرا لە خۆیە دایە پرمەی گریان. بەڵام لە وەڵامی قسەکانی چرا تەنیا یەک وشە بوو (ئەڵاهو ئەکبەر) پاشان خاوەن پەیامەکە دەستی کرد بە پێکەنینێکی ئەهریمەنی. چرا بە بیستنی دەنگەکە هەناسەی لەبەر بڕا، نەتوانای گریانی هەبوو نە جووڵان، هەر ئەوەندەی پێکرا خۆی ڕادەستی قەدەر بکات. هەستی کرد لە ناخەوە گڕی گرتووە، لە ناخەوە دەسووتێت، بەتانیەکەی خستە ناو ددانەکانی، ددانەکانی لێک قرساند، لە ناوەوە دەکوڵا. یەک دوو جار لە قووڵایی دڵەوە گوتی: ئومێد، ئومێدگیان ئەی سارا و یا.... ئیدی ئاگای لە خۆی نەما. کەوتە بەر شەپۆڵەکانی هەورە ڕەشەکانی بێ باران. سارا و یاراش سواری شەپۆڵەکان بوون، داوا لە دایکیان دەکرد ئەویش لەگەڵیان بڕوات، چرا خۆی گەیاندە منداڵەکانی هەردووکیانی لە باوش گرت. هەورە ڕەشەکان ئاوس بوون لە باران، چرا لەگەڵ منداڵەکانی بۆ ساتێک لە خۆیان لە گوڵستانێکی پڕ لە گوڵی سوور دۆزییەوە، بەڵام زۆری پێنەچوو بارانێکی بە خوڕ باری، لافاو گوڵستانەکەی ڕاماڵی. بۆ بەیانی تەرمی ئومێدیان هێنایە ماڵەوە، بەڵام کەس لە ماڵەوە نەبوو پێشوازی لە تەرمەکەی بکات!

**پیرمام ٢٠٢٢/٣/٢٤**

# میراتی مام حاجی

عەلی مستەفا

گزنگ، تازە بەسەر ئاوایی پشت چۆم بەیانی ڕۆژێکی نوێی دەگەیاند، مەملەکەتێک لە ژێر باری دەیان نەشتەرەوە، هێشتان جوان دەچووەوە، لە هەورازەکانی پیرمەمێ تەماشا بکەینێ، پارچەیەکە لە بەهەشت، خوا بدات جوانی هەر ئاوها دەبێت. هەتاو کەوت، تیشک دانە دانەی لەسەر هەر شتێک دەشکایەوە، هەبوو لەبەر تیشکی ڕۆژێک جوانتر دەبوو، هەشبوو چرچ و کزر دەبووەوە. مام حاجی لە سەتی ئاودیو کردووە و هێشتان قدیلەی سەیری دێنێ، ئومێدێکی هەیە، برێ ماشا ئەڵڵا.. مەگەر نازانم کێ هەیبێت.

لێگەڕێ ختووکەی ئاخر و ئۆخرییە، بەزمی پیرێک لەم تەمەنە هەر ئەوها دەبێت. جارێک هێشتانێکە مام حاجی لەسەر خۆبوو، مەدریس لەبەر ئەو دەنگی لێوە نەدەهات، قسەی گەورە و لە جێی دەکردن و لە خوانی ئەودا هەژار و دەوڵەمەند کۆدەبوونەوە، پیاوێکی چاو تێر بوو. گۆتی: مەلا نەجمەدینی باپیرت پیاوێکی جوان و ئیماندار بوو، بەڕاستی خانەدان بوو، یاڕەبی خوایە چ حسابانی لەگەڵ نەکەیت، بیبەیە بەهەشتێ.

ئەو نموونەی جەسوورییەکی گەورەیە لەنێو دەیان تاقیکردنەوەی پڕ لە هەوراز و لێژەکانی ژیان، ئاخر کەم کەسمان هەیە وەکوو مام حاجی بتوانێت شەنگی خۆی لە بیر بکات و لەپێناو پیرۆزییەکان و سەربەرزیدا تێکۆشەرێکی بە جەرگ بێت، ئاخر لێی دەگێڕنەوە، مام حاجی بەهیچ جۆرێک نەچووەتە ژێر باری ئاغاکانی ئاوایی، تەنانەت جارێک جاشەکانی ئاغاییێک هەڵدەکوتنە سەر مارێی و بەهیچ جۆرێک برنۆکەی ڕادەست ناکات و یاخی دەبێت. مام حاجی سەوڵی ژیانی نەدایە دەست هیچ کەسێک، هەر لە هیمەتی خۆیدا دەیگۆت سوپاس لۆتو خودایە، لەسەر ئەو ماندی بوون و ڕاکە ڕاکەی ژیان، چ ناز و نیعمەتێکت پێداوم.

- مام حاجیم لە چ بارێکدا بینی!

ئولفەتی ژیان ئەوهایە، پیر دەبین و دەمرین، نەخۆش دەکەوین و پێیەوە ڕادەبوورین. مام حاجی لە سەتی تێپەڕاندووە و هزران دینی و دەبات، وەرد و شۆمان لۆ دەکات، هەوێزێ بەسەر دەکاتەوە و شەوینێمان لۆ دەباتە شاخی. ئاخر بەڕاستی بە مست خۆت نییە کە مام حاجی دەبینی، ڕابردوویت لە گێڕانەوەی زارانت بیر دێتەوە، نیگەرانی داتدەگرێت و لە دڵەوە گریان دەپرینگێتەوە.

-بەهەشتی بە حیزیم ناوێت.


-چییە مام حاجی، خێرە؟!

-ئەدیکو، برۆنێ، هێشتان لە دنیایێ بزر نەبوویمە میراتێم لێ دابەش دەکەن. قەت بووە برازا میراتێم لێ بگریت. ئەمن ئەو بەهەشتەم بە حیزی ناوێت.

دڵم دایەوە، ویستم ئارامی بکەمەوە، بەرێ... هەیهوو.. ئەو لۆ دەرمانیش هۆشی لەسەر خۆ نەما بوو. تومەز ڕابردووی وەبیر دەهاتنەوە و لە دڵەوە لۆ خۆی دەگریا، ترسی قیامەتێی لێ ببووە بارێکی قورس و لەولاوەش چاوەکی لە دنیایێ نیز کردبووەوە و دەستی لێ بەرنەدەبوو.

# کەسێک وێنە دەگرێت

سروشت نەوزاد



تاوانبارەکە دەناسمەوە
ئەو کەسەی بە لێشاو لە وێنەکاندا بۆی دەگەڕێن.
دەزانم خۆیەتی
بە هێمنی لە شەقامەکەدا پیاسە دەکات
سڵاوەکانی وەردەگرێتەوە.
تەنانەت هیچ زۆر لە خۆ کردنێکی ناوێ
ئەوە ساتێکی ڕاستەقینەیە
کاتێک
وشکە سەرما دەردەپەڕێ و
خۆی بەنێو دار و درزی دیواراندا دەکات.
دەزانم وەرزی پاییزە،
گەڵاکان لە لقەکانیان بەردەبنەوە سەر زەوییەکە
لەوێدا کەسێک وێنە دەگرێت.
وێنەکە دەدوێ و وەک ئەوەی
تەنیا ڕووداوێکی زەبەلاح بێت
ئەو شوێنە ئاشنایە دەبڕێت کە دەیەوێ
لێی بمێنێتەوە

ساتێک کە تراژیدیا، باڵەکانی لێک دەدات و
بە حەوشەکەدا دەنیشێتەوە.
نزیکەی هەمیشە،
بەر لەوەی لە ناکاو
هیچ دەرگایەک ئاوەڵا ببێت.
***
پاشان ناوە کەڵەکەبووەکانم لە جانتاکە ناو بەڕێکەوتم
گرنگ بوو، دەبوو ڕووداوی خۆم بئافرێنم
لە شەڕی پڕوپووچی و سەر وەختی کەشفی مانا...
پاشان لە شاری سارد، لەو جێگەیەی
شەقامەکان تەنگ دادێن و ئاڕاستەکان
بە نێو یەکدا کە لوول دەخۆن
یاخود لەو ئاوێنەی چەشنی سواڵکەر
ڕوخسارەکان کە لێی دەنوون
ڕەنگە ڕەوان تر گۆرانییەکەم لە کۆڵ بکەم:
دەڵێم بەختەوەری، یان ئازادییەکەم و تەنانەت
ڕازاوەترین شتەکانیش
هەڵگەڕاوەی ئەوە نین کە دەڵێم:
دەڵێم: پێڵاوەکانم، یاخود؛ غەریبی
کە دێڕێکی دیکەی نووسینمە...
پاشان بە ڕێگاوە، غەمگین بە تەنیشت زۆر کەس و تەنانەت زۆر شتیشدا.
هەروەها بە تەنیشت قەرەجەکان و منداڵانی پێ پەتییان،
ئەوانەی بینیمن سەما دەکەن، کۆڵەکانیان لە پشتدایە
جار نا جار لە دامێنی قیرەکاندا
خێوەتە شڕەکانیان هەڵدەدەن

# ڕۆشنبیریی گشتیی

- ***چۆن نیچە بخوێنینەوە؟ (بەشی دووەم و کۆتایی)***

دکتۆر فەیزیە زەیفولا - و/ عەبدوڵڵا ئەحمەد (سەرمەد)

- ***بیرەوەرییەکانی هەمفێر لەنێوان ڕاستی و هەڵبەستراودا***

ئازاد عەلی مەولود

- ***ترس لە مردن (بەشی یەکەم)***

د. زەکەریا ئیبراهیم - و: سەرتیپ ئاغا واحد بەگ

# چۆن نیچە بخوێنینەوە؟ (١)

ن/ دکتۆر فەیزیە زەیفولا
و/ عەبدوڵڵا ئەحمەد (سەرمەد)

## بەشی دووەم و کۆتایی

**٣- پرسی خوێندنەوە: ململانێی تەئویلەکان:**

خوێندنەوەی کارەکانی نیچە لەوەتەی نزیکەی نیو سەدەیە، بێ پچڕانەوە هاتوون، بۆیە تێکاڵاون و دژشیش وەستاونەتەوە، کەچی زۆریی تەئویلەکان بوونەتە کۆسپ لەبەردەم تێگەیشتن لە فەلسەفەی نیچە. کارڵ لفیت[١] پاشکۆیەکی بۆ کتێبەکەی (نیچە و فەلسەفەی گەڕانەوەی ئەبەدی) تەرخانکرد، کە لەماوەی دابڕانی لە مامۆستاکەی (هایدگەر) لە ساڵی ١٩٣٤ بڵاویکردەوە، لەم کتێبەدا بیریار و شەرحکەران و خوێنەرانی هەمەجۆری دیاریکرد، لەوانەی کە باسی کارەکانی نیچەیان لەماوەی نێوان ١٨٩٤ بۆ ١٩٥٤ کردووە[٢].

لێرە دەکرێت باسی بوملار بکەین لە کتێبی (نیچە و فەیلەسوف و سیاسی) کە ساڵی ١٩٣٦ بڵاوبووەتەوە، هەروەها هایدگەر کە بەشێکی زۆر کارەکانی بۆ نووسینەکانی نیچە تەرخان کرد هەر لە ١٩٣٥ بۆ ١٩٥٥، کارڵ لویس تەنیا باسی خوێنەرانی نیچە دەکات، سەرەتا لە ئەندریاس سالۆمی[٣] دەست پێدەکات، کە کتێبەکەی (نیچە لەمیانەی کارەکانی) ساڵی ١٨٥٤بڵاوکردەوە، تا بە هایدگەر دەگات، کەچی باسی ویلیام دەلتای وەکو یەکێ لە خوێنەرەکانی نیچە ناکات، کە کتێبێکی بەناوی (جیهانی ڕوح) هەیە[٤].

لەدوای هایدگەریش خوێندنەوەکانی نیچە بەردەوام بوو، جیل دلۆز (١٩٢٤ ـ ١٩٩٥) کە ساڵی ١٩٥٦ یەکەم کتێبی لەبارەی نیچە بڵاوکردەوە، کتێبی دووەمیشی ساڵی ١٩٦٢ بڵاوکردەوە، میشاڵ فۆکۆ (١٩٢٦-١٩٨٤) ساڵی ١٩٧١ وتارێکی بەناوی (نیچە، جینیالۆجیا، مێژوو) بڵاوکردەوە، هەرچی دریدایە (١٩٣٠-٢٠٠٤) کە بە فەلسەفەی هایدگەر کاریگەر بووە، لەبارەی (شێوازەکانی نیچە) نووسیوویەتی و ساڵی ١٩٧٢ بڵاویکردووەتەوە.

پێدەچێت بەدرێژایی سەدەی بیست، کارەکانی نیچە هانی ژمارەیەک خوێنەری دابێت، ئەو کاریگەرییە تا ئەمرۆش لەسەر ئەو خوێنەرانە ماوە، بۆ نموونە ئەوەی (جیانی ڤاتیمۆ) بۆ نیچەی تەرخانکرد، بەڵام سەرەڕای زۆریی و بەدوایەکداهاتنی ئەو خوێندنەوانە، هەندێکیان بەمەبەستی ئایدیۆلۆژی و سیاسی بەرێخرابوون، هاوشێوەی خوێندنەوەکەی بۆملار، هەندێک خوێنەر سەر بە چەپی تازە بوون[٥] لەمیانەی گەڕاندنەوەی (ئیرادەی ئیقتیدار) بۆ مەیلێکی بیۆلۆژی و جەختکردنەوەیان لەوەی کە ئەمەی نیچە باسی دەکات ڕەوایەتی بە پاکتاوی ڕەگەزیی دەدات و ڕێگریی دەکات لەوەی لاواز و نەخۆشەکان زاوزێ بکەن و وەچەبخەنەوە[٦].

بەمەش فەلسەفەی نیچە، کە شارستانییەتی لە ڕووی جینیالۆجییەوە خوێندەوە، بۆ پاساوهێنانەوە بۆ ڕژێمی نازی تەوزیفکرا، ئیدی خوێندنەوەی چاک و خراپ تێکەڵبوون، بۆیە قسە لەیەک نیچە ناکەین، بەڵکو لەپێگەی فرە دیدگا و مەبەستەکانی تەئویل، قسە لەبارەی فرە نیچەیەک دەکەین[٧].

ئەمەش وامان لێدەکات، ئەو خوێندنەوانەی کە دژ بە ڕژێمە سیاسییەکانن لەو خوێندنەوانە جیابکرێنەوە کە جیدین، بۆئەوەی بتوانین پەردە لە ڕووی فەیلەسوفەکەمان لابدەین و ڕووە ڕاستەقینەکانیان بناسین.

گرنگترین خوێندنەوەکان لەبارەی نیچە لەماوەی نێوان ١٩٣٠ بۆ ١٩٤٠ پەیدابوون، بەڵام خوێندنەوەی هایدگەریی لەنێوان ئەو خوێندنەوانە، گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی هێنایە پێش[٨] ونکە خوێندنەوەکەی هایدگەر تاکە خوێندنەوەی فەلسەفییە، کە چووەتە هەناوی (وشە بنەڕەتییەکانی نیچە)

لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوەش پشتمان بەم خوێندنەوەیە بەستاوە:

یەکەم: گرنگی و زۆریی ئەو دەقانەی کە هایدگەر

بۆ نیچەی بەردەستکردووە (لە ١٩٣٦ تا ١٩٥٥) نیچە تاکە فەیلەسوفە، کە هایدگەر بڕێکی یەکجار زۆر وانە و موحازەراتی بۆ تەرخانکردووە، هاوکات لەگەڵ دەرچوونی کتێبەکەی کارڵ یسبرس (١٩٣٦) دەستیکرد بە وانەگوتنەوە لەبارەی نیچە، ئەمەش بواری بۆ ڕەخساند کە لە زانکۆی ئەڵمانی وانەبێژی بکات.

دووەم: پێدەچێت خوێندنەوەی هایدگەر بۆ نیچە، لێپرسینەوەیەکی فەلسەفیی نازیانە بێت، واتا هایدگەر دوای وازهێنانی لە سەرۆکایەتی زانکۆ نازییەتی ملکەچی ڕەخنەی ڕاستەقینە کرد، ئەزموونی هەڵەی تێکەڵاوی بیرکردنەوە کرد، هەموو بانگەشەیەکی نوێکاریی لە مەزهەبی سیاسی و مەرجەعە فەلسەفییەکەی سەندەوە و پرسی کرداری بۆ ئەو پێگەیەی شایستەیەتی گەڕاندەوە[٩]

کاتێک ئەو تیۆرە ئایدیۆلۆژیانەی، کە بەهۆی خواستە سیاسییەکانی هەوڵی دەدا، وێنەی فەیلەسوف نیچە بشێوێنێ[١٠]


خوێندنەوەی هایدگەر بۆ نیچە بەگشتی و خوێندنی لە زانکۆکان بەتایبەتی لەو سەردەمە (١٩٣٦ بۆ ١٩٤٠) بەرجەستەبوو، تاکو نیچە لەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵی تەبرئە بکات و تەئویلە نازییەکانیش سەرکۆنە بکات[١١]

پێناچێت خودی یسبرس هاوسۆزی بۆ ئەو خوێندنەوە ئایدیۆلۆژییانە هەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەروەک سافرنسکی دەڵێت هەڵوێستی نارۆشن و نادیار بووە[١٢]

هەرچی هایدگەر بوو، ئەوا مەبەستی خۆی لە گرنگیدان بە نیچە لە نامەیەکدا، کە ساڵی ١٩٤٥ بۆ سەرۆکی زانکۆی فریبۆرگی ناردبوو ڕوونکردبووە و گوتی: (من لەوەتەی ١٩٣٦ەوە زنجیرەیەک وانەم لەبارەی ئامادە کردووە....لە ڕاستیدا، مافی ئەوەمان نییە نیچە بە ناسیۆنالیزمی سۆسیالیستی بلکێنین (....) بەڵام تەفسیری میتافیزیکی بۆ نیچە لە بەرزترین ئاستیدا، تەفسیریکردنییەتی بە عەدەمییەت....)[١٣] ئەمەش ئەوە دەخوازێت، کە دەبێت خوێندنەوەیەکی هایدگەریی لەسەر پاشماوەی هەموو خوێندنەوە ئایدیۆلۆژییەکان دیاری بکەین.

سێیەم: ئەو خوێندنەوەیەی هایدگەر بۆ نیچەی کردووە، زۆر ورد و تۆکمەیە لە ڕووی تەئویلەوە، بەمەش ئەو نارۆشنی و لێڵییەی، کە لە خوێندنەوەکانی پێشوویدا، یان هاوسەردەمی خۆی هەبوو، تێپەڕاند[١٤] بۆیە خوێندنەوەکەی هایدگەر لەهەموویان زیاتر ڕەسەن و ڕوونترە[١٥]

هەرچەندە خوێندنەوەکەی درێژدادڕە، چونکە هەموو کون و قوژبنە بنچینەییەکانی فەلسەفەی نیچەی بەسەرکردووەتەوە، بەتایبەت لە ڕووی (فینۆمینۆلۆژیای ویژدانی) سەرباری ئەوەش هایدگەر هەوڵیداوە، هەمان ڕێچکەی دیلتای بگرێتەبەر، کاتێک (هێرمینۆتیکا)ی کردە بنچینەی سەرهەڵدانی زانستە مرۆییەکان، لای ئەو



هێرمینۆتیکا ئەرکی ڕەهای فەلسەفەیە. کەچی هێرمینۆتیکای هایدگەریی، فینۆمینۆلۆژیای تێپەڕاند، چونکە فینۆمینۆلۆژیا لەسەر ئەوە بەدەرناکەوێت و جێبەجێ نابێت، کەچی هێرمینۆتیکا بەدوای مەبەستە شاراوەکانی خوێنراودا دەگەڕێت.

چوارەم: سەرباری ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی خوێندنەوەکەی هایدگەر کراوە، بەڵام توێژەرانی بواری نیچە هیچیان ناتوانن خۆیان لێ ببوێرن و ئاوڕی لێنەدەنەوە، ئەوەندە خۆی سەپاندووە بەسەر هەموو خوێندنەوەکانی دیکە، تا وای لێهاتووە کاری لە هەموو خوێندنەوەکانی دیکە کردووە. هۆکاری ئەمەش بۆ جیدیبوونەکەی،

یان بۆ قوولی پشکنینەکانی لەسەر کارەکانی نیچە، هەروەها ناکرێت ئاماژە بە جوانی شێوازی هایدگەر لە خوێندنەوەکانی نەکەین، هەرچەندە لەزۆر شوێن، تووشی دووبارەکردنەوە بووەتەوە.

پێنجەم: جۆرە نزیکایەتییەک لەنێوان نیچە و هایدگەردا هەیە، هایدگەر هەر لەوەتەی خوێندکاری زانکۆ بووە (لەماوەی نێوان ١٩١٠ تا ١٩١٤) دەستی کردووە، بە خوێندنەوەی (ئیرادەی ئیقتیدار) لەگەڵ نیچەشدا لە چەند بیرۆکەیەکدا هاوبەشن لەوانە: (مردنی خوا، عەدەمییەت، تێپەڕاندن).

پێدەچێت خوێندنەوەمان بۆ خوێندنەوەکەی هایدگەر (وشە بنچینەییەکانی نیچە) ببێتە خوێندنەوەیەکی لۆکاڵی بۆ (تەنگژەیەکی تەئویلی) گەورە: خەریکە ئێمە لە خزمەت دوو گەورە پیاو دابین، ئەوانیش: نیچە و هایدگەرن[16]

**وشەی بنەرەتی، وشەیەکە تێرمەبەست و دیدگا و تێڕوانینە، بەشێوەیەک ئەگەر لەسەر شەقامیش جێبهێڵدرێت، کەس دەستی لێنادات و تێبینی ناکات لەوێیە**

نالوێت بەبێ تێگەیشتن لەیەکێکیان، لەوەی دیکەیان بگەین، نازانین ئێمە بەنیازین نیچە بخوێنینەوە، یان هایدگەر؟ پێویستە توێژینەوە لەسەر ئەوە بکەین، چۆن بیرکردنەوەی نیچە کاری لە بیرکردنەوەی هایدگەر کردووە؟ نیچە چۆن لایەن هایدگەرەوە خوێندراوەتەوە؟ ئایا هایدگەر مافی خۆی لای نیچە بردووە؟ بەو مانایەی، کە لەدوای خوێندنەوەکە هایدگەر چی بەدەستهێناوە و چی لەکیس چووە؟ ئێمە هەوڵنادەین لە ڕووی تەکنیکییەوە لەم تەنگژەیە ڕزگارمان بێت، بەڵکو بەنیازین لەناوی بمێنینەوە، بەڵکو بتوانین لە خزمەتیدا، ڕووخساری نزیکایەتی هەردوو فەیلەسوفەکە بەدەربێخین.

ڤاتیمۆ باسی لەوەکردووە، کە نیچە تاکە فەیلەسوفە، هایدگەر گرنگی زۆری پێداوە[17]

هایدگەر لە (تجاوز المیتافیزیقا) ئەوە ڕادەگەیەنێت، زۆر بە بلیمەتی نیچە سەرسامە و بیروڕای نیچە لە ڕووی پشتبەستنی بە بیروڕای بلیمەتانە، بەتەواوی بە نوێ دادەنێت.

ڤاتیمۆ لەکتێبی (کۆتایی مۆدێرنیتە)[18] جەختی لەم نزیکایەتییەی نێوان ئەم دوو فەیلەسوفە کردووەتەوە، لەکاتێکدا (غەیرییە) مەرجێکی زەرووریی بێت، بۆ ئەگەری بوونی خوێندنەوەیەکی تەئویلی (شلایر ماخەر)

کەواتە خوێندنەوەی هایدگەر بۆ نیچە چۆن دروستە، لەکاتێکدا ئەو نزیکایەتییەیان لە سەرەتاوە لەنێوان خوێنەر و خوێنراو هەبوە؟ ئایە ئەمە جۆرێک لە ڕۆڵی هێرمینۆتیکا نییە؟

**٤. خوێندنەوەی هایدگەر بۆ نیچە:**

جێی ئاماژە بۆکردنە، هایدگەر بۆ یەکەمجار لە کتێبەکەیدا بەناوی (الوجود والزمان) (١٩٢٧) ناوی نیچەی هێناوە، ئەوەش لەمیانەی بڕگەی ٧٦ی بەشی پێنجەم بەناوی (الزمانیة والتاریخانیة) بە ناوونیشانی (الدازین والزمانیة)

باسکردنی نیچە لێرە بەشێوەی وەزیفی بووە و هایدگەر باسی ئەو کارانەی نیچەی کرد، کە گرنگیان بە تەنگژەی مێژوو و زەمان دەدات، ئەویش لەکتێبی (اعتبارات لازمنیة)[19] کە ساڵی ١٨٧٣ چاپ بوو، بەڵام تا دەوروبەری ١٩٣٥ بەرانبەر نیچە بێ دەنگ بوو، تا ئەوکاتەی دەستی بە وانەگوتنەوە کرد لە (١٩٣٦ بۆ ١٩٤٦) لە زانکۆی فریبۆرغ، کە شەش سیمناری تەرخانکرد بۆ قسەکردن لەبارەی کارەکانی نیچە.

ساڵی ١٩٦١ وانەکانی هایدگەر لەبارەی نیچە بە زمانی ئەڵمانی لەمیانەی کۆبەرهەکانی نیچە لەلایەن ڤایتۆریا کلۆستێرمان بڵاوکرایەوە، بەیار کلۆسوفسکی لە ئەڵمانییەوە کردوویەتە فەرەنسی، ساڵی ١٩٧١ لەلایەن گالیمار بڵاوکرایەوە، بەرگی یەکەمی وانەکانی لەبارەی نیچە لە سێ بەشی پێکهاتووە، بەشێکیان گرنگی بە (ئیرادەی ئیقتیدار لە ڕووی هونەر چییە؟) داوە، کە ئەمەیان لە ساڵی ١٩٣٦ بۆ ١٩٣٧ بەردەوام بوو، لە بەشی دووەمدا هایدگەر باسی (گەڕانەوە ئەبەدی/العود الابدي) دەکات، کە ئەو وانەیە بۆ ساڵی ١٩٣٧ دەگەڕێتەوە، بەشی سێیەم لەبارەی (ئیرادەی ئیقتیدارە لە ڕووی مەعریفە چییە؟) کە هی وانەکانی ساڵی ١٩٣٩ بوو.

بەرگی دووەم، بەشەکانی دیکەی لەخۆگرتووە: بەشی چوارەم بەناوونیشانی (گەڕانەوەی ئەبەدی بریتیە لە ئیرادەی ئیقتیدار) کە بۆ ساڵی ١٩٣٩ دەگەڕێتەوە، بەشی پێنجەم گرنگی بە (عەدەمییەی ئەوروپی) دەدات، کە بۆ ساڵی ١٩٤٠ دەگەڕێتەوە، بەشی شەشەم بۆ باسکردنی (میتافیزیای نیچە) تەرخانکرابوو، ئەم وانەیەش بۆ ساڵی ١٩٤٠ دەگەڕایەوە، هەرچی بەشی حەوتەمە، باسی (دیاریکردنی ئەنتۆلۆژی تاریخانی بۆ عەدەمییەت) دەکات ئەو وانەیە لە ١٩٤٤ بۆ ١٩٤٦ بەردەوام بوو، کەچی بەشەکانی دیکە (٨ و ٩ و ١٠) بۆ (پەیوەندی مێژووی وجود بە میتافیزیکا) تەرخانکرابوو، کە بۆ وانەکانی ساڵی ١٩٤١ دەگەڕایەوە.

ئەوا ئەو ساتەبوو کە لە

ساڵی ١٩٤٣ هایدگەر وانەیەکی بەناوی (وتەی نیچە لەبارەی مردنی خودا) پێشکەشکرد، ئەوەش ئەو ساتەبوو کە هایدگەر لایەنگری نیچەی کرد، لەناویاندا دەکرێت باسی (وتەی ئەناکسماندرس) بکەین، لەمیانەی (هۆڵزویج) کە ساڵی ١٩٥٠ بڵاوکرایەوە. هەروەها هایدگەر لەمیانەی (چ هۆکاری فیکرە؟) ساڵی ١٩٤٥ باسی نیچەی کرد، لەدوای ئەو هەوڵەش لە (زەردەشت کێیە؟) ساڵی ١٩٥٣ دووبارە باسی نیچەی کردەوە، کە لە (محاولات و محاضرات) ساڵی ١٩٥٤ بڵاوبووەوە.

داڤید فاراڵ کراڵ[٢٠] ئاماژە بۆئەوە دەکات، کە بە دیاریکراویی نازانین، کەی هایدگەر بۆ یەکەمجار دەستی بە خوێندنەوەی کارەکانی نیچە کردووە، بەڵام ئەوەی لێی دڵنیاین، ئەوەیە کە ئەو لەو کاتەی قوتابی زانکۆی فریبۆرگ بوو لە (١٩٠٩ بۆ ١٩١٤) لێکۆڵینەوەی لەسەر نیچە دەکرد، ئەو ماوەیەش هاوکات بوو لەگەڵ دەرکەوتنی بڵاوکراوەی دووەمی کارەکانی نیچە، بەناوی (ئیرادەی ئیقتیدار ١٩٦٦) دوای بیست ساڵ لە ڕێککەوتی بڵاوبوونەوەی ئەم کارە، ئیدی ئیرادەی ئیقتیدار بووە خاڵی سەرەتای کاری جیدی تەئویلی هایدگەر بۆ نیچە. پێدەچوو، هایدگەر هەتا ساڵی ١٩٢٠ بە شێوازەکەی نیچە سەرسام بووبێت. داڤید فاراڵ ڕوونی دەکاتەوە کە کاریگەری هایدگەر بە نیچە لەمیانەی خۆئامادەکردنی بۆ کاریی زانکۆیی (١٩١٥ بۆ ١٩١٦) لەرێگەی ئامادەکردنی بابەتێکی فەلسەفی لەبارەی (بەهایەک لەپێناوی ژیان) بە

**پێدەچێت خوێندنەوەی هایدگەر بۆ نیچە، لێپرسینەوەیەکی فەلسەفیی نازیانە بێت، واتا هایدگەر دوای وازهێنانی لە سەرۆکایەتی زانکۆ نازییەتی ملکەچی ڕەخنەی ڕاستەقینە کرد**

دەردەکەوێت، هەروەها لەمیانەی خوێندنەوەی فریبۆرگ (١٩٢٤ بۆ ١٩٤٤) گرنگی بە نیچە داوە، کەچی لە میانەی خوێندنەوەی ماربۆرگ خوێندنەوەی بۆ نەکردووە، بەهۆی ئەوەی هایدگەر دەستی بە خوێندنەوەی ئەرستۆ و کانت و هۆسرەڵ (١٩٢٣ بۆ ١٩٢٨) کردبوو، کەواتە پێکگەیشتنی هایدگەر بە نیچە لە ماوەی ساڵانی سییەکان و چلەکان و سەرەتای پەنجاکان بە ئاشکرا دیاربوو[٢١].

هەروەها جێی ئاماژە بۆکردنە کە هایدگەر (الاعتبارات اللازمنية)ی دووەمی نیچەی (١٩٣٨-١٩٣٩) خوێندبووە، کە بەزمانە ڕەسەنەکەی لەمیانەی بڵاوکراوەی ئەڵمانی ساڵی ٢٠٠٣ بڵاوکرایەوە و لەسەر ئەرکی کوڕی هایدگەر (هارمان هایدگەر) لکێنرا بە کۆبەرهەمەکانی و ئالان بۆتۆ ساڵی ٢٠٠٩ لە خانەی چاپی گالیمار ئەم کۆبەرهەمەی بۆ زمانی فەرەنسی وەرگێڕا[٢٢].

**٥- تێگەیشتن لە (وشە بنەڕەتییەکان) تێگەیشتنە لە نیچە:**

فیکری نیچە لەمیانەی خوێندنەوەی هایدگەرییەکان، بەشێوەی میتافیزیکی ڕێکدەخرێت، ئەمەش لەگەڵ تەواوی فیکری خۆراوایی گونجاوە. لێرەدا میتافیزیکا بە (تێڕوانین لە حەقیقەتی مەوجود) سەیرکراوە (نیتشە٢- ل٢٠٧)[٢٣] بەڵام لەوەتەی کتێبی (فجر)ی نیچە ساڵی ١٨٨١ دەرچووە، حەقیقەتی مەوجود لای ئەو بەشێوەی (وشە بنەڕەتییەکان) دەرکەوتووە، بەهۆی ئەو وشانە گوزارشتی فیکری خۆی کردوە و ئینتیمای بۆ ئەو میتافیزیکایەی، کە دەیەوێت بەجێی بهێڵێت، ڕوونکردووەتەوە. وەکو دیارە ساڵی دەرچوونی کتێبی (فجر) هەمان ئەو ساڵەیە کە تێڕوانینی نیچە بۆ (گەڕانەوەی ئەبەدی) بەرجەستە بوو[٢٤].

هایدگەر جەخت لەوە دەکاتەوە کە میتافیزیکای

نیچە، بۆمان مەفهوم نابێت، تا لە ڕایەڵە زەروریی و ڕەسەنەکان بیرلە(وشەبنەڕەتییەکانی)نەکەینەوە[٢٥] مەبەست لە (وشەی بنەڕەتی) چییە؟ ئەی وشە بنەڕەتییەکانی نیچە چین؟ چی وایکردووە بنەڕەتی بن؟

هایدگەر (وشە بنەڕەتییەکانی نیچە)ی کردە ناوونیشانی لاوەکی بەشی پێنجەمی وانەیەک لەبارەی نیچە (عەدەمییەتی ئەوروپی) کە لە بەشی دووەمی کتێبی نیچە چاپ بووە و لە ئەسڵە ئەڵمانییەکەی ئەم ناوونیشانەیە (Die funf Haupttitel im Denken Nietzsches)[٢٦] کلۆسوفسکی وا (Les cinq termes capitaux dans la pensee de Nietzsche)[٢٧] بۆ زمانی فەرەنیسی وەرگێڕاوە. واتای ئەسڵە ئەڵمانییەکەی وشە بنەڕەتییەکان بریتییە لە (Haupttitel) لەفەرەنسییەکەی بە کلۆسوفسکی بە (les termes fondamentaux)[٢٨] کەچی کلۆسوفسکی تێرمی لەبەر (Das Wort) ئەڵمانی بە مانای وشە

**پێویستە توێژینەوە لەسەر ئەوە بکەین، چۆن بیرکردنەوەی نیچە کاری لە بیرکردنەوەی هایدگەر کردووە؟**

بەکارهێناوە. شایانی ئاماژە بۆ کردنە کە هایدگەر (وشە بنەڕەتییەکان)ی بە (بیروڕای بنەڕەتییەکان) یش دەربڕیووە[٢٩].

هەروەها خودی نیچە ئەوەی لە فەلسەفەکەی بنچینەیی بوو، بە (مەزهەبە فەلسەفییە بنەڕەتییەکان)[٣٠] دەربیبڕیووە، بەو پێیەی کە بە تەئویلی هەموو مەوجودەوە پەیوەستە[٣١] بەڵام نابێت (وشەی بنەڕەتی) بە (چەمکی بنەڕەتی) تێبگەین، چونکە وشە لە چەمک جیاوازە، وشە نەرم و جوڵاو و ڕژاوە، کەچی چەمک ڕەق و چەسپاوە. بەهۆی ئەوەی (وشە) لە هەردوو فەیلەسوفەکە نزیکە، چونکە وشە پڕیەتی لە (شعرییبوون و فکرییبوون) لەوانەشە جۆرێک لە ڕیتم و مۆزیکیشی تێدابێت، کاتێک بەشێوەی شیعریی بەدوایەکدا دێت. ناکرێت ئەو پەیوەندییە توندە پشتگوێ بخەین، کە هایدگەری بە شیعری (هۆڵدرلین)[٣٢] دەبەستەوە، هەروەها ناکرێت، نکۆڵی لەوە بکرێت، کە خودی نیچە پێشتریش بە هەمان شێوازی شیعریی نووسینەکان دەنووسی، بەتایبەت لە (زەردەشت وای گوت ١٨٨٣-١٨٩٢).

هایدگەر لەمیانەی شەش وانەدا (١٩٤١- ١٩٤٢) نیچەی فەیلەسوفی بە شاعیر دانا، کاتێک پرسیاری ئەوەی لێکرا، ئاخۆ دەکرێت پەیوەندییەکی جەدەلی هەبێت، کە فیکری فەلسەفی بە شیعر گرێبدات؟ واتە دەکرێت ڕێچکەیەک هەبێت لێوەی لە شیعرەوە بەرەو فەلسەفە بچین، نیچە لەمیانەی (وشە) لەگەڵ هۆڵدرلین یەکدەگرێتەوە[٣٣]. ئایا هایدگەر لەوە نەگەیشتووە، کە نیچە (وشە بنەڕەتییەکانی) لە قەسیدەیەک کۆکردووەتەوە و لە پاشکۆی بڵاوکراوەی دووەمی (زانستی شاد/ العلم المرح ١٨٨٧) چاپ بووە، بەناوونیشانی (بۆ گۆتە؟)[٣٤] ئەدی هایدگەریش قەسیدەکی نەنووسی و ناوی نا (sprache[٣٥])؟ ئایا پێناچێت (وشە) پێگە یان نیشتمانی وجود بێت؟

مامۆستا محەمەد مەحجوب، بەم شێوەیە پێناسەی (وشەی بنەڕەتی) لای نیچە دەکات: وشەی بنەڕەتی، وشەیەکە تێرمەبەست و دیدگا و تێڕوانینە، بەشێوەیەک ئەگەر لەسەر شەقامیش جێبهێڵدرێت، کەس دەستی لێنادات و تێبینی ناکات لەوێیە، وشە ئەو شتە جوواوەیە، کە لەسەر هەموو زمانێک هەیە، بۆ نموونە وشەی (گەڕانەوەی ئەبەدی) وەکو بنێشت کاوێژ دەکرێتەوە، واتە گەڕانەوەی شت بۆ دژەکەی و دووبارەبوونەوەی، هەتا وای لێدێت بێ مانا دەبێت، کەواتە وشەی بنەڕەتی تێدا نییە، بەڵکوو ماناکەی بۆخۆی لەپشت بەڵگەنەویستەکان شاردووەتەوە، دواتر لە شکۆمەندیی و ڕیسوایی بەکاردێت[٣٦]. کەواتە مانای ئەوە چییە؟

وشە لای نیچە کاتێک بە (بنەڕەتی) دادەنرێت، ئەوەندە بەدیهی بێت، پێویست بکات تێی بگەین، ئەوەندە تێر مانا و مەبەست بووە، تاکو وازی لێ دەهێنرێت، ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە (وشەی بنەڕەتی) لای نیچە وشەیەکی زۆر بەدیهییە (بەڵگەنەویستە) بۆیە هیچ شتێکی ئەو وشەیە نامان وروژێنێت، تاکو مانا شاراوەکانی بدۆزینەوە، بەڵام کاتێک بمانەوێت قسەی لەبارەوە بکەین، بە دەستەواژە داپۆشراوە. ئەوەی (بنەڕەتییە) تێیدا،

تا ئاستی بێ کەڵکبوونی ناسراوە، ئەوەشی تێیدا بە بەها بێت، تا پلەی لە بیرچوونەوە ناسراو دەبێت، بۆیە هایدگەر بۆ پشکنینی ئەو وشانەی کە تێر مەبەستن و لە تێڕامانی ماندووبووین، هانمان دەدات. لەمیانەی خوێندنەوەی هایدگەریی دەخوازین، شوێن وشە بنەڕەتییەکانی نیچە بکەوین، کەواتە: ئەو وشە بنەڕەتیانەی نیچە چین؟

هایدگەر پێنج وشەی بنەڕەتی لای نیچە دیاری دەکات: ئەو پێنج وشەیە لەمیانەی «عەدەمیبوونی ئەورووپی» بەم ڕیزبەندییە باس دەکات: عەدەمییەت، هەڵگەڕاندنەوەی هەموو بەهاکانە، ئیرادەی ئیقتیدار، گەڕانەوەی ئەبەدی، مرۆڤی باڵا[٣٧] کەچی ئەم ڕیزبەندییەی وشەکان لە (میتافیزیکای نیچە ١٩٤٠) گۆڕانی بەسەردا دێت و وشەی (هەڵگەڕاندنەوەی بەهاکان) شوێنی (داد) دەگرێتەوە، ئەم ڕیزبەندییەمان دەستدەکەوێت: ئیرادەی ئیقتیدار، عەدەمییەت، گەڕانەوەی ئەبەدی، مرۆڤی باڵا (سوپەرمان) و داد[٣٨]. هایدگەر لە (شەش محازەراتی زستان ١٩٤١-١٩٤٢) پارێزگاری لە هەمان ژمارە و هەمان ڕیزبەندی وشە بنەڕەتییەکانی نیچە کرد، ئەمەش لەمیانەی بڵاوکراوەی (اکتمال الميتافيزيكا والشعر ١٩٩٠)[٣٩]. پێنج وشە بنەڕەتییەکان تەبان بە پێنج ماهییەتەکەی میتافیزیکا.

بەرای هایدگەر تێگەیشتن لە نیچە، بریتییە لە تێگەیشتن لە (وشە بنچینەییەکان) واتە ئەگەر توانیمان لە (ئیرادەی ئیقتیدار، عەدەمیبوون، گەڕانەوەی ئەبەدی، سوپەرمان و عەدل) بگەین، لە نیچە دەگەین. بەڵام تێگەیشتن لە وشەیەک لەم وشە بنچینەییانە، بە تێگەیشتن لە تەواوی وشەکانی دیکەی بەندە[٤٠]. بە (ئیرادەی ئیقتیدرا) دەگوترێت (وجودی مەوجود) هەرچی (عەدەمیبوونە) بریتییە لەو وشەیەی کە مێژووی حەقیقەتی مەوجود دیاری دەکات، کەچی (گەڕانەوەی ئەبەدی) گوزارشت لەو ڕێبازە دەکات، کە وجودی مەوجودی پێ دروست دەبێت، هەرچی (سوپەرمانە) ئەوە تایبەتە بە مرۆڤایەتییەوە لە پەیوەستبوونی بە تەواوی مەوجودەوە، هەرچی عەدلە (داد) ئەو وشەیەیە، بۆ سەرەتامان دەگەڕێنێتەوە، بریتیە لە حەقیقەتی مەوجود لە ڕووی (ئیرادەی ئیقتیدارەوە).

هایدگەر جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەوەی تاکە (وشەیەک) دەیڵێت، لە میانەی سیاقی (کۆنتێکیست) وشە بنەڕەتییەکانی دیکە نەبێت، ناکرێت تێی بگەین، ئەمەش بەهۆی ئەوەیە، بە (پرۆژەی وجودە) وە پەیوەستە. لە بەر ڕۆشنایی ئەوەی هایدگەر لەمیانەی (الوجود والزمان ١٩٢٧) نەبێت، ناکرێت خوێندنەوە بۆ ئەم (وشانە) بکرێت. بیرکردنەوە لە فیکری نیچە، دەکەوێتە سەر مێژووی میتافیزیکای خۆراوایی، ئەو مێژووەی، کە گرنگی بە مەوجود داوە و وجودی فەرامۆشکردووە[٤١].

هەموو خوێندنەوەیەکی تەئویلی، بۆخۆی تەنگژەیە، ئەگەرچی هیچ کێشەیەکیش چارەسەر نەکات، ئەگەر پرسەکەش بە خوێندنەوەی نیچە پەیوەست بێت، ئەوا لەسەر فەیلەسوف پێویستە بمانخاتە نێو گفتوگۆ لەگەڵ نیچەدا[٤٢]. ئەگەر خوێندنەوەی نیچە بە خودی خۆی کێشە بێت، ئەدی چ بکەین بەرانبەر خوێندنەوەی خوێندنەوە؟ ئەدی داریدا، لەوەی هایدگەر لەبارەی نیچەی نووسیووە، ئاگادار نەکردووە، بەوەی کە خوێندنەوەیەکی قورسە؟[٤٣]

کاتێک هایدگەر دووبارە بیر لە میتافیزیکای نیچە دەکاتەوە، مانای وایە کە دەیەوێت پرسەکە بە جدی وەربگرێت و دەیەوێت پێگەی ئەو میتافیزیکایە بۆ مرۆڤی هاوچەرخ دیاری بکات. کە چارەنووسی بە بەدەستهێنانی حەقیقەت گرێدراوە[٤٤]. بەڕای هایدگەر خوێندنەوەی باش، هەر ئەوە نییە، مانا لە دەقە ئەسڵییەکە دەربهێنێت، بەڵکو لەلای خۆیەوە بەبێ ئەوەی هەست بکات، هێمایەک بۆ دەقەکە زیاد دەکات. ئەرکی تەئویلکەر ئەوە نییە، کە لە خاوەن دەقەکە زیاتر لە دەقەکە بگات، بەڵکو پێویستە لەسەری لە غەیربوونی تێی بگات، واتە تێگەیشتنێکی جیاواز لە مەبەستی خاوەن دەقەکە، ئەو غەیرەبوونەی وەرگریش لەمیانەی ئەو ئاسۆیەدایە کە دەقەکە ڕێگەی پێدەدات[٤٥].

لێکەوتەی خوێندنەوەی هایدگەر بۆ نیچە بەگشتی چییە؟ بۆچی هایدگەر شوێن ئەو هەنگاوانەی نیچە کەوتووە، کە نیچە لە نووسینی دەقەکانی گرتوویەتەبەر؟ پێدەچێت هایدگەر کەوتبێتە نێو پرۆسەیەکی گرێدراو بە دەقی نیچە، واتا ئەو وەکو ئەوەی قسە لەگەڵ خوێنەرانی دەکات، ئاواش ڕووی قسەی لە نیچە کردووە، ئەگەر تێگەیشتنی خوێنەر و تێگەیشتنی خوێنراو وەکو

یەک بن، چۆن دەکرێت ئەم پرۆسەی گرێدانە ئەنجامبدرێت؟

ئەوانەی دەیانەوێت نیچە بخوێننەوە، پێویستە پشت بە کۆبەرهەمەکانی نیچە ببەستن، کە بۆ فەرەنسی وەرگێڕدراون و لەلایەن خانەی گالیمار چاپکراون. سەبارەت بەو بەرگەی کە هایدگەر بۆ خوێندنەوەی نیچەی تەرخانکردبوو، ئەوا پێویست دەکات پشت بەو وەرگێڕانەی بیار کلۆسفسکی ببەستن، کە ئەویش لە خانەی گالیمار چاپ بووە.

### پەراوێزەکان

- کارڵ لفیت بەرانبەر هایدگەری مامۆستای بێ ئەمەک دەرچـوو، لەماوەی دەرچوونی کتێبەکەی نێوانیان تێکچوو بـوو، بەشێوەیەک لـە کتێبێکی دیکەی (لە ١٩٤١ چاپ بوو) بەناوی (لە هێگڵ بۆ نیچە) ناوی هایدگەر ناهێنێت، کە لەوێ باسی مێژوو فیکری ئەڵمانی کردووە لەماوەی سەدەی نۆزدەدا، نیچە و هیگڵی کردوە بە چەقی گرنگیپێدانی خۆی، ئەم کتێبەشی کردە دیاری بۆ هۆسرەڵ، سەیری:
Karl Lowith, De Hegel a Nietzsche, Paris, 1969.

- Karl Lowith, Nietzche; philosophie de l eternal retour du meme traduit de L allemande par Anne-Sophie Astrup, Clamannlevy, 1991, p.237.

- شایانی باسە، کتێبەکەی ئەندریاس سالۆمی هەر تەنیا بە شەرحکەری نیچە دانانرێت، چونکە فەیلەسوفەکە پەیوەندی کەسی بە ئەندریاسی کچە ڕووسی هەبوو، کە نیچە ساڵی ١٨٨٢ لە ڕۆما لە ماڵی پۆڵ ڕی برادەری چاوی پێکەوت، ئەو پەیوەندییە وایکرد ئەم کتێبە (نیچە لەمیانەی کارەکانی) پەیدابێت.

- W. Dilthey, Le monde de L esprit, Trad. M. Remy, Paris, Aubier- Montaigne, 1947, pp 370-371.

- Safranski, Nietzsche Biographie d une pensee, Traduit de L allenmand par Nicole Casanova, Paris, Solin, actes Sud, p. 312.

- Stigler Barbara, Nietzsche et la biologie, Paris, P.U.F, 2001, p,87.

- Jean-Francois Balaude, Lectures de Nietzsche, Paris, Livre de Poche, 2000, P.7.

- Jean- Michel Plamier, Lectures allemandes, in Magazine Litteraire, N 298, Avril, p.92.

- محمد محجوب، هیدغر و مشکل المیتافیزیقا، تونس، دار الجنوب للنشر، ١٩٩٥، ص ص ١٨-١٩.

- Schutte Oflia, Beyond Nihilism, Nietzsche without mask, the University of Chicago, 1984, p. X.

- پەیوەندی هایدگەر بە نازیزم، هەرایەکی گەورەی نایەوە، کە هەریەکە لە فریاس (بە کتێبی هایدگەر و نازیزم) و هابرماس (بە کتێبی الأثر والالتزام) و ج م بالیمی (بە کتێبی نووسینە سیاسییەکانی هایدگەر) و م. دی کۆندیاک و کارڵ لفیت و ئەیریک فایل و ئەوانی دیکەش کە ویستوویانە وێنەی هایدگەر بشێوێنن و ئەستێرەی درەوشـاوەی بکوژێننەوە، بەشداریان تێداکردووە. لەم هەڵمەتەیاندا پشتیان بەو گوتارە زانکۆییە بەستابوو، کە لەماوەی سەرۆکایەتی زانکۆ (٢٧ی مای ١٩٣٣) پێشکەشی کردبوو. سەیری: محمد محجوب، هیدغر و مشکل المیتافیزیقا، تونس، دار الجنوب للنشر، ١٩٩٥، ص ص ١٣-١٩.

- Rudiger Safranski, Nietzsche Biographie d une pensee, Traduit, Paris, Actes Sud, 2000, p.315.

- Cahier de Herne Heidegger, 1983, P. 102.

- Looking After Nietzsche, Sy=tate University Of New York Press, Albarry, 1990, p. 12.

- Wolfgang Muller-lauter, Heidgger und Nietzsche- Interpretation III, Berlin, Walter de Gruyter, 2000, preface, p. IX.

- هەریەکە لە شلایر ماخەر و پۆڵ ڕیکۆر ئەم پارادۆکسەیان بە درۆخستووە، سەیری: پۆڵ ڕیکۆر: (برادیغم الترجمة)، ١٩٩٩، لاپەرە ٩.

- Gianni Vattimo, Inroduction a Heidegger, Traduit de l italien par Jacques Rolland, Paris, 1982, P.96.

- Gianni Vattimo, La fin de la modernite, Nihilisme et hermeneuitque dans la culture Post_modernen, traduit de l italien par Charles Alunni, Seuil, paris 1987.

- Heidegger, Etre et Temps, Gallimard, paris, 2004.

- داڤید فاراڵ کراڵ، لەهەموو کەس زیاتر گرنگی بە خوێندنەوەی هایدگەر بۆ نیچە داوە، ئەمەش لیستی کارەکانییەتی بەگوێرەی ساڵی دەرچوونیان:
A. Nietzsche and the Task of Thinking; Martin Heidegger s Reading of Nietzsche, Duquesne University, Pittsburgh, 1971, 390p.
B. Towards an ontology of the paly; Research in phenomenology, 2, Pittsburgh, 1972, pp.63-93.

C. Nietzsche in Heidegger s Kehre; the Southen Journal of Philosophy, Vol XIII, N .204-2, Summer 1975,pp.197

D. Toward Sein und Zeit; in J. B. for .phenomenology, Vol 6, N 3, October 1975

E. On the manifold meaning of Aletheia; Brentano, Aristotle, Heidegger, in Reaserch .94-in phenomenology, Vol 5, 1975, pp. 77

F. Heidegger, Nietzsche, Hegel, Nietzsche .STUDIEN IV, 1976

G. Heidegger, Basic Writings, From (Being and time) to (the task of Thinking), New .York, Harper & Row, 1977, 397p

H. The Heidegger-Jaspers Relationship; in J. B. S for phenomenology, Vol 9, N 2, 1978, .129-pp 126

I. From Fundamental ti Fundamentalontologie; Research in .234-phenomenology, Vol X, 1980, pp208

J. Heglel Heidegger Heraclite; in Heracletaean Fragments, University of .42-Alabama press, 1981, pp. 22

k. Work Session with Martin Heidegger; .1981

M. The End of Metaphysic; Hegel and Nietzsche on Holiday, in research in .phenomenology, Vol XII, 1983

N. Early greek Thinking by D. f krell and .Frank A. Capuzzi, 1984

O. Intimation of Morality; Time truth and Finitude in Heidwgger s thinking of being University ponk, P. A, state press Xiv, 1986, .210p

- David Farrel Krel, Heidegger/Nietzsche, Cahier de l'Herne Heidegger, paris, Le Livre .164-de Poche, 1983, pp. 161

-Heidegger, Interpretation de la deuxieme consideration intempestivee de Nitzsche, Trad. Alain Boutot, Postface de Hans-.Joachim Friedrich, Paris, Gallimard, 2009

- شایەتی باسە، ئێمە کاتێک (نیچە١ و نیچە٢) دەنووسین، مەبەستمان لە وەرگێڕانە عەرەبییەکە نییە، بەڵکو ئەو کۆپییەیە کە بیار کلۆسفسکی بۆ فەرەنسی وەریگێڕاوە و ساڵی ١٩٧١ لە پاریس لە خانەی گالیمار چاپ بووە.

- هەمان سەرچاوە، ل ل ٢٠٨ – ٢٠٩.

- هەمان سەرچاوە، ل ٣٨.

-Heidegger, Gesamtausgabe, I, Abteilung, .1997,p.23

- .Heidegger, Nitzsche II,p.31

- Heidegger, Gesamtausgable, I, Abteilung; .Frankfurt Am Main, 1997, p.233

- .Heidegger, Nitzsche II,p. 305

- .Heidegger, Nitzsche II,p. 210

- .Heidegger, Nitzsche II,p. 266

- هایدگەر ساڵی ١٩٣٦ محازەرەیەکی لەبارەی (هۆڵدرین و ماهیەتی شیعر) پێشکەشکرد، جەختی لەوەکردەوە، ناکرێت ئەوەی فەلسەفیی بێت، لەوەی کە شیعرییە لە حەقیقەت نزیکتر بێت، ساڵی ١٩٢٧ کاتێک هایدگەر (الوجود والزمان)ی نووسی شیعر لە بیرکردنەوەی ئەودا ئامادەگی نەبوو. سەیری: Bernard Xavier, In Magazine Litteraire, Mars-Avril ,٢٠٠٦ Horse-serie, N ,٩ p.٥٠.

- Hiedegger, Introduction a la philosophie, Penser et poetiser, Achevemnt de la metaphusique et poesie, pp. ١٠٧-١٠٨.

- Hiedegger, Nietzsche II,p. ٣٠٥.

- هایدگەر ئەو قەسیدەی بەدیاری پێشکەشی ڕێنە چاری شاعیر کرد، کە ساڵی ١٩٥٥ لەلای جۆن بوفری چاوی پێکەوت، ئەو قەسیدەیەی لەسەر خواستی شاعیرەکە لەمیانەی ژمارەی یەکەمی گۆڤاری ئەرگیل لە ساڵی ١٩٧٣ بڵاوکردەوە. سەیری: Frederic de Towarnicki, Heidwgger au pays de Char, in Magazine Litteraire, Mars 2006, .Hors-serie p.61

- محمد محجوب، هەمان سەرچاوەی باسکراو، ل 7.

- Heidegger; Le Mihilisme europeen, .Nietzsche II, p.38

- Heidegger; La metaphysique de .Nietzsche, Nietzsche II, p209 et, p. 262

- Heidegger; La metaphysique de Nietzsche, Achevement de la metaphysique .et poesie

- هایدگەر، نیچە ٢، ل ٣٨.

- هەمان سەرچاوە، ل ل ٢٠٩-٢١٠.

- Cgristian Ferrie, Heiddegger et le problem de l'interpreation, Paris, Kime, .1999,p.19

-Derrida, Les style de Nitezsche, Paris, .Flammarion, 1976, p.58

- Heiddegger, Le mote de Nitezsche, Dieu est mort, in Chemins Qui ne menent nulle .part, Paris, Gallimard, p.258

- هەمان سەرچاوە، ل ٢٥٨.

# بیرەوەرییەکانی هەمفێر لەنێوان ڕاستی و هەڵبەستراودا

ئازاد عەلی مەولود

بیرەوەرییەکانی هەمفێر، یاخود دانپیانانەکانی هەمفێر-جاسوسی ئینگلیز لە وڵاتانی ئیسلامیدا، یەکێکە لەو پەرتوکانەی خوێنەرێکی زۆری هەیە، کەمیش نین ئەوانەی سەرسامی کتێبەکەن.

نووسەری کتێبەکە باس لە پیلانی بەریتانیا بۆ لاوازکــردن و تێکشکاندنی وڵاتـانی ئیسلامی دەکات، هەروەها بە چڕوپڕی تیشک دەخاتە سەر هەنگاوەکانی ئینگلیز لە هاندان و ئامادەکردنی محەمەدی کوڕی عەبدولوهاب (١٧٠٣-١٧٩٢ز) [دامەزرێنەری بزوتنەوەی وەهابی و یەکێک لە ڕەمزەکانی سەلەفیەکان] بۆ تەفرەقەخستنە نێو کۆمەڵگە ئیسلامییەکان، بەگوێرەی ناوەڕۆکی کتێبەکە مێژووی نووسینی ئەم کتێبە دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدە (١٧٠٠-١٧٤٩) بەو پێیەی نووسەر دەڵێت: ساڵی ١٧١٠ لەلایەن وڵاتەکەی (بەریتانیای مەزن) بۆکاری جاسوسی نێردراوە بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

کتێبەکە نزیکەی ٥٠ لاپـەڕە دەبێ و بۆ زۆر لە زمانە زیندووەکانی جیهان وەرگێڕدراوە، دەکرێت خوێنەران بە (PDF)یـش داونلۆدی بکەن. لەم وتـارەدا نامانەوێت شیکاری بۆ زانیارییەکانی نێو کتێبەکە بکەین، بەڵکو گەرەکمانە ئەو پرسە بوروژێنین: ئایە ئـەو کتێبە ڕاستەقینەیە، یان هـەڵبـەستـراوە؟ ئـایە نـووسـەرەکـەی هەمفێر-جاسوسی ئینگلیزە، یان نووسەرێکی دیکەیە؟

بەخوێندنەوەی ورد و ڕەخنەگرانەمان بۆ کتێبەکە و بەدواداچوومان بۆ کاردانـەوەی نووسـەرانی دیکە، گەیشتووینەتە ئـەو ڕایـەی، کە کتێبەکە هەڵبەستراوە و نووسەرەکەی هەمفێر نییە، لە نیوەی یەکەمی سـەدەی هـەژدەش نەنووسراوە، بەڵکو لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم لەلایەن ئاخوندێکی شیعەی ئێرانی بۆ کۆمەڵێک ئامانجی تایبەتی نـووسـراوە. لە خـوارەوە هـەوڵدەدەین ڕاستی ئەو بۆچوونە شرۆڤە بکەین:

ئەگەر لە پێشەکی وەرگێڕی کتێبەکە بۆ زمانی کوردی دەستپێبکەین، وەرگێڕ دەڵێت: چاپخانەیەک بەڵێنی چاپکردنی کتێبەکەی پێدابووم، بەڵام خۆیان بێدەنگ کرد، بۆیە دوای ٦ مانگ چاوەڕوانی بە (pdf) بڵاوم کردەوە. هەروەها وەرگێڕ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هەوڵیداوە زانیاری لەسەر هەمفێر بەدەست بخات، بەڵام هیچ زانیارییەکی دەست نەکەوتووە. جگە لەوانەش لەکۆتایی پێشەکیەکەیدا دەنووسێت: کاتێک بـەوردی سـەرنج دەدەیتە کتێبەکە ئەو هەستەت لادروست دەکات، کە ئەو کتێبە لە دە تا دوازدە ساڵی ڕابردوودا نووسرا بێت، چونکە ئەوان پیلانەکانی ٣٠٠ ساڵ لەمەوبەریان دژی مسوڵمانان دووبـاره دەکـەنـەوە. ئێمە پێمانوایە ئەو سەرنجانەی وەرگێڕ، هەرسێکیان ئاماژەن بۆ وەهمیبوونی نووسەری ڕاستەقینەی کتێبەکە، چونکە زۆربەی چاپخانەکان ئامادەنین کتێبێک چاپ بکەن، کە ئەسڵ و فەسڵی دیار نەبێت، تەنانەت خودی وەرگێڕەکەش زانیارییەکی ئەوتۆی لەسەر نووسەری کتێبەکە نەبێت.

لە ڕاستیدا نـەک هـەر وەرگێڕی کتێبەکە هیچ زانیاری لەسەر هەمفێر نییە، بەڵکو کەسانێکی زۆر لە ئەرشیفخانە و ئینسکلۆپیدیای بەریتانی، بۆ سۆراخی هەمفێر گەڕاون و هیچیان لەبارەی ئەو کەسایەتیە دەستگیر نەبووە[1] بۆیە ئاستەمە

باوەڕ بەهەبوونی نووسەرێک بکەین، کە تەنانەت ناوی باوک و باپیریشی نازانین، لەکاتێکدا سەدان مێژوونووس و نووسەری دیکەمان هەیە، کە زیاتر لە هەزار ساڵ بەر لە هەمفێر ژیاون، کەچی زانیاری پێویستمان لەبارەیانەوە هەیە. ئەوەی گومانەکەمان لەبارەی ڕاستی هەبوونی ئەو کتێبە فراوانتر دەکات ئەوەیە، هیچ کام لە خۆرهەڵاتناسانی بەریتانی هاوسەردەمی هامفێر و دواتریش لە کتێبەکانیاندا وەکو سەرچاوە کەڵکیان لە بیرەوەرییەکانی مستەر هەمفێر وەرنەگرتووە[٢]


زمانی نووسینی کتێبەکە، یەکێکە لەو هۆکارانەی تەواو لە وەهمیبوونی کتێبەکە پشتڕاستمان دەکاتەوە. ئاشکرایە زمان بوونەوەرێکی زیندووە و بەپێی ڕۆژگارەکان بەهێواشی گۆڕانی بەسەردا دێت، هەر سەردەمێک لەڕووی زمانەوە سیما و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆئەوەی مەبەستەکەمان زیاتر ڕوون بێت، ئاوڕێک لە ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان*)سەردەمی حوکمداری شێخ مەحموودی حەفید دەدەینەوە، لە ژمارەی ٥ی بڵاوکراوەکەدا لە وتارێکدا لە ژێر ناوونیشانی (تەربیەی ئەولادا) هاتووە: "لە ئەم مەعروزاتە سوئی تەفاهوم حاصل نەبێ، بەندە هیچ وەقتێ ناڵێم خوانەخواستە تەحصیلی مزگەوت خراپە، فەقەت لام وایە لە مزگەوتانیش دا بۆ ئەمەی کە تەلەبەکانمان تەحصیلێکی باش و موختەسەر ببینن، ئوصولی جەدیدەیش تەعقیب بکرێ، وەک لە میصردا لە جامیعەی ئەزهەری دا تەحصیل دەکرێ..."[٣]

خوێنەر کاتێک ئەو دوو دێرە دەخوێنێتەوە هەست بەو گۆڕانە گەورەیە دەکات، کە لەماوەی تەنیا سەد ساڵدا بەسەر زمانی کوردی دا هاتووە، کەچی کاتێک بیرەوەرییەکانی هەمفێر بە هەر زمانێک دەخوێنیتەوە، ڕێک دەڵێی دە تا دوازدە ساڵ بەر لەئەمڕۆ نووسراوە، سەرباری ئەوانەش دەیان دەستەواژەی تێدا بەکارهێنراوە، کە لەنیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەدا (واتا ئەوکاتەی گوایە کتێبەکەی تێدا نووسراوە) نەبوون و بەکارنەهێنراون، بۆ نموونە:

١- چەمکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەکارهێنراوە، لەکاتێکدا ئەو دەستەواژەیە لەسەرەتای سەدەی بیستەم دەرکەوتووە[٤]

٢- دەستەواژەی ئێران زۆر بەکارهێنراوە، بەڵام لەکۆندا لەلایەن خۆراواییەکانەوە بە ئێران گوتراوە وڵاتی فارس- Persia لەهەمان کاتدا ناوی ویلایەتێکی ئێرانیش بووە. دواتر لەساڵی ١٩٣٥ ڕەزاشای پەهلەوی (١٩٢٦-١٩٤١) چەمکی ئێرانی وەکو بەشێک لە سیاسەتە شۆڤێنیەکەی

**کتێبەکە نزیکەی ٥٠ لاپەرە دەبێ و بۆ زۆر لە زمانە زیندووەکانی جیهان وەرگێڕدراوە، دەکرێت خوێنەران بە (PDF)یش داونلۆدی بکەن**



داهێناوە و داوای کرد وڵاتانی بێگانەش بەکاری بهێنن[٥]

٣- بەریتانیای مەزن ئەو ئیمپراتۆریەتەی خۆری لێ ئاوانابێت، لەوکاتەدا ئەم چەمکەش بەکار نەبراوە، چونکە هێشتە بەریتانیا هێندە فراوان نەبووە، نزیکەی ١٠٠ ساڵ دواتر ئینگلیز لە خۆرهەڵات دەستی بە داگیرکاری کردوە، بۆرما (١٨٢٤) چین (دوای شەڕی تلیاک ١٨٤٢) هیندستان (دوای شەڕی گوالیۆر١٨٥٨) میسر (١٨٨٢) داگیر کردووە[٦]

٤- وەزارەتی موستەعمەرات، لەوکاتەدا لە بەریتانیا وەزارەتێک بەم ناوە نەبووە، چونکە هەم وەکو پێشتر ئاماژەی پێدرا بەریتانیا هێندە خاوەن داگیرگە نەبووە، هەمیش لەو کاتەدا کاری موستەعمەرەکان و داگیرکاری زیاتر لەلایەن کۆمپانیاکانەوە (بەتایبەتی کۆمپانیای هیندی خۆرهەڵاتی) ئاراستە کراوە، دواتر لەسەرەتایی سەدەی نۆزدە وەزارەتی موستەعمەرات دروست بووە[٧]

٥- دەستەواژەی پیاوە نەخۆشەکە- دەوڵەتی عوسمانی، ئەو چەمکەش لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە دەرکەوتوە، نەک نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدە[٨]

جگە لەوانەش بەکارهێنانی دەستەواژەی (فەتحی ئیسپانیا) و (بەکرێگیراو) بۆ محەمەدی کوڕی سعوود لەلایەن جاسوسێکی مەسیحی ئینگلیزی، جێگەی سەرسوڕمانە.

بۆیە زانیارییەکانی نێو کتێبەکە بەشێوەیەکی گشتگیر داڕێژراون، بۆ نموونە نووسەر دەیان جار باسی وەزیری موستەعمەرات و جێگری وەزیر و دەیان کاربەدەستی میری دەکات، بێ ئەوەی جارێک ناویان بهێنێت. هەروەها پێشتر (بەر لە سەدەی بیستەم) لەلایەن نەیارانی بزوتنەوەی وەهابییەتەوە باسی ئەو کتێبە نەکراوە، لەلایەن لایەنگرانیشی وەڵامی نەدراوەتەوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو کتێبە لەوکاتەدا نەبووە[٩]

ڕەنگە ئێستە لای خوێنەر پرسیارێک بێتە پێشەوە، ئەگەر ئەم کتێبە هەمفێر نەینووسیوە، ئەی لەلایەن کێ نووسراوە؟ گەرچی بەگوێرەی سایتی ویکیپیدیا، ئەم کتێبە بۆیەکەم جار لەلایەن کاربەدەست و نووسەرێکی عوسمانلی بەناوی ( ئەیوب سەبری پاشا) لەساڵی ١٨٨٨ بەزمانی تورکی بڵاوکراوەتەوە،[١٠]

بەڵام ئەو زانیاریە جێگەی متمانە نییە، بەوپێیەی سایتی ویکیپیدیا هیچ فلتەرێکی نییە و هەموو کەسێک دەتوانێت بەئارەزووی خۆی زانیاری تێدا بڵاوبکاتەوە، بۆیە سەرباری فراوانی و بەسوودی زانیارییەکانی سایتەکە، بەڵام بۆ یەکلایی کردنەوەی پرسە گرنگەکان باوەڕپێکراو نین. بۆیە ڕای خۆمان دەخەینە تەک ڕای ئەو نووسەرانەی پێیان وایە ئەو کتێبە لەلایەن ئاخوندێکی شیعە بەناوی (محەمەد شیرازی) نووسراوە[١١]

ئەمەش بەهۆی ئەوەی ناوەڕۆکی کتێبەکە پشتگیری لەو ڕایە دەکات، بەم بەڵگانەی خوارەوە:

١- کتێبەکە لە چەندین شوێندا شیعە بەسەر سونەکاندا فەزڵ دەکات، تەنانەت بەگوێرەی کتێبەکە بێ، هێندە نابا سوننە بەراورد بە شیعەکان دەبنە کەمینە!

٢- لە کەسایەتییە مێژووییەکانی سوننە دەدات، بۆ نموونە خالیدی کوڕی وەلید وەکو مەشرووبخۆر وێنا دەکات.

٣- دەوڵەتی عوسمانی وەکو خوێنڕێژ و ستەمکار نیشان دەدا و بەلای ستەمی سەفەویەکاندا ناچێت!

٤- لەڕاستیدا کتێبەکە لە شانۆیەک دەچێت، کە هەرچی ڕۆڵی خراپە، ناوی سەرکردە سوونەکانیان پێبەخشراوە، بۆ نموونە خالیدی دارتاش نێربازە، مەڕوان تورە و عەبوسە، کەچی ڕەزای دارتاش فریشتەیەکە بۆخۆی.

لەکاتی خوێندنەوەی کتێبەکەدا بەئاشکرا خوێنەر هەست بەوە دەکات، نووسەر دەیەوێت کەسێتی محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب بشێوێنێت، گوایە مەشرووبخۆر، سیغەکەر و نوێژنەکەر بووە! ئێمە پێمانوایە گەرچی کارەکانی محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب جێگەی ڕەخنە و سەرکۆنەکردنن، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە ڕۆچوون لە تەکفیرکردنی مسوڵمانان و بەکارهێنانی توندوتیژی و حەڵاڵکردنی خوێن و ماڵیان و شەرعاندنی حەرامکراوەکان بۆ ئالی سعوود،

**"هەمفێر کێیە؟ بۆ چ مەبەستێک ئەو کتێبەی نووسیوە؟ بێ جەوابی ئەو دوو پرسیارە ناتوانین باوەڕ بە زانیارییەکانی نێو کتێبەکە بکەین"**

## زمانی نووسینی کتێبەکە، یەکێکە لەو هۆکارانەی تەواو لە وەهمیبوونی کتێبەکە پشتڕاستمان دەکاتەوە

بەڵام ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە زۆربەی هەرە زۆری ئەوەی لەم کتێبە دراوەتە پاڵی، هەڵبەستراوە و فڕی بەڕاستییەوە نییە. نووسەر ئەو کتێبەی بەو ئامانجە نووسیوە لە کەسێتی محەمەدی کوڕی عبدولوەهاب و لەڕێی ئەویشەوە لە سەلەفییەکان بدات، ئاشکراشە سەلەفییەت یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی دەرکەوتن و مانەوەی دەوڵەتی سعوودیە، ئەمەش جگە لە ڕکابەری نێوان هەردوو دەوڵەتەکە، بۆ دژبەری فیکری سەلەفی و شیعە و پەیوەندی خراپی مێژوویی نێوان وەهابییەکان و شیعەکان دەگەڕێتەوە، بەتایبەت ئەگەر ئەوەمان لەبەرچاوبێت کە محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب کتێبێکی بۆ ڕەتکردنەوەی بیروباوڕەکانی شیعە نووسیوە، هەروەها وەهابییەکان ساڵی ١٨٠٣ پەلاماری کەربەلایان داوە، جگە لە کوشتارکردن لەخەڵکی شارەکە، مەرقەدی (ئەمام حسێن)یشیان تێکداوە[١٢]

شیاوی ئاماژەیە، لەو کتێبەدا زۆرترین لێدان و سوکایەتی ئاراستەی بەریتانیا و محەمەد کوڕی عەبدولوەهاب کراوە، ئیدی دەبێت هەمفێری زۆرزان (کە نزیکبوو لە پێناو بەرژەوەندی وڵاتەکەی خواستەکانی خالیدی نێربازیش بەدیبێنێت) بۆچی ناوبانگی وڵاتەکەی و هاوپەیمانەکەشی بزڕێنێت!؟ بۆیە دەکرێت بڵێین: هەر کەسێک هێشتە پێیوایە ئەو کتێبە ڕاستەقینەیە، پێویستە وەڵامی ئەو دوو پرسیارە سادەیە بداتەوە: هەمفێر کێیە؟ بۆ چ مەبەستێک ئەو کتێبەی نووسیوە؟ بێ جەوابی ئەو دوو پرسیارە ناتوانین باوەڕ بە زانیارییەکانی نێو کتێبەکە بکەین و بۆهیچ توێژینەوە و وتارێکی زانستیش وەکو سەرچاوە بەکاری بهێنین.

**پەراوێزەکان:**

(١) مالک بن حسين الفرحان: مذكرات (همفر) في الميزان، ص؟؛ یاسین تەها:سەلەفیەکان، ل٤٣-٤٤ .

2)) (https://www.dd-sunnah.net/forum/showthread.php?t=٨٥٥٧٧ ؛ سليمان صالح الخراشي: اكذوبة مذكرات همفر، ص١١٢.

* بانگی کوردستان، لە سلێمانی ١٣ژمارەی لە نێوان مانگی ئاب - تشرینی دووەمی ١٩٢٢ لەلایەن جەمعیەتی کوردستان بە سەرکردایەتی مستەفا پاشای یامولکی لێ دەرچوە. دوای گەڕانەوەی دووەمی شێخ مەحمود گۆڤارەکە گۆڕاوە بۆ ڕۆژی کوردستان.

(٣) بە وەرگرتن لە: نەوشیروان مستەفا: بە دەم ڕێگاوە گوڵچنین:ک٢/ب١، ل٢٤٤.

4)) https://en.wikipedia.org/wiki/Middle_East?wprov=sfti1 .

5)) Hawar Taher Nerwaiy: The republic of Kurdistan 1946, Dissertation, University of Leiden, 2013, p24.

(٦) سليمان صالح الخراشي: اكذوبة مذكرات همفر،ص١١٦ .

(٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ د. محمد السعیدی، ئوستاز لە زانکۆی ئوم القوری، لینکی بەرنامەکە: http://cbfl.googlevideo.com/-sn-oxfgv١---rr١videoplayback?e

٨)) https://ar.wikipedia.org/wiki

9)) https://archive.org/details/waq109048/page/n119/mode/2up).

10)) https://ar.wikipedia.org/wiki/ .

(١١) بۆنمونە حەسەن بن فەرحان مالیکیە.

(١٢) بڕوانە: عەلی وەردی، چەردەیەکی کۆمەڵایەتیانە لە مێژووی عێراق ب١، ل٢٧٧-٢٨٢؛ لونگريك: اربعة قرون في التاريخ العراق الحديث، ص٢٦١-٢٦٥.

* مامۆستا لە بەشی مێژووی زانکۆی ڕاپەڕین



# ترس لەمردن

**بەشی یەکەم**

ن: د. زەکەریا ئیبراهیم
لەعەرەبییەوە: سەرتیپ ئاغا واحد بەگ

بینیمان مرۆڤ لەشکستهێنان دەترسێت، چونکە (ژیان) لەدیدیدا بەواتای (سەرکەوتن) دێت، گەرەکیەتی بژیت، بەسەرکەوتوویش بژیت. هەروەها بینیمان مرۆڤ لە پیربوون دەترسێت، چونکە (ژیان) لەدیدی ئەودا (گەنجێتی)یە، دەیەوێت بژیت، بەگەنجێتیش بژیت. ئەمێستاکە دەبینین مرۆڤ لە مردن دەترسێت، چونکە (ژیان) لەدیدیدا بەواتای بەردەوامبوونە لەمانەوەدا، دەیەوێت بژیت، تاهەتایەش بژیت!
لەواقیعدا وەکو (ئونامۆنو) سەرنجیداوە (بیرۆکەی مردن) خەو لە مرۆڤ دەزڕێنێت، هۆشی نیگەران دەکات، خەریکیشە لە هاتن و چوونیشیدا بەدوای دەکەوێت، تەنانەت ویژدانیشی هەمیشە بەم ڕاچڵەکینە بەئازارە لێدەدات کە بۆی دەبێتە هۆکاری نهێنی مردن و ئەوەیشی بەدوایدا دێت! «کاتێک من خۆم دەبینم، نغرۆی بەردەوامبوونی ژیانم لە گەڵ ئەوەشدا کە خەم و سەرقاڵییەکانیشی پێیەوە دەلکێت، یاخود کاتێک خۆم دەبینم ماندووی گفتوگۆیەکی تامەزرۆیانەم، یان ئاهەنگێکی دڵخۆشکەرانەم، هێندەنابات لەناکاو خۆم دەبینمەوە، مردن لەدەوروبەرم دەخولێتەوە و بەسەرسەرمدا دەفرێت! داوای لێخۆشبوون لەخودا دەکەم، نەک خودی مردن، بگرە شتێکی خراپتریش لە مردن هەیە: ئەویش بریتییە لە هەستکردن بە نەمان، ئەمەیش ئەو بەرزترین نیگەرانییەیە کە هیچ نیگەرانییەکی دی لەدوایدا نییە «بەڵێ (ترسان) لەمردن تەنیا ترسێکی ئاسایی نییە، بەڵکوو ئەو گەمارۆیەیە، یاخود نیگەرانییە، کە لە هەمان کاتدا تێکەڵ دەبێت بەهەستگەلێکی سڵەمینەوە و پەشۆکاویی و ترس و تۆقینەوە....... هتد. ئەگەر (نیگەرانی ئێستە) بەناوی (ئایندە)وە ناوبنێین (نیگەرانی ئەمڕۆکە)ش بەناوی (سبەی) ناودێربکەین (نیگەرانی سبەی)ش بەناوی(دوسبەی) ناوزەد بکەین. ئەوە بەرزترین ئەو نیگەرانییەی کە باڵی بەسەرتێکرای ژیاندا دەکێشێت بەناوی (مردن) ناودەنێین! مردن تاکە نیگەرانییەکی دوورنییە لە کۆتایی ڕێگەدا چاوەڕێمان بکات، بەڵکوو نیگەرانییەکی نێژراوە خۆی دەخزێنێتە نێو نهێنییەکانی هەستکردن. تاکوو ئێمە خەریک بین چێژی مردن لە هەموو شتێکدا بکەین ! ئەگەرچی هەوڵیش بدەین ڕووداوی مردن لەبیرخۆمان ببەینەوە، یان پشت بە خۆ لێ بێئاگاکردنی بیرۆکەی لەناوچوون ببەستین، جا چ زوو، یان درەنگ بێت هەردەبێت خۆمان بەخەمباریییەوە لە ڕووداوی مردن ببینینەوە، کە گەمارۆیداوین بەوەسوەسەی نەمان! لەکاتێکدا بۆ هەرنیگەرانییەکی دی جاچ بابەتەکەی (ئازار، یان نەخۆشی، یان کار، یان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، یان وابەستە خێزانییەکان، یان ......تاد) بێت هۆکارەکانی دیاریکراون، نیشانەکانی دیارن، چەند ڕێگایەکی تایبەتی چارەسەرکردنیشیان بۆ هەیە.
دەبینین (نیگەرانی لەمردن)دا لە جۆریدا نیگەرانییەکی بێ وێنەیە: چونکە نیگەرانییەکە هیچ هۆکارێکی بۆنییە، جگە لە بوونی خۆی نەبێت. کە بریتییە: لە نەخۆشییەکی میتافیزیکی بێ چارەسەر! ئەمە (نەفرەتی کۆتایی هاتن) ە کە مرۆڤ بێزاردەکات و هەر لەگەڵ لەدایک بوونییەوە، هەروەک ئەوەی لەسەری نووسرابێت کە دەبێت بمرێت تەنیا لەبەرئەوەی لەدایک بووە! نموونەش بۆ ئەمە ئەوەیە: مرۆڤ (دەمرێت) نەک لەبەر ئەوەی (نەخۆش) دەبێت، یان (پیر) دەبێت، یاخود (تووشی ڕووداوێـک) دەبێت، بەڵکوو تەنیا لەبەرئەوەیە (لەدایک) دەبێت، یان (دەژیت) مردن ڕاستییەکە بۆ هەموو مرۆڤێک، چونکە پێویستبوونی نەمان و فەوتان بە واتایەک لەواتاکان برتییە لە چییەتی ژیان: ئەم پێویست بوونەش لەخودی خۆیدا نابێتە هۆکارێک لەسەرنیگەرانی، چونکە (پێویستییەکی ئەزموون)ی نییە، بەڵام بەدڵنیاییەوە مردن سەرچاوەی هەموو مەرجێکی نیگەرانی سروشتییە، یان ئەزموونییە. مردن هەموو خەمێکی خاوەن مۆرکی مەرگەساتی دادەماڵێت. هەروەها خۆی لە (توخمی نیگەران) ی کە لەهەموو تەنگژەیەک لێمان کۆدەبێتەوە

دەنوێنێت. بۆ نموونە: ئێمە کاتێک لەزیادبوونی ترپەکانی دڵمان دەسڵەمینەوە، یان کاتێک نیگەران دەبین لە تێکچوونی ئەرکەکانی جگەر، یان ڕیخۆڵە، یان ئەندامەکانی دی، سڵەمینەوەمان، یان نیگەرانیمان لەم حاڵەتەدا ئەگەری مردن لەدوای خۆیدا دەشارێتەوە، بەبێ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ خودی مردن بابەتی خەمەکەمان، یان گرنگیدانەکەمان بێت. لەڕاستیدا (نیگەرانی مردن) بەتەنیا نیگەرانییەکی سروشتی نییە جەخت بکاتە سەرهەر بابەتێک، وەکو ئەوەی نەخۆشییەک بێت و بتوانرێت دەستنیشان بکرێت، یان نیشانەکانی دیاریبکرێت، بەڵکوو بریتییە لەنیگەرانییەکی میتافیزیکی کە چاوگەکەی پێ نازانین، هۆکارێکی بۆ نابینینەوە، ناتوانین بەهیچ ناوێک ناودێری بکەین! نیگەرانییەکە لەسەر هیچ (بابەتێک) دانامەزرێت، جەخت ناکاتە سەر (شتێک) کە کاری بۆبکرێت، بەڵکوو نیگەرانییەکە لەسەرخودی ئاینده، یان بەشێوەیەکی لەپێشتر، لەسەر ڕووداوێکی داهاتووە، کە مرۆڤ دەسەڵاتی بەسەرەوە نییە!

**ئێمە لەمردن دەترسێین چونکە ئەو نەزانراوەیە (هەموو) شتێک دەکات بە (هیچ)**

بوسویە دەڵێت: (گرنگیدانی خەڵکی بەشاردنەوەی بیرۆکەکانیان لەبارەی مردنەوە بایەخی کەمتر نییە لە گرنگیدانیان بەشاردنەوەی مردووەکانیان) لەوانەیە مەبەستی لەم گوزارشتەیە ئەمە بێت (ترسانی خەڵک لەمردن بەدوای خۆیدا وایکردووە خەڵکی بیر لەبێ ئاگایی لەمردن بکەنەوە، یان کاربکەن بۆئەوەی لەبیری خۆیانی ببەنەوە. بۆ هەمان مەبەست (باسکاڵ) دەڵێت: (ئەگەرچی خەڵک لەچارەسەرکردنی مردن و بەدبەختی و نەزانین دەستەوستانن، بەڵام دەبینین باشترین ڕێگاکان بۆ چێژ وەرگرتن لە ئاسودەبوون ئەمەیە کە هەرگیز بیر لەم بوارانە نەکەنەوە) هەروەها دەشێت ئەمەیش مەبەستی (لارۆشفۆکو) بێت کاتێک نووسیویەتی و دەڵێت: (تەنیا دوو شت مرۆڤ ناتوانێت سەرنجییان بدات ئەمانیش: خۆر و مردن)ن!

لە واقیعدا مرۆڤ لەمردن دەترسێت، لەمردووەکانیش دەترسێت، بگرە دەسڵەمێتەوە بەبیرکردنەوەی لەمردنیش بەتەنیا! تەنانەت خودی کەسێکی سەرەمەرگیش نایەوێت گوێ لە وشەی مردن بگرێت، چونکە تەنیا ئەوکاتە دەتوانێت هۆشی لەلای خۆی بێت کە زیندووە.

هەروەها لەخۆیشی ڕازی نابێت تاڵانی لەناوچوون و نێچیری دەسەڵاتی مەرگ بێت. بۆیە (شۆپنهاوەر) دەیگووت: (لەڕاستیدا ئاژەڵ دەژیت بەبێ ئەوەی مردن بناسێت، هەر بۆیە تاک لەناو جۆری ئاژەڵیدا چێژێکی ڕاستەخۆ لەهەموو جۆرە سەقامگیرییەک وەردەگرێت، بەوپێیەی هیچ هەستێکی بەخودی خۆی نییە جگە لەوە نەبێت کە بوونێکی بێ کۆتاییە، بەڵام لەلایەن مرۆڤەوە لەگەڵی دەرکەوتووە بەدەرکەوتنی عەقڵییەوە ـ بەپێی خواستی وابەستەییەکی پێویست ـ کە ڕاستەقینەیەکی بێزارکارە لەبارەی ڕاستییەتی مردن) لەڕاستیدا هۆشیاری مرۆڤ لە ڕاستییەتی مردن و ترسی لە مردن دوو نیشانەی ئەو بوونە مرۆیەن، کە بەتەواوی ناگەڕێنەوە بۆ (جۆر)ەکە، بەڵکوو هەمیشە جیادەبێتەوە بەتاکانەیەکی جۆرێکی تایبەت. کاتێک (هیگڵ) گوتی: مرۆڤ بریتییە: لە (ئاژەڵێکی نەخۆش) مەبەستە سەرەکییەکەی لەمەدا ئەمەبوو: کە تاکە ئاژەڵێکە دەزانێت دەمرێت، گەر لەهەمان کاتیشدا حەزنەکات ببێتە نێچری (جۆر)ەکە، بگرە دەیەوێت مانەوە بۆ ئەو بێت بەو واتایەی کە تاکێکە! وەکو چۆن پێشتر لە ترسی مرۆڤ دەربارەی مردن لە پەرتووکی (سەرنجە بوونگەراییەکانمان) باسمان لێوەکردووە، کاتێک تیایدا گوتوومانە: (کاتێک بیر لەوە دەکەمەوە کە هەردەبێت بمرم، هەردەبێت بەتەنیاش بمرم، سڵەمینەوەیەک دەست بەسەر دەروونمدا دادەگرێت، تا ئەو ئەندازەیەی وا وێنای خۆم دەکەم کە مردوویەکی زیندووم لە قووڵایی گۆڕێکی تاریکی بێدەنگدا! بەڵام کاتێک هەوڵ دەدەم وا وێنای (مردن) بکەم کە چییە؟ خۆم بەتەواوەتی بەبێ دەسەڵاتی دەبینمەوە، کە تێبگەم لەڕاستییەتی ئەو ڕووداوە ئازاربەخش و ترسناکە، نەخاسمە ناتوانم هیچ واتایەک بۆ خودی مردنەکەم بگەڕێنمەوە! چونکە مردن لەدیدی مندا بریتییە لەمردنی کەسانی دی: لەبەرئەوەی کاتێک لەناوچوون دەمپێچێتەوە لەم کاتەدا ناتوانم لەبارەی مردنەکەمەوە بدوێم! لەمردنەکەشدا هیچ ترسێک بوونی نییە، بەڵکوو دێت و بەتەواوی ڕادەستی کەسانی دیم دەکات، لەم ساتەدا دەبێتە بەبابەتێک کەسانی دی بڕیاری لەبارەیەوە دەدەن، خەڵکی هەر واتایەکیان بوێت پێی دەبەخشن! لەواقیعدا خەڵکانی دی دەبینم کە دەمرن، زۆر ناخایەنێت کەسایەتییەکانیان دەگوازرێتەوە

**“ مردن ڕاستییەکە بۆ هەموو مرۆڤێک، چونکە پێویستبوونی نەمان و فەوتان بە واتایەک لەواتاکان بریتییە لە چییەتی ژیان ”**

بۆ (بابەتگەلێک) لەلایەن منەوە خودی ئەم گوازتنەوەیە سەرچاوەیەکە لەسەرچاوەکانی ترسانم لە مردن! بەڵێ، ئەمێستاکە من زیندووم و هەست بە خودی خۆم دەکەم، خۆم خودی خۆم دروست دەکەم، هەربەهایەک کە بمەوێت بەدیدەهێنم، ئەگەر مردنیش بۆم هات، خۆم گوازراومەتەوە بۆ(بابەت)ێک، سەرتاپاشم بووەتە موڵکی کەسانی دی.
لەمەدا سەیر دەکەین ترسان لەمردن گوزارشتێکە لەپابەندبوونی مرۆڤ بە ژیانەوە، سڵەمینەوەیەتی لەو پاشەڕۆژە نەزانراوەی کە لە دوماهیدا چاوەڕێی هەموومان دەکات! بۆیێ هەست دەکەین ئەو تاکە ئەگەرەی، کە لەدوا قۆناغدا بۆمان ماوەتەوە، ناوەڕۆکەکەی برتییە لە ( نا ــ ئەگەر) یی! ئەم کۆتاییە ئازاربەخشەی کە هەموو کاتێک هەڕەشەمان لێدەکات ئەمەیە کە لە بوونێکی کاتیی داماندادەماڵێت (سێبەرگەلێکی مەرگەساتی) کە وا لە ژیانمان دەکات تامەکەی خۆڵەمێش بێت! ترسان لەمردن هەستێکی شاراوەیە، بە پێویستبوونی شکستهێنان، هەستێکی دڵنیابوونە لە هەرهەبوویی کۆتاییەکی ئازاربەخش! مرۆڤ دەتوانێت پاساو بۆ خراپە، یان ئازار، یان نەخۆشی، یان نیگەرانی، یان ئەشکەنجە (پۆلینەکانی دی شکست) بهێنێتەوە، بەڵام ناتوانێت تاکە هۆکارێک بۆ پاساوی ئەم شکستە هەرە مەزنە کۆتاییە بدۆزێتەوە کە بەمردن ناوی دەنێین! بۆیە لێرەدا (ترسان لەمردن) ترسانە لەو نەزانراوەی، کە دەتوانێت لەچاوتروکانێکدا (هەموو) بکات بە(هیچ)!

**ئێمەش لەمردن دەترسین چونکە یەکسانیی دەکات لەنێوان مرۆڤەکاندا بەبێ گوێپێدان!**

ئەگەرچی ئێمە لەبەرئەوە لەمردن ناترسێین، کە ئەو نەزانراوەیە هەموو دەکاتە هیچ بەتەنیا، هەروەها ئێمەش لێی دەترسێین، لەبەرئەوەی خۆی لەو هێزە ناکەسییەیە دەنوێنێت کە (خود) دەگوازێتەوە بۆ تەنیا (بابەتێک) نیشانەی ئەمەیش ئەوەیە، کە مردن گرنگی بەتاکەکان نادات، هەروەها بچووکترین جیاوازی لەنێوان کەسەکاندا ناکات، بەڵکوو بەبێ جیاوازی باڵدەکێشێت بەسەر هەمووکەسێکدا، سەرجەم کەسەکان دەگرێتەوە بەبێ ڕەچاوکردنی بەها مرۆییەکان! هەست دەکەین هیچ توانایەکمان نییە کە هەڵسین هەندێک یەدەگ وەربگرین بۆ دوورخستنەوەی مردن لەخۆمان، یان هەندێک ڕێکاری خۆپارێزی لەنەمانمان بگرینەبەر: چونکە مردن نەخۆشی، یان پیری .....هتد نییە. وەکو چۆن لەنێوچوون، فەرامۆشی، یان کەمتەرخەمی، یان تووشبوون بەڕووداوێک نییە. لەکاتێکدا خودی خۆم بۆخۆم بریتیمە: لە (هەموو لە هەموو)دا، تەماشادەکەین مردن گرنگی بەو خودە نادات کە بەپێوانی من بەبێ ئەوخودە ناتوانرێت جیهانێک، یان بوونێک، یان مێژوویەک بسازێنێت! ڕاستە (مردنی کەسانی دی سەبارەت بەمن تەنیا ڕووداوێکی کتوپڕە، ڕەنگە بەدیداری نەگەم، تەنیا بەجۆرێکی گرنگیپێنەدان، یاخود پشتگوێخستن نەبێت (لەبەرئەوەی من دەزانم تێکرایی خەڵک دەمرن، مەرگ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، بەهەمان شێوەی لەدایک بوون) بەڵام بەدڵنیاییەوە (مردنە تایبەت)ییەکەی من خۆی لەمەرگەساتێکی میتافیزیکی دەنوێنێت، کە ناتوانم خۆمی لێ بێ ئاگا بکەم، لەبەرئەوەی (کۆتایی هەموو شتێکە، کۆتاییەکی سەرتاپاگیریی یەکلاکەرەوەیە بۆ بوونی کەسێتی من، کۆتایی هەموو گەردوونە، کۆتایی جیهان و مێژووە، بەڵێ، کۆتایی زەمەنی زیندوویەتیم سەبارەت بەمن کۆتایی تێکرایی زەمەنەکانە، شۆڕبوونەوەیە بەرەو کەندەڵانی نەبوون).
نووسەری ئەم دێڕانە هەوڵیداوە باسی ئەم (مەرگەساتە میتافیزیک)ییە بکات لەشوێنێکی دی نووسیویەتی و دەڵێت: (بۆچی لەسەرم نووسراوە کەبەتەنیا بمرم؟! وا ئەندێشە دەکەم هیچ شتێک لەسەر دەروونی سەرەمەرگێک لەوە سەختتر نییە، کە بەتەنیا بمرێت، جیهانیش لەدوای ئەو بەردەوام بێت بەبێ ئەوەی هەست بە نەبوونی ئەو بکات لە زۆر و کەمدا! ئایا لە مردندا یەکەیەکی پڕ لەئازار نییە کە ترسناکییەکەی زیاد دەکات و وای لێدەکات ببێتە ڕووداوێکی تاکانەیی ئازاربەخش؟) گومانمان نییە کە مردن (مەرگەساتێکی میتافیزیک) ییە مرۆڤ لەئاستی تاکانەیەکی ڕووت لەگەڵیدا دەژیت، بەڵام توخمی درامی لەم مەرگەساتەدا قەتیس نەماوەتە سەر(تەنیا)یی، یان( هەستکردن بەتەنیا)یی، بەڵکوو قەتیس ماوەتە سەر ئەو (مۆرکە ناکەسییەی) کە مردنی پێ ناودێرکراوە! نموونەش بۆ ئەمە ئەوەیە: مردن جیاوازی ناکات لەنێوان ڕاناوی قسەکار و ڕاناوی گوێگر و ڕاناوی نادیار، بگرە گورزەکانی خۆی دەوەشێنێت هەرکاتێک بیەوێت، بەبێ ئەوەی تاکە پێوەرێک هەبێت پابەندی بکات ئەم بە پێش ئەو بخات! جا

> ترسان لەمردن گوزارشتێکە لە پابەندبوونی مرۆڤ بە ژیانەوە، سڵەمینەوەیەتی لەو پاشەڕۆژە نەزانراوەی کە لە دوماهیدا چاوەڕێی هەموومان دەکات

هەرچەندە گرنگی بەخودی خۆم بدەم و سووربم لەسەر هێشتنەوەی بوونم، باش دەزانم هەردەبێت مردن بێت بەبێ وادە و هەمیشە پێش كاتی خۆی بمباتە خەرەندی نەبوون، دەشێت مرۆڤ بەساڵاچوویەكی بەتەمەن بێت، بەڵام كاتێك كە مردنەكەی دێت نامرێت تەنیا بەزوویی، یان پێش كاتی خۆی نەبێت! هۆكارەكەی ئەمەیش ئەوەیە هیچ جۆرە ئامادەباشییەك و خۆئامادەكردنێك بۆ مردن نییە، بگرە هەردەبێت ڕووبەڕووی مردن ببینەوە، بەڕێگەی سەرپێی، یان خۆئامادە نەكردن بێت! بەڵام سەختترین سڵەمینەوەمان لە مردن ئەوەیە، وەك بێگانەیەك هەڵسووكەوتمان لەگەڵدا دەكات، لەگەڵ هەمووواندا پەیڕەوی سیاسەتێكی دیموكراسی دەكات، كە لەسەر یەكسانییەكی ڕەهادا سازدرابێت! مردن جیاوازی ناكات لەنێوان بلیمەتەكان و ڕەشۆكەكاندا، یان لەنێوان زاناكان و نەزانەكاندا، یان لەنێوان گەنجان و پیربووەكاندا، یان لە نێوان كرێكاران و كەسە سستەكاندا، یاخود لەنێوان چاكەكاران و شەڕانگێزەكاندا .....هتد.
ئێمەش دەزانین تەنیا یەكجار دەمرین، ئەزموونی مردنیش، گەرتاكە ئەزموونێك بێت، تەنیا یەكجار ڕوودەدات، لەگەڵ ئەمەیشدا هەست دەكەین جیهان گرنگییەكی زۆر، یان كەم بەم ئەزموونە میتافیزیكییە كەسییە بێهاوتایە نادات و ڕۆژێك لە ئەژماری تایبەتماندا گرفتاری دەبین! بەڵێ ئەو كەسانەی دەبن بەگەواهیدەری ڕێوورەسمی تەرمەكەم زۆر نابات پەرش وبڵاودەبنەوە، جووڵەی هاتووچۆ بۆچەند خولەكێك وەستابوو زۆری پێناچێت دەست پێدەكاتەوە، ئەو پۆستەچییانەی كە نامەكان هەڵدەگرن بۆ بەیانی وەكو خۆیان دێنەوە، خەڵكی سەرقاڵی كارو بەرژەوەندییەكانیان دەبن، وەكو ئەوەی هەرگیز هیچ شتێك ڕووی نەدابێت! لەڕاستیدا دانیشتنەكان بەردەوام دەبن، ژیان بەكەوتنی كەسێك لەسەرڕێگادا پەكی ناكەوێت، خودی (مردنە تایبەتییەكەم) تەنیا ڕووداوێكی بێ واتایە هەموو ڕۆژێك نموونەكانی هەزاران جار دووبارە دەكاتەوە، بەبێ ئەوەی بچووكترین ئەرزشی هەبێت لەدیدی كەسانی دی! كەواتە چۆن مرۆڤ لە ڕووداوی مردن ناسڵەمێتەوە، كە هەست دەكات گەورەترین ڕووداوی میتافیزیكییە و خۆی و كەسانی دی یەكسان دەكات لە پێچانەوەی نەبوونێكی نەزانراوی ناكەسییدا؟

**بەڵام، ئایا مرۆڤ دەتوانێت مردن لەبیر بكات یان لەبیرەخۆی بباتەوە؟**

لێرەدا دەگووترێت: (ئێمە نازانین مردن چ شتێك دەبێت، وەكو چۆن زۆر كەم بیر لەوە دەكەینەوە لەدوای مردندا چی چاوەڕێمان دەكات، ترسانمان لەمردن هیچ شتێك نییە جگە لەوێنەیەكی بڕواپێكەر نەبێت لەوێنەكانی ترسانمان لەژیاندا).
ئێمە دەزانین چۆن (سپینۆزا) دەیگووت: (دوایین شت كە مرۆڤی ئازاد بیری لێبكاتەوە بریتییە لە مردن: چونكە حیكمەتەكەی بریتی نییە لەتێڕامان لەمردندا، بەڵكوو بریتییە لە تێڕامان لەژیاندا) بەڵام ئایا ناكرێت (سپینۆزا) ئەم گوزارشتەی نووسی بێت، لەبەرئەوەی لە قوڵایی دەروونیدا هەستی كردبێت نموونەشی لەوەدا وەكو نموونەی ئەو مرۆڤە لەنێوچووانە بووبێت، كە مردن بەندایەتییەك بێت و سەپێنرابێتە سەر تێكڕای مرۆڤەكان، هەربۆیە خۆی بیر لە مردن دەكاتەوە، وەكو ئەوەی مەبەستی لەپشت ئەم قسەیەی لەبارەی مەرگەوە ئازادبوون بێت لەم بیرۆكە بەئازارە؟ جا بۆچی پێچەوانەی ئەمە نەڵێین: بۆیە مرۆڤەكان بیر لەمردن دەكەنەوە، لەبەرئەوەی دەیانەوێت وەڵامێك، یاخود چارەسەرێك بۆ ئەو پەنهانە بدۆزنەوە، كە ئەندێشە و هزر و دڵیان نیگەران دەكات، ئەمیش بریتییە لە نهێنی چارەنووسی مرۆڤ؟ كەواتە، ئایا ناكرێت بڵێین: ترس لەمردن تەنیا زۆرلێكردنێكی هزرییە دەسەپێندرێت بەسەر مرۆڤدا و سووری دەكات لەسەر بیركردنەوەی لە (بۆچی) و (بۆكوێ) بەو واتایەی بەرەو كۆتا مەبەستی ژیانی مرۆڤایەتییە؟
ڕاستە زۆرێك بەڕێگای جیاواز هەوڵ دەدەن ئەم بیرۆكەیە لەبیر بكەن، یان كاردەكەن، تاكوو لەهزری خۆیاندا دەری بكەن، بەڵام هەموو ئەوەی لەدەوروبەرمانە لەبارەی مردنەوە بۆمان دەدوێن، هەموو ئەوەی لەنێوماندایە بە لە نێوچوون دێنەگۆ، تەنانەت هەندێك لە فەیلەسوفەكان پێیانوایە كێشەی مەرگ بریتییە لە: (خودی كێشەكە) بەو پێیەی ئەو (نەبوون)ەی كە (مەرگ) خۆی پێی بۆمان دەردەخات بریتییە لە: تاكە بابەتی فەلسەفە! خاوەنانی ئەم دیدە جەخت لەسەر ئەو باوەڕە دەكەنەوە كە بوون، تەنیا لەبارەی بوونەوە بۆمان دەدوێت، ژیان تەنیا لەبارەی ژیانەوە بۆمان دەدوێت. ئەمەیش باوەڕێكی هەڵەیە پشت بەخوێندنەوەیەكی ڕووكەش، یان شرۆڤەیەكی زارەكییانە دەبەستێت! كەچی لەڕاستیدا (ژیان )

“
**كەسێك دەتوانێت نكوڵی ئەوە بكات كە هەر ئەم مردنە زیندوویەیە كە ژیانی فانیمان دەكاتە چارەنووسێكی ورووژێنەر؟**
”

لەبارەی (مردن)ەوە بۆمان دەدوێت، گەر نەڵێین: لەبارەی هیچ شتێکی دیکەوە بۆمان نادوێت جگە لە (مردن) نەبێت! بانگەشەکارانی ئەم دیدە زیاتر لەمە دەڵێن: هەربابەتێک ئێمە لێی بکۆڵینەوە دەربارەی، ئەوە ئێمە بە واتایەک لە واتاکان ڕووبەڕووی (کێشەی مردن) دەبینەوە. بۆ نموونە: کاتێک قسە لەسەر ئازار دەکەین، هەردەبێت خۆمان بەناچاری ببینینەوە کە قسە دەربارەی مردن بکەین، کاتێک لەبارەی هیواوە قسە دەکەین، هەردەبێت تووشی مردن ببین، ئەگەرچی بە لایەنێکی شاراوەش بێت، یان کاتێک هەوڵ دەدەین کێشەی کات بە فەلسەفی بکەین، هەردەبێت خۆمان بەناچاری ببینینەوە بۆ ورووژاندنی کێشەی مردن، هەردەبێت بیرکردنەوەکە لە(کاتییەت)دا بخلیسکێت بۆ بیرکردنەوە لە (نەمان)دا کاتێکیش بیر لە (ڕواڵەت)ێک دەکەینەوە (بەو واتایەی ئاوێتەیەکە لە بوون و نەبوون )دا، ئەوە ئێمە بە پەنهانی بیر لە مردن دەکەینەوە.......تاد.

تەنیا بەس نییە بڵێین: (مردن) بریتییە لە (توخمێکی ماوەتەوەیی) لەهەموو کێشەیەکدا (جاچ کێشەی ئازار، یان کێشەی نەخۆشی، یان کێشەی کات) بێت، بەڵام دەبێت ئەوەیش زیاد بکەین کە کێشەی مردن بەبڕوای (ئونامۆنو)ـ مەزنترین کێشەی فەلسەفییە، یان (خودی کێشەکەیە) هەربۆیە گەورە فەیلەسوفی ئیسپانی (ئونامۆنو) دەڵێت: (دۆزینەوەی مەرگ ئەوەیە، کە گەلان و تاکەکان بەرەو قۆناغی پێگەیشتنی عەقڵی و پێگەیشتنی گیانی دەبات).

ڕاستە شتەکان لەبارەی مردنەوە بەزمانێکی پەنهانەوە، یان بەڕێگایەکی شاراوەوە، یان بە بەکارهێنانی هێماکانی هیرۆگلیفییەوە بۆمان دەدوێن، بەڵام جێگەی سەرنجە هەرکە (بیرۆکەی مردن) بەتەنیا خۆی دەخزێنێتە ناو مێشکمانەوە، چیتر ناتوانین بەئارامییەکی تەواوەوە پشوو بدەین. وەکو ئەوەی هیچ شتیک نەزانین دەربارەی ئەو چارەنووسەی چاوەڕێمان دەکات. ئەو بوێرییە ڕواقیە هەرچییەک بێت، کە نکوڵی لە مردن دەکات و پشتگوێی دەخات و کار لەسەر سووکایەتیپێکردنی دەکات، ئەوە ئەو مرۆڤەی دەست بەژیانەوە دەگرێت و هەمیشە سوورە لەسەر بەردەوامبوونی بۆمانەوە، لەپێناو نەمرییشدا تێدەکۆشێت، هەردەبێت لە مردندا هەڕەشەیەکی ترسناک بۆ حەزە گەورەکەی

"


**ئێمە ناتوانین بژین، تا وائەندێشە نەکەین تا هەتایە دەژین، یان وا خەیاڵ بکەین کە ژیانمان بەبێ کۆتاییهاتن بەردەوام دەبێت**

"

مانەوەی و دژیەکییەکی توند لەگەڵ خولیاکانی بەرەو تاهەتایی و ڕووخانێکی تەواوی بەها کەسایەتییەکانی ببینێت، لێرەدا لەبیرکردنی مردن، یا ن لەبیر خۆبردنەوەی سەبارەت بە مرۆڤ نابێت تەنیا گەورەترین خیانەت بێت لە خودی کەسایەتییەکەی.

**بەڵگەی دەروونناسی بۆ ترسان لە مردن**

هەندێک لەزانایانی دەروونناسی وەکو لە پێشوو باسمان کرد سەرنجییانداوە، نیگەرانی بوونی مرۆیی بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی ژیان دوو وێنەی هەیە: وێنەی ترسان لە ژیان و وێنەی ترسان لەمردن. وەک لەشوێنێکی دی گوتومانە: ترسان لەژیان نیگەران بوونە لەپێشکەوتن و سەربەخۆبوونی تاک: لەبەرئەوەی ئێمە لێرەدا لەبەردەم نیگەرانییەکین بە خەسڵەتێکی تایبەت دەردەکەوێت لەکاتی ئەگەری ڕوودانی هەر خۆچالاکییەکی تاک، یان لەکاتی هەوڵە تایبەتییەکانیدایە بۆدروستکردنی ئەفراندنە نوێیەکاندا، یان کاردەکات لەسەر دۆزینەوەی گۆڕانکاری تازە لە کەسایەتییەکەیدا، یاخود ئارەزوویەتی پەیوەندی نوێ پێکبهێنێت لەگەڵ خەڵکیدا .. تاد. دڕدۆنگی لەهەر هەموو ئەم حاڵەتانەدا ڕواڵەتێکی ترسی مرۆڤە لە جیابوونەوەی پەیوەندییەکانی و بارودۆخەکانی پێشووی، لەئاکامی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە توانایانە. بەڵام ترسان لەمردن بە پێچەوانەی ئەمەوەوەیە: بریتییە لە ترسی دواکەوتن و ونبوونی تاکانەیی، وەکو ئەوە وایە تاک ترسی ئەوەی هەبێت لەناو گروپدا ون بێت، یان وەکو ئەوە وایە مەترسی ئەوەی هەبێت سەربەخۆیی تاکانەیەکەی ون دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ حاڵەتی پشتبەستن بەکەسانی دی. وەکو دەزانین کە (رانک) لەدایکبوونی وادەبینی، تەنیا جیابوونەوەی کۆرپەیە لە سکی دایکیدا، ئەم یەکەمین شۆکەی بەیەکەم سەرچاوەی دڵەڕاوکێ لە ژیانی مرۆڤدا زانیوە، چونکە گوزارشتێکە لە ڕووخاندنی ئەو یەکگرتنە بنچینەییەی کە کۆرپەکەی بە دایکییەوە کۆکردووەتەوە. ژیانی مرۆڤایەتی لەدیدی (رانک)دا جگە لە ململانێی نێوان جیابوونەوە و یەکێتی، یان لەنێوان ژیان و مردندا، یان لەنێوان دڵەڕاوکێی خۆچالاکییەکی سەربەخۆ و دڵەڕاوکێی پشتبەستن بەکەسانی دی هیچی دی نییە. بەم واتایە ترسان لە مردن جگە لەو نیگەرانییە دەروونناسییانەی




کتێبی سەرچاوەی بابەتەکە

کە ویستێکی تاکانەیی ئەفرێنەر هەستی پێدەکات کە بۆ تاکانەیی و دابڕان هەوڵی بۆدەدات هیچیتر نییە، لەدیدیدا پشتبەستن بەکەسانی دی جگە لە هەڕەشەی کشانەوە و گەڕانەوە بۆ یەکێتییەکە، یان (گەڕانەوە بۆ سک) هیچی دی نییە، وەکو ئەوە وایە تووشبوون بە مەترسی ونبوونی تاکانەیی بریتییە لە:
خودی مردن! لە کاتێکدا ترسان لەژیان دەبێتە هۆکاری وەستاندنی، یان قەدەغە کردنی هەوڵی تاکانەیی، سەیردەکەین (ترسان لە مردن) تاک هاندەدات بۆ هەڵسانی بە هەوڵ و کۆششی زیندوویی، بەڵام دەروونناسی هاوچەرخ (ئەریک فرۆم) دژایەتییەک لەنێوان مەیلی بەرەو ژیان و مەیلی بەرەو مردن دەسازێنێت، بەڵام نەک لەسەر بنچینەی بایۆلۆجی، یان ڕمەک (غریزة) (وەکو چۆن فرۆید) وایکرد، بەڵکوو لەسەر بنەڕەتی دەروونناسیی، یان خوورەوشتییە. کە وایدەبینێت مەیل بەرەو ژیان مەیلێکی ئەرێییە، بەرهەمییە، بنیاتنەرە، کەچی مەیل بەرەو مردن مەیلێکی نەرێییە، تێکدەرە، ڕووخێنەرە. بۆیە تەماشای دەکەین مەیلی بەرەو ژیان دەلکێنێت بەواتاکانی وەکو: هێز، خۆشەویستی، چاکە، فەزیلەت، لەکاتێکدا سەیری دەکەین مەیلی بەرەو مردن دەیلکێنێت بەواتاکانی وەکو: لاوازی (نەتوانین) ڕق و کینە، خراپە، شەڕانگێزی. کەچی (فرۆم) دەبینین لەشوێنێکی دی باسی دوو جۆری ترسان لە مردنمان بۆ دەکات. جۆرێکییان هەموو مرۆڤێک هەستی پێدەکات کاتیک لەبیرۆکەی مردن ڕادەمینێت، جۆرێکی ناوازە کە مۆرکێکی ڕاڕایی ئازاربەخش وەردەگرێت، کە بەزەحمەت خاوەنەکەی بەجێدەهێڵێت! ڕەنگە ئەم جۆرەی دواییە کە (فرۆم) بە (ترسانی نامەعقوڵیی لەمردن) ناوی دەبات بەرهەمی هەستکردنی مرۆڤێک بێت کە شکستی هێنا بێت لەژیاندا، یان بەپێی پێویست نەیتوانیوە ژیابێت، یان دەستەوەستان بووە لە بەدەستهێنانی ئەگەرەکانی و سوود وەرگرتن لە هێزەکانی بەرهەمهێنانیدا. گومانی تێدانییە هەموومان لە مردندا ڕووداوێکی بەئازاری بەرگەنەگرتوو بەدیدەکەین، بەڵام هەستکردنی مرۆڤ، کە دەمرێت و بەبێ ئەوەی توانیبێتی بەتەواوی ژیابێت (وەک لەپێشوو باسمان کرد) هەستکردنێکی تاڵە و هیچ هەستکردنێکی دی هاوتای نابێت! ترسی نەخۆشبوون، یان ناعەقڵیی لە مردن، لەڕاستیدا گوزارشتێکە لە هەستکردنمان بەگوناە (یان تاوان) بەوپێیەی ژیانمان لەدەستداوە، بەبێ ئەوەی توانیبێتمان خودی خۆمان بهێنینەدی، یان ئامانجەکانمان جێبەجێکردبێت تاد. ئێمە زۆرجار گلەیی لە کورتی ژیان دەکەین، دەمانەوێت ژیانمان درێژبێت، بەڵام لەبیرمان دەچێت پەند وەرگرتن بەدرێژی و کورتی ژیان نییە، وەکو (ئیمیرسۆن) تێبینیکردووە: بەڵکوو بگرە پەند وەرگرتن لەقووڵیی و دەوڵەمەندییەکەیدایە. جا هەرچەندە ژیانی ئەو نەخۆشانەی کە بەترسێکی بەردەوام لەمردندا دەژین درێژ بێت، هەردەبێ ت بەنێچیریی ئەم هەستکردنە پڕ لە ئازارەی کە ژیانیان بەبێهوودەیی بەفیڕۆ داوە بمێننەوە.

**بەڵگەی میتافیزیکیی بۆ ترسان لەمردن**

وەک دیارە مرۆڤ لە مردن دەترسێت، چونکە بە وردی نازانێت دوای مردنەکەی چی چاوەڕێی دەکات، یاخود دەترسێت مردن ئەزموونێک بێت، هیچ چاوەڕوانییەک لەدوایدا نەبێت. ئێمەش دەزانین خودی جەستە دەهەژێت و ڕادەچڵەکێت تەنیا بە بیرکردنەوەی لەم کۆتاییە کە دەیسڕێتەوە و لەنێوی دەبات، بەڵام (دەروون)یش هەروەها لەمردن دەسڵەمیتەوە و لێی تۆقیوە، چونکە، ئەو ئەویترە، دەزانێت کە مردن تەنیا بابەتی ئارەزووی

> **"سپینۆزا دەیگووت: دوایین شت کە مرۆڤی ئازاد بیری لێبکاتەوە بریتییە لە مردن: چونکە حیکمەتەکەی بریتی نییە لەتێڕامان لەمردندا، بەڵکوو بریتییە لە تێڕامان لەژیاندا"**

لەنێو نابات، بەڵکو خودی ئارەزووەکەش لەنێو دەبات، یان خۆویستەکەش لەناو دەبات! ئەگەر مرۆڤ تاکە ئاژەڵێک نەبوایە، کە لەمردن دەترسێت، مرۆڤەکان مردوو پەرستن و ڕێورەسمی شاردنەوە و بۆنەی جۆراوجۆری تەرمییان دانەدەهێنا ... تاد. ڕەنگە هەر لەبەرئەمەش بووبێت (ئونامۆنو) گوتوویەتی: مرۆڤ تاکە ئاژەڵێکە مردووەکانی عەمبار دەکات! «بەڵام بۆچی مرۆڤ مردووەکانی دەپارێزێت و کار دەکات بۆ پاراستنیان؟ ئەم شتە چییە کە دەیەوێت لەخراپە بیانپارێزێت!؟ ئای کە بوونەوەرێکی هەژارە! بەم کارانەی هەموو هەوڵێک دەدات، تاکوو ڕابکات لەو هەستە تایبەتەی خۆی کە لەنێوچوون و نەبوونێکی ڕەهایە«

لەواقیعدا لەوە سەختتر نییە لەسەر دەروونی مرۆڤدا، هەست بکات نەمان باڵی لەسەردەکێشێت، هیچی لێنامێنێتەوە جگە لە تەرمێکی بۆگەنیو کە کرم دەیخوات! بیرۆکەی نەمری لەلای مرۆڤەکاندا دەرنەکەوت تەنیا لەبەرئەوەی نەیانتوانی چارەنووسێکی وەها دراماتیک و ئازاربەخش بۆ خۆیان قبوڵ بکەن! بۆیە ئێمەش لەمردن دەترسێین، چونکە نامانەوێت هەموو شتێک لەناو مردندا مردن بێت، یان نامانەوێت نەبوون کۆتایی چارەنووسی مرۆبوونمان بێت!

ئەمەیش وای لە هەندێک فەیلەسوف کردووە کە بڵێن: (ترسان لەمردن) بەڵگەیەکە لەسەر (نەمری) لەبەرئەوەی ئەو بنەمایە بوونگەراییەی لە قووڵایی دەروونی مرۆڤایەتیدا هەیە قبووڵی نەبوون ناکات و مردنیش ڕەتدەکاتەوە، وەکو ئەوەوایە لەخودی ناخیدا هەست بکات کە ڕاستییەکی ئۆنتۆلۆژی لەخۆیدەگرێت و نابێت بەتەواوی لەناوببرێت، یان ببێتە نەبوونێکی ڕووت! ئێمە سەیر دەکەین هەموو ڕۆژێک خەڵکی دەمرن، بەڵام گشت جارێک (ڕووداوی مردن)مان بۆ بەدەردەکەوێت کە ڕووداوێکی سەرسوڕهێنەرە و خەریکە باوەڕمان پێی نەبێت، وەکو ئەوەی ببڕای ببڕ نەتوانین ملکەچی دروستیی ئەو ڕاستییە بین کە عەقڵ و دڵ و هەستکردنمان بەبەهاکان ڕەتیدەکەنەوە! تەماشا دەکەین لەنێوچوون، نینۆکە تیژەکانی لەهەموو شتێک گیر دەکات، بەڵام سەرەڕای ئەمانەیش بەزەحمەت دەتوانین بیخەینە بەرچاومان کە لە بوونماندا دوا (سبەی) نییەک هەبێت کە (دوسبەی)بەدوادانەیەت! ڕەنگە پابەندبوونمان بەژیان تاڕادەیەک بەرپرس بێت لەم درۆکردنە بەردەوامەی میتافیزیکییەی ڕووداوی مردن، بەڵام ئەگەری ئەمەیش هەیە کە ڕەگ داکوتاندنی نهێنی ئۆنتۆلۆژی لە قووڵاییەکانی بوونی مرۆییماندا هۆکارێکی بنچینەیی بێت لە ڕەتکردنەوەی سەرسەختانەی ئێمە بۆ بنەمای نەبوون! ئەمەیش بەو واتایەیە ئێمە بەدەگمەن کەمتەرخەمی دەنوێنین لەسەیرکردنی مردن وەکو ڕووداوێکی کۆتایی، یاخود ڕاستییەکی ڕەها بێت. بەڵکوو لەپشت پەرستنی مردووەکان و بە پیرۆزکردنی گۆڕەکان و باوەڕبوون بەڕۆژی دوایی و هەڵسانەوە و باوەڕهێنان بەخودایەکی زیندوو کە نامرێت (تادوایی لەم بیروباوەڕە ئاینیی و پەنهانییانە...) داوای دیاریکردنی مافمان لەجاویدیدا و جەختکردنەوەی ڕەتکردنەوەمان بۆ ڕووداوی لەنێوچوون دەکەین! ڕەنگە ئەمە بووبێتە هۆی ئەوەی نووسەری ئەم دێڕانە لە تێڕامانە بوونگەراییەکانیدا هەوڵیدا بێت دەریببڕێت، کاتێک نووسیویەتی و دەڵێت: (بەزەحمەت گومانم لە نەمریی (خاوەن ژیر) هەیە وێڕای تاهەتایی (ژیر) تا ئەوکاتەی خودی هزرم بە پاڵ پێوەنراوی دەبینمەوە بۆدیاریکردنی مافی مانەوەی، بەومانایەی سەرچاوەی ئەو زانینە تاهەتایەیە و نابێت گۆڕانی بەسەردا بێت .لەڕاستیدا کردەی عەقڵی کردەیەکی ناکاتییە، هەمووشتێکی ڕاستیش پێویستە خودان مۆرکێکی هەمەکی تاهەتایی بێت.

ئەو هزرەی کە بەعەقڵانیی بیردەکاتەوە سەر بە جیهانێکە لە سەرووی سەرورەیەکی ئەبستراکت و بەردەوامبوونێکی ڕووت و هەڵوەشاندنەوەیەکی کۆتاییە. کەواتە لەنێوان ژیانی هزری و لەنێوچوونی بوونێکی هزرمەند جۆرێک لە دژایەتی بنەڕەتی هەیە. ئەمەیش ئەو هۆکارەیە ئێمە زۆرجار مردنی خۆمان بە ناواقیعی سەیردەکەین، وەک ئەوەی (نەمان) کارێکی بەڕێکەوت بێت و ناچێتە ناخی سروشتی نەمریی ئاوەزمان. ڕاستە (ترسان لەمردن) بەو واتایە دێت کە ئێمە متمانەیەکی ڕاستەقینەییمان بە ڕاستی (ژیانی تاهەتایی) نییە، بەڵام ئەمە بەڵگەیەکی شاراوەیە لەسەرئەوەی کە (نەبوون) سەبارەت بەخودی مرۆڤایەتی کارێکە بەهیچ شێوەیەک وێنا ناکرێت، گەر شتێکیش نەبێت هەرگیز واتایشی نابێت.

> **“هەندێک بانگەشەکارانی ڕەشبینیی دەڵێن: خۆشبەختە ئەوکەسەی لەدایک نەبووە، ئینجا خۆشبەختە ئەو کەسەی ئەگەر لەدایک بوو، پەلە بکات لە کۆچ کردن”**

# دیدار

# دەرسیم زەند

دەرسیم زەند ماوەی ٢٢ ساڵە لە وڵاتی هۆڵەندا دەژی و لەو ماوەیەشدا مامۆستای بیرکاری قۆناغی ئامادەییە.
لەم دیمانەیەدا لەسەر پرسی پەروەردەو بەراوردکاری نێوان کوردستان و هۆڵەندا، هەروەها گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی خوێندکاران و دواجار بارودۆخی ژیانی کوردانی ئەو وڵاتە، گفتوگۆمان کرد و ئەو چەند پرسیار و وەڵامەی لێ بەرهەم هات.



# دەرسیم زەند:

# (داغستانی من) خوێندنەوەی کتێبی لا شیرین کردم و بیرکردنەوەشی بەتەواوی گۆڕیم

دیمانە: محەمەد گۆران

١٩٧٧/٧/٦ لەگەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر، لەباوکێکی کەرکووکی و دایکێکی سلێمانی لەدایکبووە، ئەو ناوی (دەرسیم حوسێن عەلی)یە، ناسراوە بە دەرسیم زەند.

ئەو، هێشتە شەڕە بەردەقانی نێوان گەڕەکی تەیراوە و قەڵای لەبیرماوە و وەک بۆخۆی دەڵێت: تەمەنی شەش ساڵان بووە، بەشداری لەو شەڕانەدا کردووە.

ماوەی ٢٢ ساڵە لە وڵاتی هۆڵەندا نیشتەجێیە و ١٥ ساڵیشە مامۆستای وانەی بیرکارییە لە قوتابخانە ئامادەییەکانی ئەو وڵاتە و لە ئێستەشدا لە شاری لاهای مامۆستای قۆناغی ئامادەیی پۆلی شەشەمی زانستییە.

سێ بڕوانامەی ماستەری هەیە و ئێستەش خوێندکاری دکتۆرایە. لەهاتنەوەی ئەمجارەی بۆ کوردستان، لەڕێگەی چەند کۆڕ و سیمینارێکەوە بیروبۆچوون ئەندێشەکانی، بەتایبەتی لەبواری پەرەپێدانی مرۆیی خستەڕوو، لەکۆڕەکاندا وەکو ڕاهێنەر و ڕێنمایکەرێکی پەرەپێدانی مرۆیی قسەی دەکرد.

ڕۆژێک بەر لەگەڕانەوەی بۆ هۆڵەندا، لەپارکی شانەدەری شاری هەولێر، ئەو دیدارە ڕووبەڕووەمان لەگەڵیدا ئەنجام دا.

**- با لەناوەکەتەوە دەسپێکەین (دەرسیم) ناوی خۆتە، یان نازناوە، چونکە ناوەکەت زۆر کوردانە و پڕ واتایە؟**

+ ئێمە یانزە خوشکوبرا بووین، هەر هەموومان ناومان کوردیە، باوکم مرۆڤێکی زۆر ڕۆشنبیر و تێگەیشتوو بوو، نووسەر و شاعیر بوو بەڵام هیچکام لەبەرهەمەکانی بڵاو نەکردووەتەوە.

**- ئەی پاشناوی (زەند) چییە بە ناوەکەتەوەیە؟**

+ ئێمە خۆمان سەر بەعەشیرەتی (زەند)ین، بەڵام لەناو باوباپیرانمان مقۆمقۆی ئەوە هەیە، کە ئێمە نەک هەر (زەند) بەڵکو (زەنگەنە)شین، بەڵام من لەبەر خۆشەویستیم بۆ مامەم خوا لێخۆشبێت (حەسەن زەند) پاشناوی زەندم خستە پاڵ ناوەکەم، شانازیشی پێوە دەکەم.

**- لەقوتابخانە منداڵێکی چۆن بووی؟**

+ منداڵێکی چالاک و زیرەک و قسەزان، بەبیرم دێت لەقوتابخانەی بناری سەرەتایی تێکەڵاو بووم، لەگەڕەکی ٧ی نیسانی شاری هەولێر، لەپۆلی شەشی سەرەتایی، کە ئەوکاتی بەکالۆری بوو، لەسەر ئاستی قوتابخانەکەمان یەکەم بووم و شەش پەرداخم بەدیاری وەرگرت.

ئەوکاتیش لەقوتابخانەکاندا قدوەی پۆل هەبوو، دووساڵ لەسەریەک قدوەی پۆلەکەی خۆم بووم.

**- ئێستە، کە لەهۆڵەندا منداڵ و هەرزەکاری ئەوێ دەبینی و بەراوردی دەکەی بەمنداڵی و هەرزەکاری خۆت لە کوردستان، چ هەستێکت لا دروست دەکات؟**

+ هەستدەکەم پەنجا ساڵ دواکەوتووم، لەبەر ئەوەی منداڵی هۆڵەندی دوای ئەوەی گەیشتە قۆناغی هەرزەکاری، کەسایەتییەکەی دیارە و ڕێزیش لەو کەسایەتییەی دەگیرێت، بەڵام ئێمە

لەهەرزەکاری بەدوای خۆماندا دەگەڕێین، ڕەنگە بچینە زانکۆ و ئەو قۆناغەش تەواو بکەین، هێشتە نەگەیشتووین بەو کەسایەتییەی بەدوایدا دەگەڕێین.

هەرچەندە لەوانەیە قۆناغی منداڵی و هەرزەکاری من، بەهۆکاری خانەوادە و خوێندەواری خێزانەکەم زۆر لەمنداڵانی دیکەی گەڕەک و شارەکەی خۆم باشتر بووبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە منداڵ و هەرزەکارەکی هۆڵەندی دەبینم و قۆناغی خۆم لەگەڵ ئەواندا بەراورد دەکەم، زۆر سکم بەخۆم دەسووتێت، یەکەم وەک کچ، دووەمیش وەکو هەرزەکارێک، واتە دووجار خەفەتی پێ دەخۆم.

**– هەر لەمنداڵی و قۆناغی سەرەتایی لەوانەی بیرکاری زیرەک بوویت، یاخود دواتر ئەو بەهرە و مەیلەت بۆ وانەی بیرکاری چەکەرەی کرد و دروستبوو؟**

+ من لەهەموو وانەکان زیرەک بووم، کەسێکی تابلێی زانستی بووم، لەهەمانکاتدا لەزمانەکانیش زیرەک بووم، بۆیە زۆرجار گوتوومە، ئەگەر ئەو دەرفەتەی بۆ منداڵی هۆڵەندی ڕەخساوە، بۆ منیش برەخسایە، ئێستە یەکێک بووم لە زانا و کەسایەتییەکانی جیهان. وانەی بیرکاریش هەر لەسەرەتاوە لێی زیرەک بووم، بەڵام حەزم پێی نەبوو، کە گەیشتمە زانکۆ ئینجا تێگەیشتم، کە بیرکاری حەزە پێش ئەوەی لێی زیرەک بیت.

**– جا ئێوە بەحەز، یاخود بەپێی نمرە لە زانکۆ چوونە بەشی بیرکاری؟**

+ بەداخەوە بەپێی نمرە وەرگیرام، کەچی کە چوومە زانکۆ ئینجا لەمانای بیرکاری تێگەیشتم، چونکە هەتا ئامادەیشم تەواوکرد زۆر زیرەک بووم، بەڵام نەمدەزانی بیرکاری چییە؟

**– لەهەولێر لەکام قوتابخانەی ئامادەیی کچان بووی؟ پۆلی شەشی زانستی تێکڕای نمرەکانت چەند بوو؟ دەشمەوێ بپرسم ئایا ڕازی بووی لەو نمرەی بەدەستت هێنا؟**

+ ئامادەیی شۆڕشی کچانم تەواوکرد، تێکڕای نمرەکانم (٨٦) بوو، بەڵام لەو نمرەی هێنام هیچ ڕازی نەبووم، ئەو ساڵەی لەشەش دەرچووم ساڵی ١٩٩٥ بۆ ١٩٩٦ بوو، ساڵێکی زۆر ناخۆشبوو بۆ هەمووان، لەگەڵ ئەوەشدا نمرە زۆر بەرزبوو، هەرچەندە من خۆم حەزم لەبەشی کیمیا بوو بەڵام بەرزترین نمرەم لەبیرکاری هێنابوو، بۆیە لەبەشی بیرکاری کۆلێژی زانستی زانکۆی سەلاحەدین وەرگیرام.

**– کەواتە دەبێت مامۆستا (عەزیز گەردی)یش بناسن؟ چونکە ئەو ماوەیەی ئێوە لەئامادەیی شۆڕشی کچان بوون، ئەویش لەوێ مامۆستا بوو و وانەی ئینگلیزی دەگوتەوە؟**

+ من لەچواری ئامادەیی بووم لەئامادەیی شۆڕشی کچان، مامۆستا عەزیز گەردی ئەوکاتە وانەی ئینگلیزی بەپۆلی شەشەکان دەگوتەوە و مامۆستای خوشکەکانم بوو، بەڵام من لەبەر ئەوەی چالاک و زیرەک بووم، حەزم لێبوو قسەی لەگەڵدا بکەم، زوو زوو دەچوومە بەردەمی و دەمیناسی. هەمووجارێک دەمگوت: مامۆستا دەبێت کەی بێت و تو ببی بەمامۆستای من، چونکە من زۆر زیرەکم لەئینگلیزی. ڕۆژەک گوتی: من نابم بەمامۆستای تو هەتا پێم نەڵێی دەرسیم مانای چییە؟ منیش گوتم: دەرسیم شارێکە لەکوردستانی تورکیا. گوتی ئەو جەوابە جەوابێکی کافی نییە، هەتا بەیانی جوابەکەم بۆ نەهێنی نابمە مامۆستات. منیش ئەو ڕۆژە کە چوومەوە ماڵەوە، خێرا گوتم باوکە دەرسیم شارێکە لەکوردستانی تورکیا؟ گوتی بەڵێ. وتم


**"لە هۆڵەندا کوڕە کوڕدەکان خۆیان لە کچە کوردەکان نادەن، ئەوانیش ناچارن شوو بە کوڕە عەرەب و تورک و هۆڵەندی بکەن"**



لەگەڵ خوشکەکانی لە ڕاستەوە پرشنگ، دەرسیم، سروە

باشە چیتر، چیتر هەیە؟

باوکم گوتی دەرسیم خاوەنی دوو شۆڕشە، شۆڕشی یەکەمی دەرسیم و شۆڕشی دووەمی دەرسیم کە بەسەرۆکایەتی سەید ڕەزا بوو لەساڵی ١٩٣٧ بەیانییەکەی زوو کە گەڕامەوە بۆ قوتابخانە، چاوەڕێم دەکرد مامۆستا عەزیز بێت. جەڕەس لێیدا و مامۆستا عەزیز لەژووری مامۆستایان هاتە دەرەوە و ڕێک ڕامکرد بۆ لای، گوتم مامۆستا من وەڵامەکەم پێیە؟ گوتی بڵێ چییە؟ منیش یەکسەر باوکم چۆنی پێگوتم ئاوام گوتەوە! گوتی ئەی ئافەرین، کتێبێکت بەدیاری دەدەمێ، بەس بیخوێنەرەوە. بەڕاستی پاش خوێندنەوەی کتێبەکەی (داغستانی من) خوێندنەوەی کتێبی لا شیرین کردم و بیرکردنەوەشی بە تەواوی گۆڕیم. هەر لەو کاتەوەش زیاتر حەزم چووە ناوەکەی خۆم.


لە چالاکییەکی قوتابخانەدا

**– پێش ئەوەی بارگەوبنەت تێک بنێی و کوردستان بەرەو هۆڵەندا بە جێبێڵی، باوکت هیچ ئامۆژگارییەکی کردی؟**

+ بێگومان ئامۆژگاری زۆری کردم. ئەو ساڵەی سەفەرم کرد تەمەنم ٢٢ ساڵ بوو، هێشتە زۆر بچووک بووم، بەڵام ئێستەش ئەو قسە و ئامۆژگارییانەی باوکم لە بیر ناچنەوە، هەر ئەو قسانەی ئەویش بوو وایکرد زوو خۆم پێ بگەیەنم.

یەکێ لەقسەکانی باوکم ئەوەبوو گوتی: کاتێک توانیت ڕۆژنامەیەکی هۆڵەندی بخوێنیتەوە بەبێ ئەوەی وشەیەکت لێ عاسی بێت، ئەوکاتە پێم بڵێ بابە فێرە زمانی هۆڵەندی بووم. باوکم پێمی گوتم: ئەگەر لەماوەی پێنج ساڵدا بڕوانامەی ئەو وڵاتەت نەهێنا، دەست لەخۆت بشۆ. باوکم پێی گوتم ئەگەر چوویە ئەوێ و دەستت لەسۆشیال پان کردەوە، وابزانە مردووی. بەڕاستی زۆر سوودم لەو قسانەی باوکم وەرگرت. هەر ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە من بەچوار مانگ فێری زمانی هۆڵەندی ببم. لەدوای ساڵی سێیەمم لەم وڵاتە، چوومە زانکۆ و زۆرم گرنگی بەخوێندن دا، لەگەڵ ئەوەشدا توانیم کلتوور و زمانی خۆشم بپارێزم، هەرگیز ڕۆژەک دەستیشم لەسۆشیال پان نەکردەوە، بۆ ئەوەی بەخێوم بکات.

خەڵکی هۆڵەنداش زۆر زیاتر ڕێز لەو کەسانە دەگرن کە ئیش دەکەن، نەک ئەوانەی دەست لەسۆشیاڵ پان دەکەنەوە، دەمەوێت زۆر بەڕاشکاوی ئەوە بڵێم، کە ئەوەی سۆشیاڵ وەردەگرێت و باج نادات، بەو چاوە سەیری ناکەن، وەک ئەوەی سەیری من دەکەن، کاتێک دەچمە نەخۆشخانە، یاخود پۆلیس، یان هەر شوێنەک، کە لێم دەپرسن چ ئیش دەکەی؟ کاتەک دەڵێم مامۆستام، بەچاوێکی پڕ لەڕێزەوە سەیرم دەکەن.

ڕاستە باوکی من ئەورووپای نەبینی بوو، بەڵام زۆرباش لە خۆراوا و ئەورووپا تێگەیشتبوو، بۆیە پێش ڕۆیشتنم گوتی: ڕۆڵە ئەگەر ڕۆژنامەت بەهەر زمانێک نەخوێندەوە، واتا هێشتا فێری زمانەکە نەبوویت. ئێستە کە بیر دەکەمەوە هەر بەزمانی هۆڵەندی بیر دەکەمەوە، بۆیە کاتێک

قسەی پێ دەکەم، هیچ کێشە و وەستانم نییە، وەکو ئەوەیە زمانی دایکم بێت.

**– ئێوە لەقسەکردندا زۆر وشەی باوکم بەکاردەهێنن؟ ئایا هۆکارەکەی ئەوەیە کچ زیاتر پەیوەستە بەباوکییەوە، یاخود هەر زیاتر خۆت بەقەرزارباری ئەو دەزانی؟**

+ باوکم نموونەی باوکایەتی بوو، بەخۆی قوتابخانەیەک بوو لەهەموو شتێکدا، هاوڕێ و هەڤاڵی مام جەلال و عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری بوو. باوکم تەمەنێکی گەورەی هەبوو بەڵام لەگەڵ سەردەمی خۆشیدا جیاوازبوو، زۆر پێشکەوتووخواز بوو، ئازادییەکی تەواوی بەئێمە دابوو. هەتا لەکاتی خۆیشیدا کە ئێمە لەهەولێر لەدایکبووین و گەورە بووین، ئەوکاتەش هەولێر زۆر داخراوبوو، بەڵام بەشێوەیەک پەروەردەی کردین، هەم کلتوور بپارێزین، هەم ئازادی بیروبۆچوون و فیکر و ڕادەربڕینی فێر کردین، هەموو کاتێک پاڵپشتی دەکردین کە بەرەوپێشەوە بچین و سڵ لەهیچ نەکەینەوە. باوکم وەها فێری کردبووین، کاتێک شێر لە لانە هاتە دەر چ مێ بێت و چ نێر، هیچ فەرق ناکات.

دایکیشم هەر بەهەمان شێواز، هەمووجار پێمانی دەگوت: تۆ خۆت خاوەنی خۆتی، ئەگەر لەنێوان چوار دیوارت دابنێم، ئەوەی بتەوێت بیکەی هەر دەیکەیت، ئەگەر بشت بەمە ناو فەوجێک سەرباز، هەر دەتوانی بەمەردی بێیتە دەرەوە، بۆیە هەم دایکم و هەم باوکم، هەردووکیان بەدوو شێوازی جیاواز، زۆر کاریگەرییان لەسەر من هەبووە، وایان لێم کرد، بتوانم زوو خۆم پێ بگەیەنم.

**– پاش ئەوەی لێرە کۆلێژت تەواوکرد و پاشتر چوویتە هۆڵەندا، لەوێ چۆن بووی بەمامۆستای بیرکاری؟**

+ سەرەتا لەوێ زمان فێربووم، ئینجا دووبارە دەستمکردەوە بەخوێندنی بەکالۆریۆس لەبیرکاری، ئینجا بەتەواوەتی تێگەیشتم، کە بیرکاری چییە؟ دواتر ماستەرم هێنایەوە لەڕاگەیاندنی بیرکاری، ئینجا پرسیارم لەخۆم کرد دەمەوێت چی بکەم؟ دەمەوێت کام ڕێگە هەڵبژێرم؟ حەزم لێبوو بچمە بواری پەروەردەی بیرکاری، دیسان دەستمکردەوە بەخوێندن و ماستەرەکی دیکەم لەو بوارە هێنایەوە، لەدوای ئەوە ماستەرەکی دیکەشم لەبەشی بیرکاری هێنایەوە و بووە سێ ماستەر.

**– لەکوردستاندا بەهۆی ئەوەی وانەی بیرکاری وشکە، خوێندکار حەز بە وانەکە و مامۆستاکەش ناکات! ئایا لەهۆڵەنداش وانەی بیرکاری وشکە و قوتابی ئاوا حەز بەچارەی مامۆستاکەی ناکەن؟**

+ ڕەنگە لەوێش مامۆستای بیرکاری بەشێوازێکی دیکە سەیر بکرێت، بەڵام سەیرکردنی خوێندکاران بەشێوەیەکی گشتی جیاوازە لەسەیرکردنی ئێرە، لەکوردستان کاتێک مامۆستا دێتە پۆل هەمووان دەبێت هەستنەوە، ئەوە مانای ئەوەیە من ڕێزم پیشانی مامۆستاکە داوە، ئەو ڕێزە داسەپاوە و ناچارییە، بەڵام لەهۆڵەندا خوێندکار ئەو ڕێزە بەدەستدەهێنێت، وەریناگرێت!

مامۆستا کە ڕێزی لەخوێندکار گرت و گرنگی پێدا، وەکو مرۆڤ نەک منداڵەک، کاتەک کە مامۆستا توانی ئەو ڕێزە لای خوێندکار دروست بکات، ئینجا دەبێت هەوڵبدات وانەکەی خۆی لایان خۆشەویست بکات. مامۆستای بیرکاری ئەگەر حەز و خۆشەویستی نەبوو بۆ بابەتەکەی، هیچ جیاوازی نییە چ لەهۆڵەندا بێت، یان لە کوردستان، بەڵام من وەکو مامۆستایەکی بیرکاری کە ماوەی پانزە ساڵە لەقوتابخانەکانی هۆڵەندا وانە دەڵێمەوە، بەبەردەوامیش مامۆستای شەشەمی ئامادەیی بەشی زانستی بوومە، کە لەوێ لەبەشی زانستیش دوو بیرکاری هەیە، وانەی بیرکاری قوورس، بیرکارییەکی قورستر، ئەگەر بڵێم یەکێکم لەخۆشەویستترین و ئێسک سووکترین مامۆستا لای خوێندکارەکان و متمانەیان پێم هەیە، درۆ نییە.

**– هۆڵەندا وەکو کوردستان نییە، لەوێ کچان و کوران لەئامادەیی بەیەکەوە دەخوێنن؟ جا پرسیارەکە ئەوەیە: ئەگەر لەئامادەییەکانی کوردستان کەوا کچ و کوڕ بەجیان، ئینجا کێشە و گرفتی زۆر هەیە، ئەی لەوێ، کە کچ و کوڕ پێکەوە دەخوێنن، بێگومان دەبێت کێشە و گرفتی زۆر زیاتر هەبێت؟ دەکرێت بپرسین لەکێشە سەرەکییەکانی قوتابخانە ئامادەییەکانی ئەوێ چینە؟**

**“ لە هۆڵەندا مووچەی پیاو لە مووچەی ژن زیاترە، تاکو پیاویش هەبێت ژن وەرناگرن ”**

**“ مووچەی مامۆستاییەتیم پێنج هەزار یۆرۆیە ”**

> **ئەو دەرفەتەی بۆ منداڵی هۆڵەندی ڕەخساوە، کاتی خۆی بۆمن بڕەخسایە، ئێستە یەکێک بووم لە زانا و کەسایەتییەکانی جیهان**

+ بێگومان لەوێش کێشە هەیە، بەڵام ئەو کێشانەی لەقوتابخانەکانی ئەوێ هەیە جیایە لەکێشەی قوتابخانەکانی کوردستان. لەوێ یەکێ لەو کێشانەی کە بەبەردەوامی خەریکن کۆنترۆڵی بکەن، کێشەی (مەریوانە)یە، واتە کەرستەی بێهۆشکەر، کە بەزمانی هۆڵەندی پێی دەڵێن مەریوانە، کچان و کوڕان دەیکێشن.

کێشەی دووەم ئەو هۆڕمۆنانەیە، کە کچ و کوڕەکان هەیانە، نەک بەرانبەر یەکدی و ئەو کێشانەی لێی دەبێتەوە وەکو مەسەلەی سکپڕبوون، بەڵکو لەوێ کە دەڵێی کێشەی هۆڕمۆنات واتا کێشەی ڕەگەزی، هەندێک کوڕ خۆی پێ پەسەند نییە وەکو کوڕە و دەیەوێت ڕەگەزی خۆی بۆ کچ بگۆڕێت، بەپێچەوانەوە هەندێک کچیش حەزناکات کچ بێت و دەیەوێت ڕەگەزی خۆی بۆ کوڕ بگۆڕێت. کێشەیەکی دیکە حەزی (هاوڕەگەزبازی) یە، جا کچ بن یاخود کوڕ، لەقوتابخانەکانی ئەوێ ئەو کێشانەمان هەیە، بەڵام کێشەکە ئەوە نییە، کە پەسەند ناکرێن، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە، کە ئەم خوێندکارە لەبەر ئەوەی هەرزەکارە سەرەتا جورئەتی ئەوەی نییە خۆی وەکو هاوڕەگەزخواز نیشان بدات، یان وەکو کەسێک، کە دەیەوێت ڕەگەزی خۆی بگۆڕێت، بۆیە لە قوتابخانە خولی وشیارییان بۆ دەکرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەم هەرزەکارە جورئەتی ئەوە بکات کە بڵێ من چۆنم؟ من هاوڕەگەزخوازم؟ بۆ ئەوەی پەسەند بکرێم.

**– ئەی دایکوباوک؟ ئایا ئەوان ڕازی دەبن منداڵەکەیان هاوڕەگەزخواز بێ یاخود ڕەگەزی خۆی بگۆڕێت؟**

+ بێگومان هەندێک لە دایک و باوکان قبووڵی ئەوەیان نییە منداڵەکەیان هاوڕەگەزخواز بێت، یاخود ڕەگەزی خۆی بگۆڕێت، بەتایبەتی ئەو دایک و باوکانەی، کە سەردانی کەنیسە دەکەن و پەیوەستن بە ئایینەکەی خۆیانەوە، ئەوان بەلایانەوە قووڕسە، جاری وا هەیە توڕەبوونی لێ دەکەوێتەوە و هەرزەکارەکە ماڵ بەجێدێڵێ و دەچێتە سەنتەرەکان، یاخود پۆلیس داوا دەکات، بۆ ئەوەی پارێزراو بێت. بێگومان کێشەی دیکەش هەیە، ئەو قوتابخانەی منی لێمە تەنیا هۆڵەندی نینە، قوتابی شەست نەتەوە و کلتووری جیای تێدایە، ڕەنگە لەپۆلێکدا سیی کلتووری جیاواز هەبێت!

**– ئەو قوتابخانەی ئێوە وانەی لێ دەڵێنەوە چەند قوتابی هەیە؟ ئەی لەژوورێکدا چەند قوتابی لێیە؟ چونکە لای خۆمان قوتابخانە هەیە لەسەرووی پەنجا خوێندکار لەژوورێکدا هەنە؟ باڵەخانەی قوتابخانەکانی هۆڵەندا ئاسۆییە وەکو کوردستان یاخود ستوونییە؟**

+ ئەو قوتابخانەی من وانەی لێ دەڵێمەوە لەشاری لاهای هەزار قوتابی تێدایە، باڵەخانەکانی قوتابخانە لەوێ ستوونین، بەڵام لەوێ قوتابخانە وەکو ئێرە شوورەی نییە، باخچەی قوتابخانەکە زۆر لەو شوێنە (مەبەستی پارکی شانەدەرە لەهەولێر) خۆشترە، سێ یاریگەی تێدایە، یاریگەی تۆپی دەست و باڵە و سەبەتە، قوتابییە کچ و کوڕەکان لەوێ پێکەوە یاری دەکەن، یاخود لەسەر کورسییەکان پێکەوە دادەنیشن و قسە دەکەن، یاخود پیاسە دەکەن.

لەوێ ژوورەکانی قوتابخانە ژمارەی جێگیریان نییە، بەپێی وانەکان ژمارەی قوتابی کەم و زیاد دەکات، چونکە لەوێ وەکو ئێرە بەشی وێژەیی و زانستی تەواو لێکدی جیا نەکراونەتەوە، لەهۆڵەندا ئێمە پۆلی شەشمان هەیە، ئینجا وانەکان جیایان دەکاتەوە، قوتابییەکان لەوانە گشتییەکان بۆ نموونە: وانەی هۆڵەندی و وانەی ئینگلیزی هەموویان پێکەوەن، وێژەیی و زانستی نییە، بەڵام کاتەک وانەی کیمیایان هەیە تەنیا قوتابییە زانستییەکان لەژووردا دەمێنن، کاتەکیش وانەی مێژوو دێت تەنیا وێژەییەکان ئامادە دەبن. بۆیە ئەگەر لەپۆلێکدا بیست قوتابی لێبێت، لەوانەی کیمیا لەوانەیە دوانزە قوتابی لەژووردا بمێنێتەوە، وانەی مێژوو هەشت قوتابی بمێنێتەوە، بەڵام لەوانە گشتییەکان وەکو ئینگلیزی و هۆڵەندی و وەرزش و هونەر، هەموویان لەپۆلدا پێکەوەن.

**– لەیەکێ لەوێنەکاندا بەجلی کوردی لەناو پۆل وانە دەڵێیتەوە؟ ئاساییە لەوێ بەو جلە وانە بڵێیتەوە؟**

+ من بۆ ماوەی پانزە ساڵە، هەموو ساڵێک لەڕۆژی نەورۆزدا بەجلی کوردی دەچمە قوتابخانە و وانە دەڵێمەوە، هەر چەندە بۆم هەیە لەو ڕۆژەدا داوای

پشوو بکەم و نەچمە قوتابخانە، چونکە جەژنێکی نەتەوەیی ئێمەیە، بەڵام من لەو ڕۆژەدا وەکو کردیتمە نەریت هەموو ساڵەک بەجلی کوردی دەچمە قوتابخانە.

ئەو ڕۆژە شیرینیش لەگەڵ خۆمدا دەبەم، کاتێک دەچمە ژوورەوە خوێندکارەکان یەکسەر پرسیار دەکەن و دەڵێن مامۆستا ئەورۆ ئەو جلانە چییە لەبەرت کردووە؟ منیش کورتە باسێکی جەژنی نەتەوەیی نەورۆز پێشکەشی خوێندکاران دەکەم، ئینجا دەستدەکەم بە گوتنەوەی وانەی بیرکاری.

نەک هەر هۆڵەندییەکان، ئەوروپاییەکان بەشێوەیەکی گشتی، زۆر حەزیان لەقسەکردنە، حەزیان لەوەیە بزانن کلتووری وڵاتانی دیکە چۆنە؟ من هاوسێیەکم هەیە تەمەنی نەوەت ساڵە، ئەو ڕۆژەی منی بەجلی کوردی بینی، یەکسەر بانگی کردم، گوتی دەزانم دەچی بۆ دەوام، بەڵام دەمەوێت پێم بڵێی ئەمە چییە لەبەرت کردووە؟ بۆچی ئەمرۆ بەم جلە دەڕۆی؟ ئیدی بۆ ئەویش باسی نەورۆز دەکەم. لەهاتنەوەی ئەمساڵەشمدا سەرجەم کۆڕ و سیمینارەکانم بەجلی کوردی پێشکەش کرد و ئێستەش، کە لەگەڵ ئێوە دانیشتووم، هەر بەجلی کوردییەوەم.

**- لەکوردستان مامۆستا تاکو ئێستە نازانێت مووچەکەی لەچەندی مانگ وەردەگرێت و ساڵ کە دوانزە مانگە چەند مووچەی پێ دەدرێت، سەرمووچەش دەمێکە وەستاوە! ئێوە لەهۆڵەندا هەموو مانگێک لەچ ڕۆژەک مووچە وەردەگرن و ساڵانە چەند مووچەتان پێ دەدرێت؟ بێگومان ئێوە وەکو ئێرە بەکاش وەریناگرن و مووچەکە دەچێتە سەر ژمارە حسابیتان؟**

+ هەموو ٢٥ی مانگ ئێمە مووچە وەردەگرین، ئەگەر ڕۆژی مووچە بکەوێتە شەممە و یەکشەممە، ئەوە ڕۆژی دووشەممە مووچە وەردەگرین.

شێوازی وەرگرتنی مووچە لێرە بەجۆرێکە کە مانگانە بەشێک لەمووچەکە دەگێڕنەوە و کۆی دەکەنەوە، سیستەمێکمان هەیە لەپەروەردە پێی دەگوترێت مانگی سیانزە، هەموو ساڵێک لەمانگی دوانزە لەبەر ئەوەی مانگێکی پڕ چالاکی و جەژن و یادە، ئەوان حسابی ئەوە دەکەن کە مامۆستا لەمانگی دوانزە پارە زۆر سەرف دەکات، لەبەر ئەوە ئەو بەشەی کە بۆتی کۆدەکەنەوە لەدوانزە مانگەکە پێتدەڵێن لەمانگی سیانزە دەتدەینێ، واتا مانگی دوانزە دوو مووچە وەردەگرین!

جگە لەمە دیسانەوە لەدوانزە مانگەکە بڕە پارەیەکی کەم دەگێڕنەوە، ئەویشت لەمانگی پێنج دەدەنەوە، بۆ ئەوەی بتوانی لەپشووی وەرزی هاوین و مانگی حەوتدا سەفەری پێ بکەیت، کەواتە ئێمە ساڵانە چواردە مووچە وەردەگرین.

**- سیستەمی سەرمایەداری پڕە لەفێڵ و تەڵەکەبازی، بۆ نموونە لەکلتووری خۆراوایی حۆڵی و گەمژەییە ئەگەر یەکێ پرسیاری مووچە لەوەی دیکە بکات! بێگومان فێڵەکە لەکوێدایە؟ لە خۆراوا ئەگەر چوارکەس لەیەک شوێندا کاربکەن، چوار مووچەی جیاواز وەردەگرن! هۆکاری زۆری و کەمی مووچەکەش ساڵی خزمەت و پلەبەندی نییە، بەڵکو هۆکاری دیکەی لەپشتە! ئێستا لەدوای ئەم پاساو هێنانەوە، بۆمان هەیە بپرسین، ئێوە وەکو مامۆستایەکی ئامادەیی مووچەکەتان چەندە؟ بەس فێڵمان لێ مەکە ڕاست و ڕەوان پێمانبڵێ؟**

+ (پێکەنینێکی درێژ) باشە وەکو خۆی پێتان دەڵێم، مووچە لەوێ دووبەشە، بەشێکی بەباجەوەیە و بەشێکیش بەبێ باجە، ئێستا مووچەکەی من بەباجەوە پێنج هەزار یۆرۆ وەردەگرم، بەڵام لەو ڕێژەیە هەزاری باجە و مووچەکەم دەمێنێتەوە

**“ یەکێ لەقسەکانی باوکم ئەوەبوو گوتی: کاتێک توانیت ڕۆژنامەیەکی هۆڵەندی بخوێنیتەوە بەبێ ئەوەی وشەیەکت لێ عاسی بێت، ئەوکاتە پێم بڵێ بابە فێرە زمانی هۆڵەندی بووم ”**



دەرسیم لەگەڵ باوکی

چوار هەزار یۆرۆ، بێگومان مووچەکەی منیش بۆیە ئاوایە، چونکە پانزە ساڵ خزمەتم هەیە و بڕوانامەی ماستەرم هەیە، چونکە ئەمانە هەمووی کاریگەری خۆی هەیە، بەڵام مامۆستایەک لەهۆڵەندا ئەگەر بڕوانامەکەی بەکالۆریۆس بێت و یەکەم ساڵی دامەزراندنی بێ، ئەو ١٨٠٠ یۆرۆ وەردەگرێت، ئینجا ساڵانە مووچەکەی کەمێ زیاد دەکا.

بەڵام من لەبەر ئەوەی پۆلی شەشی ئامادەیی دەڵێمەوە، ماستەرم هەیە لەبیرکاری و خوێندکاری دکتۆراشم، هاوکات وانەی بیرکاری قوورس دەڵێمەوە، بۆیە مووچەکەی من ئاوایە، لەدوای پلەکەی منیش ڕاستەخۆ پلەی بەڕێوەبەر دێت.

بەڵام لەسەر جیاکاری مووچە من دەتوانم باسی جیاوازی مووچەی نێوان ژن و پیاوت بۆ بکەم لەهۆڵەندا، چونکە ڕەنگە لەکلتووری ئێمە و کوردەواری وابزانن لەئەوروپا یەکسانی لەبەینی ژن و پیاودا هەیە، بەڵام وانییە، لەکاتی ئیشکردندا مەعاشی پیاو زیاترە لەمەعاشی ژن، ئەوان پاساویان ئەوەیە، کە ژن لەبەر ئەوەی منداڵی هەیە و نەخۆش دەکەوێت، ئیجازە زیاتر وەردەگرێت، ژن لەبەر ئەوەی هاوسەرەکەی نەخۆش بێت، دەتوانێت ئیجازەی زیاتر وەربگرێت، بەڵام پیاو وانییە، لەبەر ئەوە هەتا پیاوێک هەبێت ژن وەرناگرن، با هەردووکیشیان هۆڵەندی بن!

**– ئەگەر وایە ئەی لەبەرچی دەگوترێ ژنانی هۆڵەندی خۆشبەخترین دایکن!؟**

+ ژنانی هۆڵەندی بەختەوەرن لەبەر ئەوەی ژنانی وان لەهەفتەیەکدا پێنج ڕۆژ ئیش ناکەن، ئەوان سێ ڕۆژ ئیش دەکەن، واتا دوو ڕۆژ کەمتر لەپیاوەکان، بۆیە کە مووچەکەی من زۆرە بەشێکی هی ئەوەیە کە من پێنج ڕۆژ ئیش دەکەم، بەڵام ژنەکی هۆڵەندی سێ ڕۆژ کار دەکا و دوو ڕۆژەکەی دیکە لەگەڵ منداڵ و خێزانەکەی بەسەر دەبات.

**– دوای ئەوەندە ساڵەی ژیانتان لە خۆراوا ئێستە دەتوانن وەکو هۆڵەندییەک بیر بکەنەوە، یاخود هەر کلتوور و نەریتی خۆرهەڵاتی بەسەرتاندا زاڵە؟**

+ من لە سەدا سەد وەکو هۆڵەندییەک بیر دەکەمەوە، ئێستەش کە لێرە دانیشتوومە وەکو هۆڵەندییەک بیر دەکەمەوە، هەر چەندە تۆ منت لەخەت لادا لەبەر ئەوەی باسی مووچەت کرد چونکە لەئەوروپا بەهیچ شێوەیەک باسی مووچە ناکرێت، من ئێستا نازانم هاوکارەکەم چەند وەردەگرێت.

**“ ماوەی پانزە ساڵە، هەموو ساڵێک لە ڕۆژی نەورۆزدا، بە جلی کوردی دەچمە قوتابخانە ”**

**– حەز دەکەین ئەوەش بزانین، لەخواردنە کوردییەکاندا دەزانیت چ خواردنێک لێبنێت؟**

+ من خۆم حەزم بەخواردنی هۆڵەندی نییە، بەڵام خواردنی نەتەوەکانی دیکە و کلتووری دیکە دەخۆم. بەڵام بەبەردەوامی لەماڵەوە خواردنی کوردەواری دەخۆین. هەموو خواردنە کوردییەکانیش دەزانم لێنێم و لەهەمووی کابانم (پێکەنینێکی درێژ) بەس شفتە نا، چەندی دەکەم لەدەستم دەرناچێت، کە دەیخەمە ناو ڕۆنەکە پەرشوبڵاو دەبێتەوە ئیدی نازانم خەتای چییە؟ دەنا خواردنەکانی دیکە هەموویم حازر کردووە و سەروپێشم لێناوە.

**– با هەندێک باسی کێشەی کوردەکانی هۆڵەنداش بکەین؟ دەکرێت ڕاشکاوانە پێمان بڵێی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی کوردانی ئەوێ زیاتر لەچ ڕوویێکەوەیە؟**

+ دایک و باوکانی کورد لەوێ، زۆرجار بەمن دەڵێن: ئێمە لەمنداڵەکانمان تێ ناگەین؟ منداڵەکەم خەریکە لەدەست دەردەچێت؟ منداڵەکەم تەبعێکی هۆڵەندی وەرگرتووە؟ بێگومان هۆکاری هەموو ئەمانە سەرچاوەکەی خودی دایک و باوکەکەیە!

لەماڵەوە دایک و باوکەکە بەرانبەر سەتەلایت دانیشتوونە و سەیری فیلمی تورکی و عەرەبییەکان دەکەن! لەوێ دایک و باوک لەمنداڵەکانیان نزیک نابنەوە! چەندین خێزانی کوردی لەهۆڵەندا، منداڵەکان کاتێ لەنێوان خۆیاندا بەزمانی هۆڵەندی قسە دەکەن، دایک و باوکەکە لەبەر ئەوەی فێری زمانەکە نەبوونە، تێناگەن ئەوان چی دەڵێن و دەیانەوێت چیبکەن؟ بۆیە ئەوان، کە تێناگەن، منداڵەکانیش هیچیان بۆ باس ناکەن!

من لەوێ توێژینەوەیەکم لەسەر مێشکی هەرزەکار کرد، توێژینەکەم کرد بەسێ پۆلین: پۆلینی یەکەم: ئەو هەرزەکارانەی کە لەدایک و باوکێکی هۆڵەندین، پۆلینی دووەم، هەرزەکارەکە لە دایک و باوکی یەکێکیان هۆڵەندییە و ئەوەی دیکە کلتوورێکی دیکەیە جا هەر کلتوورێک بێت،

پۆلینی سێیەم: ئێمە دەگرێتەوە کە هەرزەکارەکە دایک و باوکی خەڵکی یەک وڵات و کلتوورن، بەڵام پەناهەندەن و لەهۆڵەندا دەژین.

**– لێرەدا باس لە پۆلینی سێیەم دەکەین، دەمەوێت ئەوە بپرسم ئایا هاوسەرگیری دوو ڕەگ لەنێو کوردەکانی ئەوێ، زۆرە؟ بۆ نموونە باوک کورد بێ بەڵام دایک مەغریبی، یان تورک و عەرەب و هۆڵەندی بێت؟ بەپێچەوانەوەش دایکەکە کورد بێ و هاوسەرەکەی تورک و فارس و هۆڵەندی و کلتووری دیکە بێت؟**

+ بەڵێ گەلێ گەلێ زۆرە.

**– کچە کوردەکان بەزۆری حەزدەکەن لەگەڵ پیاوی چ نەتەوە و کلتوورێک هاوسەرگیری بکەن؟**


+ گەنجانی ئێستە (کچ و کوڕ) بەلایانەوە گرنگ نییە چ کلتوورێک بێت، بەداخەوە کوڕە کوردەکان زیاتر ڕوو دەکەنە کچە تورک، کچە عەرەب، کچە هۆڵەندی، بێگومان کچە کوردەکانی خۆشمان، ئەوانیش گەنجن و پێویستیان بەهاوسەرگیریی و خێزان دروستکردن هەیە، جا بۆیە کاتەک کوڕە کوردەکان ئاوڕ لە کچە کوردەکان نادەنەوە، ئەوانیش ناچارن بچن هاوسەرگیریی لەگەڵ کوڕی نەتەوە و کلتووری دیکە بکەن. هۆکاری ئەوەش، کە کوڕە کوردەکان ئاوڕ لەکچی کورد نادەنەوە، ئەوە نییە کە ئەوان خراپن یاخود شتێکی خراپیان کردبێت، بەڵکو تەواو پێچەوانەیە! لەبەر ئەوە ئاوڕیان لێ نادرێتەوە چونکە نایانەوێت شتی خراپیان لەگەڵدا بکرێت!

کچە کورد نایەوێت پێش هاوسەرگیریی پەیوەندی لەگەڵ کوڕە کوردەکان دروستبکەن، بەڵام هەرچی کچە مەغریبی و تورکەکەیە ئامادەیە چەند ساڵەک پێش هاوسەرگیریی لەگەڵی بژی، ئینجا دواتر ئەو پەیوەندییە بە هاوسەرگیریی کۆتایی دێ یان نا، لایان کێشە نییە، بەڵام کچی کورد قبووڵی ئەوەی نییە، لەبەر ئەوەش کە قبووڵی نییە، کوڕە کوردەکان خۆیانیان لێ نادەن، بۆیە کاتەک ئەوانیش خۆیان لێ نەدەن، ئەوکات کچە کوردەکانیش ناچارن شوو بە کوڕە عەرەب و تورک و هۆڵەندی بکەن، دەڵێن ئێمەش هەقی خۆمانە شوو بکەین. لەبارەی ئەوەشەوە، کە سەرکەوتوو دەبن، یاخود نا، بەلایانەوە زۆر گرنگ نییە. دەڵێن پانزە ساڵ، دە ساڵ، دوو ساڵ بەخۆشی پێکەوە بژین، بەسە! دەمەوێت ئەوەش بڵێم: زۆرشت کە ئێستە لە کوردستان ڕوو دەدات، لەهۆڵەندا گەنجانی کورد نایکەن، ئەوان زیاتر پەیوەستن بەکلتوور و ئایین. من خۆم کچێکم هەیە و تەمەنی بیست ساڵە، زۆر زۆر پەیوەستە بە داب و نەریتی کوردەواری وەکو لەوەی لێرە کەوا کچێک هاوتەمەنی ئەوبێت و بیبینم. کچەکەم زمانێکی کوردی پەتی قسە دەکات.

هەر لەوێ لەدایکبووە و لەوێش گەورە بووە، پارچە مۆسیقایەکی بۆ عەفرین دروستکرد. کاتێک لەناو هۆڵەکە پارچە مۆسیقاکەی عەزف کرد، هەرچی نەتەوە و کلتووری دیکەی ژوورەکە هەبوو، هەمووی بۆی هەڵسانە سەرپێ تەنیا تورکەکان بۆی هەڵنەسانەوە، بۆیە ئەو نەوەیەی لەوێ گەورە و پەروەردە بووە، ئەوانیش بەپێی توانست و بەهرە و دەرفەت دەیانەوێت خزمەتی کورد بکەن، بەڵام ئایا ئەو دەرفەتەیان بۆ دەڕەخسێت؟!

دایک و باوکی کورد لەوێ ناتوانن بڵێن بەتەواوی پەروەردەیەکی کوردەواری منداڵەکانمان دەکەین،

**“ ئەگەر بڵێم یەکێکم لە خۆشەویسترین و ئێسک سوکترین مامۆستا لای خوێندکارەکانم و متمانەیان پێمە، درۆ نییە ”**



**دەرسیم لە ڕۆژی نەورۆزدا بە جلی کوردی وانە دەڵێتەوە**



دەرسیم لەگەڵ کچەکەی

ناشتوانن بڵێین منداڵەکانمان هۆڵەندییانە و ئەوروپییانە پەروەردە دەکەین، وەکو دایک و باوک دەبێت زیرەکانە هەڵسوکەوت بکەین، باشییەکانی کوردستان بەری و لەگەڵ باشییەکانی هۆڵەندا لێکی بدەی، ئەمە دەبێتە جوانترین پەروەردە، کە منداڵەکەتی پێ گۆش بکەیت، بەڵام مەرجی سەرەکی بۆ ئەمە: دەبێت دایک و باوکەکە هۆڵەندی بزانن، لەبەر ئەوە کاتێک کە منداڵەکان بەهۆڵەندی قسان دەکەن، ئەوان تێیبگەن، چونکە کاتێک منداڵ بۆ دایک و باوک تەرجەمە دەکات، ڕێزیشی بۆ دایک و باوکی نامێنێت!

کاتێک منداڵەکە هەموو شتێک بۆ دایک و باوک دەکات، ئەوان فۆرم بۆ گەورەکان پڕ دەکەنەوە، دایک و باوک مەوعیدی نەخۆشخانەی هەبێت، منداڵەکەی دەبێت لەگەڵی بڕوات، چونکە خۆی نازانێت چی بە دکتۆرەکە بڵێت، لەبەر ئەوە کاتێک ڕۆڵی منداڵ پێچەوانە دەبێتەوە و بەرپرسیارییەتی دایک و باوکیان دەکەوێتە سەرشان، لەو کاتەدا ئەوانیش چیدی گوێ لەئامۆژگاری دایک و باوکیان ناگرن، ئەمەش مەترسیدارترین شتە لەپەیوەندی نێوان (منداڵ و دایک و باوک)ی

**«ژنانی هۆڵەندی بەختەوەرن لەبەر ئەوەی لە هەفتەیەکدا سێ ڕۆژ ئیش دەکەن»**

کورد لەئەوروپا.

**– بەبۆچوونی ئێوە، ئەگەر ئێمەش بمانەوێت وەکو ئەوروپییەکان و هۆڵەندییەکان ژیانێکی جێگیر و پێشکەوتوو و سەقامگیرمان هەبێت، پێویستە هەنگاوەکانمان چۆن بهاوێژین؟**

+ ئێمە زیاتر باسی سیستەمی پەروەردەمان کرد، دیسانەوە دەگەڕێینەوە سەر پەروەردە و دەپرسین: ئایا سیستەمی پەروەردە لەهۆڵەندا چ پەیوەندییەکی بەمەوە هەیە، کام حزب لەهەڵبژاردن دەیباتەوە؟ سیستەمی پەروەردە لەوێ جێگیرە، چ حزبێک دەیباتەوە و کێ دەبێتە وەزیر، هیچ کاریگەری نییە، لەسەر ئەو پلانەی کە پێشتر داڕێژراوە، وەزیر دەبێت ئەو پلانە جێبەجێ بکات، هیچ پەیوەندی بە حزب و دەسەڵاتەوە نییە، لەسەر ئەو پلانە دەڕوات و سەر لەمامۆستا و خوێندکاران ناشێوێنن.

ئەوەی من بەدی دەکەم، کێشەی سەرەکی ئێمە لێرە لەکوردستاندا، ئەوەیە کە پێویستمان بە بنچینە و بنەما و پلانێکی جێگیر هەیە. من پێموایە بۆ جێگیرکردنی ئەو بنەما و بنچینانە، هەر کوردێک دەبێت لە شوێنی خۆیەوە، گەشە بەخۆی بدات و هۆشیار بێت، ئەوکاتە ئێمەش پێش دەکەوین، چونکە ئەگەر هەر یەکێ لەئێمە هۆشیاری هەبێت و بزانێت چۆن دەبێتە مامۆستایەکی سەرکەوتوو، ئەوکات هیچ گومانی تێدا نییە، کە خوێندکارەکانیش سەرکەوتوو دەبن! یان ئەگەر بزانین چۆن دەبینە دکتۆرێکی سەرکەوتوو و بازرگانی بەگیانی نەخۆشەوە نەکەین، لە کارەکە دڵسۆز بین، ئەوکاتە بێ سێ و دوو ئێمەش دەگەین بەو قۆناغ و سیستەمەی کە هۆڵەندییەکان تێدان، بەڵام لەئێستەدا ئێمە لەحاڵەتی هەزەین و هیچ شتێکی جێگیرمان نییە.

**– لەگەڵ خوێندنەوەی کتێب چۆنی؟ بەچەند زمان دەخوێنیتەوە؟**

+ لەگەڵ خوێندنەوە زۆرباشم و بەچوار زمان کتێب دەخوێنمەوە، بە زمانی ئینگلیزی و هۆڵەندی و عەرەبی و کوردی، دوایین کتێب کە بەزمانی کوردی خوێندەمەوە، کتێبی (پاشا)ی قادر عەبدوڵڵا بوو، کە شەفیقی حاجی خدر وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

# هونەر

- **زەریاش قەڵای پێ قووت نادرێت**

تاریق کارێزی

- **سروودی ئەی ڕەقیب لە تای تەرازوودا (بەشی ٢)**

ئەسعەد قەرەداخی

# زەریاش قەڵای پێ قووت نادرێت

## هەڵوەستەیەک لە ئاست دوایین پێشانگەی نامیق عەلی قادر



**تاریق کارێزی**

یەکێکە لە ستوونەکانی هونەری شێوەکاری لە شاری هەولێر. نامیق عەلی قادر، هونەرمەندێکە خاوەن دیدگەی جێگیر و چەسپاوی خۆی. ڕچەی کاری خۆی و ستایلی هونەر کردن لە لای ئەو، زادەی ڕامانی قووڵ و هزری وردە. لە کانگەی بیرێکی مرۆڤ دۆستانەوە هونەر دەکات، ئارام و هێمن و زۆر قووڵ، ستاتیکای گوتاری خۆی گەڵاڵە دەکات. لە بازنەی شێوازی کار کردنی خۆیەوە، بە ڕووی هەمەچەشنییەکدا دەکرێتەوە. لە دوایین پێشانگەی خۆیدا (١-١٠/ تشرینی دووەم/٢٠٢٢، هۆڵی میدیا- هەولێر) دوو هۆڵی پڕ کرد لە بەرهەمی کارکردنی خۆی لەم چەند ساڵەی دواییدا.

لێرەدا ئێمە هەڵوەستە لە ئاست کارەکانی دوایین پێشانگەی نامیق عەلی-دا دەکەین. هونەرەکەی ئەو، وەک کەسێکی خاوەن ئەزموونێکی قاڵبووی دەیان ساڵ کارکردن، بۆ گەنجانی ئەمڕۆی دونیای هونەری شێوەکاری، گەنجینەیەکە و هی ئەوەیە، لە پاڵ چێژی بینینی بەرهەمەکانی، سوودی زۆر لە ئەزموونەکەی وەربگیرێت. کردنەوەی پێشانگە بۆ هونەرمەندانی بە ئەزموون، دەبێت وەکو دەرفەتێکی گەورە لێی بڕوانین. مامۆستا و قوتابیانی هونەر ئەو دەرفەتە بقۆزنەوە، چەندین سیمینار و مێزگرد و دیبەتی هونەر، هەر لەنێو پێشانگەکەدا ببەستن. پێشانگەی هونەرمەندانێک کە لە ڕەنگ و سەنگی (نامیق عەلی قادر)ن لە ڕووی ستایل و کەرەستە و شێوازی کارکردنەوە، شەپۆلێکی پڕ هونەر و داهێنانە، لە هەمان کاتدا ئەوان دید و دونیابینییەکی مرۆڤانەی هونەر دەخەنە ڕوو، ئەو دید و دونیابینییە خوێندنەوەی فراوان هەڵدەگرێت، هی ئەوەیە قسەی زۆری لەسەر بکرێت. ئاشنا کردنی ئەزموونی هونەرمەندان و مامۆستایان و پێشەنگانی هونەر، بە شاگردانی نوێباوی بوارەکە، ناوەندی هونەر چالاک و بەرهەمدار دەکات. ئەگەر تا ئێستا ئەو کارە نەکراوە، یان ئەگەر کرابێتیش زۆر بە سادەیی، تەنک و ڕاگوزەر کراوە، لە ئێستە بە دواوە دەکرێت ناوەندەکانی هونەر بێنە دەنگ و بێنە دەست، ناکرێت ئەزموونێکی قووڵ و خەستی هونەر کە نامیق عەلی سەرمەشقیەتی، هەروا ڕاگوزەر تێپەڕێت. بە تایبەتی کە ئێمە لە یەک پێشانگەدا، کاری چەندین ساڵی ئەو دەبینین، بە شێواز و



کەرەستەی هەمەجۆر و لە دیدگەیەکی کراوەدا کاری کردووە، دە ڕۆژی پێشانگەیەکەش، کاتێکی زۆر باش و گونجاو بوو بۆ هەر چالاکییەکی هونەر لە پەراوێزی پێشانگەکەدا.

## بۆ کەسی نائاشنا

قسەی من لێرەدا بۆ کەسانێکە، پێشتر بە هونەری نامیق عەلی نائاشنان و لە نزیکەوە نەیانبینیوە و بواریان نەبووە چێژی لێ وەربگرن. ئەم هونەرمەندە لە ڕووی دید و دەروونەوە، زۆر بە چڕی ئاوێتە بە شوێنە، شوێنیش چەقی شاری هەولێر و قەڵاکەیەتی. لەپاڵ ئەوەشدا چەند گیاندارێک، لە نموونەی کەڵەشێر، گا، ئەسپ و هی دیکەش، سیمبوڵ فیگەری هەردەم ئامادەی نێو بەرهەمی ئەون، ڕەنگە لەڕووی پاشەکەوت و پاشخانی هزر و یادگەوە، ئەم گیاندارانە وابەستەی حەکایەت و چیرۆکی بەر ئاگردانی کوردەواری بن، یان ڕۆژگاری بەری بەشێک بووبن لە ژیانی هونەرمەند، هەموو ئەمانەش (ئەو سیمبوڵ فیگەرانە) بە ستایلێکی تایبەت، هەم بە قەڵەمکێشی و هەم بە پەیکەر، بەرجەستەی کردوون. لە حەکایەتی کوردەواریدا، کەڵەشێر هێمای ڕاگەیاندن و بانگدان و ئاشکرا کردنی هاتنی کازیوەی بەیانە، گا هێمای هێز و ملهوڕییە، ئەسپ هێمای تین و تەوژم و شکۆ بووە. لە بەیاری ئەم کەوشەنەوە نامیق عەلی دەستی هونەری کراوەتەوە. لە دوایین پێشانگەی خۆیدا مانۆڕێکی گەورەی هونەری کردووە، بەدەم هەڵدانەوەی زەمەنی ڕابردوو، خوێندنەوە بۆ دۆخی ئەم کات و سەردەمە دەکات.

## تایتانیک

لە دوایین پێشانگەی خۆیدا، نامیق عەلی قادر زۆر بەرین هاتووەتە دەست، بە پێنج تا شەش پرۆژە هاتووەتە پێش، تۆ بڵێ لە ٥ تا ٦ دەروازەوە هاتووەتە نێو دونیای ستاتیکای کارکردنەوە. هەر پرۆژە و هەر دەروازەیەکیان، دارای خوێندنەوەی تایبەتن. هۆڵی یەکەم و سەرەکیی میدیای بۆ چوار تا پێنج پرۆژە و دەروازە (پەیکەری برۆنز، کەرەستەی کۆنی کانزا کە لە کشتوکاڵدا بەکار هاتوون، تابلۆیەکانی قەڵا، بەردی سروشت) تەرخان کرد. هەر چوار پێنج پرۆژەکەی بە ناوی (تایتانیک) نمایش کردوە. دانانی بەرهەمەکان بە شێوە و ستایلی مۆزەخانە، زۆر هونەرییانە نمایش کرابوون، واتە کارەکانی وەکو ئەوەی لەنێو مۆزەخانەیەکی هەمیشەییدا بن، بەو جۆرە نمایش کرابوون.

ئەمەش نیشانەیەکە بۆ شارەزایی و ئەزموونی قووڵی هونەرمەند، کە شێوە و ستاتیکای دانان و دابەشکردنی بەرهەم و دەرفەتی جوانبینی، هەروەها ڕەچاوکردنی هەست و دیدە و گۆشەی تەماشاکردنی میوانانی پێشانگە، زۆر بە وردی لەو پێشانگەیەدا ڕەچاو کرابوون. هەرچەندە نامیق پتر نیگارکێشە لەوەی پەیکەرتاش بێت، بەڵام دەستی لە گەڵاڵەکردنی پەیکەریشدا کراوەیە، کاری پەیکەر بە ستایل و شێوازی خۆی دەکات. کەمن ئەو هونەرمەندانەی کوردستان کە پەیکەری برۆنز دادەڕێژن، برۆنز لە پەیڤی (bronzium)ی لاتینییەوە هاتووەتە نێو زمانی کوردییەوە. برۆنز بریتییە لە ئاوێتەیەک لە کانزای مس و زنک و قسدیر و ئاسن. چاخێکی مێژوو بە ناوی برۆنزەوە ناسراوە، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، ماوەی نێوان (٣٣٠٠ تا ١٢٠٠ پ.ز) بە سەردەم و چاخی



**“ هەر لە تایتانیکی پێشانگەکەی (نامیق عەلی قادر) دا ئامرازی پیشەکاران، بە تایبەتی کەرەستەی هەمەجۆری کشتوکاڵی بەدی دەکەین، ئەو ئامرازنەی، گەردشی ڕۆژگار تووڕی داون ”**



برۆنز ناسراوە. بەکارهێنانی برۆنز لە نێوەندی هونەردا دوو ئامانج دەپێکێت. یەکەم، ئەم ئاوێتە کانزایە پتەوە، کەش و ئاووهەوا کاری لێ ناکات. دووەم، هونەرمەند لە بەکارهێنانی برۆنزدا، ڕەهەندێکی مێژوویی بە هونەرەکەی دەدات و چەترێکی ڕابردوو بۆ بەرهەمی هونەری خۆی هەڵ دەدات. ئەمەش گوتاری هونەر فراوانتر دەکات، لەوەی دەباتە دەر کە گوتار بێت بۆ کات و ساتێکی ڕاگوزەر، لاپەڕەکانی مێژوو هەڵ دەداتەوە و خۆشی دەبێتە بەشێک لە مێژوو. بۆ گەڵاڵە کردنی کاری برۆنز، هونەرمەند ناچارە وەکو کرێکار و پیشوەرێک کار بکات. ڕەنجی زۆر خەرج دەکات تا پەیکەرێکی برۆنز گەڵاڵە دەکات، جگە لەوەی ئەم تێکەڵەی کانزایە نرخی گرانە و خەرجیی زۆری دەوێت. هەموو ئەمانە نەبوون بە ئاستەنگ لە بەردەمی نامیق عەلی قادردا تا کۆمەڵێک بەرهەم لە شێوەی جووتەی نێر و مێی مرۆڤ، ئەسپ، سوارچاکی ژن، هەڵۆ، کەڵەشێر لە شێوەی پەیکەری برۆنز دروست بکات.

تاتیانیک (Titanic) چیرۆکی نقوم بوونی کەشتیی (ئار ئێم ئێس تایتانیک) لە ساڵی ١٩١٢دا، دواتر لە ساڵی ١٩٩٧دا ئەو ڕووداوە تراژیدییە کرایە فیلمێکی ئەمریکیی کارەساتباری داستان ئامێزی دڵداری، لە دەرهێنانی جیمس کامیرۆن. تایتانیک بوو بە ناوونیشانی یەکەمین هۆڵی

**“ کردنەوەی پیشانگە بۆ هونەرمەندانی بەئەزموون، دەبێت وەکو دەرفەتێکی گەورە لێی بڕوانین. مامۆستا و قوتابیانی هونەر ئەو دەرفەتە بقۆزنەوە ”**

پێشانگەیەکی نامیق عەلی قادر، هەڵبژاردنی ئەو ناوە بەو مانایە دێت، هونەرمەند پێی وایە دونیا ڕوو لە نقوم بوونە، ئەو دنیایەی ئەو ناسیویەتی و بە دەروونی ئەو ئاشنایە، خەریکە ئاوادەبێت. بەرداشی گۆڕانکاری ستایل و ڕیتمی ژیانی بە شێوەیەکی زۆر خێرا و گەورە گۆڕیوە، چی دی نەوەکانی ڕابردوو ناتوانن لەگەڵ ئەو گۆڕانە گەورەیەدا هەڵ بکەن. ئەوان هەست بە نامۆییەکی زۆر دەکەن، بۆیە دەبینین لە زەینی نامیق-دا شاری هەولێر، وەکو لە تابلۆیەکانی ئاوڕەنگی ئەودا دەردەکەوێت، کەشتیی تایتانیکە و کەوتووەتە بەر شەپۆلی بێ ئامانی گۆڕانکارییەوە، تەنیا شوێنێکی شار کە نقومی نێو گۆڕانکاری نەبووە قەڵایە. قەڵای هەولێر تەنیا شوێنێکە نقوم نەبووە و لەوەش ناچێت نقوم بێت.

وێنەکانی قەڵا بە درێژایی سەردەمانی جودا جودا، بە زەینی نامیقدا دێن و لە شێوەی تابلۆی ئاوڕەنگ دادەڕژێنە سەر ڕووبەری تابلۆ. هەموو شتێک لەو تابلۆ ئاوڕەنگانەدا چەشنی تارمایین، تەنیا قەڵا نەبێت لەوە یاخییە کە خۆ





بە دەستەوە بدات و نقومی نێو گۆڕانکاری ببێت.

هەر لە تایتانیکی پێشانگەکەی (نامیق عەلی قادر) دا ئامرازی پیشەکاران، بە تایبەتی کەرەستەی هەمەجۆری کشتوکاڵی بەدی دەکەین، ئەو ئامرازانەی، گەردشی ڕۆژگار تووڕی داون، ئەو کەرەستە و ئامرازانە لە گۆشە و کەناری زبڵخانە و نێو زبڵدان و شوێنانی لاچەپ، بێ ناز کەوتوون و ژەنگ دایڕزاندوون. ئەوانە ڕۆژگارێک کەرەستەی کار و دەروازەی دابین کردنی بژێویی ژیان و ئامرازی بەرهەم بوون. زەمانە ئەوانی کەنارگیر کردووە، خەڵکی ئەم سەردەمەی ئێمە، ئیدی ئەوانیان لە بیر کردووون.

مۆزەخانەش نییە ئەو کەرەستانەی تێدا نمایش بکرێن، بۆ ئەوەی نەوەی ئێستە بە ژیانی ڕابردووی باب و باپیران ئاشنا بکەن. هونەرمەند هەوڵی داوە ڕێز لەو ئامراز و کەرەستانە بگرێت، ڕێز گرتن لەو کەرەستانە، ڕێز گرتنە لە زەمەن و ڕابردوویەک، چەشنی خەون و خەیاڵ لە زەینی کەسانێکی کەمدا ماوە. بە دەم ئەوەشەوە، هەستی جوانخواز و جواندۆزی هونەرمەند لە هەر شوێنێک، لە هەر گۆشە و کەنارێکدا، جوانی بەدی بکات، ڕاوی دەکات. سروشت شای جوانییە. هەموو جوانییەک لە سروشتدا خۆی دەنوێنێت. جوانی لە سروشتدا سەرەتا و کۆتایی نییە، زەریایەکی بێ بنە. لەو زەریا بێ بنەی جوانیی سروشتدا، هونەرمەند هاتووە چەند بەرد و پارچە شاخێکی هێناوە، بە سووکە دەسکارییەکەوە لە پێشانگەکەی خۆیدا نمایشی کردووون. ئەو



و لاپاڵی تەژی لە جوانیی سروشت، هەڵبەت ئەگەر ئێمەش بوارمان هەبێت، هەستی بەرزی جواندۆزی و سروشت خوازیمان تێدا بێت.

### هێڵ و دەروون

لە هۆڵی دووەمدا، نامیق عەلی قادر بارتەقای یەک پێشانگە هێڵکاریی نمایش کرد بوو. هەندێک جار کە فۆرم و فیگەر نامێنن، تارمایی باڵی خۆی بەسەر هەموو سووچێکی گەردووندا دەکشێنێت، مرۆڤ دەکەوێتە نێو خولگەی بۆشاییەوە. بۆشاییەک نە ئاراستەی هەیە، نە ڕچە و ڕێڕەو. لەم کات و دۆخەدا، هونەرمەند کە دەست بۆ کەرەستەی کارکردن دەبات، ڕووبەر (ڕووبەری کارکردن) دەبێتە ئاوێنەیەک و دۆخی دەروونی مرۆڤ شەوقی تێدا دەداتـــەوە. هـەر دەبێت لـە ڕەوشێکی لەو جۆرەی باسم کرد، نامیق ئەو کۆمەڵە هێڵکارییەی کێشا بێت.

ئەو هاتووە بەدەم هەر هێڵکارییەکی خۆیەوە، چەند دێڕێکی نووسیوە، ئەو نووسینانە وەک هـەڵـدانـەوەی لاپــەڕەی یادگارەکانی وان. هونەرمەند لە گۆشەی تەنیاییەوە بە بیرەوەرییەکانیدا دەچێتەوە. یادگە تەنیا فریادڕەسی ئەوە، لەو گۆشەگیرییەی بەناوی کۆرۆناوە جیهانی تەنییەوە، نامیق یادگەی کردە هاوەڵی خۆی و ڕۆژگـاری خۆی پێ ئـاوەدان کـردەوە. لەگەڵ هەر یادەوەرییەک، هێڵکارییەک خەملیوە. ئەو هێڵکاریانە بریتین لە تێک چڕژانی هێڵی ڕاست و چەماوە، جاری وا هەیە تێر و چڕن، جاری واش هەیە تەنک و پەرت و شاش. لە هەندێکیاندا هێڵی ڕەها، لە هەندێکیشیان هێڵی فۆرمدار بەدی دەکەین، هەر کەسێک لە جووڵەی ئەو هێڵانە بڕوانێت، تێ دەگات خاوەنەکەی کەسێکی ئەزموونەدەی هونەرە، هێڵ بە دەم جووڵەی دەست و پەنجەی ئەوەوە، سەما دەکات. ئەگەر ئەو هێڵکارییانە بۆ ئێمە سامانێکی هونەر بن، بۆ هونەرمەند لە ساتەوەختی کێشانیان، هەتوانی دەردی تەنیایی و فریشتەی ساتەوەختی هەستکردن بە بۆشاییەکی کوشندە بوون.



چەند بەرد و شاخەی لە پێشانگەکەی نامیق عەلیدا نمایش کرا بوون، ئەدرەسێک بوون بۆ سروشت، ناوونیشانێک بوون بۆ نێو بەردەڵان

**نامیق عەلی دەستی هونەری کراوەتەوە. لە دوایین پێشانگەی خۆیدا مانۆڕێکی گەورەی هونەری کردووە، بەدەم هەڵدانەوەی زەمەنی ڕابردوو**

بەشی دووەم

# سروودی ئەی ڕەقیب لە تای تەرازوودا



### شرۆڤاندن و لێکدانەوەکانی سروودی ئەی ڕەقیب

با بێینە سەر لێکدانەوە و شرۆڤاندنی هەندێک لەو لایەنانەی کە دەتوانرێت لێوەیانڕا بکەوینە شەنوکەوکردنی ئەم سروودە نیشتمانییە بەناوی سروودی ئەی ڕەقیب. دەقی هۆنراوەکە کە لە چاپی دووەمی دیوانی دڵدار ساڵی ١٩٧١ چاپکراوە وەرگیراوە.

***ئەی ڕەقیب***

***ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان***
***نای ڕمێنێ دانەیی تۆپی زەمان***
***ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوور و شۆڕشین***
***سەیری کە خوێناویە ڕابردوومان***
***ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین***
***دینمان ئایینمانە نیشتمان***
***کەس نەڵێ کورد مردوە کورد زیندووە***
***زیندووە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان***
***چەند هەزار لاوانی کوردی نەڕڕە شێر***
***بوون بە قوربانی و هەموویان نێژران***
***لاوی ئێستاش حازر و ئامادەنە***
***گیانفیدانە، گیانفیدانە، گیانفیدان***
***لاوی کورد هەڵسانە سەرپێ وەک دلێر***
***سا بە خووێن نەقشی ئەکەن تاجی ژیان***
***کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە***
***زیندووە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان.***

### لایەنی یەکەم زوانەوانیی

کاتی خۆی، چ دڵداری جوانەمەرگ و شەهید شێخ حوسێن، بەرهەمە نووسینەکانیان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە بڵاودەکرانەوە. ئەو ڕەوانشادانەی لە ڕێی خامەی بەپێزیانەوە هزر و بیری خۆیان دەگێڕا و دەبێژا و دەوێـژا و وەک تنۆکە شەونم دەیانی تکاندە سەر لاپەڕە ناسکەکانی ئەو بڵاوکراوانە و خوێنەرانیان پێ ڕۆشنبیر دەکرد، لەناو گوڵزاری ئەم کەڵە ڕۆشنبیرە نەمراندا گوڵەنێرگسی خۆی چاندبوو، کە بریتیبوون لە: پیرەمێردی دانا، بێکەس، گۆران، تۆفیق وەهبی، عەلاددین سوجادی، نعمەتوڵڵای مەردۆخی، تاهیری هاشمی، محمد ئەمین زەکی بەگ، بێخود، أ.ب. هەوری، ڕەمزی مەلا مارف، زێـوەر و موفتی پێنجوێنی و گەلێک کەڵە نووسەری دیکەی ئەو سەردەمە. ئەو ڕەوانشادانە تاکو ئێستا و هەتاهەتایە کاروانە ئەستێرەیەکی پرشنگدارن بە ئاسمانی کوردستانەوە. گومانیشی تێدا نییە کەسێک زۆر بە توانا نەبوایە نووسراوی بڵاونەدەکرایەوە. چونکە ئەو ناوە نەمرانەی کە ئاماژەم پێدان تاکو ئێستا بە بیرمەند و زوانزان و ڕەوانبێژ و پێشەنگی هونەری نووسین ناودێردەکرێن.



ئەسعەد قەرەداخی
سوێد

لەناو ئەم کەڵە نووسەرانەدا ناوی یونس ڕەئوف (دڵدار) شێخ حوسێن بەرزنجی دەبینران. دڵدار و شێخ حوسێنی بەرزنجی کە نووسینیان دەنارد بۆ ئەو بڵاوکراوانە. بێگومان دەکەوتە بەرچاوی ئەو کەڵەبوێژ و نوسەرانە و دیاربووە کە لایشیان زۆر پەسەند بووە. ئیتر من لێرەدا، هەر ئەوەندە دەڵێم، چۆن ڕێ بەخۆم بدەم و بوێریی بەخۆم بدەم و بکەومە ڕووشاندنی ئەو دەقە نەمرە. تا گیانی پاکی ئەم مەزنانە بەسەر سەرمانەوە بن، لەو بڕوایەدام هەرکەس و لایەنێک دەسکاری دەقی ئەو سروودە بکات دژایەتیی و ناپاکییە بە گیانی ئەو ڕەوانشادانە و بە سڕینەوەی ئەو مێژووە نەتەویی و نیشتمانییەمانە کە دەریایەک خوێنی بۆ کراوەتە هەڵداشت.

### لایەنی دووەم: کێشی شیعریی و مۆزیک

لێرەدا، دەمەوێت زۆر بە کورتی لەسەر کێش، بدوێم.

لە هونەری شیعر و هونەری مۆزیکدا، بەزم و ڕەزم (نظم و إیقاع) یاخود کێش، ڕۆڵێکی

> "سروودی ئەی ڕەقیب، لەساڵی ١٩٦١، بۆ یەکەمجار چ بە دەنگ و چ بە نۆتە بە بەسەرپەرشتیی هونەرمەندانی خوالێخۆشبوو شەماڵ صائب و جەمیل بەشیر لەسەر ئەرکی عەشتارفۆن لەسەر قەوان تۆمار دەکرێت"

باڵا و سەرەکی دەگێرێت، کێش چەند مانایەک دەگرێتەخۆ، لەوانەی کە لێرەدا مەبەستمانە بە پێ پێوانە Foot, Metre. کات یاخود دەم Time دەگوزەرانرین، ئەویش بە بڕگاندن (بڕگەکردن)ی وشەکانە لە ڕستەدا و پاشان دەمێکی دیاریکراوی پێبدرێت کە بتوانرێت بخرێتە چێوەی بەزم و ڕەزمێکی واوە کە چێژ لە بیستنی وەربگیرێت، چونکە هونەر چێژ وەرگرتنە. بێگومان ئەو بەزم و ڕێکخستەنە هەر وەک هەموو زانستێکی دیکە ڕێسای خۆی هەیە.

کێش .. وەک زاراوەیەکی هونەریی، یەکەی پێوانەی بەزم لە هەڵبەست و ڕەزمی پەردە مۆزیکییەکاندا دیاریدەکات، بەو شێوگ و شێوازەی لەسەر زمان گۆیی پێدەکرێت. ئەمە، دیاردەیەکی بەدی (مُسَلَمْ) یە کە شیعر و مۆزیک دوو هونەری ئاوێزاون بەیەکدین. شیعر بە بەزم Prosody و ڕەزمگرتن Rhythm لە گۆکردن(تَلَفُظ) Phonetics و مۆزیک بە دەربڕینی بڕگەدەنگییەکان بە چەشن و شێوگێکی خۆشاواز گۆدەنگییە دەربڕین لە ئاخاوتندا.

بەگشتیی، دوو جۆر کێشMetre/یش لە هونەری شیعری کوردییدا هەن

## جۆری یەکەم

کێشی بڕگەیی: مێژوویەکی زۆر دێرینی هەیە لەنێو گەلانی هیندوچینی و تا دەگاتە سەر کورد، فارس و تورک، پاشان یۆنانییەکان و گەلانی دیکەی ئەوروپا. پێیشیدەگوترێت حونجاندن یاخود حونجەکردن کە لە ئەوروپا پێی دەڵێن سیلایبڵ Syllable مانای پارچە پارچە کردنی وشەکان و چۆنێتیی گۆ کردنیان.

وەک زاراوەیەک، چەند هیمایەک دەگرێتەخۆ:. تاس(تن) تەخت(تا) لە دێردا

١- ژمارەی بڕگەهۆنراوەکان Stanza لە سەروبەندی شیعرەکاندا

٢- ژمارەی حونجە(پەنجە) Syllable کان: - تاس(تن) È و تەخت(تا) –

٣- ڕێکخستنی بڕی حونجەکان و پێداگرتنیان بۆ دیاریکردنیان لە بڕگەکاندا، وەک نموونە:.

خوایە هەڵکەنی{خوا/یە/ هەڵـ/ کە / نی} ئەو کێوە لەبن{ ئەو / کێـ / وە / لە / بن}

تن تا | تن تا تا      تن تا | تا تا تن

– È | È È – È È – | È –

بەڵکە دەرکەوێت { بەڵـ/کە/دەر/کە/ وێ} نوری چاوی من{ نو/ری/چا/وی/ من}

تن تا | تن تا تا      تن تا | تا تا تن

– È | È È – È È – | È –

ئەم جۆرە لە گاسکە (تَرْنیمَة) زاردەشتییەکان و هەموو سروودەکانی یارسان لە جەمیاندا و هەندێک لە چامەکانی ڕەوانشادان مەولانا خالید نەقشبەندیی و مەولەویی و شاعیرەکانی ناوچەی هۆرامانادا بەدیدەکرێت. دەشێت هۆکارەکەیشی بگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی گاسکە زاردەشتییەکان کە لە گاتاکاندا پەییان پێدەبرێت و هەروەها بەدوایدا لەو بەیتانەی کە لە سەرەنجامی دینی یارساندا هاتووە.

## جۆری دووەم

کێشگەریی، ناسراو بە علمی عەروز. ئەم جۆرەیان لەچاو ئەویتردا نوێیە لەلایەن ئەحمەد الخليل الفراهيدي البصري الإزدي (١٠٠ -١٧٠ کۆچیی) – (٧١٨-٧٨٦ز) داهێنراوە.

کێشی تەفعیلەی فەراهیدی لە شانزە بەحردا کۆکراونەتەوە، هەر هەموویان لەسەر هەشت دانە کێشی سەرەکی بنیادنراون، ئەوانیش:.

فَعولُنْ – مَفاعیلُنْ – مَفاعِلَتُنْ – فاعِلُنْ

فاعِلاتُنْ – مُتَفاعِلُنْ – مُسْتَفْعِلُنْ – مَفْعولاتْ

پەیوەندی نێوان کێشی بڕگەیی و عەروز بە کێشی مۆزیکەوە

عـەروز بریتییە لە زانینی مۆزیکی شیعر، سازکردنی پەیوەندی (مۆزیک و شیعر) لە ڕێی گۆ(لفظ)ی سەر زمان و دەنگی سەرزارەوە، ڕۆڵی مۆزیک، بریتییە لە بەشبەشکردنی ڕستە شیعرییەکان بۆ بڕگە دەنگییەکان کە جیاوازن لە کورت و درێژییاندا، یاخود بۆ یەکە دەنگییەکان لەسەر ڕەزمێکی Rhythm هەندازەیی (مُنَسَّق) دیاریکراو، بەبێ گوێدان بە سەرەتا و کۆتای وشەکان. بە هەمان چەشن لە عەروزدا، وشەکانی بەیتە شیعرییەکە بەشبەشدەکرێن بەگوێرەی ئەو بڕگە حونجەییانەی دێنە سەر زمان و پۆڕاندنی (کۆککردنی) لەگەڵ بڕگە دەنگییەکان کە دێنە سەر زار بە کێشێکی هەندازیی دیاریکراو، بەبێ گوێدان بە سەرەتا و کۆتای وشەکان. گرنگیی ئەو

ئاوێزاندنەی نێوان شیعر و مۆزیک لەوەدایە کە دەبێت بەشبەشکردنی بەیتەکە یاخود بە بڕگاندنی بۆ یەکە دەنگییەکان لەسەر ڕێسای نووسینی کێشی عەرووز بێت. لە هونەری شیعر داهێناندا، شاعیر ئازادە کە پابەند بێت بە یەکێک لەم دوو جۆرە. کێشی شیعرەکان لە بەحرەکانی عەرووزدا پێیشی دەگوترێت کێشی تەفعیلە کە بنەماکەی هەر لەسەر علمی عەرووزی عارەبییە. ئەم جۆرە زۆر لە کەڵە شاعیرانی کلاسیکیمان و هەندێکیش لە شاعیرانی سەردەممان تاکو ئێستەیش پێڕەوی دەکرێت. ئەمە پاراوێکی زۆر کورت e سەبارەت بە ئەم دوو کێشە شیعرییەی کە کوردیدا باون.

ئەگەر بڕوانینە هۆنراوەی ئەی ڕەقیب.

دەکرێت لە دوو لاوە، شرۆڤەی کێشیی بۆ بکرێت:

یەکەم: کێشی شیعری، ئەمیش لە دوو جۆردا خۆی دەبینێتەوە

یەکێکیان لەسەر کێشی عەروز{(تفعیل)ی ئەحمەدی فەراهیدیی} دەکەوێتە بازنەی یەکەم بەحری دووەم بەناوی بەحری ڕمل لەسەر کێشی

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن

ئەویتریان:ـ لەسەر کێشی بڕگەیی. ئەویش بە حونجاندن Syllable ی بڕگەکان، بە بەکارهێنانی هیماکانی:ـ تن تا تن تن تن تا تن تن تن تا تن تن

دووەم:ـ کێشی مۆزیک، ئەویش بە ڕاگرتنی کێشەکەی بە هیما مۆزیکییەکان، کە دەکرێت بە هێمای نوتە، گوزارەی لێبکرێت شێوەیە

نۆتەی کرۆش بەکاردەهێنرێت کە پێچوونی کاتەکەی یەکسانە بە ٨/١ کاتی تەواو.

دەکریت هەرسێ لایەنەکە، لەم ڕوونکردنەوەیەدا نمایان بکەین:

—È— | —È—— | ——È——

فاعِلاتُنْ | فاعِلاتُنْ | فاعِلاتُنْ

تن تا تن تن | تن تا تن تن | تن تا تن تن

کۆی بڕگەکانی دەکاتە دوانزە بڕگە

**دەقی نۆتاندنی سروودی ئەی ڕەقیب**

سروودی ئەی ڕەقیب، لەساڵی ١٩٦١، بۆ یەکەمجار چ بە دەنگ و چ بە نۆتە بە بەسەرپەرشتیی هونەرمەندانی خوالێخۆشبوو شەماڵ صائب و جمیل بشیر لەسەر ئەرکی عەشتارفۆن لەسەر قەوان تۆماردەکرێت. بەرگی قەوانەکە دیوی یەکەمی وێنەی شاخێکی هەورامانە و دیوی دووەمی هۆنراوەی ئەی ڕەقیب و نۆتەکەیەتی. بە داخەوە لە هیچ دیوێکیدا ئاماژە نە بۆ خاوەنی هۆنراوەکە (خوالێخۆشبوو دڵداری شاعرە و بە ئاوازدانەرەکەی شەهید حوسێن بەرزنجی) نەدراوە.

**دەقی نۆتاندنی سروودەکە بە چەشنێکی ڕاست و دروست**

دوا نۆتاندنی هارمۆنیی سروودی ئەی ڕەقیب و تۆمارکردنی بەشێوەیەکی هاوچەرخانە لەلایەن هونەرمەندی مەزن و ئوستادی مۆزیکی کوردیی ئەنوەر قەرەداخی-یەوە پەخش و بڵاوکرایەوە. ئەوەی کە لەم لێکۆڵینەوەدا نووسراوە، تەنیا مێلۆدییەکەیەتی و هەر بۆ ڕوونکردنەوە نمایانکراوە.

شیکردنەوەی مۆزیکیی بۆ بکرێت، دەکریت بگوترێت کە ئاوازێکە، ڕیزبەندی پلەتۆنەکانی دەچێتەوە سەر دەسگای ئەجەم عوشەیران کە پێشیدەوترێت ئەجەم کورد. ئەمەیش لقێکی سەر بە دەسگای ئەجەمە کە دەسگایەکی سەرکییە لە هونەری مۆزیکی خۆرەلاتی بەگشتیی و کوردیی بەتایبەتیی: ڕەوشی چڕین و ژەنینی دەسگاکە لەسەر پێگەی سی بیمۆڵ/Bb (ئەجەم عوشەیران) سکێڵی بەرزبوونەوەی ئەم ڕەگەزانەی لێدەکەوێتەوە:

ڕەگەزی ئەجەم لەسەر پلەتۆنی ئەجەم عوشەیران، ڕەگەزی ئەجەم لەسەر پلەتۆنی چوارگا.

سکێڵی هاتنە خوارەوەیشی هەر بەهەمان زنجیرە پلەتۆن دێتەخوارەوە، بەڵام بە دوو ڕەگەزی سەرەکی جیاواز: ڕەگەزی کورد لەسەر پلەتۆنی ڕێ/D (دووگا) ڕەگەزی نەهاوەند لەسەر پلەتۆنی دۆ/ C (ڕاست).

بێگومان ئەم جۆرە سروودانە، دەبێت لەسەر کێشێک جێبەجێ بکرێت کە پێیدەگوترێت کێشی ڕێپێوانی ڕەزمئامێز یاخود مارش.

مارش March ، لە وشەی Marz فەرەنسابییەوە وەرگیراوە و سەردەمی بەکارهێنانیشی دەگەڕێتەوە بۆ نزیک ساڵی ١٥٨٠، پاشان بووەتە Marche ی ئەنگلۆ-فەرەنسایی. لە زوانی کوردیدا

“ بەرگی قەوانەکە دیوی یەکەمی وێنەی شاخێکی هەورامانە و دیوی دووەمی هۆنراوەی ئەی ڕەقیب و نۆتەکەیەتی. بە داخەوە لە هیچ دیوێکیدا ئاماژە نە بۆ خاوەنی هۆنراوەکە و نە ئاوازدانەرەکەی نەدراوە ”



**شێخ حوسێن بەرزنجی**



**دڵداری شاعیر**

بە مانای ڕێپێوان هاتووە. لێکدانەوەی وشەی مارش وەک زاراوەیەکی مۆزیک، جۆرێکە لە پارچە مۆزیکێک، بە بەزم و ڕەزمێکی ڕێکوپێکی بەهێزی وا کە تایبەت نووسرابێت بۆ ڕێپێوان. بەزۆریش لەلایەن باندێکی سەربازییەوە جێبەجێدەکرێت. ئەو ڕێپێوانەیش، ئەگەر بە بەزم و ڕەزمێکی هێواش بێت، ئەوا لە کەژاوەیەکی چەمەریدا بۆ بەخاکسپاردنی گەورە کەسایەتییەکی کۆچکردوو و یاخود پاڵەوانێکی زۆر ناوداری گەل و نیشتمان بۆ دوائارامگەی ژیانی جێبەجێدەکرێت. یاخود بە بەزمورەزمێکی کەمێک خێراتر، وەک بەدیدەکردنی لە سرووده نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا. دەشێت نووسینی کێش و ڕەزمی مارش هەر کێشێکی مۆزیکی دەم هیما Time signature هەڵبگرێت، لەوانەیش:

بەڵام ئەو جۆرەی کە زۆر باوە بریتییە لە کێشی ٤/٤، ٢/٢. هەندێک ڕێپێوانی سەردەمی نوێ لەسەر کێشی ٢/١ یاخود ٤/٢ لە کات پێچوونی ١٢٠ لێدان لە خولەکێکدا. لەو نموونانەی کە لەسەر ئەم کێشانە ئەنجام دەدرێن: سروودی نیشتمانی مارسیلیا/ی وڵاتی فەڕەنسا، سروودی ئەڵمان/ی وڵاتی ئەڵەمانیا، ئەی کەنەدا(O Canada)ی وڵاتی کەنەدا، ئاڵای بریسکەستێرە The Star-Spangled Bannerی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

هەندێکجار لە سرووده‌کان بەگشتیی و سروود نیشتمانیی بەتایبەتیی، بە کێشی ٤/٣ یاخود ٨/٦ دەنووسرێن. وەکو سروودی ئەی ڕەقیب/ی کوردستان کە کێشێکی دوانی لە ٤/٢ و ٤/٣ هەڵدەگرێت، سروودی خوا شاژن بپارێزێت God save The Queen شانشینی بەریتانیا لەسەر کێشی ٤/٣.

ئەو مارشانەی لە کەژاوەی بەخاکسپاردندا بۆ پیشاندانی نیگەرانی و هاوبەشی خەمبوون، یاخود لە ڕێپێوانی پاسەوانی ڕێزگرتن (حرس شرف)دا بۆ پێشوازیکردن لە سەرۆک وڵاتێک پاش پێشکەشکردنی سروودی نیشتمانیی. یاخود لە میهرەجانە نیشتمانیی و جەماوەرییەکان و هەندێک بۆنەی پێویست. دەکرێت هەر کێشێک بێت هەڵبیگرێت، بەڵام دەبێت بە بەزم و ڕەزمێکی خاو و هێمندا بێت و کاتی پێچوونی ئەو کێشەیش بە (٦٠) لێدان لە خولەکێکدا بەڕێوەبچێت.

سەرنجۆک:-

* وشەی دانەیی تۆپ، مانای دانە گوللە تۆپێک.

** ئایین، بەمانای ڕێونیشاند/ی دین دێت، ئاوێنە و ڕەنگدانەوەی دین نەوەک هاومانای دین، چونکە دین چەند مانایەک لە خۆدەگرێت.

*** بەشێکی ئەم بابەتە، کە دەکەوێتە پێش ئەم بەشە لە ژمارە ١٥ی گۆڤاری دیوان و لە دۆسیەی تایبەت بە دڵدار بڵاوکراوەتەوە.

# خوێندنەوەی کتێب

- **پیرەمێرد لە دەستنووسی چل چیرۆکدا یان چل چیرۆک لەبارەی پیرەمێردەوە**

دڵشاد کاوانی

# پیرەمێرد لەدەستنووسی چل چیرۆکدا

## یان چل چیرۆک لەبارەی پیرەمێردەوە



دڵشاد کاوانی

**پێشەکی:.**

پیرەمێرد لە دەستنووسی چل چیرۆکدا، ناوونیشانی کتێبێکی ٢٢١ لاپەڕەی قەبارە مام ناوەندییە، لە بارەی پیرەمێردی شاعیرەوە، لە دوتوویێ بەرگێکی ڕەقی جوان، بە پێنووسی کامەران سوبحان نووسراوەتەوە، کە لەم سەردەمەی سۆشیال میدیا و کاڵبوونەوەی بابەتە جددییەکاندا جێگەی بایەخە.

پیرەمێرد لە دەستنووسی چل چیرۆکدا یەکێکە لە کتێبە نایاب و دانسقەکان کە ناوەڕۆکێکی لایەق و کەسێتییەکی گرنگی مێژووی ئەدەبیاتی بە ئامانج گرتووە. نووسەر لە ڕێگەی ئەم کتێبەوە دەمانگەڕێنێتەوە سەردەمانێک، کە پیرەمێرد ئەستێرەیەکی پرشنگداری ئەدەبیاتی کوردی بووە، زۆر بە جوانی داخ و کەسەری پیرەمێرد و هیوابڕاوی لەهەمبەر کۆمەڵگەیەکی نەخوێندەواری ئەوسا دەگێڕێتەوە.

هەرچەندە مشتومالکردنی ئەم جۆرە کتێبانە ئاسان نییە، چون پیرەمێرد لە دەستنووسی چل چیرۆکدا، ناچێتە چوارچێوەی ژانرێکی دیاریکراو، هەروەک نووسەری کتێبەکە خۆشی درک بەمە دەکات و لە لاپەڕە (٢٩-٣٠)دا دەنووسێت: ئەمە ستایل و فۆرمێکە لە گێڕانەوە لە نێوان چیرۆک و ڕۆمان و ڕووداوی درامیی... تاد. ئاستەنگی ئەم شێوازە نووسینە ئەوەیە لە سەرجەم بنەماکانی ژانرەکان دەردەچن و ڕەگیشی لە هەمووان دایە. بۆیە ناکرێت بەپێی ڕێبازە ئەدەبییەکان لێکدانەوەی بۆ بکەین. وەلێ تەکنیک و گێڕانەوە و گەمەکردن بە زمان، لە پیرەمێرد لە دەستنووسی چل چیرۆکدا، زۆر سەرنج ڕاکێشە کە خوێنەر ملی لە خوێندنەوەی نا تا تەقەبڕی نەکات وازی لێناهێنێت. سەرباری چێژبەخشین و جوان نووسی کتێبەکە، چەندین سەرنج و تێبینیم لە بارەی کتێبەکەوە هەیە کە بە دیدێکی ڕەخنەییەوە لێی دەڕوانم.

**هەڵبژاردنی ناوونیشانەکان**

لایەنێکی دیکەی کتێبەکە، گەرەکمە قسەی لەسەر بکەین هەڵبژاردنی ناوونیشانی کتێبەکەیە، کە بە بۆچوونی من نووسەر لە هەڵبژاردنی دا، زۆرتر وەکو ڕۆژنامەنووسێک لە دەستنیشانکردنی ناوونیشانی هەواڵدا دەردەکەوێت، نەک وەکو نووسەرێکی ئەدەبی، ئەمەشی بۆ سەرنج ڕاکێشانی خوێنەران کردووە، کە من بەکارێکی باشی نابینم.

**ناوونیشانەکان دەبێت بە دوو بەشی سەرەکی و لاوەکی.**

**یەکەم: ناوونیشانی کتێب:**

کاتێک خوێنەر دەست بە خوێندەوەی کتێبەکە دەکات، هەڵپەی ئەوەیەتی کە لەنێو ئەم کتێبەدا چل دەستنووسی بڵاونەکراوەی پیرەمێردی شاعیری بکەوێتە بەرچاو، یاخوود گەنجینەی چل دەستنووسی بڵاونەکراوەی کۆن لەبارەی پیرەمێردەوە دەخرێتە بەردەست. کەچی ناوەڕۆکی کتێبەکە زۆرترین خەیاڵ و ئەندێشەی سوبحان و کەمترین زانیاریی

لەسەر ژیانی پیرەمێردە، بەڵکو باشتر دەبوو، کتێبەکە ناوونیشانێکی دیکەی هەبووایە، لە کاتێکدا زۆرتر باس لە کۆچی دوو شاعیر دەکات، وەک مەلا خدری نالی، کە کاریگەری لەسەر کۆچەکەی پیرەمێردە هەبووە.

**دووەم: ناوونیشانی بەشەکان:.**

کتێبەکە هەر وەکو لە ناوونیشانەکەی ئاماژەی پێکراوە چل دەستنووس، یاخود چل چیرۆکە، بەم جۆرەش دابەشکاری تەکنیکی بەشەکانی بۆ کراوە، ناوونیشانی بەشەکانی بۆ هەڵبژێردراوە، ئەوەی جێگەی هەڵوێستە لەسەرکردنە بۆهەر بەشێکیان سێ ناوونیشانی بۆ دیاریکراوە، بە بۆچوونی من قەرەباڵغییێکی زۆری خستووەتە سەر ناوونیشانەکان، هەر بۆ نموونە بۆ هەر بەشێک نووسراوە دەستنووسی یەکەم: چیرۆکی یەکەم لە پاڵیشیدا ناوونیشانی بابەتەکە، دەکرا تەنیا یەکێک لەم سێ ناوونیشانانەی بۆ هەر بەشەکان دیاری کردبووایە.

**تەکنیک:.**

پیرەمێرد لە دەستنووسی چل چیرۆکدا، دەتوانین بڵێین لە ڕووی تەکنیک و شێوە و بونیادی نووسین، بە جۆرێک نووسراوە، کە بە تەواوی تەکنیکی نووسینی ڕۆمانە هاوچەرخەکانە، تەکنیک بە وردی کاری لەسەر کراوە، کە وا لە خوێنەر دەکات لە سات و وەختی خوێندنەوەی دا، بە هۆی شاردنەوە و تقەتکردنی ڕاز لای نووسەر و بەکارهێنانی فلاشباگ و گەمەکردن بە کات و شوێن. لە هەندێک شوێن مەنەلۆگ، خاڵی ئەرێنی کتێبەکەن و خوێنەر دەخەنە مەزاقەوە. بەتایبەتی لە هەندێک بەش، کە سەرەداوی زانیاری دەربارەی ڕووداوێکی بەشێکی دیکە دەدات. بۆ نموونە لە دەستنووسی یەکەم، چیرۆکی یەکەم چیرۆکێک دەگێڕمەوە، لە لاپەڕە (١٥) هاتووە جیاواز لە ٣٩ چیرۆکەکانی دی: زانیاری باس لە دۆزینەوەی گەنجینەیەکی گەورەی دەستنووسی شاعیرێکی مەزنی کورد دەکات، کە مەبەست لێی مەلا خدری نالییە. دەنووسێت: خوێنەر دەتوانێت لە چیرۆکی (٣٥) بە فراوانی ئەم بەسەرهاتە بخوێنێتەوە. وەلێ کە دەچیتە بەشی چیرۆکی (٣٥) زانیارییەکی ئەوتۆت لە بارەی گەنجینەی دەستنووسەکانی نالی دەست ناکەوێت، نووسەر لەوێشەوە پاڵێک بە خوێنەرەوە دەنێت بۆ بەشی (٣٦) بە ناوی (بینینی کۆمەڵێک دەستنووسی مەلا خدری نالی) ئەم تەکنیکە هەم جوان و هەمیش




> **"ناوەڕۆکی کتێبەکە تا ئەندازەیەکی زۆر لەگەڵ ناوونیشانی کتێبەکە ناگونجێت"**

> «ئەم کتێبە لە ڕووی شێوەوە، تایبەت کراوە بە حاجی تۆفیق، بەڵام لە ناوەڕۆک و فۆرمدا، بۆ کۆچی دوو شاعیر، لە دوو کات و زەمەنی جودا دەگەڕێتەوە و کەمترین زانیاری و سەرەداوی دەق و دەستنووس و مەبەست و ئاکامەکانی لە بارەی شاعیرەوە تێدایە»

سەرنج ڕاکێشە. هەروەک لە لاپەڕە (٥١) ی کۆتایی بەشی حەوتەم باس و ئامەژەی بە نامەگۆڕینەوەی نێوان سائیب و پیرەمێرد کردوە، کە پیرەمێرد بە شیعرێک وەڵامی سائیب دەداتەوە، کەچی خوێنەر وادەزانێت شیعرەکەی لەبیرچووە دایبنێت، کەچی زۆر بە جوانی دەقی شیعریەکە دەخاتە بەشی دواتر، لە لاپەڕە (٥٣).

**ناوەڕۆک:.**

ناوەڕۆکی کتێبی پیرەمێرد لە دەستنووسی چل چیرۆکدا، لەسەر ژیان و کۆچکردنی پیرەمێردە، وەلێ لە پاڵ پیرەمیردیش-دا دەچێتە سەر کۆچ و جێهێشتنی شاری سلێمانی لە لای نالی-یەوە، کە هەمان چارەنووسیش ڕوو لە تۆفیق بەگی پیرەمێرد دەکات. دوای گەڕانەوەی پیرەمێرد، بۆ باوشی نیشتمان بەهۆی خراپی خەڵکی شاری سلێمانی و تاوانبارکردنی پیرەمێرد بە پیاو و سیخووری ئینگلیز و خراپ مامەلەکردنیان، جارێکی دیکە پیرەمێرد دەیەوێت لە ڕێگەی بەغداوە بچێتە شام و بگەڕێتەوە ئیستانبوڵ. بە ڕوانینی من ئەم کتێبە، باسی دوو شاعیر و دوو کۆچی هەردووکیان مەلا خدر و حاجی تۆفیقە، نەک تەنیا پیرەمێرد. ناوەڕۆکی کتێبەکە تا ئەندازەیەکی زۆر لەگەڵ ناوونیشانی کتێبەکە ناگونجێت. ناوەڕۆکی ئەم کتێبە لە لاپەڕە (١٦) باسی چیرۆکی دەستنووسەکانی کتێبەکە دەکات، کە باسی هاوڕێیەکی دەگێڕێتەوە، چیرۆکی ئەم هاوڕێیەی تا کۆتایی لەگەڵ ڕوودوەکان دەڕوات. زۆر ڕوون نییە ئەم باسە ڕووداوێکی واقیعییە یاخود خەیاڵییە بەتایبەتی لە لاپەڕە (٢٨) بە تەواوی دەبێتە چیرۆکێکی خەیاڵی و فانتازیی، ئەویش بە تێکەڵکردن و هێنانەوەی پیرەمێردی شاعیر بۆ نێو باسەکەی. هەر ئەمەش وادەکات نووسەر لە لاپەڕی (٣٠) دا هەست بە سەرلیشێوانی خوێنەر بکات و سەرپشکی دەکات کە خۆی چۆنی پێخۆشە ئاوا وێنای دەقەکە بکات و لێی بڕوانێت. هەربۆیە لە لاپەڕە (٣٢)دا بەتەواوی کەسایەتییەکانی نێو کتێبەکە لەیەک هەڵاوێرد دەکات. لە لاپەڕەی (٧٠) دێتە سەر مێژووی دەستنووسەکان کەچی هیچ بەراور و ڕێکەوتی دەستنووسەکان و کەی و چۆن نووسراوەتەوە، ناخاتەڕوو. هەروەها لاپەڕە (٧٦) بۆ (٧٩) چەند دێڕیکی دەستنووسە کۆنەکان دەخاتەڕوو، بێ ئەوەی ئاماژە بەوە بکات کە ئەو دێڕانەی نێو دەستنووسەکە لە چ سەرچاوەیەک وەریگرتوون، یاخود ئاخێزگەیکەی لە چییەوە هاتووە. دواتر لە لاپەڕە (٨٢)دا نووسەر باسی نووسینی دە دەفتەری قەبارە گەورەی دەستنووسی خۆی دەکات، کە بریتییە لە مێژووی سەت ساڵەی شاری سلێمانی. خوێنەر چاوەڕێی ئەمە دەکات لەم دە دەفتەرەدا، یەک دوانێکیان تایبەت کرابێت بە پیرەمێرد، کەچی نووسەر هیچ ناچێتەوە سەر دەفتەرەکان، کە چیان بەسەر دێت. لە لاپەڕەی (٨٥-٨٦) لە ڕێگەی پەڕەگرافێکی ڕۆژنامەی ژیان-ی ژمارە (٢٩٣) ی ساڵی (١٩٣١) باسێکی پیرەمێرد لەبارەی کۆچەکەی نالی شاعیر دەگێڕێتەوە، کامەران سوبحان گومان دەخاتە سەر ئەم نووسینەی پیرەمێرد، کە گەشتەکە هی خۆی بیت و بەناوی نالی نووسیبێتەوە، ئەمەش بەهۆی تێکەڵکردنی خەیاڵی نووسەر بە حەقیقەت، کە گورزیکی هەم لەڕاستی ڕووداوەکانی پیرەمیرد و هەم نالی وەشاندووە.

> **ناوەڕۆکی کتێبی پیرەمێرد لە دەستنووسی چل چیرۆکدا، لەسەر ژیان و کۆچکردنی پیرەمێردە، وەلێ لە پاڵ پیرەمیردیش-دا دەچێتە سەر کۆچ و جێهێشتنی شاری سلێمانی لە لای نالی-یەوە**


لە لاپەڕە (٩٤)دا باسی دەستنووسەکانی پیرەمێرد و ئەو دەستنووسانە دەکات، کە لەباری ڕۆژگاری فەرمانڕەواییەتی عوسمانی بەسەر کوردا، لە قاسەیەکی ئەرشیفخانەی ئیستانبوڵ داندراوە و قوفڵ داروە و کەس دەستی پێناگات. لە کاتێکدا لە ڕاستیدا هەموو ئەرشیفخانەی عوسمانی خراوەتە بەردەست ئەو کەسانەی کە داوای وێنەی دووەمی دەستنووسەکان دەکەن، مەگەر تەنیا بابەتێکی زۆر نهێنی بێت و پەیوەست بێت بە ئاسایشی نیشتمانی ئەم وڵاتە. لەگەڵ ئەوەشدا لە لاپەڕە (٩٦ بۆ ١٠٦) باسی ژمارەیەک دەستنووس دەکات، کە وەکو دەستنووس نەماونەتەوە، بەڵکو لە ڕۆژنامەکانی ژین و ژیان بڵاوبوونەتەوە، هەندێکیان کات و ڕێکەوتی داناون، هەندێکیشیان تەنیا ئاماژەن بۆ ئەو نووسینانەی، کە ئەوکات نووسراون. هەروەها لە لاپەڕەی (٩٨)ی کتێبەکەدا بەتەواوی دەبێتە ژیانی نالی شاعیر و هیچ پەیوەندییەکی بە پیرەمێردەوە نامینێت.

**زمانی پیرەمێرد:**

لایەنی زیندووی ئەم کتێبە زمانەکەیەتی، نووسەر چۆن گەڕاوە بەدوای ناوەڕۆک و بابەتێکی جوانی بۆ خوێنەرانی هەڵبژاردووە، ئەوەندەش زمانی گێڕانەوەی جوانە، کە شایانی باسی (نالی و پیرەمێرد)ن، کامەران خۆشی شارەزایەکی باشی زمان و ڕێنووسی کوردییە. بە سەلیقەوە دەنووسێت. هەر بۆیە زمان لای سوبحان زاڵە بەسەر دەقدا. ئەمە واتای ئەوە نییە کە هیچ کارێک بێ کەموکورتی نابێت، بۆیە لە بەشی چیرۆکی هەشتەم و لە لاپەڕە ٥٣ شیعرێکی تورە و یاخی! کە پیرەمێرد لە وەڵامی نامەیەکی مستەفا سائیبی خوارزای، کە بە تورکی بۆی نووسیوە، وەک ناڕازی بوون لەوەی سائیب نامەکەی بە تورکی نووسیوە، پیرەمێرد شیعرێکی هەجووی بۆ دەنووسێت، لە دوو دێڕی یەکەمدا دەڵێت: مستۆ، وادیارە تۆش جل خوار ئەکەی. ئەستۆت ئەخورێ و مەیلی بار ئەکەی. کامەران سوبحان بۆ شیکردنەوەی وشەی جل خوار لەم دێرەی پیرەمێرد، نووسیویەتی: جلخوار بەو کەسانە دەوترا،

**پیرەمێرد لە دەستنووسی چل چیرۆکدا، دەتوانین بڵێین لە ڕووی تەکنیک و شێوە و بونیادی نووسین، بە جۆرێک نووسراوە، کە بە تەواوی تەکنیکی نووسینی ڕۆمانە هاوچەرخەکانە**

کە تورک خوازبوون و حەزیان بەلایەنگری و مانەوە لەژێر سایەی تورکیا دەکرد. لێرەدا کامەران سوبحان کارێکی باشی کردووە،



**لایەنی زیندووی ئەم کتێبە زمانەکەیەتی، نووسەر چۆن گەڕاوە بەدوای ناوەڕۆک و بابەتێکی جوانی بۆ خوێنەرانی هەڵبژاردووە، ئەوەندەش زمانی گێڕانەوەی جوانە، کە شایانی باسی (نالی و پیرەمێرد)ن**

مەبەستە سیاسییەکەی ڕوونکردووەتەوە، وەلێ پیرەمێرد ڕێک مەبەستی کەرییەتی مستەفا سائیبە، چونکە جل بۆ کورتان، یان ئەو پارچەی سەر پشتی کەرە، کە خوار دەبێت بار هەڵناگرێت، واتە کەرێکی دێزە و لامل و لە عەمەل کەتووە.

هەروەها لە بەشی چیرۆکی (١٠) لاپەڕە (٦٠) دەنووسێت: ڕاکشا و جاجمێکی ڕەنگ هەناریی ڕەشی گوڵگوڵی بە جەستەی خۆی دا و ونەوز بردییەوە. لێرەدا کامەران دەکەوێتە هەڵەوە جاجم بە جەستە دانادرێت، بەڵکو بە جەستە دادەدرێت، یان بەسەر جەستە دا هەڵدەکشێت.

هەروەها لە بەشی چیرۆکی (١٨) و لاپەڕە (١٢٢) دەنووسێت: ڕۆژێک بە ڕێکەوت لە کتێبخانەکەم کەوتم بەسەر دەفتەرێکی ڕەشکراوەی پڕ لە نووسین. نووسەر لێرەدا بۆ دۆزینەوەی دەفتەرێکی پڕ لە نووسین، کەوتن بەکار دەهێنێت، کە لە زمانی کوردیدا، هەڵەیە چونکە کەوتن واتە بەربوونەوە، ئێستا ئێمە نازانین ئایە کامەران سوبحان بەسەر دەفتەرەکەدا بەربۆتەوە، یان بینیویەتەوە. هەمان هەڵەی لە لاپەڕەی (١٤٢) دا دووبارە کردووەتەوە ئێژێ: دەکەوم بەسەر نووسینێکی پیرەمێرد دا.

پاشان لە بەشی (٢٨) و لاپەڕە (١٦٩) نووسەر ڕستەیەکی بە ناوی ئەفسانەی کۆنی وردی وەرگرتووە، کە نووسینی ڕستەکە چەوتە (هەر چیرۆک و بەسەرهاتێک لەو شەوەی مانگدا (٢٨) ڕوودبات، ڕاز و نیازەکەی دەگاتە مەنزڵ!) لەم ڕستەیەدا لەشەوی مانگدا (٢٨) ڕوودبات، نازانم مەبەستی ڕوودانی (٢٨) چییە؟ دەبوو بنووسێت (لە شەوی بسیت و هەشتی مانگ دا هەر چیرۆک و بەسەرهاتێک ڕوودبات، ڕاز و نیازەکەی دەگاتە مەنزڵ).

لە بەشی چیرۆکی یانزەهەمدا لاپەڕە (٧٤) ش دا دبێژێت: دێڕەکانیشی ئاسۆیی و ستوونی کەتبوون بەسەر یەکدا و نە بۆم دەخوێندرایەوە، نە دەمزانی باسی چیدەکات! لێرەش نیوەی کۆتایی ئەم ڕستەیە هەڵەیە و نە بۆم دەخوێندرایەوە، نە دەمزانی باسی چیدەکات!. ڕاستەکەی ئەویە کە پێم نەدەخوێندرایەوە و نەمدەزانی باسی چی دەکات. ئەوەی کە زمانی کتێبەکەی زۆر جوانکردووە نووسەر لە هەندێک شوێن دەقاودەق زامنی پیرەمێردی داناوەتەوە وەک لاپەڕەکانی (١٨٠) تا (١٩٣) لە چەندین شوێن ئەم زمانە کۆنە بەرچاو دەکەوێت.


**ئەنجام:**

لە کۆتایی دا سەرئەنجام بەوە گەیشتین کە کتێبی پیرەمێرد لە دەستنووسی چل چیرۆکدا لە ڕووی شێوەوە، تایبەت کراوە بە حاجی تۆفیقی هەمزاغەی مەسرەف، بەڵام لە ناوەڕۆک و فۆرمدا، بۆ کۆچی دوو شاعیر لە دوو کات و زەمەنی جودا دەگەڕێتەوە و کەمترین زانیاری و سەرەداوی دەق و دەستنووس و مەبەست و ئاکامەکانی لە بارەی شاعیرەوە تێدایە. زۆرتر لە چوارچێوەی سۆز و هەست و خۆشەوستی نووسەر بۆ ئەم شاعیرە، ڕووداوەکان لە جوخزی خەیاڵ و وێناکردنێکی ئەدەبی وەسفی و خۆی بینیوەتەوە، نەوەک لیکۆڵینەوە و بە دواداچوون و شیکاری ئەدەبی.

# لەبری بیرەوەری

- **شەو لەکێوان - بەشی (١٢)**

د. ئەرسەلان بایز






د. ئەرسەلان بایز

(١٢)

دوای ئەوەی قرمژنی تفەنگی دەستی پێشمەرگەکانی شۆڕشی نوێ، لەسەر لووتکەی شاخەکانی کوردستان زەنگی بەرگری و ڕەتکردنەوەی واقیعی دوای کارەساتی ساڵی (١٩٧٥) یان لێدا. دوای ئەوەی مەشخەڵانی شۆڕش بوو بەرێ ڕۆشنکەرەوەی ناخی سەرجەم خەڵکی کوردستان، دری بە زوڵمەتی شەوی داگیرکەردا و ئومێدی خستەوە دڵ و دەروونی لاوەکان. ئیدی گەنجان ڕاچڵەکین و قۆڵ و باسکی خەباتی شۆڕشگێڕانەیان لێ هەڵماڵیەوە. پۆل پۆل لە شارەکان بە دوای ڕێکخستنە نهێنیەکاندا دەگەڕان. ڕۆژانەش دەستەدەستە پێوەندییان بە ڕیزی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستانەوە دەکرد: دوای ئەوەی پۆل پۆل شۆڕشگێڕانی ڕێکخستنی شارەکان دەچوونە بەرپەتی سێدارە و بێ منەت لە گیانی خۆیان، هوتافیان بەسەرکەوتنی شۆڕش و پێشمەرگە لێدەدا و هیوای شکست و شەرمەزاریان بۆ داگیر دەخواست. دوای ئەوەی خەباتی پارتیزانی لە قۆناغی خۆ ئامادەکردن و خۆپیشاندانی چەکدار (تظاهر مسلح) گواسترایەوە قۆناغی هێرش و پەلاماردان. دوای ئەوەی دەنگی ڕادیۆی شۆڕش بوو بە خۆراکی ئێوارانی خەڵکی کوردستان و هەواڵ و چالاکییەکانی ڕۆژانەی پێشمەرگەی بڵاودەکردەوە. ڕژێمی فاشی عێراق سەر لە نوێ ترسێکی گەورەی لێ نیشتەوە. زانی هەموو هەوڵ و بەرنامەکانی چەندین ساڵەی بۆ کپکردنی دەنگی زوڵاڵی شۆڕشگێڕان بێ ئەنجام بوو. بۆیە ئەمجارەیان هەوڵیدا لە ڕێگەی سڕینەوەی گەورەترین نیشانەی نەتەوەکە (زمانی دایک) زەفەر بە میللەتەکەمان ببات. سەرەتا ویستی بەرنامەی خوێندنی قوتابخانە سەرەتاییەکان لە زمانی دایک بۆ زمانی عەرەبی بگۆڕێت. بەڵام دایک و باوکی منداڵەکان هەرزوو ئەو هەوڵەیان پووچەڵ کردەوە و بە هاوکاری پێشمەرگە و ڕێکخستنە نهێنییەکان ڕۆژانە بەستەبەستە کتێبە عەرەبییەکانیان دەکردە سووتەمەنی گەرم کردنی توونی حەمامەکان. هەوڵی دووەمی ڕژێمی بەعس. هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی نووسەرانی کورد بوو کە لە دوای (١١)ی ئازاری ساڵی (١٩٧٠) بە فەرمی لەلایەن عێراقەوە دانی پیانرابوو. ویستیان یەکێتی نووسەران بکەن بە لقێک لە یەکێتی نووسەرانی عێراق. لەو پرۆسەیەدا ئەدیب و نووسەرانی کورد ببوون بە دوو بەشەوە. بەشێکیان بە ناچاری و بێ خوایشتی خۆیان لەژێر زەبری هەڕەشە بەشدارییان لەو کۆنگرەیەی یەکێتی نووسەرانی عێراق کرد، کە تایبەت بۆ ئەو کارە بەسترابوو. بەڵام بەشێکی دی لە ئەدیب و نووسەرانی کورد، بەتەواوی ئەو بیرۆکەیان ڕەتکردەوە و ئەندامێتی خۆیان لە یەکێتی نووسەران هەڵپەسارد و بەشداری کۆنگرەکەیان نەکرد. ئەو دوو بەرەییەی نێوان نووسەرانی کورد بوو بە هۆی توندبوونی ناکۆکییەکانیان. دواتر چەندین نامیلکەی دژ بە یەکیان بڵاوکردەوە.

بەشێک لە شاعیر و نووسەرانی کوردستان چ وەکو ئەندام بوون لە هەندێک لە حزبەکانی کوردستان. چ وەکو سۆزی نەتەوەیی پێوەندییان بە شۆڕشی کوردستانەوە کردبوو. پێشتریش هەر لە دوای هەرەسی ساڵی (١٩٧٥) شاعیرو نووسەران لە ڕێگەی هێماوە (ڕەمز) شۆڕشێکی ئەدەبیان لە دژی داگیرکەر بەرپاکرد. بۆنە و ڤێستیڤاڵە ئەدەبیەکان ببوون بە دەرفەتێک بۆ ڕەتکردنەوەی ئەمری واقیعی هەرەس و هاندانی گەنجەکان بۆ خۆڕاگری و خەبات لە دژی سوپای داگیرکەر. دەزگاکانی ڕژێمی عێراق ڕۆژانە فشاریان دەخستە سەر ئەدیبان و بڵاوکردنەوەی شیعر و چیرۆکەکانی لێ قەدەغەکردن. هەندێک لە ئەدیبەکانیش بە هۆی شاکارەکانیان یان قسەکردن

لە کۆڕ و کۆبونەوە فەرمییەکان شەهید کران. لەوانە (عەبدولخالیق مەعرووف) و (شاکر فەتاح).

بۆ بەر پەرچدانەوەی ئەو هەموو فشار و سانسۆرانەی خرابوونە سەر ئەدیبان لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان. ئەو کۆمەڵە ئەدیبەی لە شاخەکان و لە ڕیزی حزبە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان بوون لەوانە (هەڤاڵ کوێستانی، محەمەدی حمە باقی، ئەبوبەکر خۆشناو، ڕەفیق سابیر، ناسر حەفید، محەمەد ڕەنجاو، جەمیل ڕەنجبەر، فەرید ئەسەسەرد...هتد) لە دوای چەند کۆبوونەوە بیرۆکەی پێکهێنانی یەکێتی نووسەرانی کوردستانیان لە شاخ گەڵاڵە کرد. شیاوی باسە (ئەو)یش بە حوکمی دۆستایەتی بۆ ئەدەب و لێپرسراوی ڕادیۆی شۆڕش و (ی.ن.ک) جارجارە لە کۆبوونەوەکان بەشدار دەبوو. هەروەها هاوکاری دەکردن لە بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و گۆڤارەکان لە ڕادیۆ.

لە ڕۆژی ١٩٨٠/١٢/٣ بەیاننامەیەک بەناوی (لیژنەی ئامادەکردن)ی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان بڵاوکرایەوە. کە تیایدا هاتبوو (ئەمڕۆ ئەدەب و هونەری نەتەوەکەمان دووچاری مەینەتێکی هێندە سەخت و دژوار بووە کە بە درێژایی مێژووی ئەم سەردەمە بەخۆیەوە نەدیوە... ئەوەتا لە سایەی ڕژێمی زەبرو زەنگ و پیاو کوژاندا بێ شەرمانە. ئەدەب و هونەر و زمان و مێژووی نەتەوایەتیمان دەشێوێندرێ.... بۆیە ئێمە بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین لە لوتکە گەردن کەشەکانی کوردستانەوە، دەنگی بێزاری خۆمان هەڵبڕین و بەرەنگاری ڕەوشتی شۆڤینی ڕەگەز پەرستی و زەبر و زەنگی دڕندانە ببینەوە... هەوڵ و کۆششی هەموو لایەکیشمان پاڵپشتێکی کاریگەرانەی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی گەلەکەمان دەبێ....).

یەکەمین بڵاوکراوەی ئەو لیژنەیەش گۆڤارێک بوو بە ناوی (پێروو). دەستپێکی گۆڤارەکە بە ناوونیشانی (چەند ووشەیەک) نووسراوە ((دەرگای گۆڤاری (پێروو)ش بۆ هەموو نووسەرێکی دیموکراتخواز و ڕاستگۆ لەسەر پشتەو بێگومان هاریکاری و بەشداریکردنیش لە بەجێ گەیاندنی ئەم پەیامە پیرۆزە شەرەفێکی ئەدەبی و نیشتیمانیی گەورەیە...)) بەڵام دواتر، دوای پێکهێنانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان لە شاخ. زۆربەی ئەدیب و نووسەرانی شارەکان پێوەندییان پێوەکردوو پیرۆزباییان لەو هەنگاوە کرد و بەناوی نهێنی بەرهەمەکانیان بۆ شاخ دەنارد. دەستەی نووسەرانی یەکێتیەکە بڕیاریاندا ناوی ئۆرگانەکەیان بۆ (نووسەری کوردستان) بگۆڕن. بۆیە (پێروو) تەنیا یەک ژمارەی لێ دەرچوو. بەڵام نووسەری کوردستان چەندین

**“بەشێکیان بە ناچاری و بێ خوایشتی خۆیان لەژێر زەبری هەڕەشە بەشدارییان لەو کۆنگرەیەی یەکێتی نووسەرانی عێراق کرد”**



> (ئەو) بە هەر نرخێک بوو، دەیویست بڕیارەکەی (مام جەلال و کاک نەوشیروان) جێبەجێ بکات. کاک (دلێر)یش سووربوو لەسەر هەڵوێستەکەی خۆی. لە ئەنجامی توندبوونی گفتوگۆکان و نەگەیشتنە ئەنجام (ئەو) تەلەفۆنی بۆ مەکتەبی عەسکەری کرد و هاتن. هەردووکیان (کاک دلێر و کاک ئاراس) یان بەرەو زیندان برد

ژمارەی لێدەرچوو.

+ + + +

وەنەبێت سەرکردایەتی (ی.ن.ک) هەر تەنیا (ژیان و ئـازادی) بۆ ئـەدیب و نـووسـەران فـەراهـەم کردبێت. بەڵکو بە هەمان شێوە بۆ میوزیک ژەن و هونەرمەندانی بوارەکانی شانۆ و هونەری شێوەکاریش (تەشکیلی) فەراهەم کرد. هەروەکو پێشتر باس کرا. ساڵی (١٩٨١) سەرەتا (ئاراس ئیبراهیم) کە گەنجێکی باڵا بەرزی ئێسک سووکی بێژەری ڕادیۆ بوو بە خۆی و کەمانێک لە ژێر چادرێکی ژێر دار گوێزەکانی چەمی توژەڵە لە بارەگای ڕادیـۆ شـەوان بە ژەنینی کەمانەکەی دەستی، هەموویانی دەبردە دنیایەکی ڕۆمانسی و خەیاڵ. دواتر وردەوردە میوزیک ژەنی دی، چ ئەوانەی لە تیپ و کەرتەکانی هێزی پێشمەرگە چەکیان لە شان بوو. یان کەسانی دی کە نوێ پێوەندییان بە شۆڕشەوە دەکرد. لەوانە: (هیوا کەرکووکی، بەختیار مەلا ئەحمەد، حەمە جەزا حاجی عەلی، شوان کەریم کابان، وشیار ئەحمەد، ڕزگار ئیسماعیل، ئازاد خانەقینی، سەلام ئەحمەد فـارس، عەبدولقادر حـەسـەن، مامۆستا مەجید خۆشناو، دلۆڤان...) کە هەندێک لەوانە میوزیک ژەن و هەندێکیشیان دەنگخۆش بوون. دواتر کاک (دلێر ئیبراهیم) پێوەندی پێوەکردن. بەڵام بیرۆکە و بـەردی بناغەی دامـەزراندنی تیپی مۆسیقای (شەهید کـارزان) لەلایەن (ئـاراس ئیبراهیم)ەوە نەخشەی بۆ داڕێژراو پێکهات. دوای هاتنی (دلێر ئیبراهیم) بە تێکڕای دەنگ کرا بە لێپرسراوی تیپەکە. لە ڕاستیدا کـاک (دلـێـر) پیاوێکی زۆر شارەزابوو لە بـواری میوزیک و ئـاواز دانـان و ژەنیندا. خۆشی پیاوێکی چاک و پێشمەرگەیەکی شۆڕشگێڕبوو. ئەو تیپە لە ناوچەی ناوزەنگ و تـوژەڵـە و بارەگاکانی سـەرکردایـەتـی، بگرە بـارەگـەی حزبە کوردستانیەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش چەندین چالاکی هونەرییان ئەنجامدا. لەوانە (ئاهەنگێک بۆ زیندانیانی زیندانی مەرکەزی، ئاهەنگی یەکی ئـایـار، تۆمارکردنی ژمـارەیـەک سروود لەگەڵ هونەرمەندانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشان).

دەگێڕنـەوە: کاتێک مامۆستا (مـەجید خۆشناو) بە خۆیی و کەمانەکەیەوە شار جێ دەهێڵێ و پێوەندی بە شۆڕشەوە دەکات. لەڕێگادا تووشی هێزێکی پێشمەرگەی سۆسیالیست دەبێت کە فەرماندەو پێشمەرگەی دێرین و تێکۆشەر خاڵە (سەید کاکە) لێپرسراویان دەبێت. پێشمەرگەکان لە ڕێگا چاویان بە مامۆستا (مەجید) و کەمانەکەی، دەکەوێت لێی کۆدەبنەوە

لێی دەپرسن: تۆ چی، بۆ چی هاتووی؟
ئەویش لـە وەڵامـدا دەڵـێـت: مـن هـونـەرمـەنـدم، میوزیک ژەنم.
- ئەی ئەو سەندووقە بچووکە چیە پێتە؟
ئەویش دەڵێت: ئامێرێکی میوزیکە کەمانی پێیدەڵێن.
- دە هەندێک مۆسیقامان بۆ لێبدە.
دواتر پێشمەرگەکان لێی دەپرسن ئەی بۆ کوێ دەچی؟
ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت دەچمە لای (ی.ن.ک) و دەبمە پێشمەرگە.

ئەو ساڵانە ناکۆکی لە نێوان حزبە کوردستانییەکان هەبوو. بۆیە کاتێک گوێیان لەوە دەبێت کە دەڵێت دەچـمـە لای (ی.ن.ک) لایـان ناخۆش دەبێت و زۆری لەگەڵ هەوڵ دەدەن قەناعەتی پێبکەن لای ئەوان بمێنێتەوەو ببێتە پێشمەرگە. بەڵام ئەو ڕازی نابێت و سوور دەبێت لەسەر هەڵوێستی خۆی. سەرەنجام دەیبەنە لای خاڵە (سەید کاکە) ئەویش دەڵێت: لێگەڕێن با ئەو چاوەشانە هەموویان لای جەلالییەکان کۆببنەوە (مام جەلال) دەیەوێت بەو چاوەشانە کوردستان ڕزگار بکات و دەوڵەتی سۆسیالیستی کوردستان پێک بهێنێت.

+ + + +

لەبەر ئەوەی (ئەو) لێپرسراوی دەزگای ڕاگەیاندن بـوو. پێشتریش دووەمـیـن دەنـگـی یـەدەگـی لە کۆنفرانسی کۆمەڵە بە دەسـت هێنابوو، بۆیە هەندێک جار لە کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) لە ناوزەنگ بەشداری دەکرد. ڕۆژێکیان کاک (نەوشیروان) کاسێتێکی دایە دەست و پێی گوت: لەگەڵ (مـام جـەلال) گوێمان لـەو کاسێتە گرتووە، لە شارەوە تۆمارکراوەو بۆمان هاتووە. شاعیرێکی گەورەی کورد شیعرەکەی نووسیوە. ئیدی لـەمـەودوا هەموو ئێواران وەکو مارشی (ی.ن.ک) بەرنامەی ڕادیۆکەتانی پێ دەکەنەوە. بێگومان لای (ئەو)یش هەر بڕیارێکی (مام جەلال

و کاک نەوشیروان) بیاندایە یەکەوسەر جێبەجێ دەکرا. ئیدی ڕۆژانە مارشی یەکێتی (مەشخەڵان) بوو بە ڕەمز و هێمای شۆڕشی نوێ.

مەشخەڵانی شۆڕشی نوێی ئەمجارە
گڕی بڕوای ڕەنجدەران و هەژارە
کوردستانم شاخ و دەشت و ڕێ و بانم
کوردستانم پێشمەرگەیە داستانم

ئەو شیعرە لەلایەن شاعیری گەورە و نەمری کورد (شێرکۆ بێکەس) نووسراوە. گەلێک جاریش بە ناوی نهێنی (جوامێر) شیعری بەرگری بۆ ڕادیۆ دەنارد و دەمانخوێندنەوە. چەندین شیعریشی لە گۆڤاری نووسەری کوردستان بڵاوکرانەوە.

ڕۆژێکی دیکە دیسان (مام جەلال و کاک نەوشیروان) گوتیان: مارشی (ی.ن.ک) لە شار و بە دزی تۆمارکراوە (ئێستە ئێمە لێرە تیپی مۆسیقای خۆمان هەیە، هەقە لێرە بە شێوەیەکی جوان تۆماری بکەنەوە. بەڵام دەسکاری هیچی نەکەن (ئەو)یش لەسەر ڕێنمایی ئەو دوو لێپرسراوەی خۆی سەردانی تیپی مۆسیقای شەهید کارزانی کرد لە زەڵێ، کە بەشێک بوو لە دەزگای ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) ڕاسپاردەکەی ئەو هەڤاڵانەی پێ ڕاگەیاندن. ئەوەی سەیر بوو، هەرگیز چاوەڕوان نەدەکرا، کاک (دلێر) کە لێپرسراوی تیپەکە بوو لە وەڵامی ئەو داواکارییە، یەکەوسەر گوتی: ئێمە کاری حزبی ناکەین. ئێمە کارێک دەکەین کە نەمر بێت. شیاوی باسە کاک (ئاراس)ی براشی هەمان هەڵوێستی هەبوو.

(ئەو) لەو وەڵامە حەپەسا. چونکە هەموو ئەوانەی لە تیپی مۆسیقای شەهید کارزان کاریان دەکرد پێشمەرگەی (ی.ن.ک) بوون. بەشێکیشیان پێشتر ئەندامی کۆمەڵە بوون لە شارەکان. دوور نەبوو بۆردومانی فڕۆکەیەک، گوللە تۆپێک لە پێناوی (ی.ن.ک) و شۆڕش هەموویان شەهید بکات. چونکە ئەوان بۆ شۆڕش و بەرگری لە وڵات ببوونە پێشمەرگە، کەچی ئامادە نەبوون بڕیاری سکرتێری گشتی (ی.ن.ک) و کۆمەڵە جێ بە جێ بکەن و مارشی شۆڕش و حزبەکەی خۆیان سەر لە نوێ تۆمار بکەنەوە.

بەڕاستی ئەو دوو هەڵوێستە زۆر پێچەوانەی یەک بوون. (ئەو) بە هەر نرخێک بوو، دەیویست بڕیارەکەی (مام جەلال و کاک نەوشیروان) جێبەجێ بکات. کاک (دلێر)یش سووربوو لەسەر هەڵوێستەکەی خۆی. لە ئەنجامی توندبوونی گفتوگۆکان و نەگەیشتنە ئەنجام (ئەو) تەلەفۆنی بۆ مەکتەبی عەسکەری کرد هاتن. هەردووکیان (کاک دلێر و کاک ئاراس) یان بەرەو زیندان برد. بە تۆمەتی ئەوەی پێشمەرگەن و بڕیاری سەرەوە جێبەجێ ناکەن. پێشمەرگەیەک ئامادەبێت سنگی خۆی بداتە بەر گوللە و شەهید بێت. کەچی ئەوان ئامادە نەبن بڕیاری سکرتێری (ی.ن.ک) و سکرتێری (کۆمەڵە) جێ بەجێ بکات لە نوێ تۆمارکردنەوەی مارشی شۆڕش، ئایا ئەوە سەیر نییە؟! ئیدی ئەوان بۆ زیندان بران و (ئەو)یش گەڕایەوە بارەگای خۆی لە (توژەڵە) دوای دوو کاتژمێرێک کاک (نەوشیروان) تەلەفۆنی بۆ کرد و پرسی ئەوە چیت کردووە؟ (ئەو)یش لە وەڵامدا پێیگوت: (ویستم ڕاسپاردەکانی جەنابتان جێبەجێ بکەم. لەوەی مارشی (ی.ن.ک) سەر لە نوێ لە تیپی مۆسیقای شەهید کارزان تۆمار بکرێتەوە. بەڵام لێپرسراوی تیپەکە کاک (دلێر ئیبراهیم) ئامادەی ئەو کارە نەبوو. منیش زۆرم هەوڵ لەگەڵدا قەناعەتی پێ بکەم، پێشمەرگەی (ی.ن.ک) و ئامادەن گیانی خۆیان بە گەل و شۆڕش ببەخشن، ئەوان چۆن ئامادەنین ئەو کارە بکەن. سەرەنجام لە ڕێگەی مەکتەبی عەسکەری هەردووکیانم ڕەوانەی زیندان کردووە. کاک (نەوشیروان) زۆر هێمنانە گوتی: نەدەبوو ڕەوانەی زیندانیان بکەیت. بەهەر حاڵ ئەوا من هەردووکیانم ئازاد کردووە. (ئەو)یش لە وەڵامدا گوتی: ئەمری جەنابتانە.

کاتێ هەواڵی زیندانی کردنی کاک (دلێرو کاک ئاراس) دەگاتە هەندێک لە نووسەرەکانی دی کاک (حەمەی حەمە باقی) شاعیر دەچێتە لای کاک (نەشیروان) و بە گلەییەوە هەواڵەکەی پێ ڕادەگەیەنێت ئەویش بڕیاری ئازاد کردنیان دەدات.

ماوەیەک دواتر (مام جەلال) (ئەو) و کاک (دلێر ئیبراهیم)ی بانگی لای خۆی کرد. گفتوگۆیەکی زۆر لە نێوان (مام جەلال و کاک دلێر) ڕوویدا. (ئەو) لەو دانیشتنەدا هیچ بەشدارییەکی لەو گفتوگۆیەدا نەکرد. (مام جەلال) باسی (ئیلتیزام) وەکو یەکێ لە پرنسیپەکانی حزب و شۆڕش و پێشمەرگایەتی بۆ کاک (دلێر) کرد. ئینجا پێیگوت: پێم سەیرە تۆ

**“ (سەید کاکە) دەڵێت: لێگەڕێن با ئەو چاوەشانە هەموویان لای جەلالییەکان کۆببنەوە (مام جەلال) دەیەوێت بەو چاوەشانە کوردستان ڕزگار بکات و دەوڵەتی سۆسیالیستی کوردستان پێک بهێنێت ”**

> " بیرۆکە و بەردی بناغەی دامەزراندنی تیپی مۆسیقای (شەهید کارزان) لەلایەن (ئاراس ئیبراهیم)ەوە نەخشەی بۆ داڕێژراو پێکهات "

وەکو پێشمەرگە ئامادەی گیانی خۆت بە شۆڕشی کوردستان و (ی.ن.ک) ببەخشی، کەچی ئامادە نیت مارشی شۆڕش دووبارە تۆمار بکەیتەوە. سەرەنجامی کۆبوونەوەکە بەبێ هیچ ئەنجامێک کۆتایی هات. دواتر تیپی مۆسیقا بە جۆرێک لە جۆرەکان پەکی کەوت. کاک دلێر و کاک ئاراس و هەندێکی دی چوونە تیپەکانی پێشمەرگە و وەکو پێشمەرگەی جەنگاوەر بەردەوام بوون.

بەهاری ساڵی (١٩٨٣) کاتێک دەزگای ڕاگەیاندن چووە (بەرگەڵوو) کاک (جەبار فەرمان) کە ئەوسا لێپرسراوی (ڕێکخراوی کۆمەڵە) بوو لە سلێمانی. بارەگاکەشی لە گوندی (هەڵەدن) بوو. ئینجا دۆست و برادەری هەردوولا بوو ئاشتی کردنەوە. دواتر پێوەندی نێوان (ئەو) و کاک دلێر و کاک ئاراس زۆر باش و پتەو بوو، وەکو یەک ماڵییان لێهات. تیپی مۆسیقای شەهید کارزان لە بەرگەڵوو لەژێر زەبری تۆپ و فڕۆکەکانی دوژمن چەندین بەرهەمی نایاب و نموونەییان تۆمار کرد، کە تاکو ئەمڕۆش شانازییان پێوە دەکەین.

سی و پێنج ساڵ دواتر، بەڕێکەوت کاتێک ئەو ڕووداوە لە نێوان (ئەو) و برادەرێکی هەردوولا (ئەوو کاک دلێر) باس کرایەوە، ئەو برادەرەی هەردوولا هۆکاری سەرەکی تۆمار نەکردنەوەی مارشی (ی.ن.ک) لەلایەن کاک دلێرەوە بۆ کێشەی نێوان تیپی مۆسیقای مەولەوی و سلێمانی، لەوەش زیاتر بۆ ناکۆکی نێوان کاک (ئەنوەر قەرەداغی و کاک دلێر ئیبراهیم) گێڕایەوە. بە هۆی ئەوەی کاک (ئەنوەر قەرەداغی) خاوەنی ئاوازو



تۆمارکردنی ئەو مارشە بوو لە ژێر زەمینی ماڵی خۆیان لە سلێمانی. بۆیە کاک دلێر بە هۆی ناکۆکی نێوانیان ئامادە نەبوو کاری کاک ئەنوەر قەرەداغی دووبارە تۆمار بکاتەوە، ئیدی ئەو کێشەیەی پێشتر لەشار لە نێوان دوو میوزیکژەنی لێهاتوو ڕوویدابوو بە جۆرێکی دی لە شاخ نوێ بووەوە.

ئەوەش دیاردەیەکی ئاسایی نێوان ڕیزەکانی گەلی کوردە. کە هەمیشە ناتەبا و ناکۆکن. کاری شەخسی دەخەنە سەر کاری نیشتمانی.

(تارا)خانی کچی میوزیکژەنی ناسراوی کوردستان (ئەنوەر قەرەداغی) دەگێڕێتەوە: من منداڵ بووم. ڕۆژێک باوکم بانگی کردم. خۆی و کەمانەکەی و من، دەرگای دەرەوە و ناوەوەی ماڵەوەمان داخست. بە پلیکانەکان چووینە خوارەوە بۆ ژێر زەمینەکە، وەرەقەیەکی خستە بەردەمم. چەند جارێک پرۆڤەمان لەسەر شیعرەکە کرد. لە ڕاستیدا ئەوسا من منداڵ بووم نەم دەزانی ئەوە چییە، بەڵام هەر وەکو باوکم پێی گوتم منیش هەروام کرد، چەند جارێک ئەو مۆسیقای لێدەدا و دواتر من و ئەویش شیعرەکەمان دەگوتەوە. یەکێ لە ڕۆژەکان کاتێک چوومە قوتابخانە هەر لەبەر خۆمەوە شیعرەکەم دەگوتەوە، ڕۆژێک یەکێ لە مامۆستاکانم گوێی لێبوو، بانگی کردم و گوتی وەرە کچم تۆ ئەو شیعرە چییە هەر زوو زوو لەبەر خۆتەوە دەیڵێیتەوە. چیدی مەیڵێرەوە. دیارە دواتر چووبووە لای باوکم و پێی گوتبوو، باوکیشم داینیشاندم و گوتی کچم! چیدی ئەو شیعرە لە دەرەوە نەخوێنیتەوە چونکە ئەگەر پۆلیس و ئەمنەکان بزانن ئازارمان دەدەن. ئیدی من دیسان لەسەر ڕاسپاردەی باوکم و مامۆستاکەم چیدی شیعرەکەم لە قوتابخانە نەوتەوە.

ساڵان هاتوو ڕۆیشت دواتر زانیم ئەوەی من و باوکم لە ژێر زەمینەکەی ماڵی خۆمان و بە دزی تۆمارمان کردووە. مارشی (ی.ن.ک) بوو. ئەگەر ڕژێمی عێراق بیزانیبایە. باوکم لە سێدارە دەدرا و ئێمەش دووچاری نەهامەتی گەورە دەبووینەوە. خانووەکەشمان تەخت دەکرا. بەڵام ئەوە بڕوا و قەناعەتی باوکم بوو. بۆ پشتیوانی شۆڕش و (ی.ن.ک) و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان.

# وێستگەی دیوان

- (١) پرسیار (عەباس محەمەد)
- گۆشەی دیوان.. بۆ یەکەم جار چۆن ئاو گەیترایە هەولێر؟
- یەکەم بابەت (مومتاز حەیدەری)
- نازناوی دارتاش

ئازاد دارتاش

- لە دەفتەری نەمریدا (باکووریی)
- دیمانەیەکی بڵاو نەکراوەی هونەرمەند باکووریی

ستار محەمەدئەمین

- مێژووی بەشی زمانی کوردی ئەو قوتابیانەی (خوێندنی باڵا) یان تەواو کردووە
- ساڵۆنی لاپەڕە (٩)

پرسیار (١)

# چۆن بووی بە عەباس وەی وەی؟

گۆرانی (وەی وەی) شیعر و ئاوازەکەی هی خالید دلێرە، مامۆستا خالید سەرکار مۆسیقاکەی بۆ دانا، لە ڕێگەی تیپی مۆسیقای سلێمانی بەم شێوە جوانە تۆمارکرا.

ئاوازی گۆرانییەکەش لە بنچینەدا بۆ من دانرابوو، تا ئێستەش کەس ناتوانێت وەکو من بیڵێتەوە، ئەوکاتی تۆماریشمان کرد خالید دلێر خۆی لە ستۆدیۆ لەگەڵمان بوو.

لە نیوەڕۆیەکی کۆتایی ساڵی ١٩٧٥ ئامێرەکانی مۆسیقا جێگیرکران، بە مەبەستی تۆمارکردنی گۆرانییەکە، ئەنوەر قەرەداغی سەرپەرشتی تۆمارکردنەکەی دەکرد، لە دوانزەی نیوەڕۆ دەستمان پێکرد تا سەعات (١٠)ی شەو، ئەگەرچی هەندێک کەموکورتی لە تۆمارکردنەکەدا هەبوو، بەڵام هەموویان پێیان وابوو، ئەم وردە شتانە گۆرانییەکە عەیبدار ناکەن نزیکەی ١٠ سەعات من ئەو گۆرانییەم بەم تۆنە بەرزە گوتوە، چونکە هەرجارەی هەڵەیەک ڕووی دەدا، دەبووایە لەسەرەتاوە دەست پێبکەینەوە، ئەوکات وەکو ئێستە نەبوو، ئامێرەکان زۆر سادە و ساکار بوون.



دوای تۆمارکردنی لە مانگی ٢ی ١٩٧٦ بڵاو بووەوە، کە کاسێتەکە بڵاوکرایەوە دوو گۆرانی من (وەی وەی و جوانی سەرە ڕێ) لەگەڵ دوو گۆرانی مامۆستای گەورە (کەریم کابان) ئەم چوار گۆرانییە زۆر باویان بوو، دەنگیان دایەوە، بەتایبەتی گۆرانی (وەی وەی) بەشێوەیەک وای لێهات کچان کراسیان دەکردە بەریان ناویان نابوو (وەی وەی).

من بۆخۆم بە هیچ شێوەیەک لەو باوەڕەدا نەبووم ئەم گۆرانییە بەم شێوەیە بچێتە ناو خەڵک و دەنگ بداتەوە، مەسیحی و تورکمانەکانیش پێیان خۆش بەڕادەیەک پێیان خۆش بوو باوەڕ ناکەیت، پێشم وایە گۆرانیەکە لە ئاستی ئەو دەنگدانەوەیەدا بوو، بەڵام ئەمە مانای وانییە کە ئەم گۆرانیە لەبەر ئەوەی ئەم دەنگدانەوەی هەبووە، لە گۆرانییەکانی دیکەم خۆشتر و ئاست بەرزتر بووە، من لەم دوایە گۆرانییەکی دیکەم تۆمار کرد (دەرویش) شیعرەکەی هی یوسف حەمە ڕەشیدە، ئاوازەکەشی هی نورەدین جافە، زۆر زۆر بەهێزە و لە (وەی وەی) بەهێزترە، بەڵام بە ڕاستگۆیی بیڵێم ئەوە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنن وا دەکەن کامە گۆرانی باشتر بگاتە گوێی خەڵک، دەبێت ئەوەش بڵێم خەتایەکی گەورەی خۆشمی تێدا بوو، کلیپەکە لە ئاستی پێویستدا نەبوو، ئێستە لە ڕادیۆکان ئەم گۆرانییەی (دەرویش) زۆر لێدەدرێت، بەڵام لە تەلەفزیۆنەکان نییە.

دەکرێ بڵێم (وەی وەی) سەرەتایەکی جوان بوو، هەروەها کۆتاییەکی جوانیش، کە دواتر بووە پاشگری ناوەکەم بوومە (عەباس وەی وەی) ئەوەم زۆر پێ خۆش بوو، ئێستەش کەشخەی پێوە دەکەم. ئەمە وایکرد زۆر بە ئاسانتر بناسرێم کوا بڵێن (عەباس محەمەد) کوا بڵێن (عەباس وەی وەی) ناوی وا لە هەموو جیهاندا نییە لەمن بەولاوە.

**عەباس وەی وەی: ناوی وا لە هەموو جیهاندا نییە، لەمن بەولاوە**

گۆشەی دیوان

# بۆ یەکەم جار چۆن ئاو گەیێترایە هەولێر؟

## کێ، بۆ یەکەم جار بەردی بناغەی گەیاندنی ئاوی لەزێی بچووک بۆ هەولێر دانا؟

لەو کێشە و گرفتانەی لەدێر زەمانەوە، شاری هەولێر بەدەستییەوە دەناڵێنێ، گرفتی کەم ئاویی بووە، مێژوو ئەوەمان بۆ دەردەخا، کە یەکەم پاشای ئاشووری (سەنحاریب) لەسەدەی شەشەمی پێش زانین گرنگی بەو بابەتە داوە، بۆیە ئەو پرۆژەیە بەپرۆژەی سەنحاریب ناسراوە.

لەسەردەمی ئەو پاشا ئاشوورییە کەناڵێک لەئاوی کۆکراوە لە (بەستۆرە)وە گەیەندرایە نزیک گوندی (قەڵای مورتکە) کە بیست کیلۆمەتر لەهەولێرەوە دوورە، ئەم کەناڵەش لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گشتی دۆزراوەتەوە، کە بەزمانی بزماری لەسەری نووسراوە و ئەمە دەقەکەیەتی:

«من سەنحاریبم پاشای جیهان و ئاشوور، ئاوەڕۆی سێ ڕووبار لەچیایەکانی «خانی» دەوروبەری بەرزاییەکانی هەولێر و لەتەک ئاوی کانیم لەلای ڕاست و چەوت بۆ ئەو ڕووبارانە زیاد کردووە بۆ ئەو بیرانە، کەناڵێکم لەناوەڕاستی شاری هەولێر هەڵکەندووە، ئەو هەولێرەی نیشتمانی خاتوونی پیرۆزی خواوەندی عەشتارە و کارم بۆ ئەوە کردووە ئەو ئاوەڕۆی ڕووبارانە بەشێوەیەکی ڕاست ڕێگە بگرێت«.

لەپاش گەڕانەکاندا، نێردراوەکان گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی مەبەستی چیایەکانی خانی واتە چیایەکانی سەلاحەدین و سەفین و بانی-باوە، کە ئالوی بەستۆرە و هەر سێ ڕووبار لەتەنیشت گوندی سووسە و زیارەت و قیرزە دێن، کەچی ئاوی کانییەکان لەنزیک گوندەکانی خۆران و هانان و گوندی دۆنگزاوە دێ و لەدۆڵی دەربەند کۆدەبێتەوە و بەناو بەستۆرەدا دەڕوا. سەنحاریب بەنداوێکی بچووکی لەو شوێنە هەڵکەندووە بۆ پاڵنانی ئاوەکە بۆ کەناڵەکە، لەکاتێکدا ئاستی بەستۆرە ٢٥ مەتر نزمتر بووە لەئاستی زەویدا، کەناڵەکەی بەشێوەی تۆنێل هەڵکەندووە لەتەک هەڵکەندنی چەندین بیری یەک لەدوای یەک، لەسەر ڕووی زەوی، واتە بیر لەدوای بیر، هەر یەکێکیان ٤٢ مترە و بەکارێز دەچن، لەلایەکی دیکەوە نێردراوی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەر بەدوای شوێنەوارەکەدا چووە، تا گەیشتنە قوتابخانەی خانەقای ئێستە لەهەولێر.

هاوکات لەسەردەمی ئیسلامیدا، بەتایبەتی لەڕۆژگاری عەباسییەکاندا، کارێزەکانی ئاو ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لەئاودانبوونی هەولێر، لەکاتێکدا زەوی لەهەولێر لەخۆرهەڵاتییەوە بۆ خۆراوا لار بووەتەوە، ئەم لارییەش وایکردووە

لەنێوەندی سەدەکاندا بیر لەدۆزینەوەی ئامرازێک بۆ ئاودێرکردنی هەولێر بکرێتەوە، لەپاشاندا بیرۆکەی کاریز هاتووەتە کایەوە، ئەمەش لەبنەڕەتدا پشت بەڕێگەی کەناڵەکان دەبەستێت، کە لەسەردەمی سەنحاریبدا بونیاد نراوە. کارێزیش بریتییە لەزنجیرەیەک بیری قووڵ، تا دەگاتە دەرچوونی ئاو بۆ سەر زەوی و بەرەو خۆرهەڵات دەڕوات، ئەم بیرانەش بەچەندین کەناڵی دی بەستراونەتەوە، تیایدا ئاو کۆبووەتەوە و بەنێو ئەو کەناڵانەدا دەڕوات، تا دەگاتە سەر زەوی و هەمووشی بۆ کشتوکاڵ گونجاوە.

لەسەردەمی عەباسییەکاندا ژمارەی کارێز لەناوچەکانی هەولێر زیاد بوون، تەنیا لەهەولێر (٣٦٥) کارێزی تێدا بووە، لەکاتێکدا نێوانی هەولێر و ئاڵتوون کۆپری زۆربەی بێستان بووە، بۆیە باڵندەکان توانیویانە دوورییەکان لەدارێکەوە بۆ دارێکی دیکە ببڕن، لەمبارەیەوە (تافرینە)ی گەڕیدەی فەرەنسی (١٦٣٨-١٦٤٢) لەکتێبی (عێراق لەسەدەی حەڤدەم)دا باس لەوە دەکات لەکۆتایدا لەشوێنێک دانیشتوون کە دەشتایەکی چوارگۆشە بووە و چەندین دار و درەختی بەرهەمداری تیادا بووە ئەمەش بەدەشتی هەولێر ناو دەبرێت، لەلایەکی دیکەوە لەساڵی ١٩٢٠ز کاپتن های لەکتێبی (دوو ساڵ لەکوردستان) باس لەبوونی (٦٠) کارێز لەهەولێر دەکات و لەئێستەشدا تەنیا چەند کارێزێک ماون، ئەوانیش بەرەو لەنێچوون و ونبوون دەچن، ئەمەش بەهۆی کەموکوڕی لەخاوێنکردنەوە و چەندین هۆکاری دیکە، کەچی دەسەڵاتی عوسمانی لەنزیک گوندی (گرد مامک) بیریان لەهەڵکەندنی کەناڵێک کردووەتەوە، تا ئاو بگوازنەوە نێو شاری هەلێر، بەڵام ئەو جۆرە پرۆژەیە پارەیەکی زۆری ویستووە، بۆیە وازیان لێهێناوە.

لەساڵی ١٩٢٤ و لەسەردەمی سەرۆکایەتی (داوود ئاغای یەعقووبی) پرۆژەی ئاوی میری هەولێر پێشخرا، کە ئەمەش لەسەردەمی عوسمانیدا دامەزراوە، بەگەیاندنی ئاو لەکارێزەوە (ئاوی میری) لەبۆڕییەوە بۆ کۆگایەکی کۆنکریتی ئاو کۆبکرێتەوە، ئەمەش لەقەڵای هەولێردا بونیادیان ناوە. لەپاش کۆکردنەوەی ئاو دووبارە بەهۆی تۆڕی بۆڕییەکان و بەشێوەیەکی سەرەتایی ئاو بەسەر شاردا دابەش بکەن، لەتەک دانانی چەندین حەنەفی لەچەند لایەکی شارەکەدا، بەتایبەتیش لەگەڕەکە هەژارنشینەکان، تا ئاویان پێ بگات، ئەمەش جاری یەکەم بوو لەهەولێردا بۆ ئەو مەبەستە مەکینە بەکاربێت، بەمجۆرە تاساڵی ١٩٣٧ بەردەوام بوو، لەپاشاندا شارەوانی بۆ سوود وەرگرتن لەئاوی ژێر زەوی، دەستی بەبیر لێدان کرد. لەسەردەمی سەرۆکایەتی (موحسین ئاغا محەمەد ئاغا) دوو بیری ئاو لێدرا، بەمەش ئاو زیادی کرد و تۆڕی بۆڕییەکان لەشاردا فراوان بوون و بەشێکی گۆڕدرا.

بەمشێوەیە هەر کاتێک داواکارییەکان زیاتر بوونایە شارەوانی بەپێی توانا هەوڵی دەدا بەدەم داواکارییەکانەوە بچێت. لەساڵی ١٩٦٣ ژمارەکە گەیشتە ١٥ بیری ئاو، کە پێویستی زیاتری نیوەی خەڵکی شارەکە دابین دەکرد، لەئێستەشدا ژمارەی بیرەکان (٢٧) بیرە (مەبەست ساڵی ١٩٦٣-ە) کە بڕی ئاوەکەش لەماوەی مانگێکدا (٤٧٦٨٣٦) مەتری سێجایە، کە پاکە و بۆ خواردنەوە دەشێت، لەتەک ئەوەی پێنج کۆگای تانکی لەملا و ئەولای شاردا هەیە بۆ هەمبارکردنی ئاو و لەپاشاندا دابەشکردنی بەسەر خەڵکیدا. هاوکات تۆڕەکانی ئاو فراوانبوون، چ لە ڕووی درێژی، یان پانییەوە، بەشێوەیەک دەیتوانی نزیکەی (٩٠٠٠) بەشداربوو ئاوی پێ بگات، هاوکات شارەوانی لە نێوان ساڵانی ١٩٦٦-١٩٦٧ لەساڵی دارایدا بودجەکەی بە ٢٣٥٠٠ دینار خەملاند لەبەرانبەر بیست هەزار دینار بۆ خەرجییەکانی پرۆژەکە، ئەمەش بەیەکێک لەچالاکییەکانی شارەوانی دەژمێردرێت، کە بەهاوکاری تێبینەری ئاوی ژێر زەوی و کۆمپانیای نەوتی عێراق لەبواری دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ دانیشتووان جێبەجێکرا، دواتریش پێنج بیری ئاو هەڵکەندرا و دەستیان بەکار کرد و چەندین موزەخەی پێویست دانرا.

هاوکات شەش بیری دیکەی نوێ هەڵکەندرا، کە چواریان بەرهەمی ئاویان هەبوو، هیواش

وایە دوانەکەی دیکەش بەرهەمیان هەبێت، پاش ئەوەی دەپشکندرێن، ئەو بیرانەش بەشدار دەبن لەکەمکردنەوەی قەیرانی ئاو لەشارەکەدا، ئەمەش تا تەواوکردنی پرۆژەی ئاوی زاب، کە حکومەت لەپلانی پێنجیدا زیاتر لەمیلۆنێک دیناری بۆ تەرخان کردوە، کارەکەش دراوەتە بەڵێندەرەکان و چەند مانگێکە دەستیان بەکارکردووە، پرۆژەکەش بریتییە لەپرۆسەی ڕەوانەکردنی ئاو لەڕێی بۆڕیی بە ئینجی ٧٠سم لەزێی گەورەوە بۆ ئەو خاڵەی هەولێر، کە (٣٢ ) کیلۆمەتر دوورە، ئەمەش بەهۆی چوار موزەخەی گەورەی کارەبایی بە بڕی (٧،١٠) مەتر سێجا ئاو لەخولەکێکدا، لەتەک بوونی چوار موزەخەی دیکە بە پاڵەپەستۆی نزم، کە بریتییە لە ٧،٥ مەتر سێجای ئاو لەخولەکێکدا، لەگەڵ سێ موزەخەی یەدەگ، پرۆژەکە لەکاتی کارکردندا (١٦٥١١)مەتر سێجا ئاو بەرهەم دێنێت دواتریش زیاتر دەبێت، تا دەگاتە (٣٠٦٠٠) مەتر سێجا ئاو لە ڕۆژێکدا، لەلایەکی دیکەوە پرۆژەکە چەند باڵەخانە و حەوزی پێویستی دەبێت بەپێی ئەم ئامارەی خوارەوە:

أ- باڵەخانەی تاقیگە

ب- دوو حەوزی گەورەی پاڵاوتن

ج- حەوزێک بۆ هەمبارکردنی ئاو بەبڕی ١٣٠٠م٣ کە ئاو بەرە و هەولێر دەبات.

د- چوار خانوو بۆ بەکارخەرانی پرۆژەکە.

ه- باڵەخانەیەکی گەورە وەکو وێستگەیەک بۆ بەردانەوەی ئاو.

و- هەشت فلتەر بڕی هەریەکێکیان ٤٠٠ پێیە.

ز- تانکی – کۆگایەکی ئاو لەعەینکاوە بەبڕی ١٢:٢٠:٢٤ پێ.

هیوا وایە پرۆژەکە تەواوبێ و لە ماوەی دوو ساڵ بێتە واری جێبەجێکردن، ئەمەش ڕووداوێکی گرنگە بۆ ژیانی خەڵکی هەولێر و کۆتایی هێنان بەئێش و ئازارەکانی کەم ئاوی، کە ماوەی چەندین سەدەیە ئەو شارە بەدەستییەوە دەناڵێنێت. هاوکات «عبدالمنعم المصرف» موتەسەریفی هەولێر هەوڵێکی بێوچانی داوە بۆ گواستنەوەی قۆناغی بیرکردنەوە و پلان و



**(عبدالمنعم) موتەسەریفی ئەوکاتی هەولێر لەکاتی دانانی بەردی بناغەی پرۆژەی گەیاندنی ئاو بە شاری هەولێر (ئەگەرچی بەردەکەی بەسەراوبنی گرتووە)**

توێژینەوە بۆ قوناغی کار، ئەمەش کاریگەریەکی کارای دەبێت لە نەهێشتنی ئاستەنگەکان.

ئەمە پانۆرامایەکی مێژوویی هەوڵەکانی چارەسەری کەم ئاوی بوو لەشاری هەولێردا، هەر لەبەرەبەیانی مێژووەوە، لە سەنحاریبەوە تا دەگاتە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو. لەماوەی ئەو شەست ساڵەی دواییشدا کە سیی و دوو ساڵە کورد خۆی ڕاستەوخۆ حوکمی شارەکەی گرتووەتە ئەستۆ و حکوومەتی هەرێمی هەرێمی کوردستان دامەزراوە، هێشتە بەشێکی گەڕەکەکانی ئەم شارە بەدەست کەم ئاوییەوە دەناڵێنن و ساڵانە، بەتایبەتی لەوەرزی هاویندا لەچەند گەڕەکێک کەم ئاوی سەرهەڵدەداتەوە.

*** ئەم بابەتە لە کتێبی (اربیل في اربعة اعوام -١٩٦٤، ١٩٦٥، ١٩٦٦، ١٩٦٧) ئامادەکراوە، کە تایبەتە بە دانانی یەکەم بەردی بناغەی گواستنەوەی ئاو لە زێی بچووکەوە بۆ هەولێر لە ڕێگەی بۆڕییەوە، لە ساڵی ١٩٦٦، کە ئێستە پێدەگوترێت (پرۆژەی ئاوی ئیفراز) لەوساوە تاکو ئێستە تەنیا دوو کەنالی دیکە جێبەجێکراوە تەنیا یەکێکیان لە ماوەی زیاتر لە سی ساڵی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێکراوە، بەڵام ساڵانە چەند جارێک دەشکێت و گرفتی گەورە بۆ دانیشتوانی هەولێر درووست دەکات.**

(یەکەم بابەت گۆشەیەکی گۆڤاری دیوانە، تێدا هەرجارەی یەکەم بابەتی نووسەرێک، یان شاعیرێک، یان هونەرمەندێک دەخەینەڕوو، بە مەبەستی ئاشناکردنی خوێنەران بە سەرەتا و یەکەم بەرهەمیان)




*مومتاز حەیدەری بۆ یەکەم جار یەکەم بابەتی لە ژمارە (١٤٥)ی ساڵی پێنجەمی گۆڤاری هەتاو لە ساڵی ١٩٥٨ بڵاودەکاتەوە، کە تا ئەمڕۆ دەکاتە ٦٤ ساڵ.*

*ئەگەرچی مامۆستا مومتاز بە یەکێ لە کەسایەتیی و ڕۆشەن فیکرەکانی کورد دەژمێردرێت، کە هەم وەکو خۆی، هەم وەکو بنەماڵە لە ریزەکانی حزبی شیوعی خەباتیان کردووە و شوێن پەنجەیان لە خەباتی سیاسی و ڕۆشنبیریی کوردیش دیار و گەشاوەیە، بەڵام لەم گوتارەیدا هیچ مۆرکێکی شوعیانەی پێوە دیار نییە.*

# دەنگی قوتابیانی کوردستان ئاشتی و برایەتی و دیموکراسی و زانیارییە

خەباتی قوتابیانی کوردستان ساڵەهای ساڵە، چوونەتە ناو چەقی خەباتێکی قارەمانانەوە، شانبەشانی گەلە نەبەزەکەیان، بۆ دەرپەڕاندنی ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانیان، لە نیشتمانە خۆشەویستەکەماندا و بۆ وەرگرتنی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد و عەرەب، لە ژێر ئاڵای ئازادی، ئازادی پیرۆزدا بە سەربەستی و دیموکراسی لە نیشتمان و وڵاتێکی بەختیارا. لە ڕێی ئەم ئامانجە بەنرخەدا، گەلێک هەوڵ و تەقەلا و کۆششیان کردووە، بە هەزاران قوربانی و پێشمەرگەیانداوە، چەندین هەزار، لە بەندیخانەکاندا، بەدەم ئازار و لێدانەوە، ئەبوورانەوە و چەندسەدێکیشیان، لە ژێر داری جانەوەرانەی پۆلیسی بەدبەختا، بێ گیان ئەبوون و دەمردن، و چەندین لاوی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر، ئاوارە و دەربەدەر بوون، وە لە وڵاتە خۆشەویستەکەیان دوور کەوتبوونەوە، چونکە حکومەتی پێشووی عیراق، بە هەموو چینیەکیەوە، بەربەرەکانێی هەموو چەشنە جوولانەوەیەکی نیشتمانپەروەرانیان دەکرد و بەتایبەتی جوولانەوەی قوتابیان، چونکە شتێکی ئاشکرا و دیارە، کە قوتابیان دەستێکی بەهێز و بەرزیان هەیە، لە خەباتی گەلدا. وە هەتاوەکو چواردەی تەمووزی پیرۆز خەباتیان ئەکرد بۆ ئەو مەبەسانەی، کە باسکران، بەڵام ئێستا هەموو هێز و توانایی، خۆیان بەخت ئەکەن، بۆ پتەو بوون و چەسپاندنی کۆمارە ساواکەمان، تەقەلا و هەوڵی قوتابیانی کوردستان بۆ پشتیوانی جمهوریەتە، چونکو پارێزگاری جمهوریەت، پارێزگاری مافی نەتەوایەتی کورد و عەرەبە، بۆ گەیشتنە ئامانجی هەردوو گەل، لە ژێر چاوەدێری ڕۆڵەی گەل و پاڵەوانیی نیشتمان، سەرۆک عەبدولکەریم قاسمدا.

* ئیتر هەر بژی، خۆشەویستی گەل عەبدولکەریم قاسم.
* هەربژی، جمهوریتە دیموکراسییەکەمان، جمهورییەتی کورد و عەرەب.

**گۆڤاری هەتاو، ژمارە: ١٤٥ ساڵی (٥) دووشەمە سەرماوەز (١٥ کانوونی ١) ١٩٥٨ -لاپەڕە (٩).**



گۆڤاری هەتاو
KOVARÎ HETAW

گۆڤارێکی وێژەیی [ادبی] هەفتەیی کوردی یە جاری هەر لە ١٥ رۆژاندا چەلێکی لە هەولیر لەچاپخانەی کوردستاندا پەخش دەکرێت
jimare 145 s 5 2Şemme Sermawez 2570 Kurdî «Madî»

ژمارە: ١٤٥ ساڵی ٥ دوشەممە سەرماوەز [ ١٥ کانونی١ ] ١٩٥٨

Nawerok


١ - لەگەل قوتابی کاك هاشم عبداللەی هەولیری
٦ - جوولانەوەی آشتی چۆن پەیدابوو — عاصم حیدەری - هەولیر
٩ - دەنگی قوتابیانی کوردستان آشتی و برایەتی و دیموکراسی وزانیاریەیە — ممتاز حەیدەری — هەولیر
١١ - باخچەی بوژان
١٥ - قاشو قاش کردن و قاشقشین — سلیمانی ماموستا [ع]
١٦ - بانگی آفرەتانی کوردستان — گەلاویژ محمد - هەولیر
١٨ - آزادی ژیان و آشتی رزگاری نشتمان



٣٩٨٧

دەنگی قوتابیانی کوردستان آشتی و برایەتی و دیموکراسی و زانیاریە

ممتاز حەیدەری - هەولیر

خەباتی قوتابیانی کوردستان

قوتابیانی کوردستان سالەهای سالە چوونەتە ناو چەقی خەباتیکی قارەمانانەوە شان بەشانی گەلە نەبەزەکەیان بۆ دەرپەراندنی ایمپریالزم و نۆکەرەکانیان لە نیشتمانە خۆشەویستەکەماندا و بۆ وەرگرتنی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد و عەرەب لەژێر آلای آزادی، آزادی پیرۆزدا بەسەربەستی و دیموکراسی لە نیشتمان و وولاتیکی بەختیارا. لەرێی ئەم آمانجە بەنرخەدا گەلێك هەولی و تەقەلاو کۆششیان کردوە و بەهەزاران قوربانی و پیشمەرگەیان داوە، چەندین هەزار لەبەندیخانەکاندا بەدەم آزار و لێدانەوە ئەبوورانەوە و چەند سەدەیکیشیان لەژێر داری جانەوەرانەی پولیسی بەدبەختا بێ گیان ئەبوون و دەمردن، و چەندین لاوی دلسۆز و نیشتمان پەروەر آوارەو دەربەدەربو بوون وەلە وولاتە خوشەویستەکەیان دوور کەوتبوونەوە. چونکە حکومەتی پیشوی عراقی بەهەموو چینیەکیەوە بەربەرەکانێی هەموو چەشنە جوولانەوەیەکی نیشتمان پەروەرانیان دەکرد و بەتایبەتی جوولانەوەی قوتابیان چونکە شتێکی آشکراو دیارە کە قوتابیان دەستێکی بەهێزو بەرزیان هەیە لەخەباتی گەلدا. وە هەتاکوو چاردەی تموزی پیرۆز خەباتیان ئەکرد بو ئەو مەبەسانەی کە باسکران، بەلام ایستا هەموو هێزو توانایی خۆیان بەخت ئەکەن بۆ پتەو بوون و چەسپاندنی کۆمارستانە ساواکەمان، تەقەلاو هەولی قوتابیانی کوردستان بۆ پشتیوانی جمهوریەتە، چونکە پارێزگاری جمهوریەت پارێزگاری مافی نەتەوایەتی کورد و عەرەبە بۆ گەیشتنە آمانجی هەر دوو گەل لەژێر چاوەدێری رۆلەی گەل و پالەوانی نیشتمان سەرۆك عبدالکریم قاسم دا.

ایتر هەر بژی خوشەویستی گەل عبدالکریم قاسم
هەربژی جمهوریتە دیموکراسیەکەمان - جمهوریەتی کورد و عەرەب (٩)

# ئازناڤێ (دارتاش)


پاش ناڤێ (دارتاش) ڤەدگەڕێت بۆ پیشەیا بابێ من، ڕەحمەتی (مەجید عەبدوڵا عەلی) یێ لە ئاکرێ بەر نیاس ب (مەجید نەجار)

بابێ من ل ساڵێ ١٩٥٤ لە ئاکرێ کارێ دارتاشی یێ دکر، هەڵبەت ب تایبەت لە پشویا هاڤینێ من و براێن من لگەل وی کار دکرو پاشا بۆ دەمێ نیزیکی دە ساڵان من ژی ئەو کار دکر و گەلەک جاران من نڤیسینا خوە ب ناڤێ (ئازاد مەجید نەجار) بەلاڤ دکرن، لێ لە پشتی ڕاپەڕینێ مە سەنتەرێ ڕۆشنبیری ل ئاکرێ دامەزراند و مە دوو بەلاڤوک یا ئێکێ ب ناڤێ (پیرس) ب زمانێ کوردی و ناميلکا (ئاکرێ) ب زمانێ عەرەبی دەردئێخست د هەر دوویان دا مە بابەت هەبوون و هەر ب وێ ناڤی مە بەلاڤ دکر، لێ ڕۆژەکێ ئەم وەکو ستافێ گۆڤارێ د چڤینێ دا بووین و لسەر بابەتێ من ئاخفتین و دوو برادەر (حیکمە یاسین و ئەندازیار (محمد سعید عبدلکریم) کۆ هەر دوو ئەندامێن دەستەیا نڤیسینێ بوون، پێشنیار کر کو ب ناڤێ (ئازاد مجید دارتاش) بابەتێن خو بەلاڤ بکەم و ژ بۆی کورتکرنێ تنێ ب نڤیسم (ئازاد دارتاش) ئەو کۆمبین ل دەستپێکا ساڵێ (١٩٩٢) بوو هەر ل وێ ڕۆژێ و هەتا نها ب وی ناڤی هاتیمە ناسین

لەگەڵ ڕێزێن مە

**ئازاد دارتاش**





پاش ناڤێ (دارتاش) ڤەدگەرێت بۆ پیشەیا بابێ من رەحمەتی
(مەجید عەبدولا عەلی) یێ ل ئاکرێ بەر نیاس ب (مەجید نەجار)
بابێ من ل سالێ ١٩٥٤ ل ئاکرێ کارێ دارتاشی یێ دکر، هەلبەت
ب تایبەت ل پشویا هاڤینێ من و براێ من لگەل وی کار دکر پاشان
بۆ دەمێ نیزیکی دەه سالان من ژی ئەو کار دکر و گەلەک جاران
جاران من نڤیسینا خوە ب ناڤێ (ئازاد مەجید نەجار) بەلاڤ دکرن،
لێ ل پشتی راپەرینێ مە سەنتەرێ رۆشنبیری ل ئاکرێ
دامەزراندن و مە دوو بەلاڤوک یا ئێکێ ب ناڤێ (پیرس) ب زمانێ
کوردی و نامیلکا (ئاکرێ) ب زمانێ عەرەبی دەردئێخست
و هەر دوویان دا مە بابەت هەبوون و هەر ب وی ناڤی
مە بەلاڤ دکر، لێ رۆژەکێ ئەم وەکو ستافێ گۆڤارێ د
چڤینێ دا بووین و لسەر بابەتێ من ئاخفتین و دوو برادەر
(حیکمەت یاسین) و ئەندازیار (محمد سعید عبدالکریم) کو هەر دوو
ئەندامێن دەستەیا نڤیسینێ بوون، پێشنیار کر کو ب ناڤێ
(ئازاد مجید دارتاش) بابەتێن خوە بەلاڤ بکەم و ژ بۆی کورتکرنا
تنێ ب نڤیسم (ئازاد دارتاش) ئەو کومبین ل
ل دەستپێکا سالا (١٩٩٢) بوو هەر ل وی رۆژێ و هەتا
نها ب وی ناڤی هاتیمە ناسین..
لەگەل رێزێن مە
ئازاد دارتاش

## لە دەفتەری ئەمریدا



**باکووریی (٥/١١/١٩٢٨–٢/١١/٢٠٢٢)**

# دیمانەیەکی بڵاو نەکراوەی هونەرمەند باکووریی

ستار محەمەدئەمین

چەند ساڵێک لەمەوبەر، بەخت یاوەرم بوو دووجار بەدیداری شادبم و لەنزیکەوە پێکەوە دانیشین، جاری دووەم، ماوەیەکی کەم بوو هاوژینەکەی لەدەست دابوو، من و (ئەیاد جەبار)ی هونەرمەند پێکەوە لە (گوندی هەرشەم)ی نزیک شارۆچکەی عینکاوە سەردانیمان کرد.

بە دەرفەتم زانی داوای ئەو دیمانە کورتەی لێبکەم، ئەیاد کامیراکەی نەسب کرد و منیش وردەوردە پرسیارم دەکرد و ئەویش زۆر لەسەرەخۆ قسەی بۆ دەکردین. سەرەتا گوتی زۆر داوای لێبوردنتان لێدەکەم لەخزمەتکردن و میوانداریەکە، خێزانەکەم بەجێی هێشتم و تەنیا مامەوە. منیش یەکسەر هەستام سێ قاوەم بۆ خۆمان و مامۆستا ئامادە کرد و بە پرسیاری تەندروستی دەستمپێکرد:

**– مامۆستا تەندروستیت چۆنە؟**

+ تەندروستیم خراپ نییە بەڵام لەم تەمەنە هاوژینەکەم بەجێی هێشتم و ئەرکم قورستربوو. من هەموو ئیشەکانی خۆم بەخۆم دەکەم و لێرە تەنیا دەژیم و تەنیایی ماندووی کردووم (بەپێکەنینەوە) پێش ئەوەی تەنیا بمێنمەوە، دەمگوت سەد ساڵ دەژیم، هەرچەندە تەمەن لە دەست خودایە بەڵام ئێستە تەمەنم نزیکی نەوەد ساڵ بوویتەوە، نازانم چۆن دەبێت؟

**– باکووری ناوی خۆتە یاخود نازناوە؟**

+ من ناوم (ئەندریۆس ئیسرائیل خەمۆ) یە لەدایکوباوکێکی ئاشووری، لەڕێکەوتی (١٩٢٨/١١/٥) لەقشلەی شاری کۆیە لەدایکبوویمە. بەڵام دایکوباوکم لەشاری (وان)ی باکووری کوردستان لەدایکبوون، سەرەتای بیستەکانی سەدەی پێشوو هاتوونەتە شاری کۆیە و لە (قشلەی کۆیە) نیشتەجێ بووینە. چیرۆکی نازناوی باکووری دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی چوومە ئێزگەی کوردی لەبەغدا، ماوەیەک بوو لەوێ بووم، ڕۆژێکیان بەڕێوەبەرەکە، کە ناوی کامل بوو، بانگی کردم و گوتی خەڵک تەلەفۆن دەکەن و پرسیاری (ئەندریۆس) دەکەن، دەڵێن ئەوە کێیە ئەو گۆرانیانە دەڵێت، بۆیە پێمان باشە نازناوێک بۆ خۆت دابنێیت؟ ئەوکاتەش ئەوانی لەوێ بوون هونەرمەندەکان هەر یەکە و بە ناوی ئەو شوێنەی لێی هاتووە خۆی دەناساند، منیش لەبەر ئەوەی لەباکووری کوردستانەوە ناسراو بووین، ئەو نازناوەی باکووریان بۆ دانایین و بووم بەباکووری، شانازیش بەو نازناوەم دەکەم.

**– ساڵی چەند چوویتە قوتابخانە؟**

+ ساڵی (١٩٣٥) چوومەتە بەرخوێندن و قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیم لەشاری کۆیە لە ساڵی (١٩٤٦) تەواو کردووە.

**– چی ئێوەی لەهونەری مۆسیقا و گۆرانی کوردی نزیک کردەوە؟**

+ سەرەتا لەڕێی سروود و خوێندنی وانەی سروودەوە لەگۆڕەپانی قوتابخانە هەست بەتوانا و دەنگخۆشیم کرا، پاشان لەڕێگای مامۆستا (شەفیق سابیر) دەتوانم بڵێم یەکەم هاندەرم بووە، جگە

> “ من و شەماڵ سائیب بە هەدووکمان حەزمان لە کچێک دەکرد! ”



ستار محەمەد ئەمین ، باکووریی



لەوەش ژینگەی ماڵەوەم لەلایەن خانەوادەکەم بۆم ڕەخسابوو، هاندەرم بوون، چونکە باوکیشم یەکێک بووە لەوانەی دەنگی زۆرخۆش بووە، ئەو هونەری دەنگخۆشی گۆرانی و لاوکی باکووری کورستانی بۆم دەخوێند. بۆیە دەتوانم بڵێم من لەهەناوی هونەرێکی ڕەسەن لەدایکبووم، دوای ئەوەش شەوانە لەگەڵ هاوڕێکانم کە دادەنیشتین لاوک و سترانە کۆنەکانی باکووری کوردستانم خوێندووە، هەروەها زۆر سەرسامیش بوویمە بەدەنگی هونەرمەند (کاوێس ئاغا) و بەبەردەوامی لەماڵەکەماندا لەڕێی گرامافۆنەوە گوێم لەلاوکەکانی ڕادەگرت، ئەوانە هەرهەمووی هاندەرم بووینە کە من باکووری بم.

**– حەزدەکەم لەسەر حەیرانیش قسەمان بۆ بکەی؟ چونکە وەک بیستوومە لە (ڕەسووڵ بێزار گەردی) نزیکبووی؟**

+ ڕەسووڵ گەردیم لەسەرەتای چلەکانەوە، هەر لەمنداڵییەوە لەشاری کۆیە ناسی و ڕۆژانە چاوم پێدەکەوت، ئەوکاتە ڕەسووڵ گەردی لەگەڵ باوکم پێکەوە پۆلیسی سواری بوون لەقشلەی کۆیە، هێستر و وڵاغی سواریان بەخێو دەکرد.

ئێستەش لەبیرمە قشلە چوار قوڵەی پاسەوانی هەبوو، یەکیان بەرانبەر چاکی سەید جامی بوو، ڕوبارێک هەبوو بەوێدا تێدەپەڕی. قوڵەکان دوو پەنجەرەی تێدابوو (مام ڕەسووڵ) لەوێ ئێشکگری لەقولغەکان دەگرت. زۆرجار دەستی لەبن گوێیەکانی دەنا و بەدەنگێکی بەرز حەیرانی دەگوت. من لەوێ یەکەمجارم لەگەڵ منداڵەکانی دەوروبەری قشلە و چەند پۆلیسێک لەخوارەوە گوێمان لەحەیرانی مام ڕەسووڵ بووە و لەوێوە

> **"ڕەسوڵ گەردی لەگەڵ باوکم پێکەوە پۆلیسی سواری بوون لە قشلەی کۆیە، هێستر و وڵاغی سواریان بەخێو دەکرد"**

ئاشنابووم بەدەنگی. مام ڕەسووڵ زۆرجار لەگەڵ باوکم دەهاتە ماڵمان و سەردانی دەکردین، هاتوچۆی خێزانیمان لەگەڵ یەکدا هەبوو، بەڕاستی ڕەسووڵ گەردی زۆر وەستایانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ تێکستەکانی حەیران و فۆلکلۆر کردووە، بۆیەش حەیران بەدەنگی ڕەسووڵ گەردی زۆر لەزەتی لێ دەبینیم.

پاشان لەبەر ئەوەی قۆناغی ئامادەیی لەکۆیە نەبوو، باوکم بەهۆی پیشەکەی کە (پۆلیس) بوو شوێنی کارەکەی گوازرییەوە بۆ شاری هەولێر کە وێستگەی دووەمی من بوو لەگەڵ ڕەسووڵ گەردی. سەرەتای ساڵانی پەنجاکانی سەدەی پێشوو لەڕادیۆی کوردی بەغدا دیسانەوە لەگەڵ ڕەسووڵ گەردی زیاتر لێک نزیک بووینەوە، بەڕاستی دەتوانم بڵێم میری حەیرانی کوردی بۆ ڕەسووڵ پڕ بەپێستێتی.

**– لەچ ساڵێکدا چوویە ڕادیۆی کوردی لەبەغدا؟ دەشمەوێت باسی (تیپی مۆسیقای باواجی)مان بۆ بکەی، چونکە ئێوە بەدامەزرێنەی تیپی مۆسیقای باواجی لەکۆیە دادەنرێن؟**

+ ساڵی ١٩٥٢ چوومە بەغدا بۆ خوێندن، هەر لەهەمان ساڵیشدا چوومە ڕادیۆ و چوار ساڵ کارم کرد. بۆ یەکەمجار ئەو دوو گۆرانیەم لەوێ تۆمار کرد (هەی مەلەنگێن مەلەنگێنە، سوکبن دەی دەی) دوای تەواوکردنی (معهد اعدادیە معلمین) گەڕامەوە شاری کۆیە. ساڵی (١٩٥٧) وەکو مامۆستای وانەی ئینگلیزی ناوەندی کۆیە دامەزرام، کۆمەڵێک قوتابی لەوێ هەبوون خولیای مۆسیقا بوون لەبواری موزیک و ئامێرژەنیندا، شارەزایەکی سەرەتاییان هەبوو و تازە بەدەردەکەوتن. هەوڵمدا ئێواران لەقوتابخانە کۆببینەوە و پرۆڤە بکەین، لەو قوتابیانە زاهیر محەمەد ئیبراهیم، فەرەجوڵڵا ئەکرەم باقی، سەردارئەحمەد، جان تۆماس، نەشئەت حەمید و عەونی عەلی مەولود هەبوون.

**– لەژیانی هونەریتدا لەگەڵ سێوەی هونەرمەند کارت کردووە؟**

+ لەساڵی ١٩٥٧ من و کۆمەڵێک هونەرمەندی شاری کۆیە لەگەڵ سێوە بەشداری هەردوو ئاهەنگی شاری هەولێرمان کرد کە بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک بوو بۆ زیانلێکەوتووانی لافاوەکەی شاری سولێمانی. پاشان ساڵی (١٩٦١) وەکو کاری مامۆستایی گوازرامەوە شاری هەولێر و ئاگامان

لە یەکدی نەما.

**- زووتر لەگەڵ کامە لەهونەرمەندانی شاری هەولێر، پەیوەندیت دروستکرد؟**

+ کە لەکۆیە گوازرامەوە هەولێر، هونەرمەندی گەورە تایەر تۆفیقیش لەهەولێر بوو، لەشوێنی سەرای ئێستەی هەولێر، تایەر تۆفیق فەرمانبەربوو لەدیوانی موتەسەرفیەت، ئێمەش ماڵەکەمان لەپشت موتەسەرفیەت بوو، هەموو ڕۆژێک بەیانیان کە دەچووم بۆ قوتابخانە، سەرێکیشم لە کاک تایەر دەدا و چایەک، یان قاوەیەکم لەوێ دەخواردەوە و ئینجا دەچوومە قوتابخانە.

ڕۆژێکیان پێیگوتم بەیانی من و تۆ دەعوەتین و گۆرانی بێژێکی هەولێریی زۆر دەنگخۆشی لێیە دڵنیام دەنگییت زۆر پێخۆش دەبێت، بەیانی کە چووین بۆ دەعوەتەکە کاک تایەر ڕاستەوخۆ منی بەو ناساند و گۆرانیبێژەکەشی بەمن ناساند و گوتی: ئەوە گۆرانیبێژە هەولێریەکەیە، ناوی حەیدەرە و کوڕی حاجی عەبدولڕەحمانە، ئەویش یەکسەر جەمەدانیەکەی لەسەری کردەوە و بەحەرزی دادا و گوتی خۆمت پێ بناسێنم! (حەیدەرە کەچەڵ) گۆرانیبێژی هەولێرییان. من لەوێوە حەیدەرم ناسی، پیاوێکی زۆر بێ نەفس بوو، ئەو شەوە تا درەنگان گۆرانیمان گوت و شەوێکی خۆشمان بەسەربرد. حەیدەر قۆریاتی تورکی دەگوت، منیش لەئاوازی تورکی شارەزاییەکی باشم هەبوو، وای لێهات حەیدەر بەبێی من نەدەچووە هیچ ئاهەنگ و دانیشتنێک، هەرکەسەک دەعوەتی بکردبایە یەکەم شت کە داوای دەکرد ئەوەبوو دەیگوت بڕۆن باکووری بانگ کەن ئەوجا ئەمن دێم، ئەگەر ئەو نەیێت ئەوە منیش نایێم.

**- دەکرێت بپرسین ئەو شارەزاییەت لەو ئاوازە تورکییە کۆنانە چۆن پەیداکرد؟**

+ کە چاوم کردەوە، لەماڵەوە گرامافۆن و بەکرەی قەوانی زۆر هەبوون، جا لێم دەدا و بەعودەکەم دەمژەنی، وردەوردەش گۆرانییەکانم دەگۆتنەوە، تا وایلێهات شارەزایەکی باشم پەیداکرد. جا کە حەیدەرە کەچەڵ بۆ یەکەمجار لەلای من گوێی لەو ئاوازانە بوو، زۆر حەزی لێکرد، لەبەر ئەوە بوو زۆر حەزی دەکرد لەئاهەنگەکان من لەگەڵی بم و مۆسیقاکەی بۆ لێدەم.

**- جگە لەمامۆستایێتی و گۆرانی و مۆسیقا، حەز لە چیدی دەکەیت؟**

+ هەمیشە حەزم بەگەشتوگوزار و سەیران و بەزم و ڕەزم و کۆڕ و کۆبوونەوە کردووە. حەزم بەسەردانی دۆست و یاران و بادە نۆشین بووە، لەهەر شوێنێک بانگهێشت کرابم، خۆم و عودەکەم لەوێ ئامادە بوومە. لەئێستەشدا زیاتر سەرقاڵی نووسین و کۆکردنەوەی گۆرانی گۆرانیبێژە کۆنەکانم و بیرەوەرییەکانم تۆمار دەکەم.

**- تائێستە چەند کتێبت چاپ کردووە؟**

+ شەش کتێبم چاپ کردووە، یەکەم کتێبم بابەتێکی وەرگێڕان بووە لەزمانی ئینگلیزییەوە بۆ زمانی کوردی بەناوی چۆنیەتی گۆرانی وتن، ئەوەی دیکەیان سێ بەرگ لەکتێبی گۆرانیبێژە نەمرەکانە باسی کۆمەڵێک هونەرمەندم کردووە، ئەوەی دیکەشیان کتێبی مێژووی تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە لە (١٩٥٧ تا ٢٠٠٨). کتێبێکی دیکەم هەیە بەناوی مێژووی دامەزراندنی ڕادیۆی بەغدای عەرەبی و بەشی کوردی و چەند کتێبێکی دیکەش.

**- بیرەوەریەکانت زۆرن، ئەوانەی لەیادت ماون کامانەن؟**

+ لەگەڵ مامۆستا شەماڵ سائیب بەتایبەتی کاتی گۆرانی ئەرێ لەیلێی تۆمارکرد، لەزۆر جێی دیکە باسم کردووە با بۆ تۆشی باسبکەم! من و شەماڵ سائیب بەهەردووکمان حەزمان لەکچێک دەکرد!

**مامۆستا باکووری زۆر تەوەر و بابەتی گرنگی دیکەی لامابوو قسەیان لەسەر بکەین، بەڵێنی پێدابین لەکاتێکی دیکەدا ئەگەر مەرگ مەودای داین هەمووی بنووسینەوە و تۆماری بکەین، بەڵام ئەفسووس نەگەیشتینەوە یەک و هەر بەهیوای ئەوە بووین، هەروەک خوی گوتەنی «من سەد ساڵ دەژیم» بەڵام لەتەمەنی ٩٤ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.**



**"حەیدەرە کەچەڵ، پیاوێکی زۆر بێ نەفس بوو، قۆریاتی تورکی دەوت، وای لێهات حەیدەر بە بێی من نە دەچووە هیچ ئاهەنگ و دانیشتنێک"**

# بەشی زمانی کوردیی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەڵاحەدین ١٩٩٥-١٩٩٦ بۆ ٢٠٠٢-٢٠٠٣

د. شوان سلێمان بابە

**ساڵی خوێندنی ١٩٩٥-١٩٩٦**

**خولی یەکەمی بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەیە.**

١- د. سەباح ڕەشید قادر یەکەمی بەش بووە بە پلەی (نایاب) ئێستا مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەڵاحەدین.

٢- د. عەبدولواحید موشیر مەحموود دزەیی دووەمی بەش بووە بە پلەی (زۆرباش) ئێستا مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەڵاحەدین .

٣- د. عوسمان حەمەد خدر (د. عوسمان دەشتی) سێیەمی بەش بووە بە پلەی (زۆرباش) لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی کۆیە مامۆستا بوو، ئێستا خانەنشین و لە هەولێر دەژیت .

٤- د. سەلیم ڕەشید ساڵح هەشتەمی بەش بووە بە پلەی (زۆرباش) ئێستا مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەڵاحەدین .

٥- د. عادل ڕەشید قادر دەیەمی بەش بووە بە پلەی (زۆرباش) ئێستا مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی .

٦- م. سۆزان عەبدوڵڵا محەمەد (م. سۆزان مامە) چواردەمینی بەش بووە بە پلەی (زۆرباش) ئێستا لە وڵاتی ئینگلتەرا دەژیت .

٧- م. شیرین سەعید محەمەد بیست و شەشەمی بەش بووە بە پلەی (ناوەند) ئێستا مامۆستایە لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان زانکۆی سلێمانی .

٨- م. کوردستان ئەسعەد باپیر سی ویەمینی بەش بووە بە پلەی (ناوەند) مامۆستا بوو لەبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر ئێستا خانەنشینە .

**ساڵی ١٩٩٦-١٩٩٧**

٩- د. حاتەم ولیا محەمەد یەکەمی بەش بووە بە پلەی (زۆرباش) ئێستا مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەڵاحەدین .

١٠- د. ئیبراهیم حەسەن محەمەد دووەمی بەش بووە بە پلەی (باش) ئێستا مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەڵاحەدین .

١١- د.پەخشان عەلی ئەحمەد سێیەمی بەش بووە بە پلەی (باش) ئێستا مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی.

١٢- د.حوسێن غازی کاکەمین چوارەمی بەش بووە بە پلەی (باش) ئێستا مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەڵاحەدین .

١٣- م. ڕەسوڵ حەمەد ڕەسوڵ پێنجەمی بەش بووە بە پلەی (باش) ئێستا قوتابی دکتۆرایە و مامۆستایە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر.

١٤- د. عیماد وەیسی خالید حەوتەمی بەش بووە بە پلەی (باش) ئێستا مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی زمانان زانکۆی دهۆک .

١٥- م. سادق ئەحمەد عوسمان (م. سادق روستایی) هەشتەمی بەش بووە بە پلەی (باش) ئێستا لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر بەشی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان دەوام دەکات .

١٦- م. تریفە ئەحمەد محەمەد دەیەمی بەش بووە بە پلەی (باش) ئێستا لە بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری سلێمانی دەوام دەکات .

١٧- کۆچکردوو (تارق سالح مەحموود) بیستەمی بەش بووە بە پلەی (ناوەند) لە رێکەوتی ١٩١٠_٢٠٢٠ کۆچی دوایی کردووە.

١٨- د. فەرهەنگ مزەفەر محەمەد ڕەشکینی دەرچووی خولی دووەمە ئیستا مامۆستایە لەبەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سەلاحەدین.

## سالی ١٩٩٧-١٩٩٨

١٩- م. عەبدولباقی ئیکرام ئەحمەد یەکەمی بەش بووە بە پلەی (زۆرباش) ئێستا مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین .

٢٠- د. عرفان مستەفا حەمەڕەحیم چوارەمی بەش بووە بە پلەی (باش) تاکو سالی خوێندنی ٢٠١٥ لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین مامۆستا بووە، دواتر وازی لەدەوام هێناوە ئێستا لە ئەلمانیا دەژیت .

٢١- د.گۆران سۆران عیزەدین پێنجەمی بەش بووە بە پلەی (باش) ئێستا مامۆستایە و سەرۆکی بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدینە .

٢٢- د.سازان ڕەزا موعین دەیەمی بەش بووە بە پلەی (باش) ئێستا مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سەلاحەدین.

٢٣- د. سەعید محەمەد عەبدوڵلا دەرچووی خولی دووەم بووە ئێستا مامۆستایە لە کۆلێژی کشتوکالی زانکۆی سلێمانی.

## سالی خوێندنی ١٩٩٨-١٩٩٩

٢٤- م. شەرمین ئیبراهیم عەزیز یەکەمی بەش بووە بە پلەی (زۆرباش) ئێستا قوتابی دکتۆرایە و مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین .

٢٥- م. کەمال محەمە ئۆمەر سێیەمی بەش بووە بە پلەی (باش) ئێستا قوتابی دکتۆرایەو مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین .

٢٦- م. رێزان عوسمان مستەفا چوارەمی بەش بووە بە پلەی (باش) ئێستا مامۆستایە لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەلاحەدین.

٢٧ د.پەروین عەبدوڵلا خدر پێنجەمی بەش بووە بە پلەی (باش) ئێستا مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی زانکۆی سەلاحەدین .

٢٨- م. حیات سەعید کەریم حەوتەمی بەش بووە بە پلەی (باش) ئێستا مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سۆران .

٢٩- م. نەسرین ڕەئووف ئیسماعیل یانزەمینی بەش بووە بە پلەی (باش) ئێستا قوتابی دکتۆرایە و مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین .

## سالی خوێندنی ١٩٩٩-٢٠٠٠

٣٠- م. رێزان محەمەد غەفوور یەکەمی بەش بووە بە پلەی (زۆرباش) ئێستا قوتابی دکتۆرایە و مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین .

٣١- م. رازاو رەشید سەبری دووەمی بەش بووە بە پلەی (باش) ئێستا مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی زانکۆی سەلاحەدین .

٣٢- د. ڕۆژان نوری عەبدوڵلا شەشەمی بەش

بووە بە پلەی (باش) ئێستا مامۆستایە لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی کۆیە.

**ساڵی خوێندنی ٢٠٠٠-٢٠٠١**

٣٣- م. نەورۆز فاروق ئەحمەد یەکەمی بەش بووە بە پلەی (زۆرباش) ئێستا مامۆستایە لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سەلاحەدین .

٣٤- د. جەلال ئەنوەر سەعید دووەمی بەش بووە بە پلەی (زۆرباش) ئێستا مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی مەخموور - زانکۆی سەلاحەدین .

٣٥- م. نەبەز فەتاح بەکر حەوتەمی بەش بووە بە پلەی (باش) ئێستا مامۆستایە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر .

٣٦- د. نەریمان عەبدوڵلا کەریم نۆیەمی بەش بووە بە پلەی (باش) ئێستا ڕاگری کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەلاحەدینە.

٣٧- د. ڕێزان ساڵح مەولود یانزەمینی بەش بووە بە پلەی (باش) ئێستا مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی کۆیە.

٣٨- م. فەرهاد ساڵح حەمەعەلی دوانزەمینی بەش بووە بە پلەی (باش) ئێستا لە ئەوروپا دەژیت .

٣٩- م. عەفان حەمەشەریف حوسێن شانزەمینی بەش بووە بە پلەی (ناوەند) ئێستا قوتابی ماستەرە و مامۆستایە لە ؟؟

٤٠- م. نەریمان حەسەن حەمەکەریم حەڤدەمینی بەش بووە بە پلەی (ناوەند) ئێستا مامۆستایە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەڵەبجە.

٤١- م. موعتەسەم ئەحمەد حەمەشەریف هەژدەمینی بەش بووە بە پلەی (ناوەند) ئێستا قوتابی ماستەرە و مامۆستایە لە ؟؟

**خوێندنی ساڵی ٢٠٠١-٢٠٠٢**

٤٢- م. ڕێزان ڕەحمان خدر یەکەمی بەش بووە بە پلەی (زۆرباش) ئێستا مامۆستایە لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین .

٤٣- د. ئەحمەد محەمەد مام عوسمان دووەمی بەش بووە بە پلەی (زۆرباش) لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین مامۆستا بوو ئێستا خانەنشینە .

٤٤- م. حەمید ساڵح مستەفا پێنجەمی بەش بووە بە پلەی (باش) ئێستا مامۆستایە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر.

٤٥- م. چەتۆ هێرش حوسێن دوازدەمی بەش بووە بە پلەی (باش) ئێستا مامۆستایە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەڵادزێ.

٤٦- د. هەڵمەت بایز ڕەسوڵ پانزەهەمینی بەش بووە بە پلەی (باش) ئێستا مامۆستایە لەبەشی زمانی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سۆران .

**ساڵی خوێندنی ٢٠٠٢-٢٠٠٣**

٤٧- د. ئاسۆ عومەر مستەفا یەکەمی بەش بووە بە پلەی (زۆرباش) ئێستا مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی چەرمەو.

٤٨- م. دانا تەحسین محەمەد چوارەمی بەش بووە بە پلەی (باش) ئێستا قوتابی دکتۆرایە و مامۆستایە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین .

٤٩- د. کاروان مەهدی عوسمان پێنجەمی بەش بووە بە پلەی (باش) ئێستا مامۆستایە لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر .

٥٠- م. محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم لە خولی دووەم دەرچووە ئێستا قوتابی دکتۆرایە و مامۆستایە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر .

*** بەشی زمانی کوردی لە ساڵی خوێندنی ١٩٩٢-١٩٩٣ لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین کراوەتەوە و تاکو ئێستە بەردەوامە**

# سالۆنی لاپەڕە (٩)

## شەممە: ٢٠٢٢/١٠/٢٢




لە درێژەی چالاکییەکانیدا، سالۆنی لاپەڕە (٩) ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) بەئامادەبونی نوسەران و ڕۆشنبیران و چالاکوانان، کۆڕێکی بۆ چالاکوان (دەرسیم حسێن) بەناوونیشانی گەشەپێدانی خود چییە؟ چۆن پەرەی پێدەدرێ؟ سازکرد

## شەممە:٢٠٢٢/١٠/٢٩



دریـژەی چالاکییەکانیدا، سالۆنی لاپـەڕە (٩) ی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) بەئامادەبونی نوسەران و ڕۆشنبیران و هونەرمەندان، کۆڕێکی بۆ هونەرمەند (مەجید خۆشناو) بەناوونیشانی ئەو ڕۆژانەی سروود و ئاوازەکان مەشخەڵێک بوون ڕێکخست.

## شەممە: ٢٠٢٢/١١/١٢




سالۆنی لاپەڕە (٩) بەئامادەبونی ڕۆشنبیران و نوسەران و هونەرمەندان، کۆڕێکی بۆ هونەرمەند (عادل محەمەد کەریم) بەناوونیشانی ڕەهەندەکانی شەماڵ سائیب، ژیانی کۆمەڵایەتی، هزر، گۆرانییەکانی ڕێکخست.


# شەلال بۆیاخچی هەولێری و یەحیا جاف



تازە لە سەرەتای تەمەندا بوین، دانیشتنی هەموو سبەینانەکمان (چایخانەی شیرین) بوو، بووەتە (چایخانەی ئەبوسامی) کە بە چایخانەی (شیوعیەکان)نیش ناسرابوو، بە تەنیشتییەوە تۆمارگەی (مشکۆ) بوو، واوەتریش جگەرفرۆشە (کۆیی)یە قسە خۆشەکە (مام مەجید) بوو، لەسەری جادەکەش (شەلال)ی (بۆیاخچی) هەولێری بەخۆی و سەندوقێک و دوو فڵچەی (رەش و قاوەیی) و دوو قوتیە سوبخی تەنەکەوە و لەسەر پارچە بلۆکێک دادەنیشت، پیاوێکی تا بڵێی هێمن و نوکتەباز و قسەخۆش، دەشیانگوت ئەسڵی (عەجەمە) لەدوای بانگی عەسر تەماشای گیرفانی دەکرد بزانی پارەی عەرەقی ئیشکردیە، یان نا.

ئێواران لەگەڵ (مشکۆ و محەمەد ئەحمەد ئەربیلی و نورەدین عەسافلی و واحید بۆزێ) بەرەو (عەنکاوە) بەرێ دەکەوتن و دەچوونە ماڵی (عەتۆ) مەسیحی و عارەقیان دەکڕی و دەچوونە پشت (عەنکاوە)ی مەجلیسی خواردنەوەیان دادەمەزراند، دەبوایە حسێبی گەڕانەوەش بکەن و چاوێکیان لەسەر دواین (ئامانە)ی بیت، کە زۆرجار شوفێرەکەی (مام تاهیر) و جابیەکەش (محەمەد)ی برادەریان بوون، زۆرجار ئەگەر ئەویش دەوامی نەبویایە لەگەڵیان دادەنیشت.

ڕۆژێکیان (شەلال) گێڕایەوە و گوتی: دوای ئەوەی تێروپڕمان خواردبۆوە، لەگەڵ دوا (ئامانە)ی گەڕاینەوە (مام تاهیر) لای بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس، بەرانبەر پارێزگەی ئێستەی هەولێر دابەزاندین و (محەمەد) لە پێشەوە (مشکۆ) لە دوو ئەو (واحید بۆزێ) قەڵەو بوو لە دوو (مشکۆ)ی ئەمنیش پیاوێکی پوتەی زەعیفی فەقیرۆکە لەدوای هەموویانەوە بووم، هەر ئەوەندەم زانی پۆلیسەکی زگ گەورە پشتی ملی گرتم و رایکێشام، کەس نەبوە برای کەس، هەموویان بەنێو کۆڵانەکانی (عەرەبان)دا هەڵاتن، منیان بەتەنێ بەجێهێشت. پۆلیسەکە گوتی: عەیب ناکەی لەگەڵ ئەوانە عارەقی دەخۆیەوە؟ منیش گوتم: ئەدی لەگەڵ (یەحیا جاف)ی بخۆمەوە؟



هەر ئەوەندەم زانی بانگی پۆلیسەکانی دیکەشی کرد و منیان بەر شەق و پێلەقان دا و بردمیانە (سجن)، چونکە ناسراویش بووم، کە بردمیانە سجن هەموو لێم کۆبوونەوە و گوتیان ها (شەلال) چەقوت لەکێدایە؟

گوتم: کاکە سەرخۆشبووم چوار چەقوم لە محافیزی دایە.. هەموویان کشانەوە و زۆر لێم ترسان، لەلای دەرگای لە سووچێک هەر بە دانیشتنەوە خەوم لێکەت، بۆ بەیانییەکەی لەگەڵ تەقە تەقی دەرگای لەخەو ڕاپەڕیم (عەریف سلێمان) هات و گوتی: (شەلال) خۆت حازرکە لۆ لای حاکمی.

ئیدی کەلەبچەیان کردم و بردمیان، منیش گوتم: جەنابی عەریف دیارە لە (عبدالكريم قاسم)م دایە، شەقێکی دیکەیان تێهەڵدام و بەپێیان بەپێش خۆیاندام، کە گەیاندمیانە مەحکەمەی خستمیانە نێو قەفەزێک و دواتریش بە تورەییەوە بەپێش خۆیاندام و بردمیانە بەردەم حاکم. کە چوومە ژوورەوە حاکم تەماشای کردم، دەیناسیم یەکسەر پێکەنی و گۆتی: شەلال... دیسان عارەقت خواردیتەوە... جوونت بە مەحافیزی دایە..

گوتم: جەنابی حاکم (شەلال) جێی نییە لێی بنوی... حەدم چییە جوون بە موحافیزی دەدەم...

گوتی ئەدی دیسان عارەقت لەگەڵ ئەوانە خواردیتەوە؟

منیش گوتم: ئێ چبکەم لە (مشکۆ و محەمەد ئەحمەد و واحید بۆزێ) کەسی دی شک نابەم، قابیلە بچم لەگەڵ (یەحیا جاف)ی بخۆمەوە... لەسەر ئەو قسەیەی تێروپڕیان لێدام... ئێ خۆ ئەمن دەزانم ئەگەر ئەو قسەیەی بەرانبەر (یەحیا جاف)ی بکەم عەفوم دەکات... حاکم زۆر پێکەنی و گوتی: باشە ئەوە منیش عەفوم کردی...

گۆتم: ئاخر جەنابی حاکم ئەمن ئەوشۆ لە (سجن) بوویمە هەنوکەش نیوڕانەیە، هیچ پێڵاوەکم بۆیاخ نەکردیە، پاش نیوڕانێ دیسان (مشکۆو محەمەدو واحید) دێنە دووم بچینە (عەنکاوە)ی هیچ پارەشم پێ نییە چبکەم؟

حاکم بە پێکەنینەوە و دەستی لە بەرکی نا و (١٠) دیناری دامێ و گوتی: ئەوڕۆ (ئەتو و مشکۆ و محەمەد ئەحمەد و واحید) دەعوەتی منن... ئەوە بەشێکە لە پاکیەکانی دادگای ئەوێ ڕۆژێ، کە چەند بەراستگۆییەوە مامەڵەیان لەگەڵ یاسا دەکرد.

نازم دڵبەند